# پێگەی ئافرەت لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)دا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە و زمان لە زانکۆی چەرموو- چەمچەماڵ کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

**چنار مەحمود عەبدول**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، ساڵی (٢٠١٢) زانکۆی سلێمانی

سەرپەرشت

**پ. ی. د. سامان عیزەدین سەعدون**

سێپتەمبەر ٢٠٢٢ زایینی — خەرمانانی ٢٧٢٢ کوردی

**بەڵێننامە**

بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (پێگەی ئافرەت لە کۆچیرۆکی "خۆرکەوتن"ی "محەمەد فەریق حەسەن"دا) هەمووی لەلایەن خودی خۆمەوە بە ئەنجام گەیەنراوە. جگە لەو جێگایانەی، کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێ کردوون، هەموو نووسین و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کاری سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامە بڵاو نەکراوەتەوە. بەڵێن دەدەم، کە لە هەر جێگەیەك شتێکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

ئیمزا:

ناوی خوێندکار: چنار مەحموود عەبدول

بەروار: ١٨/ ٩ /٢٠٢٢

# بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی

ئەم ماستەرنامەیە بە ناونیشانی (پێگەی ئافرەت لە کۆچیرۆکی "خۆرکەوتن"ی "محەمەد فەریق حەسەن"دا)، کە لەلایەن (چنار مەحموود عەبدول)ەوە پێشکەش کراوە، لەلایەن خودی خۆمەوە لەڕووی زانستییەوە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. پشتگیری دەکەم و ڕەزامەندین، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

هەڵسەنگێنەری زانستی:

بەروار: / / ٢٠٢٢

## پشتگیریی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە بە سەرپەرشتیی من ئامادە کراوە و نووسراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە پسپۆڕیی ئەدەبدا. پشتگیری دەکەم، کە بەم شێوەیەی ئێستای پێشکەش بە لیژنەی تاووتوێکردن بکرێت.

ئیمزا:

ناو: پ. ی. د. سامان عیزەدین سەعدون

بەروار: / / ٢٠٢٢

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ئاماژە بە پشتگیریی سەرپەرشتیاری، ئەم نامەیە دەنێرم بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

ئیمزا:

ناو: د. ئاسۆ عومەر مستەفا

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

بەروار:

پشتگیری دەکەم، کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و ڕەزامەندین بە ناردنی بۆ لیژنەی گفتوگۆ.

لێپرسراوی هۆبەی کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

ئیمزا:

ناو: د. عەبدوڵلا

بەروار:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك لیژنەی گفتوگۆ، ماستەرنامەی خوێندكار (چنار مەحموود عەبدول)مان بە ناونیشانی (پێگەی ئافرەت لە كۆچیرۆكی (خۆركەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)دا) خوێندەوە و لەگەڵ خودی خوێندكاردا گفتوگۆمان كرد، بۆیە بڕیارمان دا، كە شایەنی ئەوەیە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕیی ئەدەبدا پیِ بدرێت.

ئیمزا:
ناو:
سەرۆكی لیژنە
بەروار:

ئیمزا:
ناو:
ئەندام
بەروار:

ئیمزا:
ناو:
ئەندام
بەروار:

ئیمزا:
ناو: پ. ی. د. سامان عیزەدین سعدون
ئەندام و سەرپەرشت
بەروار:

لەلایەن كۆلێژی پەروەردە و زمان- زانكۆی چەرموو پەسەند كرا.

د. سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی
ڕاگری كۆلێژی پەروەردە و زمان- زانكۆی چەرموو- چەمچەماڵ
بەروار: / / ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە**

-هەموو ئەو کەسانەی لە خەمی سەرکەوتنمدا بوون.

-دایکی ئازیزم، کە دەستی گرتم بۆ ژیان و بەم قۆناغەی گەیاندووم.

-باوکی خوالێخۆشبووم، کە مامۆستای ژیانم بوو.

-(تۆڵە) هاوسەری ئازیز و دڵسۆزم.

-جگەرگۆشەکانم، (تاڤی و زیوە) وجودی ئەوان دڵخۆشیەکانی زێدەتر کردووم.

سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ پەروەردگاری بەخشندە، کە هەمیشە هاوکاری بەندەکانێتی.

-سوپاس و ستایشم بۆ بەڕێز، پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. سامان عیزەدین سعدون، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ، بەسەرنجی وردیان لە خەمی نامەکەدا بوون.

-سوپاس بۆ بەشی کوردی و سەرجەم مامۆستایانم کە لەخوێندنی ماستەردا وانەیان پێوتینەوە و لەگەڵماندا ماندووبوون

- سوپاس بۆ یەکەی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی پەروەردەو سەرۆکایەتی زانکۆکە پێمانەوە ماندووبوون لە رایکردنی ئیش وکارەکانماندا.

-سوپاس و ستایشم بۆ بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندنی نامەکەم.

-سوپاس بۆ هاوڕێی دڵسۆزم مامۆستا (ئاشتی حسێن عارف) کە پاڵ پشتوو ڕێنیشاندەرم بوو.

-سوپاس بۆ بەڕێز (محەمەد فەریق حەسەن) کە هاوکارم بووە لە دەسخستنی تەواوی بەرهەکانی.

-سوپاس بۆ بەڕێز (د.هەردی محەمەد) کە بەکاری وەرگێڕان هاوکاری کردم.

-سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕیزانەی، کە هاوکارم بوون لە تەواو کردنی خوێندندا ....

**پوختە**

ئافرەت هەمیشە جێی تێڕوانین و بایەخی ڕەخنەگران و ئەدیبان بووە، لەبەر ئەوەی پێگەیەکی دیاری لەناو کۆمەڵگەکاندا هەیە، هەروەها ڕۆڵی لە بەرەو پێشەوەچوونی کۆمەڵگەدا لە رووی پەروەردەیی و بەخێوکردنی نەوەوە کەوتۆتە ئەستۆ هەر بۆیە ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبێتەوە. لەلایەکی تریشەوە بەهۆی تێڕوانینی ڕەگەزی نێرەوەبۆ ئافرەت ڕووبەڕووی هەندێ کێشەو بەربەست دەبێتەوە . هەر بۆیە وێنەی ئافرەت لای ئەدیبان بە شێوەیەکی تایبەت ڕەنگی داوەتەوە، هەروەک دەزانرێت لە سەرەتادا بە شیعر چەندین پەیام ئاڕاستەی ئافرەت کراون، ئێمە لێرەدا ڕوو لە (محەمەد فەریق حەسەن) دەکەین، کە بەهۆی چیرۆکەکانیەوە هەوڵی داوە ڕۆڵی ئافرەت و پێگەکەی بخاتە ڕوو. لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی چیرۆکەکان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەرکی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیەیە، کە بە ناونیشانی (پێگەی ئافرەت لە چیرۆکەکانی محەمەد فەریق حەسەن) ە .ژیانی ئافرەتی کورد سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕاکێشاوە و لەم بارەیەوە گەلێک تێروانینی گرنگیان هێناوەتەوە کە جیاوازی ئافرەتی کورد دەردەخات لەبەرانبەر ئافرەتی نەتەوەکانی تری دراوسێی کورد .خستنە ڕووی کێشەکانی ئافرەتی کورد لە ڕووی سەربەستی ورۆشنبیرییەوە بەپێی قۆناغەکانی ژیانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە ڕۆڵی لەناو کۆمەڵگەدا تا ئەو ئاستە ڕێپێدراووبووە کە لەگەڵ داب و نەریتی کوردەواری و بنەماکانی ئاینی ئیسلامدا گونجاوبێت . شاعیران و بیرمەندانی کورد درکیان بە نادادپەروەری کردووە کە کۆمەڵگە بە چاوێکی کەمەوە لە ئافرەتی کوردیان ڕوانیوە و هەر بۆیە چ بە شیعر و چ بە وتار داکۆکیان لە مافەکانیان کردووە داوایان کردووە کە ئافرەتی کوردیش دەبێت ئازا و ئازاد بێت و ڕۆڵی خۆی لە بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگادا بگێرێت .

پیشاندانی وێنەو پێگەی ئافرەت لە ناو خێزان وکۆمەڵدا لەکۆمەڵە چیرۆکی خۆرکەوتندا ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە، کە چیرۆکنووس لەگەڵیدا ژیاوە. تێڕوانینی خۆی لەبارەی خۆشەویستی و بەوەفایی و قوربانیدان وپێگەی دایک و توندوتیژی و دڵپیسی و خیانەتی هاوسەری لەنێو چیرۆکەکاندا بەرجەستە کردووە . چیرۆکنووس بۆ بنیاتنانی چیرۆکەکانی و بۆهێنانەدی مەبەستەکانی، لەبارەی پێگەی ئافرەتەوە، سوودی لە چەند تەکنیکێکی هونەری وەرگرتووە، ئەمەش بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی دیوی ناوەوەی دەقەکە بە خوێنەر، کە هەموویان لەخزمەتی گەیاندنی ئەو ئامانجەدایە ،کە کارەکتەری ئافرەت و پێگەکەی تۆی تاقیکردنەوەی بنیاتی چیرۆکەکانە.

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ناونیشان | I |
| بەڵێننامە | Ii |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زانستی | Iii |
| پشتگیریی سەرپەشتیار | Iv |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | V |
| پێشکەشە | Vi |
| سوپاس و پێزانین | Vii |
| پوختەی نامەکە | Viii |
| ناوەرۆک | Ix |
| پێشەکی | ٢-١ |
| دەروازە | ٥-٣ |
| بەشی یەکەم: ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا | ٣٨-٦ |
| تەوەری یەکەم: پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا | ٧ |
| – ئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا | |
| – ئافرەت لە ڕووی ئازادییەوە | |
| – کێشەی ئافرەت لە کاردا | |
| – ئافرەت و توندوتیژی | |
| تەوەری دووەم: گرفتەکانی ئافرەت لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە | ٢٤ |
| – بەشداریی ئافرەت لە بواری سیاسیدا | |
| – بەشداریی ئافرەت لە ڕاگەیاندندا | |
| تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی ئافرەت لە ئەدەبی کوردیدا | ٣٣ |
| بەشی دووەم: وێنەی ئافرەت لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)دا | ٧٨-٣٨ |
| تەوەری یەکەم: وێنەی ئافرەت لەناو خێزاندا | ٣٩ |
| تەوەری دووەم: وێنەی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا | ٥٨ |
| بەشی سێیەم: بنیاتی هونەری لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا | ١١٣-٧٩ |
| ١- گێڕانەوە | ٨١ |
| ٢- کارەکتەر | ٨٨ |
| ٣- ڕووداو | ٩٧ |

| | |
|---|---|
| ٤- گفتوگۆ | ١٠٢ |
| ٥- مەنەلۆگ | ١٠٧ |
| ٦- وەسف | ١١٠ |
| ئەنجام | ١١٤ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١١٥ |
| Abstract | A |

# پێشەکی

هەر لە سەرەتای مێژووەوە کەسێتی ئافرەت یەکێک بووە لەو بوارانەی، کە جێگەی بایەخی شاعیران و نووسەران ودەروونناسان بووەو بە گرنگییەوە لێیان ڕوانیوە، چونکە وەک ڕەگەزێکی گرنگ بۆ بەردەوامیی ژیان و دروستکردنی شارستانییەت تەماشای کراوە. ئافرەت تاکێکی گرنگی نێو کۆمەڵگەیە و پێگەیەکی گرنگی هەیە، چونکە لە بەڕێوەبردنی کایەکانی ژیاندا ڕۆڵ دەگێڕێت و هاوشانی ڕەگەزی نێر کار بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگە دەکات.

ئافرەت وەک مرۆڤێک خاوەنی بیرکردنەوە، هەڵچوون، هەست و سۆزە و لە ڕێگەی زمان و ئاماژەکانی ترەوە خۆی دەردەبڕێت. هەروەها ئافرەت وەک تاکێک لەنێو کۆمەڵدا دەژی و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی تردا پێکەوەیان دەبەستێتەوە، ئەوە لەم بازنە کۆمەڵایەتییەدا تووشی ئازار و کێشە دەبێت و ڕووبەڕووی چەند گرفتێک دەبێتەوە.

ئەدەب بە گشتی و چیرۆک و ڕۆمان بە تایبەتی سوود لەم وێنە جۆراوجۆرانەی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەدا وەردەگرێت و بە شێوەیەکی هونەری دایدەڕێژێتەوە، کە نووسەران لە بەرهەمەکانیاندا چەندین وێنەی جیاوازی ئافرەت دەکێشن، هەندێ وەک قوربانی، ستەملێکراو و ژێردەستە و هەندێ جاریش وەک کارەکتەرێکی قارەمان، چاونەترس و فریادڕەس پێشانی دەدەن. بۆیە لە چیرۆک و ڕۆماندا کارەکتەری ئافرەت، کە خۆی لە (داپیرە، دایک، کچ، خوشک، خاڵۆژن، ئامۆژن و هاوسەر)دا دەبینێتەوە، خاوەنی پێگەی تایبەتی خۆیەتی و نووسەر بە شێوەیەکی هونەری بنیاتی دەنێت. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا، کە پێک دێت لەدوو تەوەر : تەوەری یەکەم، پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕووی مێژووییەوە ڕوون کراوەتەوە، کە بریتییە لە ئافرەت لە ڕووی ئازادی و لە ڕووی کار و توندوتیژییەوە. لە تەوەری دووەمدا ئامانجمان جەختکردنەوەیە لەسەر بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت و ڕاگەیاندندا، ئەوەی جێی سەرنجە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا گرفتەکانی ئافرەت خراونەتە ڕوو، هەڵبەتە لە قۆناغی نوێدا گرفتەکان جیاوازن، هەروەک لەوەی ئێستا لە لای (محەمەد فەریق حەسەن) کۆمەڵێک گرفت و تێڕوانینی جیاواز لەبارەی پێگە و ڕۆڵی ئافرەت بە شێوازێکی هونەری و ناڕاستەوخۆ لە دیوی ناوەوەی دەقەکاندا، بە زمانێکی ئەدەبیی تۆکمە پەیامەکانی لەبارەی ڕۆڵ، پێگە، کێشە و خواستەکانی ئافرەتەوە خستووەتە ڕوو. ئەویش لە ڕوانگەی ئەو چیرۆکانەی لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا بە دوو تەوەر ڕوونمان کردووەتەوە، کە بریتییە لە (وێنەی ئافرەت لەناو خێزاندا و وێنەی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا) بە ئامانجی ئەوەی، کە ڕۆڵی لە دەرخستنی کێشەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاکەکان بۆ بەدەنگەوەچوونی کێشەکان، هەبێت. هەر بۆیە لە ڕێگەی کۆمەڵێک تەکنیکەوە هەوڵی داوە بنیاتی هونەریی چیرۆکەکانی لە خزمەتی ئەو پەیام و تێڕوانینانەی

خۆیدا بێت، وەک ڕەگەزەکانی (زمان ،گێڕانەوە، کارەکتەر و ڕووداو) و تەکنیکەکانی (گفتوگۆ، مەنەلۆگ و وەسف فلاش باک).

لەو ئەنجامە گرنگانەی، کە لە توێژینەوەکەماندا بە دەست هاتوون، دەرخستنی هەندێ کێشە و گرفت، کە جێی بایەخی زۆربەی ئەدیبان و نووسەران بووە، چیرۆکنووس بەهۆی چیرۆکەکانیەوە گوزارشتی لێ کردوون.

ئێمە پشت بە ناوەرۆکی دەقەکان دەبەستین و سوود لە هیچ ڕێبازێکی دیاریکراو شیکاری دەق وەرناگرین بەڵکو لەبەر رۆشنایی ئەو گرفتانەی کە رووبەرووی ئافرەتان بۆتەوە هەوڵمانداوە خوێندنەوە بۆ چیرۆکەکان بکەین .

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە کە لە جیهانبینی چیرۆکنووس محەمەد فەریق حەسەنەوە کە بۆ یەکمجارە نامەی ئەکادیمی تایبەت لەم بارەیەوە دەنووسرێت لە پێگەو ژیانی ئافرەتی کورد ئەدوێین. هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ گرنگی کارەکتەری ئافرەت لە چیرۆک بە گشتی و چیرۆکی کوردی بە تایبەتیدا دەگەڕێتەوە، چیرۆکنووس لە ڕێگەی زمانی خۆیانەوەو شێوازی بیرکردنەوەیانەوە،پەیامەکانی خۆی دەردەبڕێت .

**میتۆدی توێژینەوە**

لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی میتۆدی ڕێبازی وەسفی شیکاری ناوەرۆک دەکەین .

**ئامانجی توێژینەوە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە پێشاندانی پێگە و بەهای ئافرەتە لە ئەدەب بە گشتی و لە چیرۆکەکانی( محەمەد فەریق حەسەن ) بە تایبەتی ، کە کار لە ئاڕاستەی ڕووداوەکان دەکات و گۆڕانیان تێدا دروست دەکات. هەروەها خستنەڕووی هەست و سۆز، هەڵچوون و بیرۆکەکانی ئافرەت لەنێو دەقی چیرۆکدا.

**کێشەی توێژینەوە**

ئایا لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا، چیرۆکنووس (محەمەد فەریق حەسەن) توانیویەتی بە شێوەیەکی هونەری وێنە جۆراوجۆرەکانی ئافرەت لە چیرۆکەکانیدا بکێشێت و ڕەهەندێکی ئێستاتیکییان پێ ببەخشێت؟ هەروەها لەم بەرهەمەدا توانیویەتی بە شێوەیەکی باش باس لە ئازار و گرفتەکانی ئافرەت بکات و بە تەواوی هەست و نەستیان دەرببڕێت؟ لە شیکردنەوەی چیرۆکەکانەوە وەڵامی ئەم دوو پرسیارە دەدەینەوە.

**سنووری توێژینەوە**

بۆ ئەم توێژینەوەیە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)مان وەرگرتووە، کە لە ساڵی (٢٠١٣) دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوی کردووەتەوە.

## ژیاننامەی چیرۆکنووس

ناوی تەواوی محەمەد فەریق حەسەن (حەمەفەریق حەسەن)

ساڵی (١٩٤١) لە دەڤەری قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە.

سەرەتایی لە قەرەداغ و ناوەندی لە هەڵەبجە و خانەی مامۆستایانی لە سلێمانی خوێندووە.

نزیکەی (٣٠) ساڵان لە گوندەکانی دەشتی هەولێر و دەڤەری سلێمانی و ناو شاری سلێمانیدا مامۆستا بووە.

لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩- ١٩٨٣) بە سکرتێری ئیداریی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوە.

لە ڕاپەڕینی ئاداری (١٩٩١)دا بە سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکێتیی نووسەرانی کورد هەڵبژێردراوە.

یەکەمین کتێبێک لەسەر هونەری شێوەکاری کورد، لە باشووری کوردستاندا، چاپ و پەخش بووبێت، (هونەرو مەسەلەکانی سەردەم)ە، کە ناوبراو نووسیویەتی و لە ساڵی (١٩٨٥) لە چیا لەلایەن (یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان)ەوە چاپ بووە.

ساڵی (١٩٨٩) حیکایەتی بۆ یەکەمین فیلمی سینەمایی (٣٥ملم) لە باشووری کوردستان بە ناوی (نێرگز بووکی کوردستان) نووسیوە، کە لە دەرهێنانی (جەعفەری عەلی)یە.

لە کۆتایی ساڵی (١٩٩٨)ەوە لە وڵاتی دانیمارک نیشتەجێیە.

**خەڵات**

- خەڵاتی حسێن عارف بۆ چیرۆکی کوردی، ٢٠١٥

**بەرهەمەکانی (محەمەد فەریق حەسەن) حەمەفەریق حەسەن**

**چیرۆک**

- سێبەری ئەسپەشێ، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٨
- ڕستێک زەنگیانەی ئاوی، چاپخانەی عەلاء، بەغداد، ١٩٧٩
- پەریخان، کاتریناهۆڵم، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد، ١٩٩١
- دووربین، چاپخانەی ئاپێک، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢
- ملوانکەی ستیل، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
- شەوەکەی عەریف زبالە، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦
- ڕۆبۆتەکان دەچنە بەهەشت، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

- مێژەرفڕێنەکانی شەو، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد_ لقی هەولێر، ٢٠١٢
- خۆرکەوتن، کۆی کورتەچیرۆکەکانم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣

**چیرۆکی منداڵان**

- باپیرە کوردۆ، (کۆچیرۆکی منداڵان)، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢
- کۆتر شین و زەوی سپی، (کۆچیرۆکی منداڵان)، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
- کۆتر شین و زەوی سپی، (چیرۆکی منداڵان)، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥
- هەنگەژاڵ، (کۆچیرۆکی منداڵان)، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٥
- سێ وێنە، (چیرۆکی منداڵان)، ستۆکهۆڵم، ٢٠٠٧
- ئەهای ئەهای بۆرەمار، (چیرۆکی منداڵان)، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩

**توێژینەوە**

- هونەر و مەسەلەکانی سەردەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، چیا، (ی. هـ ک)، چاپی یەکەم، ١٩٨٥.
- هونەر و مەسەلەکانی سەردەم، چاپی دووەم، سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٠
- تکایە دەست بە شیعرەوە بگرن، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥
- هێمن و بۆنی غەریبی،ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨
- مێنتەلێتیی خێڵ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨
- دەسەڵاتی چوارەم، هەولێر، ١٩٩٨
- دەسەڵاتی چوارەم و زمانی تەلەڤزیۆن، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧
- لێشاوی دەنگۆ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩
- زمانێکی نێرسالار، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠
- بەکولتوورکردنی خوێندنەوە، ئاراس، هەولێر، ٢٠١١
- ئەوسا و ئێستای چیرۆکی منداڵان، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، ٢٠١٦
- تایبەتمەندیی تاکی کورد، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، ٢٠٢٠

**ڕۆمان**

- کەسێ لازۆی دیبێ، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
- کوڕەزاکەی زیتۆ، سلێمانی، چاپخانەی مەحوی، ٢٠١٦

**وەرگێڕان**

- دوژمنی گەل، (شانۆگەری)، بەغداد، ١٩٨٦

- سێ شانۆگەری، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٢
- دەرمانی عیشق، (ژمارەیەک ئەفسانە)، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦
- دارگێلاس، (چیرۆکی منداڵان) ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
- پاپۆڕی فڕیو، (چیرۆکی منداڵان) ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
- کچەئەستێرە، (چیرۆکی منداڵان) ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤
- گوڵیش نیشتمانی خۆی هەیە، (چیرۆکی منداڵان) ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩
- بەسەرهاتی دەستکێشێک، (چیرۆکی منداڵان) ئاراس، هەولێر، ٢٠١١
- سندووقی هەزار پیشە، سندووقی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢
- سندووقی هەزار پیشە، سندووقی دووەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٢
- لە گێژەنی پرسیاردا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی کەرکوک، ٢٠١٢
- ئەزموونی چیرۆکنووسین، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢
- مەملەکەتی ماسی، (٣٧ حیکایەت و توێژینەوە) سلێمانی، چاپی یەکەم، ١٩٩٦
- مین و ژیان، سلێمانی، لەسەر ئەرکی یونسیف چاپ کراوە (پرۆگرامی خوێندن بۆ ئەو ناوچانەی مینڕێژ کراون) ١٩٩٦
- دارا و نەسرین، عارف حیتۆ و حسن سلیڤانی، گۆڕینی بۆ شیوەزاری سۆرانی، محەمەد فەریق حەسەن، چاپی یەکەم، ١٩٩٥ (بە سەرپەرشتیی ڕێکخراوی یونسیف لە چاپ دراوە.)
- سلێمانی و جەنگی کەنداو، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٦
- فەرهەنگی وشە زبرەکان (قامووس) چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٢١

**بەشێک لەو وتارانەی دەربارەی چیرۆکنووس نووسراون:**

- ڕیالیزم لە سێبەری ئەسپەشێ دا، فوئاد مەجید میسری، ٢٠٢١. (میسری، ٢٠٢١:١٧٧)
- حکایەتی ئەنفال و خاک و بەرەنگاری لە دیدی محەمەد فەریق حەسەنەوە، ئەردەڵان عەبدوڵڵا، (٢٠١٨) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٨:٥)
- لە چیرۆکنووسەوە بۆ سۆسیۆلۆگ، محەمەد فەریق حەسەن، بورهان شێخ ڕەؤف، ٢٠٢٠ (ڕەؤف، ٢٠٢٠:١٠)
- حوار مع القاص محەمەد فریق حسن، محمد سالار شێخ عەلی، ٢٠١٣ (علی، ٢٠١٣:١٣٨)

# بەشی یەکەم

# ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## تەوەری یەکەم
## پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## تەوەری دووەم
## گرفتەکانی ئافرەت لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە

## تەوەری سێیەم
## ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی ئافرەت لە ئەدەبی کوردیدا

# بەشی یەکەم
# ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا

## تەوەری یەکەم: پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا

بیناکردنی شارستانێتی تەنها بە پیاوان ئەنجام نادرێت ئەمەش بە ئاشکرا لە رێبازی رۆمانسیەتەوە کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەو سەرەتای سەدەی نۆزدە دا سەری هەڵدا بەدی دەکرا لە کاتێکدا نووسەران و پەیرەوکەرانی ئەم ڕێبازە بە گشتی بایەخیاندا بە ناخ و فۆرمی ناوەوەی ئافرەت و ئافرەتیان لە بازنەیەکی داخراوەوە گواستەوە بۆ فراوانتر و جوانتر .

لەنێو ئەفسانەی سەرجەم نەتەوە جیاوازەکاندا، پێگەی ئافرەت لەنێو هەندێ لە ئەفسانەکاندا بەهێز و لە هەندێکی تریاندا لاواز بووە. ئەگەر ئەو ئەفسانانە وەربگرین، کە تایبەتن بە میللەتی کوردەوە، ئەوە ئەم ڕوانینە بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت. باسکردنی خواوەندی مێینە لە ئەفسانەی کوردیدا بە پلەی یەکەم باسکردنی پێگە و پلەوپایەی ئافرەتە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چونکە بەپێی ئەو ئەفسانانە بەرزڕاگرتنی ئافرەت و ناونان و وەسفکردنی خواوەندەکان بە خواوەندی مێینە، ئەوە ڕوون دەکەنەوە، کە چۆن لە ئافرەتیان ڕوانیوە و گرنگیی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە تایبەت لە قۆناغە دێرین و سەرەتاییەکاندا دەردەخەن، کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دایکسالار بووە، بۆیە ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی لەگەڵ نەتەوە و گەلانی تری ناوچەکە بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەفسانەی کوردی و چەسپاندنی بنەماکانی. "تێگەیشتن لە ئافرەت پێویستی بە گەڕانەوەش هەیە بۆ مێژوو و ئەفسانەکان. لێرەوە ئێمە دەتوانین بڵێین کوردستان جێنشینی زادگەی ئەفسانە جیاوازەکانە، یەکێک لەو ئەفسانانە ئەفسانەی مێینەیە واتە خواوەندە مینەکانی وەک شاشکا و ئەشتار و ئەناهیتا." (نادێری، ٢٠٢١) ئەم دۆخی بە پیرۆزبینینەی ئافرەت بەردەوام بوو تا دەگاتە "سەردەمی سەرهەڵدانی دین بەملاوە، بێگومان ئافرەت پایەی (پیرۆزی) و (خواوەنبوون)ی نەما، دوای ئەمەیش لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە کوردستاندا، ئافرەت مافی بەڕێوەبردنی وڵاتیشی لەدەست دا." (پیربال، ١٥:٢٠٢١) بەم پێیەش لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلامدا ئافرەتان پلەوپایەی کۆمەڵایەتییان هاتە خوارەوە و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن زیاتر کەوتە دەست پیاوانەوە و ئافرەت زیاتر وەک خانمی ناوماڵ و بەخێوکەری منداڵ ڕۆڵی دەگێڕا.

بۆیە گەر بمانەوێ لە پێگەی ئافرەت بگەین لە مێژوودا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ "ژن لە سەرەتای هەزارەی سێهەمی پێش زایین وەک کاهینە پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبووە بەم شێوەیە دەسەڵاتیان تاڕادەیەک بەربڵاو بووە." (سێبێرت، ٩:١٣٩٤) لەگەڵ تێپەڕبوونی قۆناغەکانی مێژوودا و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری هاتە کایەوە، بۆیە ئەم پێگە بەرزەی ئافرەتیش گۆڕانکاری بەسەردا هات و بووە تاکێکی کۆنترۆڵکراو لەلایەن ڕەگەزی

بەرانبەرەوە, واتە گۆڕانکارییەکان بە زیانی ئافرەت شکانەوە، چونکە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە پێگەی گرنگی خۆی لەدەست دا، ئەمەیش وای کرد "ژن بە تەواوی لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بن، وەکو منداڵ و کۆیلە و ژێردەست بن، بەبێ چۆن و بۆچی بۆ فەرمانی مێردیان ملکەچ بن، بەڵام بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار، پێگە و ئارەزووەکانی دەسەڵاتی مێرد گۆڕانی بەسەردا هات و وای لێ هات ژن لە کۆیلایەتیی مێردەوە بۆ پلەی هاوسەری و هاوکاری بەرز بێتەوە." (ئازاد، ٢٠٠٧: ١٢٨)

دەکرێت بگوترێت لە مێژوودا ئافرەتان بە چەند قۆناغێکی جیاوازدا تێپەڕ بوون، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی کۆمەڵایەتیی تاک جارێکی تر پێگەیان گۆڕانی بەسەردا هاتەوە و بە چاوێکی بەرزتر لە قۆناغەکانی پێشوو تەماشای دەکرا. لەگەڵ گەشەی شارستانییەت و پێشکەوتنی میللەتان قۆناغی ئەفسانەش بەرەو لاوازی چوو و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤ دەستی پێ کرد، ئەویش دروستبوون و گەشەی شارە، ئەمەیش بووە هۆی دروستبوونی پێکەوەژیان و دەستپێکی ژیانێکی نوێی کۆمەڵایەتی.

هەر لە دەستپێکی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ئافرەت خاوەن پێگەی خۆیەتی لەناوکۆمەڵدا، بێگومان ئەم پێگەیەش بەپێی کۆمەڵ و ئاستی ژیاری و هۆشیاری کۆمەڵ دەگۆڕێت، ئەم پێگەیەیی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردیدا بەراورد بە میللەتانی تری ڕۆژهەڵات بە هێزتر بووە، کۆمەڵی کوردەواری سەبارەت بە هەندێک مافی کەمی ئافرەت کراوەتر و باشتر بووە، ئەمەیش بەپێی دیدی گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسەکان، کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە کلتوور و کەلەپووری میللەتانی ڕۆژهەڵاتدا یادداشتیان کردوون، وێنەی ئافرەتی کوردیان جیاواز لە میللەتانی تر کێشاوە، لە کاتێکدا ئەم وێنەیەیان لەناو ئافرەتانی میللەتانی دراوسێی کورددا نەبینیوەتەوە.

هەر بۆیە ڕوانینی خۆیان سەبارەت بە ئافرەت لە هەموو ڕەهەندەکانەوە لە کتێبەکانیاندا یادداشت کردوون، بۆ نموونە (مینۆڕسکی) لە کتیبی (الاکراد)دا لەسەر ئافرەتی کورد دەنووسێت: "بۆ دیاریکردنی ڕەوشی هەر گەلێک، باسکردنی باری ئافرەتیان شتێکی گرنگ و پێویستە، کورد لە چاو گەلانی دیکەی ئیسلامییەوە زۆر لەگەڵ ژنەکانیاندا هێمن و لەسەرخۆن، ژن کارە گرانەکانی ماڵ دەکەن و لە کانییەوە ئاو دێنن، بە چیا بەرزەکاندا هەڵدەگەڕێن، مەڕدۆشین و دار و گیاهێنان لە ئەستۆی ئەواندایە. سەرەڕای ئەوەش هەمیشە منداڵەکانیان بەکۆڵەوەیە." (مینۆرسکی، ١٩٨٤:١٥٩) ئەوەی گرنگە لەم بۆچوونەی ئەم ڕۆژهەڵاتناسەدا، ئەوەیە، کە جگە لە ئاماژەکردن بە ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردی و کارکردن و چوونەدەرەوەی ئافرەت، ئازادیی ئافرەت دەکاتە پێوەر بۆ ڕەوشی ژیان و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵێک، هەر ئەم ئازادییەی ئافرەتیشی کردووە بە پێوەر بۆ باشی ڕەوشی کۆمەڵی کوردی بەراورد بە کۆمەڵگە ئیسلامییەکانی دەوروبەری. (مینۆرسکی) زیاتر

لەسەر باسی ئافرەت دەدوێت و دەڵێت: "ئافرەت لای کوردەکان خاوەنی کەسایەتین، گەلێک کوڕ بە ناوی دایکیانەوە ناوبانگیان دەرکردووە." (مینۆرسکی، ٧٥:١٩٦٨) ئەم نووسەرە پێمان دەڵێت ئافرەتی کورد هاوشانی پیاو هەڵگری میراتی کۆمەڵایەتییە، ئەمەیش پلەیەکی بەرزی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئافرەت دەردەخات لەناو کۆمەڵگەدا.

هەر لەو بارەیەوە کە ئافرەتی کورد وەک ئافرەتی هەر وڵاتێکی تر ئازادن، زۆر لە گەریدەکان باس لەوە دەکەن کە ئافرەتی کورد بۆ ئەو سەردەمە جۆرێک لە ئازادی هەیە بەراوورد بە نەتەوەکانی دراوسێی کورد ، ئافرەتانیش هاوشانی پیاو خاوەنی کار و پیشە و پێگەی خۆیانن، ئەمەیش تاڕادەیەک ئاستی تێگەیشتوویی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی پێشان دەدات. (مەلا مەحموودی بایەزیدی) دەڵێت: "ژن و مەلا و شێخ هەر تکایەک بکەن بێ هیوا نابن، ئاگری شەڕ دەکوژێننەوە. ئافرەت سەرپۆشەکەی فڕێ دا، شەڕ ڕادەوەستێت." (سعدون، ١٨:٢٠٢٢) ئەم ڕوانینە قەدر و ڕێزی ئافرەتی کورد دەردەخات لای کوردان، کە هاوتای پیاوانی ئایینی ڕێز لێگیراو بوون لە کۆمەڵگەدا. لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئافرەتان ئاشتیخواز بوون و هەوڵی ڕاگرتنی شەڕ و ئاژاوەیان داوە. ئەمانە تێروانینی ئەو کەسانەیە کە بە چاوی خۆیان ولەناوکوردستاندا تایبەتمەندی ژیانی ئافرەتی کوردیان بینیوە و لە نزیکەوە ئەو زانیاریانەیان لەبارەی ئافرەتەوە تۆمارکردوە .

جگە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەندێک لە نووسەران ئاوڕیان لە ڕەهەندی جەستەیی و ئازادیی جەستە و پۆشاک داوەتەوە، لەم بارەیەوە (نیکیتین) دەڵێت: "ژنانی کورد ڕووی خۆیان داناپۆشن و لە کاتی کۆبوونەوەدا خاوەنی قسەی خۆیانن، ئاماژەی بەوەش کردووە زۆربەی سەرۆکەکان لەژێر کاریگەریی هاوسەرەکانیاندان و هۆکارن بۆ ئەوەی پیاوەکانیان بڕیارێکی هەڵە نەدەن و شکست نەهێنن." (بایز، ٢٠٢١) بەم پێیە بێت ئافرەتان ڕۆڵیان هەبووە لە بڕیاردان و کاروباری پیاواندا، بۆچوونی خۆیان لەبارەی بابەتەکانەوە خستووەتە ڕوو، ئەمەیش ئاستی هۆشیاریی ئافرەت دەردەخات بەوەی نەک هەر بەشداری بڕیار بوون، بەڵکوو هۆکار و یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی پیاوان بڕیاری هەڵە نەدەن، جگە لەوەی ئازادیش بوون لە پۆشینی جلوبەرگ و نە پۆشینی نیقاب، کە ئەمەیش لەو قۆناغەدا هەنگاوێکی ئەرێنیی بووە سەبارەت بە ئازادییەکانی ئافرەتان لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا.

ئازادیی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە جۆرێک بووە، کە سەرنجی ڕۆژهەڵاتناسێکی وەک (پێترۆ دێلەڤاللی) ڕاکێشاوە و لە باسی ڕۆڵ و ئازادیی ئافرەتان لە کۆمەڵی کوردیدا دەڵێت: "بە پێچەوانەی ژنانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە، ژنی کورد ئازادانە لەگەڵ پیاوان قسە دەکەن، جا پیاوانی وڵاتی خۆیان بن، یان بێگانە." (بایز، ٢٠٢١) ئەم نووسەرە لە درێژەی نووسینەکانیدا ئاماژە بە گفتوگۆی ئافرەتی کورد لەگەڵ پیاوی بێگانەدا دەکات، لە کاتێکدا بە هۆی بنەمای ئایینی و کۆمەڵایەتی قسەکردن لەگەڵ پیاوی بێگانە حەرام بووە و وەک

نەنگییەکی کۆمەڵایەتی سەیر کراوە، بەڵام ئافرەتی کورد توانیویەتی ئەم بازنەیە ببەزێنێت و جۆرێک لە کرانەوە لە ماف و ئازادییەکانی بەدەست بهێنێت.

ئەم نووسەرە سەرەڕایی هەموو ئەمانەیش تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی ئافرەت لە حکومڕانیدا و دەڵێت: "چەندین ژنمان هەیە وەک سەرۆک عەشیرەت بوون و کەس لە قسەیان دەرنەچوون، کاتێک تورکەکان ناوچەی هەکارییان داگیر کردووە، ژنێک حکومڕانی ئەو ناوچەیەی کردووە، سەرەڕای ئەمەیش دەبێت ئەوەمان لەبیر بێت کۆمەڵگەی کوردی تا ئەمڕۆیش گیرۆدەی دەستی دواکەوتووی و تێڕوانینی نایەکسانە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، ئەمەیش وای کردووە ژنانی کورد وەک هەموو ژنانی جیهان ڕووبەڕووی بێمافی و چەوساندنەوە بوونەتەوە." (بایز، ٢٠٢٢)

هەندێکی دیکە لە نووسەران لە ڕوانگەی ئیستاتیکا و هونەرەوە دەڕواننە پێگەی ئافرەت و ئاماژە بە نەخشاندنی ئافرەت لەسەر تابلۆکان و ئامرازەکانی ڕازێنەرەوە دەکەن و پێگە و ستایشی ئافرەت دەردەخەن لە کۆمەڵی کوردیدا. "پیاو بایەخێکی فراوانی داوەتە دروستکردنی خشڵ و کەرەستەکانی خۆ ڕازاندنەوەی ئافرەتان، هەر لە دروستکردنی تاج و بازن و گەردانەوە بگرە تا دەگاتە نەخشاندنی جوانی ئافرەت و شکۆی ژن لەسەر پەیکەر و تابلۆکاندا، ئەم دوو دیاردەیە واتای ئەوە دەگەیەنن، کە ئافرەت هەر لە کۆنەوە جێگەی ڕێز و ستایش و خۆشەویستی بووە." (پیربال، ٢٠٢١: ١٠) ئاوڕدانەوە لە جوانیی ئافرەت لە ئەدەب و هونەردا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پاڵنەری حەزی سێکسی، کە ئافرەتان بەپێی سروشتی خۆیان بوونەتە جێگەی سەرنجی پیاوان، چونکە بەلای پیاوانەوە "ژیان بە گشتی و ژن-سێکس- هیچ بەها و نرخێکی نییە، هەر بەو شێوەیە خۆشەویستیی ژنیش بەبێ سێکس هیچ چێژێک نە بە ژیان و نە بە سروشت نابەخشێت." (سەعدوون، ٢٠١٣:٢٠٨)

بە پێچەوانەی هەموو ئەم بیروبۆچوونە ئەرێنیانەی سەرەوە سەبارەت بە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، (کەمال مەزهەر) بە چاوێکی جیاواز دەڕوانێتە پێگەی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. لە بەرانبەر ئەو بۆچوونانەدا، کە پێمان وایە بۆچوونێکی ورد و هەڵسەنگاندێکی واقعییانەیە بۆ مافەکانی ئافرەت، بەوەی دەڵێت: "گەڕیدە ئەورووپییەکان گەلێکیان بەشان و باڵی ئافرەتی کوردا هەڵداوە، بەڕادەیەک جاروبار خۆمانمان لەبیر دەچێتەوە، وابزانم ئەو گەڕیدانە بێ نیازی خراپ، کەمێک زۆر ڕۆیشتوون. وا دیارە لە کۆڵانە تەسکەکانی شارە داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتوونە ناو شاخ و داخە کراوەکانی کوردستان و کەمێک سەریان لێ تێک چووە، بۆیە ژنی کوردیان لە ژنی دەروبەریان باشتر هاتووەتە بەرچاو." (مەزهەر، ٧٤:١٩٨١) دیارە ئەم بۆچوونە ڕەخنەئامێزەی (دکتۆر کەمال مەزهەر) بەرانبەر بە ڕۆژهەڵاتناسەکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئافرەتی کوردیان بە ئافرەتی کۆمەڵی ئیسلامی داخراوی ڕۆژهەڵات بەراوردکردووە و لە چاوی

ئەوانەوە باشتریان بینیون، بەڵام ئەگەر بە کۆمەڵێکی مەدەنیی کراوە، کە ئافرەت خاوەن ماف و ئازادی بێت، ئەو بەراوردە بکرایە، ئەوە بێگومان ئەوکات بیروبۆچوونەکانیش بە جۆرێکیتر دەبوو. هەر بۆیە ئەم مێژوونووسەی کورد بە پێچەوانەی هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڕوانێتە دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا و دەڵێت: "ئافرەتی کوردیش وەک هەموو ئافرەتانی جیهان، بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی بێمافی و زۆر و ستەمی کۆمەڵ بووە. ژمارەیەک لە دابونەریتە هەرەناشیرینە دەستکردەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشەیان لەناوماندا داکوتاوە." (مەزهەر، ١٩٨١:٧٨)

هەر ئەم نووسەر پێمان دەڵێت ئەوەی هۆکارە بۆ ئەو دۆخەی ئافرەت لەنێو کۆمەڵی کوردیدا، هەندێ دابونەریتە، کە دەستکردی خودی تاکەکانی ئەو کۆمەڵەن و دەبێتە کۆت و پێوەنێک و ئافرەتان زیاتر لە پیاوان کۆت دەکات. بە هەمان شێوە (فەرهاد پیربال)یش پێی وایە ئافرەت لە مێژووی کوردستاندا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە و هەمیشە پەراوێز خراوە. (پیربال) ئاماژە بەوە دەکات، کە بوونی چەند نموونەیەکی کەم لە ناونانی شتەکان بە ناوی ئافرەتەوە نابێت وامان لێ بکات فریوی ئەوە بخۆین، کە لە کۆندا ئافرەت خاوەنی ماف و ئەرک بووە لە کۆمەڵدا: "من دەزانم پردی دەلال لە زاخۆ بە ناوی ئافرەتێکی کوردەوە ناو نراوە، هەروەها چیای پیرەفات لە دەڤەری بارزان- ئامیدی، بە ناوی ژنێکەوە ناو نراوە، دەیان پیاو هەن تا ئەمڕۆش بە ناوی دایکیانەوە بانگ دەکرێن و ...هتد، بەڵام توێژەر نابێ تەنیا بە چەند نموونەیەکی دەگمەنی لەم جۆرە فریو بخوات و لافی ئەوە لێ بدات، کە کۆمەڵی کوردەواری لە مێژوودا ژنسالار بووە و ئافرەت و ڕۆڵی ئافرەت بگەیەنێتە کەشکەلانی فەلەک." (پیربال، ٢٠٢١:٩) لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە ئەم بۆچوونە ڕەخنەیەیی (فەرهاد پیربال) بۆ ئەمڕۆش بۆچوونێکی ورد و بابەتییانەیە، چونکە ئەوەی بە ناو ماف و ئازادییەوە باس دەکرێت بۆ ئافرەتان، تەنیا شتێکی ڕووکەشییە و گرنگ نییە.ئەوە ڕاستە لەهەر سەردەمێکدا ئافرەتان جۆرێک لە سەربەستیان هەبووە و تارادەیەکیش مافەکانیان پارێزراوو بووە بەڵام دوای قۆناغێک و هاتنی سەردەمێکی نوێ گۆڕانکاری لە ژیانی ئافرەتانیشدا ڕوویداوە .

### ئافرەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا

هەر لە دێر زەمانەوە ئافرەت ڕووبەڕوی کێشەو گرفت بۆتەوە ،بە بیانووی جۆراوجۆر چەوسێنراوەتەوە. تەنانەت لەم سەردەمی تیایدا دەژین بەناوی جیاوازی رەگەزو ئاین و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و سیستمی چینایەتیەوە، ستەمی لێدەکرێت ، دیارە ئافرەتی کوردیش وەک ئافرەتی نێو هەموو نەتەوەکانی دیکە لە چەوسانەوەو ستەم لێکردن بێ بەش نەبووە . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "کێشەی ئازادی و مافی ئافرەت کێشەیەکی مێژوویيە ڕەگێکی

قوولّی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا هەیە و لە کاتێکی تایبەتدا دەردەکەوێت، دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی مرۆڤێک لە لایەن مرۆڤێکی ترەوە" (التوحیدی، ۲۰۱:۲۰۱۵) بێگومان لە بەکارهێنانەی ئافرەتدا لەلایەن تاکی باڵادەستەوە (پیاو) لە کۆمەڵی کوردیدا هاوشێوەی تەواوی نەتەوەکانی تر بووە، بەشێکی نووسەرانی ئەم بوارە ئەم جیاوازی و باڵادەستییەی پیاو بەسەر ئافرەتدا دەگەڕێنەوە بۆ پێکهاتەو و جیاوازی بایەلۆژی لەنێوان جەستەی ئافرەت و پیاودا چونکە "لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە کۆمەڵگە باوک سالاری و ئایینەکان ڕوانگەی عەقڵی کۆنتر لەپێکهاتەی بایۆلۆژی ئافرەتەوە سەرچاوەدەگریت، ئەم شێوە ڕوانینەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کاتێک جیاوازییە بایۆلۆژیەکان کرانە بنەما و هۆکاری جیاوازی کۆمەڵایەتی، واتە دابەشکردنی کار، ڕۆڵ، پێگە و دەستنیشانکردنی مافەکان لەنێوان ئافرەت و پیاودا لە قۆناغە بەراییەکانی مرۆڤایەتی و بەسترانەوە بە جۆر و ڕۆڵی بایۆلۆژی، ئەمە بووە سەرچاوەیەک بۆ هاتنەکایەی بابەت و پرسی جیاوازی ڕەگەزی (قەرەنی، ۲۰۱۸) سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازی و بەکارهێنان و ماف خورانەش ئافرەت مافی ناڕەزایی دەربڕینی نەبووە، چونکە خۆی خاوەن بڕیار نییە لەلایەن پیاوەوە بەکارهێنراوە و بڕیاری لەسەردراوە لەم بارەوە (عەدالەت عومەر) پێی وایە "ئافرەت هەرچەندە نیوەی کۆمەڵە، بەڵام ئافرەتی کورد وەکو هەموو ئافرەتانی دنیا لە چەند لایەنێکەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشە و ئاریشە بووەتەوە و چەوساوەتەوە، بۆنموونە ئافرەتی کورد هەر لە مێژە خاوەنی بڕیاری یەکجارەکی خۆی نەبووە، بەڵکو دەوروبەر ڕۆڵی هەبووە لە بڕیاردانی ئافرەت و مافی و هەرکاتێکش بیەوێت دەنگی ناڕازی خۆی بەرز بکاتەوە، ئەوە لەلایەن کۆمەڵەوە دەمکوت کراوە، (عومەر، ۹۰:۲۰۰۲) هەرکات مرۆڤ خاوەن بڕیار و هەڵبژاردن نەبوو، ئەوکات نابێتە مرۆڤێکی تەواوکامڵ و پێگەیشتوو و ڕەسەن، چونکە لە دەرەوەی خود بڕیار لە چارەنووسی دەدرێت، بێگومان مافی ڕادەربڕینیشی پێ نادرێت.

لەنێو کۆمەڵی ئێمەدا زۆر جار پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت دەبەسترێت بە پیاوەوە، چونکە "ژن لەو ڕۆژەی لە دایک دەبێت تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، موڵکی خانەوادەیە، یەکەمجار باوک دواتر برا پاشان مێرد، پێگەو ڕێزیشی تەنیا ئەو پێگەو ڕێزەیە، کە پێشتر بۆی دیاری کراوە، ڕێگە نادرێت وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ دان بەو بوونەدا بنرێت، کە ڕەسەنایەتی خۆی هەیە." (کەریم، ۲۹۷:۲۰۱۷) هەر ئەم هۆکارەش وای کردووە ئافرەت نەتوانێ خاوەن بوونێکی ڕەسەن بێت، چونکە بوونێکی ڕەسەن ئەو بوونەیە، کە هەوڵدەدات و کۆششێکی زۆر دەکات تاکوو خودی خۆی بناسێت، بە پێچەوانەی بوونی ناڕەسەن، کە خاوەن خۆی نییە و بەڵکوو لەنێو جەنجاڵی سەرجەم نەریتەکانی نێو کۆمەڵ خۆی ون دەکات، جا لێرەیشدا لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی، ڕەگەزی نێر بەزۆری خاوەنداریێتی بوونی ئافرەت دەکات ئەمەیش وادەکات ئافرەت خاوەن بوونی خۆی نەبێت.

(ئەحمەد عارف) پێی وایە هۆکاری ئابووری وای کردووە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا نەیەت، بە تایبەت کۆمەڵی ئێمە لەسەرتادا دەربەگایەتی بووە و نووسەر پێی وایە ئێستاش نەتوانراوە ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت : "شێوەی چەوساندنەوەو بەکارهێنانی دڵ ڕەقانەی ئافرەت لە بوارەکانی ژیان. سیستەمی گشتی کۆمەڵی ئێمە درێژ کراوەی قۆناغی دەرەبەگایەتییە، هەرچەند لە ڕواڵەتدا هەندێ گۆڕانکاری ڕوویداوە، بەڵام لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی وای بەخۆیەوە نەبینیوە، دیارە مانەوەی بەم شێوەیە داب و نەریت و بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتیش وەک خۆی دەهێڵێتەوە." (عارف، ١٩٩٩:٢٥) چونکە گەشەی ئابووری بێگومان ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر بواری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری و پێشکەوتن لەم بوارەشدا دێتە کایەوە، سەرئەنجام گۆڕانکاری و گەشە لەم بوارەدا دەبێتە هۆی کراوە و شارستانیبوونی کۆمەڵ و بەرجەستەبوونی ماف و ئازادییەکانی ئافرەتیش، بەڵام بەهۆی نەگۆڕانی بواری ئابووری لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەو گۆڕانکارییانەی تریش بەدی نەهاتوون.

**ئافرەت لە ڕووی ئازادییەوە**

ئازادی مەرجی بنەڕتی ژیانی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازیە، ئازادی ئافرەتیش کۆڵەگەیەکی سەرەکی ئەو سیستەمە پێشکەوتووخوازیەیە، بە واتایەکی دیکە "بۆ زانینی پلەی شارستانییەتی هەر گەلێک پێویستە، کە پێگە و ژیان و گوزەرانی ڕەگەزی مێینە هەڵسەنگێنین کە لە چ دۆخێکدایە." (سعدون، ٢٠٢٢:١٨) دیموکراسیەت و پێشکەوتنی مرۆڤ، بەهەڵوێستەکانی بەرانبەر بە مافی ئافرەت و پەرۆشی بۆ بەرەو پێشبردنی ئافرەت دەپێورێت "بە هەڵوێستەکانی بەرانبەر بە ئازادی کەمینە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، کە لەمیانەی دەزگایەکی دیموکراسی یاسادا لە کۆمەڵدا بژین، دەپێورێ، بەم پێیەش ئەگەر ئێمە بەراوردێکی ئافرەتی کورد بکەین لەگەڵ ئەو ماف و لایەنە سیاسی و ڕۆشنبیریانەی، کە ئافرەتانی جیهان و ڕۆژئاوا بەتایبەت پێی گەیشتوون، ئەوا هاوکێشەیەکی ئێجگار لاسەنگ بەدەست دەهینین." (سالح، ٢٠٠٢:٥) هۆکاری ئەم لاسەنگییەش ئەم نەریتانەیە، کە کاریگەری لەسەر ئازادییەکانی پیاویش دادەنێت نەک تەنیا ئافرەت، هەروەک چۆن ئازادی ئافرەت کۆت و بەند دەکات بە هەمان شێوە و بە ڕێژەیەکی کەمتر کاریگەری لەسەر ئازادیەکانی پیاوانیش دادەنێت،

چونکە کێشەی ئازادی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا لە کۆمەڵێک هۆکارەوە سەچاوە دەگرێت، یەکێک لەو سەرچاوانە "نائازادی پیاوە لەڕووی فکرییەوە… چونکە هەتا پیاوێک بۆ خۆی ئازاد نەبێت لە بیروبۆچون و ڕاکانیدا، ئەوا ناتوانێت ئازادی بەو ژنە بدات کەلەگەڵیدا لەیەک سایەدا ژیان دەگوزەرێنن، گرفتە کۆمەڵایەتیەکان کە بۆ ژنان بونە بە کۆت و زنجیر خەباتی

نەپساوەی دەوێت، بۆ ئەوەی لێی دەربازبن" (عارف، ٢٧:١٩٩٩) کەواتە نووسەر پێی وایە هێندەی ئافرەت پیاویش گیرۆدەی دەست دابونەریتەکانە، بەو واتایەی نەریتەکانن کار لە بیروبۆچونی پیاوان دەکەن و کۆت و بەندی دەکەن ناهێڵن پیاوانیش هەندێ جار ئازاد بن لەبڕیاردان، بەمانایەکی تر ئافرەت بە تەنیا قوربانی دەستی ئەو پیاوە نییە، کە ئازادی لێ داگیردەکات و دەیچەوسێنێتەوە، تەنانەت قوربانی دەستی ئەو پیاوەش نییە کە ئەتکی دەکات، ئافرەت قوربانی دەستی باوک سالارییە، قوربانی دەستی ئەو کلتوورەیە کە چاوەڕێی شتێکی باش لە ئافرەت ناکات، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی کەم توانایەو ناتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوە ببات، بۆیە پێی وایە دەبێت لەلایەن پیاوەوە بەڕێوەببرێت، بۆ ئەوەی دووچاری گرفت نەبێتەوە، بەڵام بێگومان ئەم تێڕوانینە نەریتەکان دروستی کردووە، دابونەریتیش لەواقیعەوە سەر هەڵدەدات، سەرچاوەکەشی بیرکردنەوەو تێڕوانینی کۆمەڵە بۆژیان،

"ئافرەتی کوردیش پەروەردەی دەستی ئەو کلتورەیە، بۆیە ئافرەت لە نێو ئەو کلتوردا خاوەن کەسایەتی ئاڵۆزە و فۆرمێکی تری بەخۆوە گرتووە، ئافرەت هەمیشە سەرکوت کراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە، کە ئەویش ئەو ماڵەیە کە تیایدا دەژی و کپ کراوە لە دەربڕینی هەموو ئەو هەست و شتانەی کە ئاسودەی بە دەروونیان دەبەخشێت." (قانع، ٢٠١٢: ١٦٨) ئەمەش بەو مانایە دێت، کە ئافرەت لە ڕووی دەرونییەوە کەسێکی ئارام نییە  زۆرجار ئازادی هەڵبژاردنی پێ نابەخشرێ تاکو گوزارشت لە تواناو خەونەکانی بکات، بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆر سەرکوت کراوە و ئەمەیش بووە بەهۆی دروستبوونی فشاری دەروونی بۆی، بۆیە سەر ئەنجامی نەبوونی ئازادی و فشاری دەروونی  وای کردووە وەک کەسێکی گەشبین و خاوەن ئیرادە دەرنەکەوێت . هەر بۆیە گرفتی ماف و ئازادی ئافرەت لە کۆمەڵی کوردیدا بۆ هەمان کێشە دەگەڕێتەوە، واتە کاتێک زۆرینەی ئافرەتان زۆربەی ژیانیان لە چوارچێوەی ماڵدا بەسەر دەبەن، ئەمەیش وەک زیندانێکی لێدێت بۆیان، چونکە کەمتر دەرفەتی خۆڕۆشنبیرکردن و پەرەپێدانی خودیان دەبێت، ئەمەیش وادەکات ماڵ وەک جۆرێک لە زیندان بۆ ئافرەت و ئازادییەکانی سەیربکرێت، چونکە بەرتەسککردنەوەی ژینگەی ئافرەت بۆچوارچێوەی ماڵێک واتە بەرتەسککردنەوەی خەونەکانی و بچووکردنەوەی خەیاڵەکانی.

لێرەدا دەکرێت بڵێین ئافرەتان خۆشیان بەشێکن لە دروستبوونی ئەم کارەساتانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، چونکە "ئافرەتی کوردەواری ئەمڕۆمان هێشتا زۆربەیان پابەندی پاشماوەی ئەو ڕێبازە فیکری و نەریتە کۆمەڵایەتییە کۆن و دواکەوتوانەن کە دوورن لە گیانی نەتەوە پەرستیی و کار کردنی سەربەستیانە و بەجێ هێنانی پێداویستیە گرنگەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵەوە." (قانع، ٦:١٩٧٩) ئەم رایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەفتاکانی سەدەی بیست کە پێمان دەڵێت:  ئافرەتان خۆیان هاوشانی کۆمەڵگە ڕازین بە نەریتە دواکەوتوەکان

و هۆکارن لەو کێشانەی کە بەسەریان دێت ، بۆیە پێویستە خەبات بکەن لە پێناوی تێکشکاندنی ئەو یاسا و کلتوورانەی کە بونەتە هۆکاری ئەوەی کە نەتوانن وەک پێویست رۆل و پێگەیان لەناو کۆمەڵدا هەبێ ، هەر بۆیە بۆ ڕزگاربوونی ئافرەت لەم دۆخە پێویستە ئافرەت "سەرەتا یەکەم جار مافەکانی خۆی بناسێ، هۆشیاربێ، لەلایەنی ئابووری و زانستیەوە ئێمەی ژنی ئەم کۆمەڵگایە دەبێت بخوێنین، ئەبێ خۆمان ڕۆشنبیر بکەین، ئەبێ یاخی بین لەو داب و نەریتە سەپاوانەی کە بوونەتە بەشێک لە چەوسانەوەمان." (موکریانی، ١١:١٩٩٩) کەواتە تاکو ئافرەتان ئاستی هۆشیاریی خۆیان بەرەو پێش نەبەن، ناتوانن شەڕی ماف و ئازادییەکانی خۆیان بکەن.

لەمەش زیاتر تەنانەت لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناسنامە و بوونی ئافرەت پەیوەست کراوە بە پیاوەوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە قۆناغەکانی سەرەتا و بەرایی مێژوو خاوەن پێگەی خۆی بووە، "ئەم هەنجەتەش (بیانوو)، کە پێکهاتەی جەستەیی ئافرەت هۆی هاتنەخوارەوەی پایەی ئافرەتە لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا، خۆی لە خۆیدا جۆرە پەردە پۆشیەکە بۆ درێژە پێدانی دەسەڵاتی پیاو بەسەر ئافرەتدا، کە لەسەر بناغەی ئەو جۆرە هەنجەتانە (بیانووانە) ڕۆنراوە هەرەس دێنێ. ئەگەر لە باری سەرنجە سروشتیەکەیەوە بڕوانینە ئافرەت و پیاو، ئەوا هیچ جۆرە بێتوانایییەکی بەدەنی لە ئافرەتدا نییە، ئافرەت لە کۆمۆنە سەرەتاییەکانی بەر لە پەیدابوونی چینە کۆمەڵایەتیەکاندا، هەرگیز بەهۆی زاوزێوە پایەی کۆمەڵایەتی نەهاتۆتە خوارێ، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، بەهۆی کاری دوولایەنەی زاوزێ و بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییەوە ئافرەت هەمیشە ڕێزی لێنراوە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئافرەت هەمیشە لەسێبەری پیاواندا دەژین و لەژێر فەرمانی ئەواندا کار دەکەن." (ڕیید، ٢٠٠٦:٦٤)

ئافرەتان بۆ شوناسی کۆمەڵایەتی خۆیان دەبێ لە سایە و پەنای پیاوان دابن "ژنان لە بنەماڵەدا وەک هاوسەرانی باش و کچانی باش و دایکایەتی نمونەن لە کۆمەڵدا دا بە قوبڵکردنی ئەو یاسا و ڕێسا و سوننەتانەی پیاو دایدەهێنێ شوناسی کۆمەڵایەتی بە دەستدەێنن و بۆ باشتر وەدەستهێنانی ئەم ڕۆڵە، ڕۆژانە هاندەدرێن و تەشویق دەکرێن" (کەریم، ٢٠١٧:١٦) لەو ڕایەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەت بۆ دەستخستنی ناسنامەی خۆی دەبێت پەنا بۆ یاساکانی پیاو بەرێت، چەند ئەم یاسانە باشتر جێبەجێ بکات ئەوەندە بە ئافرەتێکی گوێڕایەڵتر و باشتر ناوزەند دەکرێت، جا گەر ئەم یاسا و نەریتانە خزمەت بە تواناو بەهرە و کەسێتی ئافرەتیش نەکات، هەر دەبێت جێبەجێ بکرێت، جگە لەوەی لەلایەن کۆمەڵگەشەوە بەردەوام هاندەدرێن بۆ پەیوەست بوون بە پیاو و ڕێساکانی خێزان، کە ئەمەیش هەر پیاو داهێنەرێتی، لە راستیدا پیاو هاوبەشە لەگەڵ ژناندا و ناکرێ ژن بکەوێتە ژێر کاریگەری پیاوەو تەنها گوێڕایەڵی بریاری پیاو بێ چونکە رای ئافرەتیش گرنگە ، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە ئافرەت ئەرکی خۆی بە هاوبەشی لەگەڵ پیاودا بەجێبهێنێ

ڕەنگە لەم ڕووەوە جوانترین گوزارشت ئەو بۆچوونەی (د. نوال السعداوی)بێت، کە لەبارەی نێوان ژن و مێردەوە دەڵێت: "هاوسەرێتی مانای تێگەیشتنی پیاوەتی تێکداوە، هەروەها مانای تێگەیشتنی ژنێتیشی شێواندوە، چونکە پیاوەتی مانای بووە بە خاوەن هێزو دەسەڵات سەپاندن بەسەر ئافرەتدا، گەر وانەبێ خەڵک بە چاوی کەم ڕێزەوە تەماشای دەکەن و ئەمەیش تووشی ئازاری ویژدانی دەکات." (عەبدوڵڵا، ٢٤:٢٠٠٥)

هەر لە چوارچێوەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ئافرەت کێشەی شەرەفە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی وەک هەر کۆمەڵگەیەکی تری نەریتخواز، یاساکانی دابونەریت لایان بە پیرۆز کراوە، بۆیە خۆیان بە پارێزەری چەمکی شەرەف دەزانن و ئەم چەمکەش بە ئافرەتەوە دەبەستنەوە، هەر بۆیە سەرەکیترین خاڵی پەیوەندی لە نێوان بێ پایە کردنی ئافرەت لە ناو گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە گشتی و گەلی کورد بەتایبەتی "قفڵدانی جەستەی ژن بە کۆدی شەرەف، وای کردووە جەستەی ژنی ڕۆژهەلاتی جەستەیەکی داخراوبێت. مەبەست لە داخراوی جەستەی ژن، ئەوە نییە، کە ژن تەنیا لە بەکارهێنانی جەستەی بۆ سێکس ئازاد نییە، نەخێر، بەڵکو ئەوە یەکێکە لە دەیان خاڵی تر، کە لە جەستەی ژن قەدەغەکراوە. جەستەی ژن داخراوە بەڕووی هەموو ئازادییەکی ئاسایی و جوڵەو ئەرکی ئاسای ڕۆژانە، بەهۆی شەرەفەوە." (قەرەداغی، ١٥:٢٠٠٤)

بەڵام بە پێچەوانەوە شەرەفی هەر مرۆڤێ بریتییە لە ئاکاری باشی خودی ئەو مرۆڤە، ئاکاری باشیش بریتییە لە ڕاستگۆی، دەستپاکی، مرۆڤدۆستی، ژیاندۆستی و دڵسۆزی و میهرەبانی و هتد. پێویستە ئاماژە بەوەشبدرێت، کە لە کۆمەڵی دواکەوتوودا جەستەی ئافرەت کورتکراوەتەوە بۆ ڕەهەندە سێکسییەکەی، کە پێویستە داپۆشرێت و بپارێزرێت، ئەمەیش وای کردووە، کە مەسەلەی شەرەف "جەنگێکی فۆبیای لای مێینە دروست کردووە و کاریگەری نێگەتیڤانەی لای خوڵقاندووە "شەرەف بۆتە بەشێکی هەستیاری ئەندامێکی، لەدەستدانیشی بەبوونی ئەو ئامانەتەدێت، کە هەر لە منداڵیەوە فێریان کردووە کۆشت داپۆشە، کاتێکیش کلیلی ئەو ئەندامە پێش ئەوەی شەرع بیدزێ گەر ون ببێ ئەوا ئابڕوی دەتکێ و نەک تەنها ئەم وەزیفەیە هەر لەخۆی دەسەندرێتەوە بەڵکو لە خێزانەکەشی دەسەندرێتەوە." (مامە، ٧١:٢٠٠٢) کەواتە شەرەفی مێ پێش خۆی موڵکایەتی ئەو خێزانەیە، کە کۆمەڵ لە پشتیەوەیەتی، خێزانی باوک لەسەرەتادا و ئەوجا خێزانی مێرد لە دواتردا، لە کۆتایشدا خودی ئافرەت هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر جەستەی خۆیدا نییە، ئەم بیرکردنەوەیە لە کاتێکدایە کە "پیاو خۆی شەرەفی خۆی ناپارێزێت، کە خۆی ئەو کارانە لەگەڵ ژندا دەکات، خۆ ئەگەر مەسەلەی شەرەف مەسەلەیەکی کلتووری بێت و پارێزگاری بێت لە پیرۆزییەکان، بۆچی هەم ژن و هەم پیاو لە سزادا هاوبەش نابن، تەنیا ژن بە تاوانبار سەیر دەکرێت و دەکرێتە قوربانی، کە خودی پیاوەکەش لەگەڵیدا بەشدارە، لە کۆتایشدا سزای کوشتن بە

ناوی شەرەفەوە بەسەر ژندا دەسەپێنرێت." (ئەسوەد، ٨٧:٢٠٢١) واتە لە هەموو حاڵەتێکدا بە تەنیا ئافرەت باجی شەرەف دەدات، ئەمەیش ڕەفتارێکی زۆر ناشیرین و نامرۆڤانەیە بەرانبەر بە ڕەگەزی مێ ئەنجام دەدرێت لە کۆمەڵی کوردیدا.

لە کاتی نەمان، یان لەدەستدانی هاوسەردا کێشەی دەستێوەردانی خزم و کەس دێتە ئاراوە، کێشەی شەرف زەقتر دەبێتەوە ئەمەیش وادەکات "هەندێ جار کەسوکار زیاد لە پێویست بازنەکانی دەوری ئەو ژنە بچووک دەکەنەوە و ڕاستەوخۆ دەچنە ناو هەموو کاروبارەکانییەوە و هیچ شتێک بۆ ئەو ناهێڵنەوە، لە هەموو حاڵەتەکاندا بێگومان بارودۆخی ژنی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامە بەتایبەتی ئەگەر وەزیفەیەکی وای هەبێت، کە گوزەرانی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات باشتر دەبێت لە کەسێکی نەخوێندەواری دەست سپی، کە چاوەڕێی یارمەتی کەسوکار بێت." (قەدەراغی، ٦٠:٢٠٠٩)

جگە لەوەی هەر لەمیانەی ئەم گرفتەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین، کە سەرکوتکردنی سێکسی یەکێکە لە گرنگترین ئەو ئامرازانەی پیاو و کۆمەڵ هەیانە بۆ دەسەڵاتگرتن و بڕیاردان بەسەر ئافرەتدا ."بۆیە دەبینین ژیانی گەلانی خۆرهەڵات (ئەگەر جل و بەرگ و بیناسازی و هاتوو چۆی لێ دەربکرێت) ئێستاش بە عەقڵیەتی ئاین مامەڵە لەگەڵ ژیان و گۆڕانکارییەکان و پەیوەندییەکان دەکرێ و دەسەڵاتیش هەر لەسەر ئەو بنەمایە کاردەکات، ئەوەی ئاین بەڕاستی بزانێ ڕاستە و ڕەهاشە و بەپێچەوانەشەوەو دوورە لە ڕاستی." (کەریم، ٤٦:٢٠٠٢) دیارە لێرەدا تەنیا ئاین هۆکار نییە، بەڵکوو یەکێکە لەهۆکارەکان و چەندین هۆکاری تر هاوشان بە ئاین بەشدارن لە کۆتکردنی ئافرەت، جگە لەوەی نووسەر بە ڕوانینێکی ڕەشبینانەوە دەڕوانێتە پێشکەوتنەکانی، کە پێشکەوتن لە وڵاتانی تازە پێشکەوتوو تەنیا ڕواڵەتە و هیچ بەرەوپێشچوونێک لە مافی مرۆڤ و مەدەنییەت بە گشتی و ڕەوشی ژیانی ئافرەت بە تایبەتی نەهاتۆتە ئاراوە، پێمان وایە گۆڕان لە کۆمەڵی کوردی هەموو بوارەکانی رۆشنبیری و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئابووری پێکەوە بەیەکسانی بگرێتەوە و بە هاوسەنگی گەشە بکات ، بەڵام گەشەکردنی لایەنی ئابووری بەخێرایی ، بووە هۆی ئەوەی گرفتەکانی ئافرەت ئاڵۆزتر بێت .

گەر لە ڕوانگەیەکی دەروونیشەوە سەیری ئەم گرفتەی ئافرەت بکرێت، کاتێک لەنێو کۆمەڵگەدا هەموو کارەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی دەبەسترێتەوە بە کارێکی ڕەوشتییەوە "ئیدی مرۆڤ دووچاری نامۆبوون دەبێت، بە تایبەت بۆ کۆمەڵگەیەک، کە هەموو ئازادییەکانی ئافرەتان ببەستێتەوە بەکاری ڕەوشتیەوە، ڕەوشتیش لە پەیوەندییە تایبەتی و ئینسانیەکاندا چڕ بکاتەوە، دەرچوونیش لەو سنوورەی بە ناوی ڕەوشتەوە کێشراوە گەورەترین سزای لەسەربێ ئیدی مافی ئینسانی بوونی لێ زەوت دەکرێ و چەندین دەستوورو یاساو سنووری جۆراوجۆر بەدەوریدا دەکێشرێت، بۆیە ئەو مرۆڤە توشی جۆرەها کێشەی

کۆمەڵایەتی ودەروونی دەبێت و هەست بە کەمی و لاوازی خۆی دەکات." (کەریم، ٢٠٠٢: ٣١) هەر بۆیە بەهۆی ئەو گرفتانەی بۆ ئافرەت دروست دەکرێن، بەردەوام هەستی خۆبەکەمزانی لا دروست دەکەن. "شێوەیەکی بنەڕەتی لە خولقاندنی هەستکردن بە کەمی (شعور الناقص) لای ئافرەت بەشداری کردبێت، ئەوا بێجگە لەمە چەندین بونیادی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، ڕۆشنبیری، یاسایی و ئایینیی دیکەش هەن، کە زەمینەی ئەم هەستەیان لە ئافرەتدا ساز و قووڵتر کردووەتەوە، بە درێژایی قۆناغە مێژووییەکان هەست و هۆشێکی ساختەیان لا خولقاندووە بەرانبەر بە خود و بوونی خۆی، بەو پێیەی ڕەگەزێکی لاوازترە و لە ڕێگەی پیاوەوە نەبێت بوونی ئافرەت نایاتە دی." (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨: ٣٤)

نایەکسانیی ڕەگەزی لەنێوان نێر و مێدا یەکێکە لە سیما دیارەکانی کۆمەڵی کوردی، ئەمەیش هەر لە ساتی لەدایکبوون و هاتنەدنیای کچەوە دەست پێ دەکات، کاتێک لەناو خێزاندا منداڵێکی کوڕ لەدایک دەبێت جیاوازترە لە لەدایکبوونی منداڵی کچ، چونکە "ژیانی کوردەواری جیاوازی زۆری لەنێوانی کوڕو کچدا وەکو شورەیەکی پۆڵایی بنیات ناوە بۆ نمونە: نەک تەنها لە لادێ کاندا، بگرە لە زۆربەی شارەکانیاندا، تەنانەت لە بنەماڵە پێشکەوتووە کانیشدا، ئەو بایەخە بە کچ نادرێ، کە لە کاتی لە دایک بوونی (کوڕ)دا پێی ئەدرێ، وەکو کوڕ شەوارەی بۆ ناگیرێ و گوێزە بانەی ناکرێ و ئاهەنگی ناونانی نیە و تەنانەت بێشکەو لانکەی وەکو کوڕ بۆ ناڕازێتەوە" (حسێن، ١٩٩٠: ٢٥) ئەم جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ "جیاوازیەکی پێکهاتەیی و دامەزراوەیی و کلتووری، نەک جیاوازیەکی سروشتی و بایۆلۆژی، بۆیە ئەو جیاوازیانەی لەنێوان نێرو مێدا دەکرین، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی بایۆلۆژی و ئەندامەکانی زاوزێ، ئەمەیش هیچ بنەمایەکی نییە و بە زۆر سەپێندراوە." (ئەسوەد، ٢٠١١: ١٦٠) کەواتە جیاوازییەکان لە کلتوور و نەریتەکانەوە سەرچاوە دەگرێت نەک سروشتی جەستەیی مرۆڤ، بۆ لەناوبردنی ئەم جیاوازییەش پێویشتمان بە پەروەردەی کلتووری هەیە.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم جیاوازیی ڕەگەزییە لە قۆناغەکانی دواتردا سەر دەهاوێژێت بۆ هەموو بوارەکانی تری ژیان، لە هەموو کایەکانی ژیان ڕەگەزی مێ وەک مرۆڤی پلە دوو سەیر دەکرێت و لە زۆربەی مافەکان بێبەش دەکرێت، ئەمەش لە ئەنجامی جیاکاری ڕەگەزەوەیە، ئەم جیاکارییەش وای کردووە، کە ئافرەتی کورد هەر لە دێر زەمانەوەو تا ئێستاش، کە لە هەندێ ناوچەی کوردستان بە تایبەت لادێکان، گیرۆدەی چەندەها دیاردەی نابەجێ بووە و بەدەستیەوە دەناڵێنێ "بۆ نموونە لە ژیانی کوردەواریدا بە جۆرێکی گشتی ئافرەت دەرهەق بە سۆز و هەستن کۆسپی شیربایی و ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و ژن بەسەرهێنان ڕێگا بە ویستەمەنیی دەگرن و وەکو شتومەک یاخود کەل و پەل لەلایەن پیاوانەوە مامەڵەی لە گەڵ دەکەن." (حسێن، ١٩٩٠: ٢٥) ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت

ئافرەت نەک هەر خاوەن ئیرادە وبڕیار و ماف نەبووە، بەڵکوو وەکو مرۆڤیش مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، چونکە هەندێ جار وەک کاڵایەک بەبێ گەڕانەوە بۆ ویست و بۆچوونەکانی خۆی، مامەڵەی پێوە کراوە.

**کێشەی ئافرەت لە کاردا**

ئافرەتی کورد هەر لەسەرەتای دەستپێکی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بێکار نەبووە، هەمیشە هاوکار و پاڵپشتی باوک و براو مێرد بووە لە کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداریدا، بەڵام ئەم جۆرە لە کارکردن نەبۆتە هۆی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری بۆ ئافرەت، بەڵکو لەو قۆناغەدا پیاو خاوەنداری کار و ئافرەتەکەشی کردووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا "کار نیشانەی دۆزینەوەی شوێنە، واتە نیشانەی دۆزینەوەی شوناسێکی دیکەیە، ئیش بەمانا قووڵەکەی دەبێتە ماڵێکی نوێ، دەبێتە زامنێکی نوێ." (عەلی، ١٧٧:٢٠١٩) ئافرەت کاتێک خاوەن کاری سەربەخۆی خۆی بوو، ئەو کاتە هەست بە ئازادی ئابووری و بوونی خۆی دەکات چونکە "کارکردنی ئافرەت کارێکی گەورە دەکاتە سەر توندوتۆڵبوونەوەی هەنگاوەکانی ئافرەت، ئەو ئافرەتەی کار دەکات هەست بە ڕێز و جۆرە سەربەخۆییەک دەکات، کە ئافرەتی بێکار لێی بێبەشە." (کوێستانی، ١٩٧٩: ٨٨) لێرەدا دەتوانین بڵێین ئافرەتی خاوەن کار بەهێزتر ڕووبەڕوی کێشە و گرفتەکانی دەبێتەوەو لە ڕاڕای و گومان خۆی لادەدات و خاوەن ئابووری سەربەخۆی خۆی دەبێت، وەنەبێ کە ئافرەتی خاوەن کار سەربەستی تەواوی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەدەست بێنی بەڵکوو تاڕادەیەک لە پشت بەستن بە پیاو ڕزگاری دەبێت.

لە گرفتەکانی ئافرەت لە دونیا بە گشتی ولە کۆمەڵی کوردەواریدا  بە تایبەتی گرفتی هەبوونی دەرفەتی کارە بۆ ئافرەت، چونکە لەم بوارەشدا جیاوازی ڕەگەزی بەدی دەکرێت، کەمتر دەرفەت بۆ ئافرەتان ڕەخساوە "فاکتەری ئابووری تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەهیچ شوێنێکی دنیادا بەدەس ئافرەت نییە، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕیز پەڕ لە وڵاتێکدا، یان لە دنیادا ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئافرەتی دەوڵەمەند هەبێ، ئەوا لە ڕووی کاریگەری ئابووری و سەرمایەدارییەوە لە نرخی نەبوودایە" (ڕیید، ٤:٢٠٠٦) بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەتی یەکسان لەنێوان ئافرەت و پیاودا نەک نەبوونی توانای ئیدارەدان و سەرمایەگوزاری لەلایەن ئافرەتەوە.

لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و لە کۆمەڵی کوردەواریدا بە تایبەتی، ئەگەر ئافرەت کاریشی پێ درابێت، ئەوە وەک ئامرازێک بەکار هێنراوە، نەک بە ئامانجی ڕەخساندنی دەرفەتی کاری یەکسان لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا "ئافرەتی کوردی لەلایەن کۆمەڵگایەکی پیاوسالارەوە لە هەردوو باری جەستەیی و دەروونییەوە داگیرکراوە و مافی تەواوەتی نەدراوەتێ، کە دەڵێن ئافرەتی کورد سەربەست بووە و شان بە شانی پیاو کاری کردووە، ئەمەش بەکارهێنانێکی دیکەی مێنە بووە لە بواری وزە و تواناکانی بۆ جێبەجێکردنی کارو فرمانی هاوبەشی ژیان." (کەریم. ٩:٢٠١٧) ئەمەش ئەوە دەردەخات مەرج نییە هەر ئافرەتێک کاریکرد ئازاد بێت و خاوەنی ماف بێت، بەڵکوو هەندێ جار کارکردنی ئافرەت بۆ مەبەستی

بەکارهێنانە لەلایەن ڕەگەزی نێرەوە، کە بە موڵکی خۆی دەزانێت و دەبێت خواستەکانی ئەم جێبەجێ بکات، ئەمە جگە لەوەی ئافرەتی ئیشکەر ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبێتەوە لەوانەیش "یەکەمیان کەمی کاتە، دووەمیان دابەشکردنی کارەکانی ناو ماڵە، کە دەبێتە هۆی خستنەوەی گیروگرفتەکانی خێزان، چونکە یەکسانی و سەربەخۆی ژنان لەلایەن دەسەڵاتی تەقلیدی پیاوەوە بە ئاسانی قبووڵ ناکرێت." (عەبدوڵڵا، ٣٧:٢٠٠٥) بەواتەیەکی دیکە ئافرەت کە سەرچاوەی داهاتی سەربەخۆی هەبوو ئەمەیش کاریگەری لە سەر سەربەخۆی لەبوارەکانی تریشدا دەبێت، بۆیە لەلایەن پیاوەوە قەبوڵکراو نییە.

(قیس النوری) پێی وایە هەر ئەم جیاوازییە ڕەگەزییەی نێر و مێ لە کاردا دەبێتە هۆی ئەوەی لە کەسێتیشدا ڕەنگ بداتەوە، لەبەر ئەوە دەڵێت: "جیاوازی لە دابەشکردنی ڕۆڵ لەسەر بنەمای ڕەگەز بەشێوەیەکی گشتی بۆتە هۆی پەیدابوونی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگەکاندا، بەڕادەیەک کە کاری کردۆتە سەر جیاکاری و دابڕانی کەسێتی لەنێوان نێرو مێدا." (خەلیل، ٢٠٠٧: ١٠٢) ئەمەیش هەندێ جار توندوتیژی خێزانی، کە یەکێکە لە شێوازەکانی ڕەفتاری شەڕەنگێزی لە ئەنجامی پەیوەندییەکانی هێزی ناتەواو لە چوارچێوەی سیستەمی دابەشکردنی کار لەنێوان ئافرەت و پیاو لە خێزاندا و لە دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی هەموو تاکێک لە ئەندامەکانی خێزان دروست دەکات، بە گوێرەی ئەو سیستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە ئارادایە و کۆمەڵ دیاری کردووە، واتە بەپێی دابەشبوونی کار لەنێوان نێر و مێدا، کە بێگومان بەرەی نێرینە دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەمەیش بووە هۆی لەمپەر خستنە بەردەم ئافرەت لە ڕووی بەشداریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان و کارکردن و مووچە وەرگرتنیان، بەمەش ئابووری ئافرەت کەوتە ژێر دەستی پیاوانەوە، هەموو ئازادییەکانی لەدەستدا، چونکە ژیانی ئابووری ئافرەت (کە لە هەمانکاتدا کۆمەڵایەتیش دەگرێتەوە) بەپێی پێوەرەکانی پیاو سنووردار دەکرێت، "کە لەو سنوورە سەرەتا لە خێزانەوە دەست پێدەکات، بەوەی، کە پیاو (باوک، برا، مێرد) سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئابووری ئافرەتن، بۆیە زۆربەی ئافرەتان بۆ ئەم مەبەستە پشت بە پیاو دەبەستن و ئابووریان لەژێر دەسەڵاتی ئەواندایە، کە ئەمەیش هەستی پەیوەست بوون بە پیاو لای زۆربەی ئافرەتان دەچەسپێنێت، بەڕادەیەک کاتێک ئافرەتێک پیاوەکەی لەدەستدەدات وا دەزانێت بەخێوکەرو سەرپەرشتیکەری لەدەسداوە،ولە دابینکردنی ئابووری و پەیوەستییەکانی تری ژیان کۆت و بەندیان کردووە. دەستیان بەستووە." (خەلیل، ١٠٢:٢٠٠٧)

ئەگەر لە دۆخێک و ژینگەیەکی تەسکیشدا کەمێک ئازادی کار بە ئافرەت درا دووچاری گرفت دەبێت بۆیە، ئەمەش ئەوە دەردەخات سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر خێزاندا لە کۆمەڵگە نوێیەکاندا هاتووە و پاش کاریگەرییەکانی لەسەر شێوەو ڕۆڵ و وەزیفە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، کەچی ئەو پەیوەندییانەی لەنێو خێزاندا هەن، هێشتا بە بنەمای هێزە باو و

ئاساییەکانەوە بەستراوە، کە پیاو تیایدا لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە لەناوکۆمەڵگە و خێزاندا بە تایبەتی باڵا دەستە، کەواتە لە کۆمەڵی ڕۆژهەلاتیدا سەرچاوەی پیاوەتی و ناو و شوهرەتی پیاو لە کۆمەڵدا هێز و دەسەڵاتییەتی، کە لەسەر بنەمای هێز بڕیار بدرێت چاوەڕوان ناکرێت وەک مرۆڤێکی هۆشیار سەیری تاکەکانی کۆمەڵ بەگشتی و ئافرەت بە تایبەتی بکرێت.

ئەمە جگە لەوەی، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەهۆی باڵادەستبوونی تەکنەلۆژیا بەسەر زۆربەی بوارەکانی کارکردندا، هۆکارێکی تر دێتە ئاراوە لەبارەی کارکردنی ئافرەتان، چونکە "لەبری کرێکار سەرجەم کارەکان بە کۆمپیوتەر دەکرێت، ئێستا سەرجەم ئەو کۆمپانیایانەی کارەکانیان دەستین و کارکردنیش تێیدا ئارامگرتنی زیاتر و قسەقبوڵکردنی وردی دەوێت، کرێکارەکانیان هەموو ژنن و بە مووچەیەکی کەمتریش." (ساڵح، ٢٠٠٢:٩٨)، کە ئەمەیش جۆرێکە لە چەوساندنەوەی مۆدێرنە، ئەگەر ئافرەتەکە خۆیشی هەڵیبژێرێت، چونکە هەندێک جار بە ناچاری و لەبەر نەبوونی دەرفەتی کاری گونجاوە لە کۆمەڵگەدا بۆ ڕەگەزی مێ.

**ئافرەت و توندوتیژی**

یەکێک لە گرفتەکانی ئافرەت، توندوتیژییە، مەبەست لە توندوتیژی دژ بە ئافرەت "ئەو ڕەفتارە، یان کردەیەی بە تایبەتی بەرانبەر ئافرەت پیادە دەکرێ، ئیدی ئەو ئافرەتە ژن بێت، یان دایک، یان خوشک، یان کچ. ئەو کردەیەش بە پلە جیاوازەکانی چەوساندنەوە، ژیا کاری و ستەم و شەڕانگێزی دەناسرێتەوە، کە لە پەیوەندی هێزە نایەکسانەکانی نێوان پیاو و ئافرەتەوە." (کۆمەڵێک نووسەر، ٢٠٠٨:٣١) دیارە لێرەدا مەبەست لە توندوتیژی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە (جەستەیی، دەروونی، هزری و ...هتد)یە، کە جۆری ئەم توندوتیژییە بە پێی قۆناغی کۆمەڵ و ئاستی ڕۆشنبیری تاک و کۆمەڵ دەگۆڕێت، بەڵام سەرئەنجام لە هەر کۆمەڵە و بە جۆرێک بەردەوامی هەیە.

سەرچاوەی ئەم توندوتیژییەیش بەشێک لە نووسەران پێیان وایە لە خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت "خێزان بە کارخانەی چەوساندنەوە ناو دەبەن، چونکە ئەوانە ئەرکی بەخێوکردنی ئافرەت و پارێزگاریکردنی شەرەفی خێزان و بنەماڵەیە" (خەلیل، ٢٠٠٧: ١٠٣) جگە لەوەی خێزان ناوەندی پەروەردەکردنی تاکە و ئەم تاکانەش کۆمەڵ پێکدێنن، گەر لە خێزاندا تاکێکی تەندروست پەروەردەکرا ئەوا کۆمەڵێکی تەندروست بەرهەم هاتووە، گرفتی ئافرەتیش کەمتر دەبێت، ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە، "هەموو باوکەکان لە خێزاندا ڕۆڵی باش و بەخێوکەر و تەنانەت بەخێوکەری ئابووریش دەبینن، کەچی بەرانبەر کۆمەڵگە هەر دەسەڵات و قسەی پیاوان بەرەسمی ناسراوەو هەمیشە باشەو خراپە لەڕوانگەی باوک بەپلەی یەکەم و براکان و مامەکان بەپلەی دووەم ڕەچاو دەکرێت و پیاوەکان پێوەری ناوبانگ و کەسێتی باشی

خێزان دیاریدەکەن و بەکۆمەڵگەی دەناسێنن" (عەبدوڵلا، ٢١:٢٠٠٥) بەڵام دواجار ئەم تێڕوانینە بەردەوام دەبێت و سەردەکێشێت بۆ ناو کایەکانی تری کۆمەڵ، بە واتایەکی تر سەیرکردنی ئافرەت بە چاوی پلە دوو لێرەوە دەست پێدەکات، کە ئەمەیش بە جۆرێک لە توندوتیژی دەروونی دادەنرێت، بۆیە کاتێک بەم ڕوانینە سەیری ئافرەت دەکرێت قسەکردن لەماف و ئازادی هەڵبژاردن وحەزوو ئارەزووەکانی جێگەی گفتووگۆ نییە، چارەنووسی ئافرەت لەم خێزانانەدا بەتەواوەتی لە دەسەڵاتی پیاودایە، چونکە "ئەوەی بەسەر چینی چەوساوەی خێزاندا دەسەپێنرێت چارەنووسی ژنە، چارەنووسی ژن وەکو بەرگێکی تاریک تەواوی عەقڵیەتی ماڵ دادەپۆشێت. لەم خێزانانەدا پەسەندکردن، یان ڕەتکردنەوە، حەزکردن، یان نەکردن بابەتی گفتوگۆنییە و باوک چی بڵێت و چی فەرمانێک دەربکات، دەبێت ئەوە پێکنهێنرێت، خیزانی ڕۆتینی لەنێو لایەنە پاشکەوتوەکانی خۆیدا دەخولێتەوە، هیچ پێشکەوتنیکی تیادا دروست نابێت، یەکەم قوربانی چەمکی ناسنامەی خێزانی ڕۆتینی ژنە." (جەلال، ١٢٦:٢٠٠٥)

لە دوای قۆناغی بە یاسای بوونی ژیانی کۆمەڵگە، یاساش بووە جۆرێکی تر لە گرفت بۆ ئافرەتان، چونکە جگە لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی هەندێجار خراپی یاساکانیش هۆکارە بۆ چەوسانەوەی ئافرەت و نایەکسانی لەماف و ئازادی دا، چونکە "ئەو یاساو ڕێسایانەی دەوڵەت لە زۆرێک لەو کۆمەڵانەدا پەیرەویان دەکات، کە هەمیشە بە عەقڵێکی خێڵەکیەوە داڕێژراون و دەسەڵاتێکی ڕەهای بەخشیوە بە نێر و مێی لێ بێ بەشکردووە، مێی وەکو کۆیلە خستۆتە ژێر ڕکێفی نێرەوە، لە ئەنجامی نواندنی هەر کارێکی توندوتیژی بەکوشتنیشەوە یاساکان لە ئاستی بکەردا سادە و کەمتەرخەم و سزا کەمن." (قەرەداغی، ١٠:٢٠٠٩) کەواتە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا یاسا لەژێر کاریگەریی دابونەریتەکان دەردەکرێت، نەک نەریتەکان بخرێتە ژێر باری یاساوە، بۆیە ئەمەیش دەبێتە ئامرازێکی دیکەی چەوسانەوەی مێ.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک (قوبادی جەلی زادە) دەڵێت: "ئەگەر بەگشتی سەیری لایەنی کلتووری و فەرهەنگی کوردی بکەین، دەبینین کۆمەڵێک نەسەقە و دیاردەی زاڵ تێدا باڵا دەستە و ڕەنگیداوەتەوە، زیاتر سەرچاوەکەی هەڵسوکەوت و نەریت و ژیانی ڕۆژانە و زۆرجاریش یاساکانە، دەبنە خەوشێکی تایبەت و لێرەوە نایەکسانی و نا ڕۆشنی لە ناو ئەندامانی کۆمەڵ بڵاو دەبێتەوە و هۆکارەکەشی باڵا دەستی گوتاری ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە، کە بەهەمان تێگەیشتنەوە ئەندامانی کۆمەڵ سەیری ڕەگەزی ژن دەکەن." (محەمەد، ٦٨:٢٠٠٩) هەر بۆیە کاتێک یاسا لەژێر کاریگەری نەریتەکانی تردا دادەڕێژرێت ئەوە گرفتەکانی ئافرەت قووڵتر دەکاتەوە، چونکە چەوسانەوەی ئافرەت شکڵێکی یاسای وەردەگرێت، بەواتەیەکی دی زوڵم و چەوسانەوە و گرفتی ئازادی ئافرەت هەر بەردەوام

دەبێت، بەڵام بە شێوە و فۆرمێکی دیکە، کە زۆرجار ئەم فۆرمە نوێیە لەژێر ماسکێکەوە چەوسانەوەکەی پێ ئەنجام دەدرێت، ئەوکات درکپێکردنی بۆ تاکەکانی کۆمەڵ و خودی ئافرەت سەختر دەبێت. کەواتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ "ئەو توندوو تیژیەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە، هەر لە لێدان و سووکایەتیپێکردن تا بە تیرۆر دەگات، ئەوەیە، کە سەرجەم ڕەهەندەکانی کلتووری کۆمەڵایەتی ئێمە، بەهەموو بەشە زەینی و عەینیەکانیەوە، بریتییە لەو دەستوورو یاسایانە، کە تیایدا پیاو ئافرەت بەیەکەوە وابەستەی عەقڵیەتێکی دواکەوتووی خێڵەکین، ئەم وابەستەییە هەموو ئازادییە تاکەکەسی و مافە دیموکراسیەکانی ئافرەتان سەرکوت دەکات و ئەگەر ژن وەک مرۆڤ، داکۆکی لە مافە خودییەکانی خۆی کرد، ئەمە بەیاخیبوون ئەژمار دەکرێت." (محسن، ۲۰۰۲:۱۲)

ئەم دۆخە سەختە هەر بەردەوامی هەبووە، لە هەموو قۆناغەکانی کۆمەڵگەدا بارودۆخی ئافرەت لە دۆخێکی دژواردا بووە، ئافرەت نەیتوانیوە ڕای خۆی دەرببڕێت، هەروەها لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیان لە دەستی باوک و براو خزم دابووە، جگە لەوەی باسکردنی خۆشەویستی و عەشق قەدەغە بووە و تا ئێستایش "عەشق لەو تابووانەیە بۆ ژن کەژیانی دەخاتە مەترسییەوە. بێگومان ئەگەر بۆ ژن تابوو بێ پیاویش یەک لایەنە ناتوانێ عەشق و خۆشەویستی پەرەپێبدا و لە ئاکامدا هەردوو لایان پڕ دەکا لە حەسرەت و ئالوودەی و حەزی ئاگرین، کە جگە لە چەپاندن و ئاودیوکردنەوەی بۆ ناو نەستی مرۆڤەکان، هیچ تووڵە ڕێیەکی تریان نیە بۆ دەرباز بوون لێی." (قەرەداغی، ۲۰۰۹:٤۳) ئەگەر ئافرەت هەڵەیەکی لەم بارەوە بکردایە ئەوە لە لایەن کەسوکارەکەیەوە، تەنانەت حەق دەدرا بە ئامۆزاش، کە خوێنی حەڵاڵ بکەن، زۆرجاریش لە لایەن مەلاو ئاغاو گەورەکانەوە فتوای کوشتنیان دراوە، ئافرەتانی کوردستانی عێراق لە نێوان ڕابردوو ئێستا و داهاتوو، وە لە ئێستاشدا بەجۆرێک لە جۆرەکان لەهەندێک ناوچەی کوردستان بەدی دەکرێت. بەگشتی دەتوانین بڵێین لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کۆمەڵێک لە نەریتەکان گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە، بەڵام هێشتا هەندێکیان کۆمەڵگە بە ئاسانی قەبوڵی گۆڕانکاری تێیدا ناکات، کەواتە بە ئەنجام گەیاندنی شۆڕشێک بۆ ڕزگارکردنی ئافرەتان، کارێکی زۆری دەوێ و پیویستی بە کات و هەوڵدانێکی نەفەس درێژانەی زۆرە بە ئافرەت و پیاوەوە، چونکە ڕزگارکردنی ئافرەت ڕزگارکردنە لە لایەنەکانی ئابووری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.

**تەوەری دووەم: گرفتەکانی ئافرەت لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە**

بە درێژاییی مێژوو بەپێی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان و هەروەها بەپێی کۆمەڵگەکانیش ڕوانینی جۆراوجۆر لەبارەی ئافرەتەوە دەخرێنە ڕوو و بە تایبەتی لە دیاریکردنی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریدا ، بۆ نموونە ئەو هۆشیارییەی ئافرەتێک لە کۆمەڵگەیەکی کراوەدا هەیەتی، کە لە ڕووی بیرکردنەوەوە ئازادی پێ بەخشراوە و بەبێ ترس ویستەکانی خۆی دەردەبڕێت، یەکسان نییە بەو ڕۆشنبیرییەی ئافرەتێک لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا، کە نەریتی ئەو کۆمەڵگەیە ڕێگە لە سەربەستیی ئافرەت دەگرێت و ناهێڵێت بە ئازادی گوزارشت لە خۆی بکات، بەڵکوو نەریتی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی بەسەردا دەسەپێنێت و لە جیاتی ئەو بیر دەکرێتەوە، تەنانەت چارەنووسیشی دیاری دەکرێت.

لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین ڕوانینی کۆمەڵگەی کوردی بۆ ئافرەت بەپێی سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەو مانایەی لە پێشتردا نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بە کەمی ڕێگەی بە ئافرەت داوە بەشداری لە کایە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکاندا بکات و لەنێو کۆمەڵگەدا وەک کەسێکی چالاک دەربکەوێت، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا و بە هۆی ئەو شەپۆلی گۆڕانکارییەی جیهانی گرتەوە، کۆمەڵگەی کوردیش لێی بێبەش نەبوو، لەو نێوەندەدا ئافرەت دەرگەیەکی بە ڕوودا کرایەوە و توانی بەشداریی لە کایە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییەکاندا بکات. واتە ئێستا ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ڕادەیەک ڕووبەرێکی باشی بۆ کراوەتەوە و تەنیا لەنێوان چوار دیواردا زیندانی نەکراوە، بەڵکوو هاتووەتە دەرەوە شانبەشانی پیاوان لەنێو بوارەکاندا بەشدارە و چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن.

لەم ڕوانگەیەوە هەرچەندە هۆی بوونە شاعیری زۆر لە شاعیران لەناکۆکی چینایەتی ونەتەوەیەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵام "لەنێو بەرهەمی ئەم شاعیرانەدا کە بەشێوەیەکی سادەو ساکاریش نووسراونەتەوە، سێ چەشن لە دەربڕینی ژن هەیە، یەکەم بە نیگای چینی دووهەم و بێدەسەڵات، دووەم ئاراستەی جوانی بەژن و باڵاکەی کراوە، لە نیگای سێیەمیشدا عەشق وخۆشەویستییەکی ئارەزوو پەرستانە لەسەر ژن هەیە." (جەلال، ٢٠٠٥:١٦٨) بۆیە پێمان وایە چەندە ئافرەت ئیلهامبەخشە و سەرچاوەی پێشکەوتنی ئەدەب و هونەرە، ئەوەندەیش لە ئەدەب و هونەری ڕاستەقینە دوور خراوەتەوە و تەنانەت ئەوەی، کە دەیزانێت لاواندنەوە و گۆرانیگوتنە بۆ دراماتیزمای ژیانی خۆی و ئەو ئازارانەی، کە ڕۆژگار ڕووبەڕووی کردووەتەوە.

بەم پێیە دەبێت ئافرەتان تێگەیشتوو و پێگەیشتوو بن تاکو لە سایەیاندا کۆمەڵگەش پێبگات، چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵ بەندە بە پێشکەوتنی هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ)، بەڵام ئەگەر ئێمە سەیری مێژووی مێینە بکەین لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریدا لەوانە بواری هونەری و لەنێویاندا هونەری مۆسیقا بەتایبەتی دەبینین "هەر

لەسەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی تیپە مۆسیقیەکانمان لە کوردستان بۆمان دەردەکەوێت، کە مۆسیقا دەوری کاریگەری خۆی بینیوە، بەڵام ئافرەت زۆر کەمتر لە پیاو توانیوێتی بەشداری گۆرانی و مۆسیقا بکات، نموونەی ئەو ئافرەتانەی لە ساڵەکانی پەنجاکان و چلەکاندا گۆرانیان لە ڕادیۆ وتووە ژمارەیان زۆر کەم بوون، لەوانە مریەم خان و نەسرین خان و عایشەشان و نازدارو ئەسمەر دایکی جمال و گوڵبەهار...، کە ئەمانە سەرقافڵەی ئافرەتانی کوردستان بوون." (حسێن، ٢٠٠٠: ٢) دیارە کە ئەم ڕێژە کەمە لە بەشداری کردنی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابونەریتانەی، کە لە کۆمەڵگەدا باو بووە بەسەر بیری تاکدا، دژ بە بەشداری کردنیان لە هونەردا، جێی ئاماژەیە ئەو کلتووری بەعەیبە کردنی هونەرە بۆ ئافرەتان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا هەر بەردەوامی هەیە.

سەبارەت بە بەشداری ئافرەتان خۆیان، ئەگەرچی بە هۆی ئەو بارە ناهەموارەی لەناونەتەوەی کورد دا هەبووە، وای کردووە ئافرەتی کورد لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا پشکی ئەوتۆی بەرنەکەویت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین بڵێین تارادەیەک بوونیان لەناو کایەی ڕۆشنبیریدا هەبووە و جێپەنجەیان دیارە. "مەستورە خانمی ئەردەڵانی (ماهـ شەرەف خانم ١٨٠٥-١٨٤٧) بە یەکەمین ئافرەت دەژمێردرێت لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا، کە مێژووی نووسیبێتەوە: تاریخی ئەردەلانی بە زمانی فارسی، هەروەها شیعری کوردی وفارسی نووسیوە." (پیربال، ٣٤:٢٠٢١)، بەڵام ئەگەر بەراورد بکرێت بە بەشداری پیاو بێگومان زۆر زۆر کەمە، چونکە (عبدولرزاق هلالی) "جەخت لەسەر بوونی یەک قوتابخانە دەکاتەوە لەسەر ئاستی عێراق لە ساڵی ١٨٩٩-١٩٠٢، کە نامیق پاشای والی بڕیاری کردنەوەی دابوو، ئافرەت لەنێو زانست و خوێندندا بوونی نەبوو." (هیلالی، ١٥٨:١٩٥٩)  ئەمەیش هۆکاری سەرەکی بووە "بۆ دەرەنگهاتنەناوەوەی ئافرەت بۆ ناو کایەی نووسینی ئەدەب و خۆ دۆزینەوەیان لەنێو ژانرە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب، دواتر لە ساڵانی حەفتادا لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی، یانزەی ئازاردا و بوژانەوەی هونەر و وێژەی کوردی و زۆربونی چاپەمەنییە کوردیەکان و ماوەدان بە ئافرەت، بۆ بەشداری ئافرەت زیاتر لە بنیاتنانی کۆمەڵدا بوونە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئافرەت لە بواری شیعر و ئەدەبیات لە ئەدەبی کوردیدا کە ئازایانەتر بە دەنگێکی لەوانەی پێشوو بەرزتر و بە شێوەیەکی فراوانتر لە کێشەی خۆیان بدوێن." (موکریانی، ٦٣:١٩٨٠) بۆیە هەر لەگەڵ هاتنی ئافرەت بۆ نێو کایەی ڕۆشنبیری ڕووبەڕووی چەندین گرفت بووەتەوە، چونکە "ژن لە جیهانێکدایە هەر هەنگاوێک بنێت، یان ڕوو لە هەر شتێک بکات، پێچەوانەکەی، یان بەرانبەرەکەی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات، بە مانایەکی تر هەر کارێک بکات کارەکەی بەهەڵە دادەنرێت، یاخود بەردەوام بەرانبەر دژەکان بۆ کارە جوانەکانیش ناشیرینت دەکەن." (ڕەئوف سایتەکە، ٢٠١٩) هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ

ئەوەی ئەم بوارەش وەک هەموو بوارەکانی تر پیاو تێیدا باڵادەستە و سیمایەکی پیاوانەی هەیە.

خودی ئافرەتان لە ڕابردوودا وا پەروەردە دەکران کاری ئافرەت بەڕێوەبردنی ماڵ و منداڵە، نەک پەروەردە و کاری ڕۆشنبیریی، لەم بارەوەیەوە ئەم نووسەرە پێمان دەڵێت: "ڕەگەزی مێ لە وڵاتی ئێمەدا وا پەروەردە کراوە، کە پاشەڕۆژ و نیشتیمانپەروەری و داهێنان و ئینسانییەت لە (شووکردن)دا ببینن و هیچی تر، کە شوویشیان کرد لە منداڵبووندا ببینن و هیچی تر، خۆی کچ لەلای ئێمە بۆ شوکردن گەورە دەکرێت، کە ئەمەیش قاڵبێکی تەسکەو ڕوانین و هیوای کچان و ژنانی ئێمەی تیادا ترنجاوە." (ئەحمەد، ١٩٩٩:٣٥)،بۆیە هیچ کچێک ناتوانێ بڵێت من نامەوێت وەک مینەی تربم و دوا وێستگەی ژیانم ماڵ و منال و هیچی تر بێت، لە کاتێکدا دەبێت هاوسەرگیری بژاردە بێت لەبەردەم ئافرەت و وەک مرۆڤ ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی، بەڵام لە ڕێگەی توانجی کۆمەڵایەتییەوە ئەو مافەی لێسەندراوەتەوە، کە ئازاد بێت لە هەڵبژاردنی ئەم بژاردەیە، هەر لە درێژەی نووسینەکەیدا نووسەر جەخت دەکاتە سەرئەوەی هەمیشە (مێ) لە وڵاتی ئیمەدا بە هۆی جۆری پەروەردە کردنیەوە وا هەست دەکات خوێندنەوەو گرنگیدان بە ڕۆشنبیری لە ئافرەت بوونی کەمدەکاتەوە "ژنێتی بە مانای خۆتەرخانکردن بە ماڵ و مێرد بە تەنیا، هەمێشە ژنی ڕوناکبیرو خاوەن بروانامەی بەرز وەک خراپترین نمونە بۆ ژنێتی وژنی ناو ماڵ دەهێنرێتەوە." (ئەحمەد، ١٩٩٩:٣٦) بێگومان ئەم تێروانین و سەیرکردنەی ئافرەت لە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری لەو نەریتە کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، کە پێمان دەڵێت شوێنی ئافرەت ماڵە، نەک ناوەندی ڕۆشنبیری و خوێند و خۆپێگەیاندن.

لە ئێستادا لە کۆمەڵگە زیاتر گرنگی بە ڕواڵەت و جوانی و ڕووخساری ئافرەت دەدرێت، ئەم لایەنە شوێنی ئاستی ڕۆشنبیری و پەروەردەی هزری و ڕەفتاری گرتۆتەوە، لەم بارەیەوە (نەوال سەعداوی) خانمە بیرمەندی میسری دەڵێت: " ئێوە هیچ نابینن تەنها جەستەم نەبێت، کە دەم و چاوم ئەبینن دەکەونە خۆشەویستیمەوە، لێگەڕێن لە جوانی جەستەم، بەڵام جوانی ڕوحم بەرزترە و زیاتر دەمێنێتەوە." (سعداوی، ٢٠١٢) ئەگەر ئەم بۆچوونەی دەربارەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی میسریدا خستۆتە ڕوو، بەڵام پێمان وایە ڕۆژهەڵات بە گشتی یەک ژینگەیە و هاوبەشن لە کۆمەڵێک شت، یەک لەوانە ڕوانینە بۆ ئافرەت و گرفتەکانی، ئەوەی جێگەی ئاماژەیە ئەوەیە لێرەدا بە هەمان ڕوانینی بۆ کاڵایەکی بازرگانی سەیری ئافرەت کراوە، چونکە هەروەک چۆن لە بازرگانیدا ئەو کاڵایەی جوانتر دەرکەوێ کڕیاری زیاتر دەبێت، بە هەمان ڕوانینیشەوە سەیری ئافرەت کراوە چەند گرنگی بە جوانی ڕوخسار بدات ئەوەندە لەلایەن پیاوەوە کڕیار و خواستی لەسەر زیاتر دەبێت، بێ گوێدانە ڕەهەندی هزری و دەروونی و پەروەدەیی.

هەر لەبارەی ئافرەت لە بواری ڕۆشنبیریدا بەدرێژی مێژوو نەریتەکان بووەتە کۆت و بەندێک و پێی ئافرەتی کوردی بەستۆتەوە، چونکە گەر لە ماڵ بچێتە دەرەوە ئەوە وەک کەمتەرخەمییەک بەرانبەر بە ماڵ و مێرد سەیر دەکرێت، (کەمال مەزهەر) "هۆکاری نەخوێندەواری ژن ناگەڕێنێتەوە بۆخودی ژن، بەڵکوو پێی وایە کۆمەڵ هۆکارە، دەپرسێت بۆ تەمەنی مێژوو دەتوانین بڵێین تاوەکو دوێنێ ئێوارێ ئافرەت مافی خوێندنی نەبوو، تۆ بڵێیت مێینە لە نێرینە کەمتر تینووی خوێندەواری بوبێت؟" (مەزهەر، ١٩٨١:٣١) ئەگەرچی نووسەر پێی وایە لەمڕۆدا ئافرەت خوێندەوارە، چونکە ئەو باس لە دوێنێ دەکات و بەراوردی گوزارشتی کردووە، بەڵام لەمڕۆشدا ئەگەرچی خوێندەواریشبن گرفتەکانی ئافرەت هەر بەردەوامە، بەڵام بە فۆرم و شێوەی نوێ، ئەمەیش بووە بەهۆی دابڕانی لە کایەیی ڕۆشنبیری و بێبەش کردنی لە مافەکانی.

هەر بۆیە پێمان وایە لە هەلومەرجێکی لەم جۆرەشدا بەدەستهێنانی ماف و ئازادی بۆ تاکێکی وەک ئافرەت لە کۆمەڵی دواکەتوو بێ قوربانی دان دەستەبەر نابێت، چونکە سەربەستی ئافرەت پابەند بووە بە نەبەزاندنی ئەو سنوورانەوە کە بۆی دیاریکراوە، بەو واتایەی ئەوە پیاوی کوردە ئازادی بە ئافرەت داوە، جا ئەگەر ئافرەت ئەو پێگە کۆمەڵایەتییە ببەزێنێت، ئەوا کاردانەوەی پیاوی کورد بەرامبەر ئەو بەزاندنە تا ئاستی کوشتن دەڕوات، هەندێ جار کرانەوەی ئافرەت بە جۆرێک لە مەترسی بۆ سەر پێگەی پیاو دادەنرێت، چونکە "ئەگەر ئافرەت فێری خوێندن و نووسین بوو، درکی بە ڕاستییەکانی کرد و شوێن و جێگای دەوڵەتانی زانی، ئاگای لە مێژووی نەتەوەکان بوو، شتێک لە زانستی سروشت و نەریتە ئاینییەکان بوو، مێشکی ڕایە تەواوەکانی قبوڵ کرد و شتە خورافی یەکانی لە مێشک دا دوورخرایەوە، ئەمانە هەموو سوود بەخشن بۆ نەتەوە." (حسین، ١٩٩٠:١٦٩) نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە چاو کرانەوەو هۆشیاری ئافرەت لە بنەڕەتدا سودی هەیە بۆ کۆمەڵەکەی، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لە لایەن هەندێک لە پیاوانەوە بە جۆرێک لە سنووربەزاندن دادەنرێت بۆ ئافرەت، چونکە گەر ئافرەت خوێندەوار بوو و توانی واز لە هەندێک کلتوور و خورافەپەرستی بهێنێ، لە هەمانکاتدا چاوکراوە دەبێت بەرانبەر بە ماف و ئازادییەکانی خۆی و هەوڵی دەستخستنی دەدات، کە هەندێک لەم ماف و ئازادییانەش لەگەڵ نەریتەکانی ناو کۆمەڵ و ڕێساکانی پیاو، کە لە کۆمەڵەکەیەوە وەریگرتووە یەک ناگرێتەوە و بەرکەوتن لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ئەمەیش وای کردووە ڕێگری لە خوێندن و فێربوون بە درێژایی مێژوو هەبووە و هەیە بۆ ئافرەت.

هەر بۆیە نووسەران جەخت لەوە دەکەنەوە "ژن ئەگەر لە تەوەرەی ئایدۆلۆژیای خۆیدا پێش نەکەوێت و خاوەنی ئەو فکرە سەربەخۆیە نەبێت، کە بتوانێ خۆی پێ دەرببڕێت، ئەوا چەکی تێکۆشانی زوو دەشکێت و بێ کاریگەری دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێت ژن لە تەوەری

ئایدۆلۆژی خۆیدا پێش بکەوێت، ئایدۆلۆژیا دەبێتە مێشکی و ڕێکخستنێکی بەهێز هۆکاریکی بنچینەیشە بۆ کۆکردنەوەی کاردانەوەی ژنان لە بەرانبەر باڵا دەستی پیاو لە هەمان کاتیشدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ وەڵامدانەوەی گشت ئەو ژن و کچانەی لەنێو لێگەڕێندان." (جەلال، ١٨٤:٢٠٠٥)، کەواتە مەرجی پێشکەوتن و باشبوونی ڕەوشی ژیانی ئافرەتان بەر لە هەر شتێک خۆ ڕێکخستن و خۆگۆڕین و خۆپێگەیاندنیانە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ستمەی بەرانبەریان دەکرێت.

**بەشداریی ئافرەت لە بواری سیاسیدا**

سەبارەت بە بەشداریی ئافرەت لە کایەی سیاسیدا نەک هەر لاوازە، بەڵکوو ئەم لایەنە وەک کایەک بۆ پیاو سەیر کراوە، بە جۆرێک زۆر جار بەشداریکردنی ئافرەت لە سیاسەتدا وەک حاڵەتێکی نامۆ بینراوە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر "زۆر جار سیاسەت وەک کاری پیاو دەبینرێت و لە زۆرینەی وڵاتانی جیهانیشدا پیاوان دەستیان بەسەر جومگە سەرەکییەکانی سیاسەت و ناوەندی بڕیاری سیاسیدا گرتووە و ئافرەتیش نزمترین ڕێژەیان لەو کایە گرنگەدا بەردەکەوێت، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا، ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی و کلتووری نزم ڕوانین لە توانای ئافرەت. لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکاری بەرچاو ڕووی داوە و ئافرەتان هەنگاوی گەورەیان لە بەشداریی سیاسی بڕیوە، بەڵام پێشڤەچوونەکان هاوتا نین بە ڕێژە و توانای ئافرەت و نابەرابەرییەکی زۆر لە بەشداری هەردوو ڕەگەز بەدی دەکرێت. ئەوەش کاریگەری یەکجار نەرێنی لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی داناوە، تەنانەت زۆرینەی ئەو کێشە و گرفتارییانەی کە لە وڵات و ناوچە جیاجیاکان لە ئارادان هۆکارێکی سەرەکی بەشدارینەکردنی یەکسانی ئافرەتە لە پرۆسەی سیاسیدا." (سلێمان، ٢٠٢٢) لێرەدا ئەوە دەردەکەویت، کە تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراسییەکانیشدا بەشداریی ئافرەت لەنێو ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگە سنووردار کراوە، بەتایبەت لە بواری سیاسی و بەڕێوبردنی وڵاتدا، کەواتە ئەو پرۆسەیەی، کە پێی دەگوترێت دیموکراسی نەیتوانی دەرفەتی یەکسان بۆ بەشداری ئافرەتان بڕەخسێنیت، بۆیە دەکرێ بڵێین  لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا نەتوانراوە گۆڕانکاری بنەڕەتی سەبارەت بە یەکسانی ژن و پێگەکەی لەنێو کایەی سیاسیدا بکات.

زۆر جار نەبوونی تێڕوانینێکی بنەڕەتی بۆ گرفتەکانیان وای کردووە خودی ژنان بۆ خۆشیان ببنە هۆکاری بەشێک لە کێشەکانی خۆیان، چونکە هەندێ جار "نایەکسانی گشتی لە بەشداری سیاسیدا چیتر تەنیا لەنێوان ژن و پیاودا نییە. هەروەها بۆشایی بەشداری سیاسی لەنێو خودی ژناندا هەیە، کە بەهۆی جیاوازی لە پەروەردەو دامەزراندن و داهات و کۆمەڵایەتی بووندا دروست دەبێت، بە واتایەکی دیکە ژنان گرووپێکی هاوڕەگەزی نین

(یەکگرتوویی خودی ژنان لەنێو خۆیاندا) لە ڕووی هەلی پەروەردەیی و پیشەی دامەزراندن و هەڵوێست بەرانبەر نۆرمە کلتوورییەکان و تێکەڵبوونی مەدەنییانە، جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. "جیاوازیەکانی نێوان ژنان بۆشایی بەشداری دروست دەکەن، چونکە تواناکانی ژنان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تێچووی بەشداریکردن بەپێی سەرچاوەکان جیاوازن." (احمەد، محەمەد، ٢٠٢٢:٢) واتە لە بەشداریی ئافرەتاندا لەناو خودی ئافرەتانیشدا بەپێی پەروەردە، ژینگە و بیروباوەڕی حیزبی جیاوازی لەنێوانیاندا دەبینرێت، دەرفەتی یەکسانی بەشداری لەنێوان هەموو ئافرەتاندا نییە "لەم کۆمەڵگەیانەدا نکۆڵی لە ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری ئافرەتان ناکرێت. کە تاڕادەیەک ملکەچی کوێرانەیە و لە هەلومەرجی پێشکەوتن و هاوشێوەی گونجاوی ئەوەی، کە هەیە لە خۆرئاوا، ئاگاداری مافەکانی نییە، کاتێک باس لە ڕۆڵی ژنان دەکرێت لە کۆمەڵگەدا، واتا باس لە سەرکەوتنی ژنان دەکرێت لە کاری سیاسی و فێرکردندا." (تاهیر، ٢٠١٦:٧٦) بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک پێویست ڕێگە بە بەشداری ئافرەت لە کایەی سیاسی و فێرکردندا نەدراوە، تاوەکو لەم بوارانەدا تواناکانیان دەربخەن و بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، ئەگەرچی "لەو پێناوەشدا چەندین ژن گیانیان بەخشی و بەهەزارانیش لە زیندانەکاندا بەدڕندانەترین شێوە ئازار دەدران و دەستدرێژی دەکرایە سەریان، دیارە ئەوبەشداریکردنە بەرچاوەی ژنان لە شۆڕشەکاندا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دروشم گەلەی حزبەکان هەڵیانگرتبوو، بە ناوی بەرگریکردن لە ژنان و مافەکانیان، بەڵام دەیانبەستەوە بەسەرکەوتنی شۆڕش و ڕزگارییەوە هیچ ئامادە نەبوون، کە ڕێگا بدەن بەوەی، کە ژنێک بگاتە ئاستی سەرکردایەتی حیزب و ناوەندی بڕیار." (کەریم، ٢٠٠٢:٣٩) لێرەشدا دەردەکەوێت، کە شۆڕشی کوردیش هیچی لە هەگبەدا نەبوو بۆ ئافرەتان ئەگەرچی قوربانی زۆریشیان لە پێناو سەرخستنی ئەم شۆڕشەدا.

سەرەڕای بەشداری ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتان لەناوکایەیی سیاسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن ڕۆڵ و دەسەڵاتی ڕەها نین، بەڵکوو لەهەر پۆستێکی سیاسیشدا بن لەلایەن پیاوانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت، ئەمەیش وای کردووە نەتوانن لەناو سیاسەتدا نوێنەری ڕاستەقینەی ئافرەتان بن، چونکە ئەگەر بابەتی بەشداربوونی ئافرەت لە ناوەندی بڕیاردا وەربگرین "دەبینین تا ئێستا ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی، کە لە پۆستی وەزارەتەکان و سەرۆکایەتیدان ناگاتە چارەکی ڕێژەی بەشداربوانی پیاوان، جا لە کوردستاندا ئافرەت نەک لە ناوەندی بڕیاردا بوونی خۆیان نەسەلماندووە، بەڵکوو لەژێر سایەی پاشکۆیەتی پیاواندا دەرنەچوون و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ناوەندەکاندا خاوەن دەنگی ڕاستەقینەی خۆیان نەبوون و تەنها وەک جەستە بوونیان هەبووە، نەک وەک بڕیاردەر." (مامە، ٢٠٠٢:٢٠) ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت، کە خودی ئافرەتان توانای بڕیاردانیان نییە، بەڵکوو نایەکسانی

ڕێژەی بەشداریکردن لە کایەکاندا بووە بەهۆی باڵادەستبوونی پیاو لە بڕیارداندا، بۆیە ئافرەت تەنیا وەک جێبەجێکەری بڕیار دەردەکەوێت.

لە هەرێمی کوردستاندا بەر لە ڕاپەڕین ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی خۆیان لە دژایەتیکردنی بەعسدا دەدۆزییەوە، لەبەرئەوەی ئافرەتانیش هاوشانی پیاوان خەباتیان بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ئافرەتی کورد خۆی لەو ئازادییە بۆ نەدۆزرایەوە، کە هاتە بەرهەم لەنێو حیزبە کوردیەکاندا لەبەرئەوەی "لە هیچ کام لەو حیزبانەدا و هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستانیشدا هیچ سەرۆک/سکرتێرێکی ژن بوونی نیە" (بەهرەی ژنان، ١٨:٢٠١١) چونکە حیزبەکانی کوردستان و تەنانەت حکومەتی هەرێمیش نەک هەر بەیەکسانی ئافرەت بەشداری پێ نەکرا، بەڵکوو خرایە نێو چوارچێوەیەکی تەسک و تەنیا بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی، کە دەبوایە هاوسەنگ بووایە لەگەڵ دروشمەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. بە واتایەکی دیکە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە شێوەیەکی گشتی بەشداریکردنی سیاسی بە واتا ڕاستەقینەکەی "نەک بۆ ژنان، بەڵکوو بۆ پیاوانیش بوونی نییە. بێگومان بەشداریکردنی ژنانیش لە ژیانی سیاسیدا پەیوەستە بە بارودۆخی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین و ئاستی ئەو بەشداریکردنە دەوەستێتە سەر ڕێژەی ئەو ئازادی و سەربەستی و دیموکراسییەی کۆمەڵگە، کە لە ڕووی سیاسیەوە تیایدایە، لەو ڕوانگەیەوە ناکرێت جیا لە ڕەوشی ژنان لە کۆمەڵگەدا گفتوگۆ لەسەر ڕۆڵی سیاسی ژنان بکرێت یاخود بەدەر لەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کۆمەڵگەکەی پیایدا تێدەپەڕێت قسەی لەسەر بکرێت." (عەبدوڵڵا، ٢٩:٢٠٠٥) بۆیە دەتوانین لە چوارچێوەی دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کوردییەوە بڕوانینە ڕەوشی ئافرەتان لەنێو کۆمەڵگەدا.

لە ساڵانی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردووشدا بەهۆی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی میدیایەوە، کە لەوقۆناغەدا ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕووی چەندێتیەوە لە ئاستێکی لاوازدا بوو، بۆیە ئافرەتانیش لەم قۆناغەدا نەیانتوانیوە وەک پێویست لە ڕاگەیاندندا تواناکانیان دەرخەن، چونکە ڕاگەیاندنی کوردی ئەم چەند کەناڵە کەمەی بینراو و بیستراو و نووسراو، کە هەبوو لە دوو لایەنەوە لەژێر سانسۆردا بوون، لەلایەک سانسۆری ڕژێمی بەعس، لەلایەکی ترەوە سانسۆری دەسەڵاتی کوردی، چونکە دەبوو سەرجەمی ئەو کەناڵانە خزمەت بە ئایدۆلۆژیای شۆڕش بکەن، هەمو ئەم فاکتەرانە وای کرد، کە کارکردنی ئافرەتان لەم قۆناغەدا لە ڕاگەیاندن زۆر قورس بێت، بۆیە وەک پێویست دەرنەکەوتن.

**بەشداریی ئافرەت لە ڕاگەیاندندا**

ئافرەتان هاوشانی پیاوان لەنێو ڕاگەیاندندا دەبینرێن، چونکە خولیایان بەشداریکردنە لەو بوارەدا، بەڵام "ئاشکرایە سەرجەم بوارەکانی کارکردن لە کۆمەڵی کوردیدا، لەوانە نێوەندی میدیاکان بەگشتی بەدەر نین لە کارکردنێک، کە ئەقڵیەتی پیاوسالاری بەگشتی ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵ بە ژن و پیاوەوە. بوونی ئەقڵیەتێک، کە تیایدا جیاکاریەکان لەسەرجەم بوارەکان لەنێوان ژنان و پیاواندا ڕۆچۆتە ناو هەموو پەیوەندیە مرۆیی و بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانەوە، بوونی ئەم ئەقڵیەتە و چەندین هۆکاری تر وایکردووە هەمان جیاوازی وجیاکارییەکان لەنێوەندی کارکردنی میدیاکاندا بوونی هەبێت." (عەبدوڵلا، ٢٠١٦: ٢)

دیارە بە هەر ئەندازەیەک تەکنەلۆژیا پێش بکەوێت، ئازارەکانی ئافرەتان پەرە دەسێنێ و منالانیش دەگرێتەوە، زۆر جار ئافرەت دەبێتە قوربانی دەستی پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆجیا بە تایبەت لە ولاتانی جیهانی سێیەم و بە تایبەت تر لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەگەرچی ئافرەتان بۆ خۆشیان لەم بوارەدا نەیان توانیوە ئاستی هۆشیاری خۆیان پێش بخەن و هەوڵ بدەن سود لەو دەرفەتانە وەربگرن و وەبەرهێنانی تێدا بکەن، لەم بوارەشدا ڕاگەیاندن بووە بە سیمایەکی گرنگی کۆمەڵگەی مەدەنی "ڕاگەیاندن گۆڕەپانێکی فراوانی گەورەیە بۆ چوونە نێو ململانێ لە پێناو داکۆکیکردن لە مەسەلەی ئافرەتان و بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشمەندی ئەندامانی کۆمەڵ بە ئافرەت و پیاوەوە بە مەبەستی بایەخدان بە مەسەلەی ئافرەتان، لە هەندێ حاڵەتیشدا بۆ قەناعەتپێکردنی خەڵک بە بوونی ئەم مەسەلەیە." (یەحیا، ٢٠٢١:٩٧) لەم چوارچێوەیەدا ئافرەت مەودایەکی فراوانی داگیر کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی سیستەمی کۆمەڵگە بەگشتی پیاوسالارییە، بۆیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئافرەت چەند سودمەندبێت بە گۆڕانکاری و گەشەی میدیا ئەوەندەش زەرەرمەند دەبێت لە ململانێ و باری نائارامی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لەو ئاستەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی نییە، چونکە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادی ئافرەت وەک چەمک لە فەرهەنگی کوردیدا نەچەسپاوە.

"کەمتەرخەمی و لاوازی بایەخدانی دەزگەکانی ڕاگەیاندن بە ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە میدیادا لەلایەک و کەمی ڕێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیارسازی و سەرجەم ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی، کەمی ڕەخساندنی دەرفەت لەبەردەم ژنانی میدیاکاردا قەتیسکردنی ژنانی میدیاکار لەنێوەندی کارە ڕووکەشی و لاوەکییەکانی هەن، سەیرکردنی ژنان وەک جەستەو سێکس و مێینەیەک زیاتر وەک لە توانا و لێهاتوویان وەک مرۆڤ، پێشێلکردنی مافەکانی ژنان لەلایەن کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوەو متمانە نەبوون بەعەقڵ و هزرو توانای ژنان بە گشتی لەلایەکی تر، هەموویان هۆکار، یان گرفتی تری سەرەکی ژنانن لەنێوەندی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن" (عەبدوڵلا،٢٠١٧:ماڵپەڕی پێنووس)، دیارە لە بواری ڕاگەیاندنیشدا وەک زۆربەی بوارەکانی تری ژیان بیرکردنەوە لە کەمی توانای ئافرەت و تەماشاکردنیان وەک لایەنی سێکس و

جەستە، ڕێگرە لە بەرەوپێشچوونی ئافرەتان لە بوارەکەدا، ئەمە لە کاتێکدا بەشداری ئافرەتان ڕۆڵی زۆری هەیە بۆ یەکسانی جیندەری و بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە، چونکە ئەم بەشداریکردنە لە ڕاگەیاندندا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ خستنە ڕووی گرفت و ئاستەنگەکانی خۆیان.

بۆیە "لێکدانەوەی خەڵک لەبارەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە بواری میدیادا، گیروگرفتی کۆمەڵایەتی دەخولقێنێ و پاشماوەی خراپ لە دوای خۆی بە جێدەهێڵێت، هەڵبەتە ئەمەیش بۆ بیرکردنەوەی پیاو دەگەڕێتەوە." (یەحیا، ٢٠٢١:١٠٠)، ئەگەرچی لەگەڵ بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگەدا ئافرەتی کورد جێپەنجەی لە میدیای کوردیدا دیارە، بەڵام هێشتا ئەو کارکردنە بۆ بەدەستهێنانی ماف لە ئاست ئامانج و خواستی ئافرەتاندا نییە، ئەوەندەش بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ئافرەت، بەڵکوو پێویستی بە کارکردن و تێکۆشانی زیاترە.

بەگشتی ڕاگەیاندنەکان لە واقیعی کۆمەڵی کوردیدا بەهۆی شێواز و پەیڕەو و سیستمی عەقڵیەتی حوکمڕانییەوە نەیانتوانیوە بێ لایەنانە و سەربەخۆیانە هەبن "بێگومان ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر بوون و کاریگەری ژنان لە نێوەندی ڕاگەیاندنەکاندا چ وەک هەڵوێستی خودی ژنان لەوەی جۆرێک لە دوورەپەرێزی و پەراوێزیان هەڵبژاردووە، چ وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندن، کە ڕەچاوی پێوەر و مەرجی دیاریکراو بەخۆیان کردووە، دەرئەنجام بەگشتی نەیانتوانیووە ببنە دەسەڵاتی چوارەم. بەپێی دوا توێژینەوە ڕێژەی ژن بریتییە لە سفر بەرانبەر بە ڕێژەی پیاو، کە لە سەرجەم هەرەمی لووتکەی بڕیارداندا، وەک پۆستی سەرۆک و جێگر و بۆردی ڕاوێژکاری لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و سایت و بڵاوکراوکاندا. واتە لە ستراتیژ و فیکر و بەرنامەی ئەو نێوەندانەدا ژن پێواری هەیە، ئەو دەرئەنجامەش کاریگەری نەرێنی هەیە بەسەر سەرجەم بەرنامە و هەواڵ و کارەکانی ڕاگەیاندنەکان." (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٢) بۆیە ئافرەت پێویستی بە هێزێکی ڕووبەڕووبوونەوەیە کە پێکهاتبێ لە ئیرادەی هەست بە خۆ بوون بۆ ئەوەی بتوانێ شان بە شانی پیاو جێی پێی خۆی لە گۆڕەپانی سەختی ژیاندا قایم بکات، بتوانێ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا کار بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بەربەست و دابونەریتەکانی کۆمەڵگە ببەزێنێت و لە بەڕێوەبردنی ڕەوتی ژیاندا بەشداری بکات. هەروەها هەوڵ بدات ئەو بەندە یاساییانە بگۆڕێت، کە لە بەرژەوەندیی ئافرەتدا نین و لەو پێناوەدا شۆڕشی خۆی ڕابگەیێنێت، کە سەربەستە لە خوێندن و وەرگرتنی زانست و بتوانێت لە بوارەکانی زانست و ڕۆشنبیری و وەرزش و بیناسازی و هونەر و سیاسەتدا بە هەیبەتێکی ئازایانە بێتە گۆڕەپان، بەبێ ئەوەی نەرم و نیان و جوانی و ناسکی خۆی لەدەست بدات.

**تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی ئافرەت لە ئەدەبی کوردیدا**

ئافرەت و گرفتەکانی ئافرەت و ماف و ئەرکی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا، بەپێی قۆناغی مێژووی و کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، بەوپێیەی، کە کۆمەڵێک فاکتەر ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی کێشەو نەهامەتییەکانی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا لەوانە "فاکتەرەکانی ڕۆشنبیری، پەروەردەیی، دابونەریت و فاکتەرە ژینگەی و ئابوورییەکان، بەدەر لە هۆکارە تەشریعیەکانی، کە لە زۆربەی کاتدا پیادەکەرە، بەڵکوو یارمەتیدەرە بۆ پیادەکردنی توندوتیژی و جیاکاری دژی ژنان." (پێنووس، ٢٠١٧) ئەم گرفتانە هۆکاربوونە بۆ ئەوەی زۆرجار لەلایەن ڕەگەزی بەرانبەرەوە بەکار هێنراون و توندوتیژیان بەرانبەر ئەنجام دراوە، بێگومان ئەم دۆخەش لە ئەدەبیاتی هەموو میللەتاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەدەبی کوردیش هەر لە سەرەتای سەر هەڵدانییەوە کێشەو گیروگرفتی ئافرەت تیایدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەگەرچی جۆری کێشەکە بە پێی قۆناغەکە دەگۆڕێت، ئەمەش بۆ سروشتی قۆناغەکە دەگەڕێتەوە، ئەگەر ئاوڕێک لەئەدەبی فۆلکلۆری و سەرزارەکی بدەینەوە، وەک سەرەتا و دەستپێکی ئەدەبی کوردی "زۆر بەڕوونی ئەوە دەبینین کە ئەدەبی فۆلکلۆر بەهەموو بەشەکانیەوە ئافرەت پێگەیەکی دیاری تێدا هەبووە، لەبەرئەوە بایەخێکی بەرچاوی بە ژن و ڕۆڵ و پێگەی ژن داوە. ئەم بایەخ پێدانە هەم لەدنیای شیعری فۆلکلۆری و هەم لەداستانی قارەمانی و دڵداری و هەم لە چیرۆکی بەرئاگردان و تەنانەت لە پەندی پێشینان و ئیدیۆم و لاوک و حەیران و بەند و بالۆرەشدا تەواو ڕەنگرێژ و دیارە" (دەشتی، ابراهیم، ٢٠١٧:٦) بێگومان لەپاڵ ئەم پێگەیەیشدا ئاوڕ لە کێشە و گرفتەکانی ئافرەت دراوەتەوە، هەر بۆیە ئافرەت "بۆتە ئامانجێک بۆ گەلێ وێنەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لە ژیاندا، هەندێکیان بەمەبەستی هێنانە خوارەوەی پلەوپایەی ژنن" (حەمەد، ٢٠١٠:٣٥)، هەندێ جار بە شێوەیەکی زۆر دڵڕەقانە وێنەی ئافرەت کێشراوە، کە پڕە لە ڕق وکینە بەرانبەر بەو ڕەگەزە، بۆ نموونە دەگوترێت: "ژن پرچی درێژە، لەبیردا کورت و گێژە." (حەمەد، ٢٠١٠:٣٥) لێرەدا ئافرەت وەک تاکێکی کەم عەقڵ و بیرکورت تەمەشا کراوە, بێگومان ئەمەیش بە کەم سەیرکردنی ئافرەت و جۆرێک لە سووکایەتییە بەرانبەر بە ئافرەت، چونکە ناکرێت وێنەی ئافرەتێک، یان چەند ئافرەتێک بەسەر هەموو ئافرەتدا بەرجەستە بکرێت.

ئەگەر سەیری ئەدەبی نووسراوی کوردییش بکەین، دەبینین ئافرەت هەمیشە چەقی لێدوان و پێداهەڵدانی شاعیران بووە لە هەر قۆناغێکدا و "بەپێی بنەماکانی هەر ڕێبازێکی ئەدەبیش پێگەی ژن لەنێو ئەدەبدا وێنەی گیراوە، بۆ نموونە لە ڕێبازی کلاسیکدا و لەنێو شیعری کلاسیکیدا ئیستاتیکای وێنەی شیعری زیاتر لە پیاهەڵدان و وێنە گرتنی ڕوخساری ژنەوە سەرچاوەی گرتووە، لە قۆناغی ڕۆمانسیسزمیشدا شاعیران پایەی ژنیان بە جۆرێک بەرز کردۆتەوە, کە گەیشتۆتە ئاستی پیرۆزکردن, لە ئەدەبی ڕیالیستیشدا شیعر ئەو جۆرە لە

تێڕوانین جێدەهێڵێ و لە هەوڵی دیارخستنی ڕۆڵ و پێگەی ژن بووە لەگۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەو بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانیدا." (دەشتی، ابراهیم، ٧:٢٠١٧) ئەمەیش بەو واتایە دێت، کە لە قۆناغی نووسینی شیعردا ئافرەت بەراورد بە قۆناغی پێشتر تاڕادەیەک خاوەنی پێگەیەکی تایبەتتر بووە. "دەقە ئەدەبیەکانیش بەتایبەت ئەوانەی لەلایەن پیاوانەوە نووسراون وەک هەر بابەتێکی تری ئەم جیهانە لە دروستکردنی جیاکاریی ڕەگەزی و پێشێلکردنی مافی ژناندا پشکیان هەیە. بەدرێژایی مێژوو زۆربەی نووسەران پیاو بوون، هەر بۆیە پاڵەوان، شاکەس و کارەکتەر تیشک لەسەر پیاو بوون و ڕۆڵێکی پەراوێزیش بە ژن دراوە." (محەمەد، ٢٠٢٢: ٤٠)

گرفتەکانی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بە زەقی لە ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، دیارە کە سەرەتای نووسین لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ شیعر بۆیە ئێمە لێرەدا بۆ شارەزابوون لە پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو نووسراوانەی، کە لە ڕابردوودا لەسەر ئافرەت نووسراون، سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەقۆناغە سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا، بەشێوازی جیاواز لای شاعیران ڕەنگیداوەتەوە لێرەدا بەپێویستی دەزانین هەندێ لە شاعیرانی کورد بە نموونە باس بکەین، کە یەکێک لەو شاعیرانەی جێدەستی لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەدا دیار بووە و باسکردنی ئافرەتی لە خەت و خاڵەوە گواستەوە بۆ داواکردنی مافەکانی ژن و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە. حاجی قادری کۆیی (١٨١٥-١٨٩٧ز)یە، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە لەناوئەدیبانی کوردا ئاوڕی لە ئافرەت داوەتەوە هەوڵی داوە جڵەوی ئەدەب لە ڕێبازی وەسفی چاو برۆ و خەت و خاڵەوە بگۆڕێ بۆ داواکردنی مافەکانی ئافرەت بەشێوازی شیعر، ئەمەیش بەوەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە "لەو کاتەدا، کە هەرگیز بیری خەڵکی بەم لایەنەدا نەچووە کە لە چ بارێکی نەزانین و تاریکی دا دەژین، حاجی دەرکی بەوە کردووە، کە خوێندن یەکێکە لە پێداویستییە هەرە گرنگەکانی ژیان و بەیەکەمین پێداویستی کۆمەڵی دەزانی و ڕادەی پێشکەوتن و سەربەستیی گەلی پێ دەبەستەوە، نەک هەر ئەمەیش بەڵکوو خوێندەواری بۆ بەشەکەی تری کۆمەڵ، کە ئافرەتە وای بۆ چووە بیری کردۆتەوە بۆچی نیوەی کۆمەڵەکەمان، کە ئافرەتە لە تاریکی دا بژین و نەزانێت لە چوار دەوری خۆیدا چی هەیەو چی نییە." (حسێن، ١٣٢:١٩٩٠)

سەرئەنجام حاجی قادر ڕاپەڕینێکی ئەدەبی بەرپا کرد و تێیدا داوای یەکسانی ئافرەت و پیاوی دەکرد گیرو گرفتەکانی ئافرەتی دەست نیشان دەکرد، ئافرەتی لە شەوە زەنگی تاریکی و نەزانین هۆشیار کردەوە، کە تا ئەو سەردەمە وەکو پاشکۆی پیاو و خزمەتکاری ئەو چینە سەیر کرابوو لە مافە سەرەکیەکانی خۆی بێ بەش کرابوو، لێرەدا حاجی هەوڵیدا بۆ ئەوەی ئافرەتان ببن بە چینێکی گرنگی کۆمەڵگەو سودبەخش بن بۆ گەل و وڵات و شان

به شانی پیاو جیّ دەستیان دیاربیّ لەبەرەو پێش چونی کۆمەڵگەدا، وە هەروەها نەوەیەکی تەندروست بەرهەم بێنیّ، چونکە گرنگترین ئەرکی لەسەرە، کە ئەویش پەروەردەکردنی نەوەکانی دوا ڕۆژە، لێرەدا شاعیر سەدایەکی بەرزی بە گوێی نەتەوەکەیدا هەڵدا بۆ ئەوەی بە ئاگا بێن و پەنجەی دەخستە سەر برینەکانی کۆمەڵگەو پاشان ڕێگەچارەی بۆ دەست نیشان دەکردن، وە هەروەها هانی ئافرەتانی دەدا بۆ خوێندن و فێر بوون، هەر وەکوو لەم نموونە شیعرییەدا دەڵێت:

"بۆچی فەرموویەتی نەبینی ئەمین

(اطلبوا علمکم ولو بالصین)

نێرو میّ لەم حەدیسە فەرقی نیە

گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە." (پیربالّ، ٢٠٢١:٥٠)

وەنەبیّ داواکردنی مافی ئافرەت لای شاعیران کۆتای هاتبیّ بەڵکوو دوابەدوای حاجی دەستەیەک لە شاعیری هۆشیار هاتن و پەیامەکەی ئەویان درێژە پیّ دا، لەوانە مەلا محەمەدی کۆیی(مەلای گەورە)ەی کۆیە بوو، کە داوای یەکسانی ئافرەت و پیاوی دەکرد و دژی نەزانین و نەخوێندەواری ئافرەت دەجەنگا، یەکەم هەنگاویشی بۆ چەسپاندنی ئەم قسانەی کچەکەی خۆی لە ساڵی (١٩٢٦) دەنێرێتە قوتابخانەی کوڕان. "مەلای گەورە گەلیّ دوور بین و هۆشیار بووە، دەرکی بەوە کردووە، کە پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان خێزان و پێشکەوتنی نەتەوە، چونکە خێزان بنچینەی نەتەوەیەو ئافرەتیش کۆڵەکە و بنچینەی خێزانە، پێشکەوتنی ئافرەت، یان دواکەوتنی یەکەمین کاریگەرە بۆ پێشکەوتن، یان دواکەوتنی نەتەوە."(حسێن، ١٦٨:١٩٩٠)، دەتوانین بڵێین ئەم هەنگاوی مەلای گەورە جیاواز بوو لە هەموو ئەدیبانی تر، چونکە ئەم بە کرداری دانی نا بە مافی ئافرەت، بەڵام هەموو ئەوانەی تر تەنیا بە تیۆری باس دەکران، بۆیە ئەمەیش بە وەرچەرخانێکی گرنگ دادەنرێت لە کۆمەڵی کوردیدا.

(فایەق بێکەس) یەکێکی ترە لە دەنگە دیارەکانی ئەم بوارە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەوڵی هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی دەدات، بێکەس دەقەکانی کردۆتە پەیامێکی کۆمەڵایەتی بۆ ئافرەتان، کە چیتر تەنیا بە زارەکی دوایی مافەکانیان نەکەون، بەڵکوو بە کرداری بێنە مەیدان و هەوڵی خۆڕوشنبیرکردن و بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی خۆیان بدەن، جگە لەوەی داوا دەکات چیتر چاوییان لە دەس ڕەگەزی نێر نەبێت، بەڵکوو بێنە مەیدانەکە و بۆ خۆیان کارو خزمەت بکەن، ئەمەیش لە مییانەی ئەو پەیامەی، کە ئاڕاستەی نەسرینی دەکات:

"نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە

گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە

وا من پێت ئەڵێم چونکە لەسەرمە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێدە کەی وادەی شەرمە
ئەمڕۆ زەمانی عیلم و عیرفانە
عالەم شەوو ڕۆژ وا لە فرمانە
فەرقی نێرو مێ نیە بیزانە
هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە
مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەتکردنی" (بێکەس، ١٣٩٠:١٢٩)

جگە لە شیعر نووسەرانی کورد، بە وتار ڕای خۆیان دەربارەی ئافرەتان دەربڕیوە، (عارف تاڵەبانی) لە گۆڤاری (یادگاری لاوان)دا، کە لە (بەغدا) دەردەچوو، وتارێکی لەبارەی ئافرەتەوە بڵاو کردەوە، تیایدا باس لە پێگەو گرنگی ئافرەت دەکات لەناوکۆمەڵگەی کوردیدا، نووسەر پیاوی بە کەم تەرخەم زانیوە لە ئاستی دوا کەوتووی ئافرەتدا، ئەو پێی وایە ئافرەت ئەگەر هەلومەرجی بۆ بڕەخسێ، نموونەی بەرزی لێ پەیدا دەبێ، نووسەر کۆمەڵێک تێڕوانینی گرنگی لە بارەی گرفتەکانی ئافرەتەوە خستۆتە بەردەست، کە بەشی هەرە زۆریان لە ئێستادا چارەسەر بوونە، وەکو خوێندواری، کە لە سەردەمی نووسەردا ئافرەتی کورد نەکراوەتە بەر خوێندن، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا مەسەلەی نەخوێندەواری ئافرەت چارەسەر بووە، بەڵام ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە لە سەردەمی نووسەردا ئافرەتی کورد نەکراوەتە بەر خوێندن، بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا مەسەلەی نەخوێندەواری ئافرەت چارەسەر بووە، بەڵام ئەوەی لێ دەخوێنرێتەوە، کە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ئافرەت تا ئەو ڕادەیەی، کە بتوانێ بەشێوازێکی سەردەمیانە ڕۆڵەکانی پەروەردە بکات، هەر وەکو خۆی دەڵێت: "ئەگەر ویستمان وڵاتیان پێ ئاوابکەینەوە، ئەبێ فێری خوێندن و نووسینیان بکەین، بهێڵین بژین و بەچاوی هاوڕێ و هاودەمی ژین سەیریان بکەین، تاکو ببنە دایکێکی تێگەیشتووی دڵسۆز، بزانن چیان هەیەو چیان لەسەرە، بتوانن ڕۆڵە پەروەردە بکەن، پیاو پێبگەیەنن بۆ ڕاگرتنی پایەی بەرزی نیشتیمان، کچان گۆش بکە تاوەکو خۆیان ببنە دایکێکی تێگەیشتوو." (ساڵح، ٢٠٠٥:٩) هەر زوو داوای ئازادی ئافرەتی کرد، کە لەو سەردەمەدا پەچە ڕێگر بووە لە نیشاندانی جوانی ئافرەت، هەروەها دەڵێ، کە ژیری و تێگەیشتنیان لەناوچوار دیواری خانوودا شاراوەتەوە.

دوای ئەوە قۆناغێکی تری بەشدارپێکردنی ئافرەت لە ئەدەبدا دەست پێ دەکات، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئەو چیرۆکانەی، کە لە ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا نووسراون،

که لەنێو ئەو بەرهەمانەدا نووسەران باس لە "گیروگرفتەکانی ئافرەت، چەوساندنەوەی ئافرەتان لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتیدا، گوزەرانی تاڵ، مەینەتیەکانی ژیان ڕەنج و تێکۆشان و ئاوارەیی باس دەکرێت، چیرۆکنووسانی ئەم سێ دەیەیە چیرۆک بە زمانحاڵی باری هەبوو دەزانن و گەرەکیانە ببێتە ڕووبەرێک تا کێشەکانی تێدا نیشان بدرێت، دواجاریش چارەسەر بکرێت." (محەمەد، ٢٠١٤: ١١) دیارە باسکردن لە ئافرەت لەنێو ئەدەبدا بەرەو پێش چوونی بە خۆیەوە بینیوە لەم قۆناغەدا، چونکە لێرەدا ئەدەب خۆی بە بەرپرسیار زانیوە بەرانبەر بە گرفتەکانی ئافرەت، کە ئەمەیش وەرچەرخانێکی باشە بۆ بەرەوپێشچوونی ئافرەت لەنێو کۆمەڵدا و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان.

بەم پێیە لە تێروانینی شاعیران و چیرۆکنووسانەوە جۆرە دانپێدانانێک بکرێت بە بوون و ڕەگەزی ئافرەت کە بوونێکی چالاک و کارامایە بۆ پێشخستنی کۆمەڵ ،ئەویش لەکاتێکدا باوەڕێک سەری هەڵدا، کە ئافرەت هیچ کاتێک کەمتر نییە لە پیاو و هیچ جیاوازییەکی فیکری و زانیین لە بنەڕەتدا لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا نییە، هەروەک شێوازگەری ئەمەی سەلماندووە لە ڕێگەی ئەم هاوکێشەیەوە. کە باس لەدەست نیشانکردنی پەیوەندییەکانی لێکچوون و لەیەکنەچوون دەکات وەک :

| | مرۆڤ | نێر | مێ | توانا | بیر | هەست وسۆز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیاو | + | + | − | + | + | + |
| ئافرەت | + | − | + | + | + | + |

# بەشی دووەم

## وێنەی ئافرەت لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)دا

### تەوەری یەکەم: وێنەی ئافرەت لەناو خێزاندا

### تەوەری دووەم: وێنەی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا

# بەشی دووەم

# وێنەی ئافرەت لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)دا

**تەوەری یەکەم: وێنەی ئافرەت لەناو خێزاندا**

خێزان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بایەخێکی زۆری لە پێکهێنانی کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە دواجار ئەوەی کۆمەڵگەیەک دروست دەکات، کۆبوونەوەی ئەو خێزانانەن لە دەوری یەکتریدا، خێزان هەم پارێزەرو هەم فەراهەمکەری ژیانی تاکەکانە، لەنێوان تاکەکانی خێزاندا پەیوەندیەکی سۆزداری هەیە کە وا لە تاکەکانی دەکات پەیوەستبن بە پرەنسیپەکانەوە، "هەندێ لە زانایانی کۆمەڵناسی وا تەماشای خێزان دەکەن کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە ئەرکە جەوهەرییەکانی تاک و کۆمەڵگە هەڵدەسورێنێ، خێزان بوونەوەرێکی مرۆی دەگۆرێت بە مرۆڤێکی بەمرۆڤ کراوی خاوەن سروشتی کۆمەڵگەکەی."(خەلیل، ٢٠٠٧:٥) کەواتە سەرەتای پەروەردەی کۆمەڵایەتی تاک لەناوخێزانەوە دەست پێدەکات، لەبەرئەوە "کاریگەری خێزان لەسەر منداڵ زۆر بەهێزە چونکە رێزو بەهای خۆی لە خێزانەوە وەردەگرێت،" (الجومرد، ١٩٦٠:٢٤) لێرەشەوە سیفەتی مرۆڤایەتی بە مرۆڤەکان دەبەخشرێت، هەروەها پرۆسەی پەروەردەیی لێرەوە فێری تاک دەکرێت، کە دەبێتە بناغەی کەسێتی و تێرامان و دونیابینی تاک بۆکۆی گرفتەکان بە گرفتی ئافرەتیشەوە،

"خێزان هەمیشە سەرچاوەیەکە بۆ گەیاندنی کلتووری نەوەی رابردوو بۆ نەوەی نوێ" (عبدالرحیم، ١٩٦٨:٤٩)، چونکە هەموو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دابونەریت ئاشنابوون بە رابردووی میللەتان لێرەوە فێری تاکەکان دەکرێت، کەواتە هەڵگر و پارێزەری کلتوورە.

ژینگەی خێزان بەوە دەناسرێتەوە، کە خاوەنی هەندێ تایبەتمەندێتییە، ئەم تایبەتمەندییانەش لە خێزانێکە بۆ خێزانێکی تر جیاوازە، ئافرەتیش وەک تاکێک رەگەزێکی سەرەکی پێکهێنانی خێزانەو رۆڵێکی مەزنی لە خێزاندا هەیە و خاوەن پێگەیەکی دیارە ، هەر بۆیە "کەس ناتوانێت لە گرنگی و رۆڵی ئافرەت لە پەروەردەی خێزان کەم بکاتەوە، بەو پێیەی ئافرەت وەکو دایک یەکەم مامۆستای ژیانی هەر مرۆڤێکە، لە کاتی بەهەند وەرنەگرتنی رۆڵی یاخود رێگە گرتن لە پێگەیشتنی دەروونی و هزری هەروەها چەوساندنەوەی، بە دڵنیاییەوە خێزانێکی نا ساخلەم و نەوەیەکی پڕ گرێ و گۆڵی دەروونی و توندوتیژ بەرهەم دێت" (سلێمان، ٢٠٢٢) بەم پێیە بۆ دروستکردنی خێزانێکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروست پێویستە رۆڵ و ئەرکی ئافرەت لە خێزاندا بەرز بنرخێنرێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئافرەت زۆر جار بەراورد بەو ئەرکە زۆرەی هەیەتی لە خێزاندا مافی پێنادرێ لەلایەن تاکەکانی خێزان بەگشتی و ڕەگەزی بەرانبەر بەتایبەتی دەبێتە قوربانی، ئازادی لێ زەوتدەکرێت کە ئەمەیش دەبێتە هۆی دواکەوتوی کۆمەڵگە، چونکە "ڕادەی ئازادی هەر کۆمەڵێک بەڕادەی ئازادی ئافرەتی ئەو کۆمەڵگەیە دەپێورێت." (ڕیید، ١٢:٢٠٠٦) هەر بۆیە ئەم وێنە واقیعییانەی خێزان دێنە ناو ئەدەب بە گشتی و چیرۆک بە تایبەتی و خەسڵەتێکی هونەری وەردەگرن، چونکە گرفتەکانی ناو کۆمەڵ لە ئەدەبدا ڕەنگ دەداتەوە.

لەم تەوەرەدا بە شێوەی پراکتیک ناوەرۆکی کۆمەڵە چیرۆکی (خۆرکەوتن) شی دەکەینەوە، کە تێیاندا کارەکتەری ئافرەت بوونیان هەیە، هەروەها ئەو تایبەتمەندییانە دەخەینە ڕوو، کە ئەم کارەکتەرە لەنێو خێزاندا پێیان دەناسرێتەوە. لەگەڵ دەرخستنی ئەو ڕەهەندە جۆراوجۆرانەیش، کە سیمای ئافرەت لەنێو خێزاندا دەنەخشێنن، سەرەڕای ئاوڕدانەوەی چیرۆکنووس لە گرفتە هەمەجۆرەکانی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر دەیەوێت دیوێکی تری وێنەی ئافرەت پێشانبدات، کە هەندێک ئافرەت دەتوانن بەرەنگاریی بەربەستەکان ببنەوە و وەک ئافرەتێکی بەهێز دەربکەون، بۆیە هەوڵمان داوە هەر دوو وێنەکەی ئافرەت لای چیرۆکنووس پێشان بدەین.

## چیرۆکی (ڕستێک زەنگیانەی ئاویی)

چیرۆکنووس ڕووداوی ئەم چیرۆکەی لە ئەزموونی ژیانی واقیعییەوە وەرگرتووە و لە شێوەی چیرۆکێکی هونەریدا دایڕشتووەتەوە، هەر خۆیشی لە کۆتاییدا ئاماژەی پێ کردووە، تەنانەت چیرۆکەکەیشی پێشکەشی (لەتیف کەریم ئەحمەد)ی هاوڕێی منداڵیی کردووە، کە لە بەندیخانەی مووسڵ شەهید کراوە و دەکاتە باوکی (خۆشی) کارەکتەری ئەم چیرۆکە. ئەم تێکستە دەچێتە نێو بازنەی وێنەی ئافرەت لەناو خێزاندا.

چیرۆکەکە ژیانی منداڵێک بە ناوی (خۆشی) دەگێڕێتەوە، کە باوکی لەدەست داوە. گێڕەرەوە کە (خودی چیرۆکنووسە) یادەوەرییەکانی نێوان خۆی و باوکی (خۆشی) دەگێڕێتەوە و ئەم کچۆڵەیەیش بە پەرۆشەوە گوێی لێ دەگرێت. لە یەک کاتدا هەم چیرۆکی خۆشەویستیی باوکی (خۆشی) لەگەڵ کچێکدا بە ناوی (کوێستان)و هەم ساتی لە سێدارەدانی باس دەکرێت. چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا بەراورد بەوانی تر، کە وێنەی ئافرەتیان پێشان داوە، دایەلۆگ زۆرتر بەکار دەهێنێت، بە ڕادەیەک کۆی گێڕانەوەکان و گەڕانەوە بۆ یادەوەریی منداڵیی گێڕەرەوە لەگەڵ باوکی (خۆشی)دا، هەر لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوانیانەوە دروست دەبێت، هەر بۆیە لە دایەلۆگەکاندا چووەتە ناخی ئەو کیژۆڵەیەوە و بە

زمان و ژیریی ئاستی تەمەنی ئەو تێڕوانینەکانی دەردەبڕێت. کاتێک گێڕەرەوە لێی دەپرسێت بابە چیی لێ هات؟ (خۆشی) ئاوا وەڵامی دەداتەوە: "**ڕۆژی! کە ماچی کردم وتی خۆشی، من بەجێتدەهێڵم! وتم گاڵتە دەکەیت. بیرت نەچێت ها، بووکە شووشەیەکم بۆ بێنی لەوانەی، کە چاویان دەجووڵێتەوە، ئێی ئاقڵ!**"(ل:٥٩٤) لێرەدا خوێنەر هەست بەوە دەکات، کە ئەمە گفتوگۆی کچێکی بچووکە لەگەڵ باوکیدا و نازی بەسەردا دەکات. کاتێکیش گێڕەرەوە لەبارەی خۆشەویستیی باوکیەوە پرسیاری لێ دەکات، (خۆشی) دەڵێت: "**ئەدی چۆن! هێندەی هەردوو چاوم! هەر من نا زۆر کەسی دیکەیش خۆشیاندەویست. بۆچی تۆش بابەت دەناسی؟**" (ل:٥٩٤)

لە درێژەی گفتوگۆکەیاندا چیرۆکی خۆشەویستیی باوکی (خۆشی) دێتە ناوەوە، کە کچێکی خۆش ویستووە ناوی (کوێستان) بووە. چیرۆکنووس دایەلۆگی نێوان گێڕەرەوە و خۆشی دەگوێزێتەوە:

**"– دەزانم ئەو کچە کێیە!– دە باشە ناونیشانەکانیم بۆ هەڵدە؟**

**– چاوی ڕەشە، وانییە؟**

**– نەتزانی. لە شیندا وەک قووڵایی پەنگاوی دەربەند و دووکانن.**

**– ماکسییەکی گوڵ وردیشی لەبەردایە!**

**– نەء. ڕەشپۆشە!**

**– دەباشە تەماشای وێنەی سەر دیوارەکە بکە؟ ئەها دایە چاوی ڕەشە. ماکسیی گوڵ وردی لەبەردایە. بابەش قۆڵی بەقۆڵدا کردووە!**

**– ئەو لە دایە مەزنترە. جوانتریشە!**

**– نا، کەس نییە لەدایە جوانتر بێت.. بابەیش هەر ئەوی خۆشدەویست. باشە ئەگەر تۆ ئاگاداری شتێکیت بۆم بگێڕەرەوە؛ لەلای کەس قسە ناکەم!**" (ل:١٩٥-١٩٦) واتە خۆشی سەرەتا وایزانیوە ئەو کچەی باوکی خۆشی ویستووە، دایکی بووە و لە دەربڕینەکاندا دیارە، بەڵام کاتێک لە وەڵامی هاوڕێکەی باوکیدا بۆی دەردەکەوێت دایکی نییە و کەسێکی ترە، ئەوە بە پەرۆشەوە داوای لێ دەکات ئەو چیرۆکەی بۆ بگێڕێتەوە. ئەم داواکارییەی (خۆشی) دەبێتە سەرەتایەک بۆ نیشاندانی ژیانی ڕابردووی باوکی، کە ناوی (لەتیف کەریم)ـە و کۆی بەسەرهاتی ژیانی و هەروەها چیرۆکی دڵداریی لەگەڵ کچێکدا و دواتر شەهیدکردنی لە بەندیخانەی مووسڵ باس دەکرێت. هاوڕێی باوکی (خۆشی) دەگاتە کۆتاییی گێڕانەوەکە و دەزانێت (خۆشی) بەم بەسەرهاتە دۆخی تێک دەچێت، ڕووی لێ دەکات و پێی دەڵێت: "**ئای خۆشی خان؛ تۆ دەڵێی لە خەونێکی ترسناک ڕاپەڕیوی. هەناسەت سوار و تنۆکی ئارەقەی**

**ورد، دەنکە زەنگیانەی ئاوین، بە گەردنتا دێنە خوارێ. تەواو شپرزە دیاری! من نازانم دەتەوێ بڵێی چی؟**

**- بابە وایلێهات؟ ئەدی کوێستان؟ ئەدی کوێستان چیی بەسەرهات؟"** (ل:٥٩٧) دەبێت ئەوە بڵێین، کە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا وێنەی ئافرەت لە کیژۆڵەیەکی بچووکدا بەرجەستە دەکات و زمان و دەربڕینی تایبەت بە خۆی پێ دەبەخشێت، کە ئەمە بە ڕوونی لەو گفتوگۆیانەدا دەردەکەوێت، کە لەگەڵ هاوڕێکەی باوکیدا دەیکات، مەبەست لە هاوڕێی باوکی، خودی چیرۆکنووس خۆیەتی، کە لە سەرەتا و کۆتاییی چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێ داوە و لەم ڕێگەیەوە وێنەی ئافرەتی لەناو خێزاندا کێشاوە.

**- چیرۆکی (بەنرخترین دیاری)**

لەم چیرۆکەدا ئاوڕ لە بابەتێکی ناو خێزان دراوەتەوە، ئەویش گفتوگۆی نێوان ژن و مێردێکی گوندییە لەسەر منداڵ خستنەوە. لەم چیرۆکەدا (میرزۆ) و (زولەیخا) نوێنەرایەتیی ئەو هاوسەرانە دەکەن، کە هەمیشە لەسەر منداڵی زۆر، یان کەم، مشتومڕیانە. (زولەیخا) پێچەوانەی هاوسەرەکەی بیر دەکاتەوە و بڕوای بەوە هەیە، کە نابێت منداڵی زۆر بخەنەوە، چونکە فریای بەخێوکردن و پەروەردەکردنیان ناکەون، لە کاتێکدا (میرزۆ) منداڵ وەک بەنرخترین دیاری دەبینێت، بۆ دروست نەبوونی ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیە پێویستە "ژن و مێرد ڕێک بکەون و لە ناکۆکی دوور بکەونەوە. واتا ژن و مێردێکی وا بن، کە دڵی هەردووکیان یەک بکەوێ هۆش و بیرکردنەوەشیان لەگەڵ یەکتردا بسازێ... ئەگینا ئەگەر وا نەکەن، تووشی دەمەقاڵێ و کێشەی وادێن.... کە ئەویش هەرگیزاو هەرگیز بۆ ئەو خێزانانە دەس نادات، کە بیەوێ لەسەر شێوەیەکی پاک و پوخت و ڕاست و دروست منداڵەکانی خۆی پەروەردە بکات." (فتاح، ١٩٨٥:٧) هەر بۆیە دروستبوونی خێزانێکی تەندروست پەیوەستە بە لێک تێگەیشتن و ڕێکەوتنی ژن و مێردەوە. ناونیشانی چیرۆکەکەیش (بەنرخترین دیاری) هەر لەو دەربڕینەی (میرزۆ)وە وەرگیراوە. لە چیرۆکەکەدا دوو شوێن دەبینرێن، کە یەکێکیان گوندە و باس لە فەزای گوندییانەی خێزانێک و شێوازی بیرکردنەوەیان دەکرێت، ئەوی تریشیان شارە و بە دیاریکراوی شاری (هەولێر)ە، کە ڕووداو و دیمەنەکانی لە هیی گوند جیاوازترن. لێرەدا ڕوانینی (زولەیخا)، وەک کارەکتەرێکی ئافرەت، کە نموونەی ژنێکی تێگەیشتووە لەنێو خێزاندا وەردەگرین، کە لەبارەی پرۆسەی هێنانی منداڵی زۆرەوە دەریدەبڕێت و پێی وایە منداڵی زۆر ئەرکی سەرشانی دایک و باوک قورس دەکەن. بە (میرزۆ)ی هاوسەری دەڵێت: **"لە کوێمان بوو پیاوەکە؟ ئاخر منداڵ**

**خەرجییان دەوێ. پێم ناڵێی ماشاڵڵا ئەم هەموو منداڵەت بۆ چییە؟ خۆ ئەتوو نە عەلیاغای تا بەنیازی خوێندن بیاننێرییە هەولێر و بەغدایە و بیانکەیە ئەفەندی. نە حاجی قادریشی سەرو پیکابیان لەبۆ بکڕیت، هاتوچۆی دەشتی پێ بکەن!"** (ل:٣١٤)

لە درێژەی گفتوگۆکەیاندا خوێنەر زیاتر لە مەبەستی پیش دەربڕینەکەی (زولەیخا) تێ دەگات، کاتێک دەڵێت: **"خراپ ناڵێم میرزۆ. بۆمان ناکرێن بە پیاو. بالێرەدا بیوەستێنین."** (ل:٣١٤)

ژنانی گوند هەمیشە ئەرکی سەرشانیان قورس و گرانە و لە یەک کاتدا چەندین کار ڕادەپەڕێنن، کە چیرۆکنووس لە زاری (میزرۆ)وە ئەم تێگەیشتنە دەخاتە ڕوو: **"زولێ زۆر ماندووە. خودا نەیبڕێ ئەرکی حەوت منداڵان گەمە نییە. کورە ئەدی ئەرکی خۆم؟ خودا هەڵناگرێ خۆم هێندەی سێ منداڵان ئەرکم هەیە. ئەدی تاقەت کردنی ماڵات؟ ناهەقی ناگرم دەڵێ حەز بێ و بەس بێ. بەڵام شتەکە بە دەستی خۆم نییە، من کەیفم لێیە نەوەم زۆر بن"** (ل:٣١٦) هەمیشە لەلادێ ئەرکی خێزان زۆر بووە، پێویستیان بە دەستی کاری زۆر هەبووە، بۆیە بیریان هەر لای خستنەوەی منداڵ بووە، بە گشتی حەزیان لە منداڵی کوڕ کردووە، چونکە زۆربەی ئیش و کارەکانی گوند بە کوڕ و پیاوان دەکرێ.

کاتێک (میرزۆ) لەنێو بازاڕی شاری هەولێردا پیاسە دەکات، چاوی دەچێتە سەر دیمەنێک، کە لەسەر شەقامێکی گشتیدا قەرەباڵغییەک دروست بووە و کۆمەڵێک خەڵک لە دەوری شتێک کۆ بوونەتەوە. نزیکتر دەبێتەوە، دەبینێت منداڵێکی ساوایە و فڕێ دراوە. لەو بارەیەوە نووسەر دەنگی چەند کەسێک پێشان دەدات، کە مەبەستی ئێمە گواستنەوەی دەنگی کارەکتەرە ئافرەتەکانە سەبارەت بەو ڕووداوە و هێمای ژمارەی بۆ گوتەکانیان داناوە.

ژنی (١) دەڵێت: **"لەوانەیە دایکەکەی تێکچوو بێت، یان بێوەژن کەوتبێ و نەتوانێ بەخێوی بکات و بۆ چاکەی منداڵەکە پێی بەجەرگی خۆیدا نابێت و ئەم کارەی لێ وەشابێتەوە. وتبێتی خێرەومەندێک هەردەبێ هەڵیبگرێتەوە و بیگرێتە خۆی. نابێ؟"** (ل:٣١٨)

ژنی (٢) دەڵێت: **"خودا بەگوناهم لەسەر حساب نەکات. کێ دەڵێ بیژی نییە!"** (ل:٣١٨)

ژنی (٣) دەڵێت: **"ئەو بەستەزمانە برسییەتی بۆیە دەگری، دیارە لە بەیانییەوە مەمکی دایکی نەدیوە!"** (ل:٢١٨)

لێرەدا خوێنەر لەبارەی بۆچوونی ژنەکانەوە بەر سێ ڕوانینی جیاواز دەکەوێت، کە ژنی یەکەم بیانوو بۆ فڕێدانی ساوایەکە دەهێنێتەوە، کە ئەمەیش پاساوێکی نا مرۆڤانەیە. لە کاتێکدا ژنی دووەم لە ڕێگەی گومانەوە ڕووبەڕووی ئەم وێنەیە دەبێتەوە و پێی وایە ئەم منداڵە بەرهەمی جووتبوونێکی ناشەرعیە. ژنی سێیەم بایەخ بە هیچ یەکێک لەم دوو

تێگەیشتنە نادات و تەنیا لە خەمی منداڵەکەدایە، کە پێی وایە هۆکاری گریانەکەی هیی دووریی دایکێتی، کە پێمان وایە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی ئافرەتە وەک دایک، کەواتە لەم چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس دەنگی جیاوازی سێ کارەکتەری ئافرەتی گواستووەتەوە، کە هەر یەکەیان لەبارەی ڕووداوی فڕێدانی ساوایەک لەسەر شەقامێکی گشتیدا گوزارشت لە بیرۆکەکانی خۆی دەکات. هەروەها کارەکتەرێکی تری ئافرەت بە نادیاری بوونی هەیە، ئەویش ئەو دایکەی، کە منداڵە ساوایەکەی لەسەر شەقامێکی گشتیدا فڕێ داوە. ئەم جۆرە وێنەیەیی ئافرەت لەئاکامی خراپی دۆخی خێزانەوە دروست دەبێت ، بەهەر هۆکارێک بێت کارەکتەری سەرەکی لەلایەن چیرۆکنووسەوە ئەو ڕۆڵەی پێ دراوە کە بەلای ئێمەوە وێنەی ئافرتێکە کە بۆتە قوربانی بێ هۆشیاری و درک نەکردن بە ئەرک و مافەکانی خۆی .

**- چیرۆکی (وەرزی کەوبووار)**

جیاواز لە چیرۆکەکانی تر، خوێنەر لەو وێنانەی ئافرەت، کە لە چیرۆکەکانی پێشتردا بینیونی، بەر وێنەیەکی تەواو جیاوازی ئافرەت دەکەوێت، ئەویش گێڕانەوەی ساتی منداڵبوون و ئەو ئازارەی ئافرەت لەو کاتەدا دەیچێژێت. چیرۆکەکە باس لە ئافرەتێک بە ناوی (ڕەزیە) دەکات، کاتێک لەگەڵ کاروانێکدا ژان دەیگرێت و منداڵی دەبێت، نووسەر هەموو ئەو دیمەنانەی ئەو ساتە نیشان دەدات. کە لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەوە وەریگرتووە، کاتێک ئەو خێزانانەی دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەر لێبووردنی گشتی دەکەون، دەگەڕێنەوە وڵات و لەلایەن ڕژێمەوە بە (عائدون) ناسرابوون. دواتر ڕژێم لەسەر سنوور ڕەوانەی باشووری عێراقیان دەکات، لەو ساتەدا ژنێکی کورد لەناو ئیڤایەکی سەربازیدا منداڵی دەبێت.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە گێڕەرەوەی هەمووشتزان وەسفی ئەم کارەکتەرە دەست پێ دەکات: **"ساڵی ساڵان، وەرزی خێڵەوژوور، ئەو دەمەی بۆ کوێستان خۆری بەڕێدەکەوتن، چەند لەبەر دڵت خۆش بوو! ئەو دەمە تۆ کارئاسکێکی سرک بووی، کاتێک بێباک بەو شاخسار و سەهەندە سەوزانەدا هەڵدەگەڕای، کەوی خاڵ لەملی کوێستان بەڕەوەیەک گوارەوە لەبەر گوڕەی داوێنت لە زڕەی باڵیان دەدا"** (ل:٦٤٤)

کاتێک (ڕەزیە) لەتاو ئازاری ژانگرتن ئاگای لە خۆی نەماوە، گێڕەرەوە لە ڕێگەی دواندنەوە دەیەوێت ورەی بەرز بکاتەوە و نموونەی کەوی ناو قەفەزی بۆ دەهێنێتەوە، کە سەوەڕای ئەوەی لە قەفەزدایە، بەڵام هەر دەخوێنێت: **"ئەوە بۆ کوێت دەبەن؟. کەو کەی باڵدارێکی ئارانییە! باڵندەی ناو دۆڵ و چیاو ڕنووە بەفرە. بەڵام، بۆچی وا دۆش داماوی؟ خۆ کەو**

**لەنێو قەفەزیشدا بێ هەر دەخوێنێ. بەورە بە ڕەزیە، سەری دنیا بە پووش نەگیراوە."** (ل:٦٤٥)

(ڕەزیە) لەناو ئەو ئازارە سەختەدا دێتە دەنگ و چەند خەمێکی قووڵ دەخاتە ڕوو: **"لەوانەیە بەسەرێوە بڕۆم، یان لەبارم بچێت، بڵێی کامڵ بێت، خۆزگە تێر لە ئامێزم دەگرتی، هەر لەم تەنگانەیە ڕزگارم بوایە و دەروویەکم بەڕوودا بکرایەتەوە، من بەخۆمدا دەشکێمەوە، وەک سواری کەرێکی کۆڵیان کردبم و شاربەدەرم کەن، ئاخر من چۆن بە بەرچاوی ئەم حەشاماتەوە بمبێ، من ئازاری سەختم هەیە و دەبێ بیخۆمەوە، هەرچۆنێک بێت، من درێژ نابم، دەبێ بە چیچکانەوە بمبێ."** (ل:٦٤٥)

لەم دەربڕینانەی (ڕەزیە)وە، خوێنەر بەر ڕوانینی ئەم کارەکتەرە دەکەوێت، کە هەرچەندە ئازاری زۆری هەیە، بەڵام نایەوێ خەڵکی لەو دۆخەدا ببینن. ئەمە پیشاندانی شەرم و شکۆی ئافرەتی کوردە لە ڕابردوودا، کە خاوەنی شەرمێکی زۆر بوون و لەناو سەخترین ساتەکانیشیاندا، هێشتا دەستبەرداری ئەو شەرمە نەدەبوون، کە لێرەدا (ڕەزیە) نوێنەرایەتی دەکات. دوای ئەو ئازارە زۆرەی ژانگرتن، لە کۆتاییدا (ڕەزیە) منداڵی دەبێت. گێڕەرەوە بەم شێوەیە وەسفی دیمەنی دوای منداڵبوون دەکات: **"هاوارێک و ئیتر تۆ بەتەواوی سست بوویت. بێ جووڵە ڕەهێڵ بوویت.. ئێستا ئەو دەنگەی، کە بەسەر هەموو دەنگەکاندا زاڵ بێت گریانی کۆرپەکەتە! کۆرپەی بێنازی ناو قەفەزێکی گەڕۆکی بەرەو نادیار ڕێکردوو."** (ل:٦٤٧)

نووسەر لەم چیرۆکەدا دوو ئازاری گێڕاوەتەوە، ئازارێکی گشتی، کە کۆمەڵێک خێزانی کورد دوای ئەوەی دەکەونە بەر لێبوردنی گشتی، کەچی ڕژێمی عێراق بە زۆر بەرەو باشووری عێراقیان ڕادەگوێزێت. هەروەها ئازارێکی خودی، کە لەو ساتە سەختەدا ژنێک بە ناوی (ڕەزیە) ژان دەیگرێت و منداڵی دەبێت. واتە ئەم چیرۆکە گێڕانەوەی ئازاری گشتی و خودییە، کە مەبەستی ئێمە لێرەدا ئازارە خودییەکەیە و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە شیمان کردەوە.

**- چیرۆکی (ترەکتۆر)**

چیرۆکنووس لەسەر زاری کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، کە کەسێکە بە ناوی (حەمە عەلی)و لە شاردا دەژی، ئێوارەیەک لە کۆڵانەکەی خۆیاندا دەبینێت وا پیرەژنێک و لە دوایەوە ترەکتۆرێک بەرەو ڕووی دێن. سەرەتا وا دەزانێت ئەو ژنە بەساڵاچووە دایکیەتی، کاتێک نزیکتر دەبێتەوە، بۆی دەردەکەوێت ئەو نییە و کەسێکە لەگەڵ کوڕەزاکەیدا لە گوندەوە بۆ شار هاتوون و بۆ خانووی کرێ دەگەڕێن. ئەم چیرۆکە دەچێتە خانەی ئافرەت لەنێو خێزاندا، چونکە باس لە پیرەژنێک دەکات، ئەگەرچی هەموو خێزانەکەی

لەناو شاڵاوی ئەنفالدا تێدا چوون، کەچی ئەم بەوپەڕی هێزەوە دەستی کوڕەزاکەی دەگرێت و بە هیوای دابینکردنی ژیانێکی ئارام و ئاسوودە بەرەو شار دێت. ناونیشانی چیرۆکەکە بە ناوی (ترەکتۆر)ـەوە خوێنەر دەخاتە دۆخی وەبیرهێنانەوەی شاڵاوی درندانەی سوپای عێراق کە لە مێژووی نوێی عێراقدا بە ئەنفالە شومەکەی ساڵی (١٩٨٨) ناسراوە و چیرۆکنووس ئەو وێنە تراژیدییانەی خێزانێک، کە ئافرەتێک بەڕێوەی دەبات، دەکێشێت و بە شێوەیەکی هونەری دەیگێڕێتەوە.

ئەو ئافرەتە بە ساڵاچووە، کە نووسەر بە (پیرەژن) ناوی دەهێنێت، وەک ئافرەت لە چیرۆکەکەدا یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و سەرلەبەری دەقەکە باس لە قارەمانی و ئازایەتیی ئەو دەکەن، تەنانەت (حەمە عەلی)، کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە بینینی دیمەنی ئەو داپیرەیە، کە بەهۆی ئەو کارەساتەوە ماڵ و حاڵی لەدەسداوەو کەلوپەلی ماڵەکەی لە ترەکتۆرێک کردووە و دەستی کوڕەزاکەی گرتووە و بۆ خانووی کرێ دەگەڕێت بە ناچاری، چونکە "مرۆڤ خاوەنی ماڵ و حاڵی خۆی بووبێ، لە هەر کوێیەک ژیابێت غەریبی دەکات، بەو هیوایە دەژی ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ ئامێزی گەرمی ئەو ماڵ بگەڕێتەوە" (حەسەن:٢٠١٦:١١٣)، دیارە لێرەدا ئەم کارەساتە، تابلۆی هاوڕێیەکی هونەرمەندی بیر دەخاتەوە، کە وێنەی گوندە چۆڵەکانی دوای شاڵاوی ئەنفالی کێشاوە.

گێڕەوەوە هەر لە سەرەتاوە لە ڕێگەی وەسفەوە باس لە قارەمانی و ئازایەتیی ئەو داپیرەیە دەکات: **"وا پیرەژنێک لای پاینەوە سەریهەڵدا و بەرەو لای تۆ دێت. گورج و گۆڵ. لەژێر سەرپۆشە سپییەکەیەوە، بە سرکەیی سەری بەستووە. ئەگریجەی بەفرین تا کۆتایی چەناگەی شۆڕبۆتەوە. سوخمەی ئەتڵەسی شین، بەسەر کراسێکی ڕەشی ئاوداماندا. فەقیانەکانی گرێداون و کردوونییە مل. لە پامێلی کراسەکەیەوە، لاسیکە ڕەشەکانی پێی، لە کاتی هەنگاو ناندا، ئاشکرا دەبن و ون دەبنەوە. بن دیوار و بن دیوار دێت بەدەم ڕێوە و ترپەی پێی نایەت."** (ل:٣٥٨).پاشان لەسەر زاری ئەو داپیرەیەوە خوێنەر بە ساتی پرۆسێسی ئەنفال ئاشنا دەبێتەوە، کاتێک لەو پرۆسەیەدا هەموو خێزانەکەی لەدەست داون و تەنیا ئەو کوڕەزایەی بۆ ماوەتەوە، بۆیە گوندەکەی جێ دەهێڵێت و لە شاردا بۆ خانووی کرێ دەگەڕێت، بۆ ئەو مەبەستە دێتە لای (حەمە عەلی) دێت و پێی دەڵێت: **"بۆ خۆم و ئەم کوڕەزایەم، تەنیا دوو کەسین!"** (ل:٣٥٨) هەر لە درێژەی ئەو گێڕانەوەیەدا و لەناو ئەو دۆخە خراپەدا، کەچی ئاگای لە کوڕەزاکەی نابڕێت و بەردەوام لە خەمیدایە: **"بێ ڕێوە داپیرە لە دەورت گەڕێ!"** (ل:٣٥٩)،لە ئەفسانەو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی و جیهانیدا هەمیشە پیرێژن ڕەمزی خراپەکاری و ترس مەرگ و فریودانە کە وێنەیەکی ناشرینی بەرجەستە کردووە

بەڵام لەم چیرۆکەدا پیرێژنەکە کارەکتەرێکی باشەو رۆڵێکی گەورەی گێراوە لە خەمخواردنی بۆ نەوەکەی. ئەم چیرۆکە دەرخەری کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی تراژیدیای ئەنفالە، کە تێیدا بەهۆی دروستبوونی زۆر گیروگرفت، کە بەسەر داپیرە و نەوەکەیدا هاتوون، لەوانە "تێکچوونی شیرازەی خێزان بەهۆی نەمانی سەرپەرشتیاری خێزان، یان زۆر لە ئەندامانی خێزان، شێواندنی دابونەریت بەهۆی ڕاگوێزان و تێکدانی شوێنی ژیان.... لەگەڵ چەندین کێشەی تری کۆمەڵایەتی لە وێنەی کێشەی منداڵی بێسەرپەرشتیار و ئافرەتی بێ مێرد" (عومەر،٢٠١٩:٥١)، کە ئەمانە هەموو دەرئەنجامە خراپەکانی شاڵاوی قێزەونی ئەنفال بوون بەسەر تاکی خێزانی کوردیەوە.

چیرۆکنووس لە ڕێگەی (حەمە عەلی)ی گێڕەرەوەوە ئاماژە بە قارەمانی و ئازایەتیی ئەو داپیرەیە دەدات، کە نوێنەرایەتیی هەموو ئەو ئافرەتانەی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کاتێک بە هەر هۆکارێک بێت، گەورەی ماڵ نامێنێت و ئەرکی بەڕێوەبردنی خێزانیان دەکەوێتە ئەستۆ و ئەوانیش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن، چونکە "ژن بوون لەساتەوەختە ناخۆشەکانی سەراپای زەمیندا فریادڕەسە، بەخشندەیە، هاوکار و پشتیوانە" (حسێن:٢٠٢٠)، هەر بۆیە لێرەدا (حەمە عەلی) کاتێک ئەو ئافرەتە دەبینێت، ڕاستەوخۆ دەڵێت: "**سەیری داپیرەکە، وەک ئەو قارەمانە دنیادیوانەی کاتێک ڕۆژی ڕەش ڕوویان تێدەکات دەبنە دەریا و لێڵ نابن، نایبەنە سەر خۆیان و بەرگە دەگرن، دەڕوات و دەپرسێت، بەوەدا کە جێ جێ وردە گوڵی سوور وا بە تەختی کراسەکەیەوە ئەوا کوڕەکەی ماوە و هیوای هەر بەوە، دوای ئەوەیش منداڵێک ئەگەر هەتیو کەوتبێ هەنگاوی تێکەڵ و پێکەڵ دەنێت و مل بە لارەوە دەگرێ، وادیارە ئەم دایکە لە کوڕەکەی هیوابڕاو نییە.**" (ل:٣٥٩-٣٦٠).

دواتر هەر ئەو دیمەنە وا لە (حەمە عەلی) دەکات دایک و باوکی خۆی بیر بکەوێتەوە، کە ماوەیەکە لێیان دابڕاوە و ئاگای لە هەواڵیان نییە، بۆیە دەڵێت: "**بەڵام بۆچی من بە دایکی خۆمی تێگەیشتم، وا دیارە گەلێ جاران ئەگەر گەشیش بێ؛ هێشتا هەر ڕاستی بە خاوەنەکەی ناڵێت، هەرچی چۆنێک بێ، دڵم ها بەلای دایک و باوکە پیرەکەمەوە، بۆیە ژیان و بارودۆخی ئەوان و ئەم کۆچە ناوەختەم لەلا تێکەڵ بوون، چ قەیدی، لە بەیانی زووتر نییە دەچم هەواڵیان دەزانم...**" (ل:٣٦٠).کەواتە لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس ڕوانینێکی ئەرێنی بۆ کارەکتەری ئافرەت لەنێو خێزاندا هەیە، کە دوای ئەوەی بەڕێوەبەری ماڵ بە هەر هۆکارێک بێت نامێنێت، ئەرکی بەڕێوەبردنی ماڵی دەکەوێتە ئەستۆ و ئەمیش بەوپەڕی قارەمانێتییەوە ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات، وەک لە کارەکتەری داپیرەدا بینرا، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە کاتی ڕووبەڕووبونەوەی کێشەو گیرو گرفتەکاندا ئافرەتان ناچارن ببن بە فریادڕەسی

خێزان "لەم ڕوانگەیەشەوە دەتوانین بڵێین کارکردنی ژنان زیاتر بۆ بەرژەوەندی ئابووریە، نەک بۆ پێناس و ناسنامەی کاری خۆی" (ساڵح، ٢٠٠٢:٦٢) هەر بۆیە لە ڕێگەی کارەکتەری داپیرەوە خوێنەر بە هەموو ئەو ئافرەتە زەحمەتکێشانە ئاشنا دەبێت، کە سەرباری قورسی ژیان و ئەرکی گران، کەچی بەوپەڕی تواناوە هەوڵ بۆ خۆشگوزەرانیی تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی دەدات .

**چیرۆکی (شیلان و دەعباکان)**

نووسەر لەم چیرۆکەدا، بەسەرهاتی خێزانێکی سێ کەسیمان بۆ دەگێڕێتەوە و وردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان پیشان دەدات، کەلەناو گەرمەی شەڕی ناوخۆدا ژیانێکی سەخت دەگوزەرێنن. (شیلان) کچی تاقانەی دایک و باوکێکە و بەردەوام لە حەوشەکەیان ئاوی گوڵەکان دەدات و نایەڵێت سیس ببن و بژاکێن، لە کاتێکدا دایکی لەسەر ئەو کارەی سەرکۆنەی دەکات، چونکە بەشی پێویستی خۆیان ئاویان نییە و ئەم بە سەتڵ لە شوێنێکی دوورەوە دەیهێنێت. باوکی (شیلان) هەم مامۆستایە، هەم لەناو بازاڕدا عەرەبانەیەکی پێیە و کاری پێ دەکات. لە کۆتاییدا کاتێک (شیلان) ئاوی گوڵەکانی حەوشە دەدات، لەناکاو تەقینەوەیەک ڕوو دەدات و بریندار دەبێت. دایک و باوکی دێنە سەری و لە هەواڵی برینەکەی دەپرسن، کەچی ئەم لەو ساتەیشدا هەر دڵی لای گوڵەکانیەتی. لە ناونیشانی چیرۆکەکەوە تێدەگەین، کە باس لە خەون و خولیاکانی کچۆڵەیەک لەناو ڕۆژگارێکی ڕەش و خراپدا دەکات، کە نووسەر بە شێوەی ئاماژە ناوی (دەعباکان)ی بۆ هەڵبژاردووە.هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە چیرۆکنووس دەمانخاتە بەردەم گفتوگۆی نێوان دایکێک و کچێکی منداڵ بە ناوی (شیلان)، کە دایکی دەیەوێت جلەکانی بگۆڕێت، بەڵام (شیلان) بە پێداگیرییەوە ئەو شێوازی گۆڕینە قبووڵ ناکات، کە لای ئەو پەسەندە. دایکی دوای ئەوەی جلەکانی لەبەر دەکات، بە (شیلان) دەڵێت: "**- ئێستا ماوەتەوە سەر جووتێک پاپووچ!دایکی شیلان وای گوت و دەستی دایە جووتێک پێڵاوی سپیی بە قردێلەی مۆر ڕازاوە. شیلان دەستەکانی ڕاوەشاند. پێی لە عەرد دا. بە ڕووی گرژەوە لە دەستی دایکی هەڵپچورقاند و تووڕی دان.بۆچی وەهات کرد کیژم؟ خۆ لەگەڵ عەزیزییەکەت دەگونجا. عەزیزیەیی مۆر لەسەر پێڵاوی سپی، گەلێک جوانە!**

**- وتت مۆر وا نییە؟**

**- ئا وتم مۆر. مۆر لەسەر سپی. چ خەوشێکی تێدایە؟ قردێلەی پاپووچەکەیش مۆر. تەواو لەتەک یەکدا گونجاون!**

**شیلان لە پەستا، هەر جارە لاقێکی هەڵدەنا و توند بە عەردەکەیدا دەدایەوە.**

– **من نا. دەمن نا. من حەزم لە پاپووچی سوورە!**

– **فەرموو، ئەمەیشیان پاپووچی سوور.**

**بریسکەیەک کەوتە سەر لێوە پەمەییەکانی شیلان. ئەوجا پاپووجە سوورەکانی لەپێ هەڵکێشان و چووە بەر ئاوێنە گەورەکە. سەرنجێکی سەرەپای خۆی دا. ئەمجا پەپوولە ئاسا باڵەکانی کردەوە و بە ڕاکردن بۆ بەرهەیوانەکە هات.**" (ل:٤٧٢) لەم گفتوگۆیەدا سەبارەت بە چێژ و جوانی، خوێنەر هەست بە دوو ڕوانینی جیاواز دەکات، یەکەم، تێگەیشتنی دایکی شیلانە، کە دەبێت کچەکەیشی هەر بەم شێوازە جلوبەرگ بپۆشێت، کە ئەم داوای دەکات و لای جوانە. دووەم، ڕوانینی شیلانە، کە لە دایکی جیاوازە و ئەوەی ئەم داوای دەکات، پاپووچەکانی ڕەنگی سوور بن، لە کاتێکدا دایکی پێی وایە پێڵاوی سپی لەسەر عەزیزییەی مۆر دەگونجێت. بە واتایەکی تر، لێرەدا خوێنەر بەر ڕوانینی جیاوازی دوو نەوە دەکەوێت، کە لە شیلان و دایکی شیلاندا بەرجەستە دەبن، کە چێژ و بینینیان بۆ جوانی وەک یەک نییە و لە یەک جیاوازن، بۆیە بەردەوام لە ململانێدا دەبن، کە چیرۆکنووس بە شێوەیەکی هونەری ئەم ململانێیەی گواستووەتەوە و ویستوویەتی بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بە جیاوازی و ململانێی بەردەوامی نێوان نەوەکان بدات.

(شیلان) گوڵەکانی ماڵی خۆیانی زۆر خۆش دەوێت و هەمیشە ئاویان دەدات، تەنانەت لەسەر ئاودانی گوڵەکان، بەردەوام لەگەڵ دایکیدا کێشەیان هەیە و پێی دەڵێت ئاومان نییە و تۆیش بەوپەڕی بێباکییەوە ئاوی گوڵەکان دەدەیت. هەروەها ناوی خۆیشی بە ناوی گوڵێکەوەیە و هەر خۆی چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە: "**باوکم وتی: من بۆیە ناوم ناوی شیلان، چونکە گوڵە شیلان دەشت و چیا دەڕازێنێتەوە. های! جاخۆ گوڵە شیلانیش لە ماڵەوەش هەبایە، ئێستا ئەویش تینووی بوو**" (ل:٤٧٥).لە شوێنێکی تردا چیرۆکنووس وێنەی دڵخۆشیی منداڵێکمان نیشان دەدات، کاتێک باوکی لە کار دەگەڕێتەوە و ئەم بەوپەڕی دڵخۆشییەوە بەرەوپیرییەوە دەچێت. لە دەرگە دەدرێت و (شیلان) دەیکاتەوە و دەڵێت: "**– ئەرێوەڵڵا بابەیە! شتی بۆ کڕیوین. نەمگوت خۆیەتی!**

**شیلان دەرگەکەی کردەوە و وەهای وت. تریقەی پێکەنین بۆ چەند هەناسەیەک ڕووی شیلانی گەشاندەوە و لەسەری ڕۆی**

**:– بابە گیان ماندوو نەبی.**

**باوکی کیسەکەی دانا و دەستی دایە بن باڵی و بەرزی کردەوە. پاشان بۆ تویکی کورت لە باوەشی گرت. ماچێکی ڕوومەتی کردو وتی**

**:– تاسەم کردی شیلان!**

**- منیش تاسەی تۆم کرد بابە!**

**- شتێکی زۆر خۆشم بۆ هێناوی**

**!شیلان لە کیسەکە وردبووەوە و وتی**

**:- باشە بەخێر بێیتەوە، ئادەی کوا، ئەڵڵا، بزانم چیت بۆ هێناوم؟**

**- ئەوەتا لەو کیسە ڕەشەدایە. دەستی مەدەرێ و سەیریشی مەکە. بزانم هەڵیدەهێنی چیم بۆ هێناوی شیلان؟**"(ل:٤٧٩) (شیلان) چەندین ناو دەڵێت و باوکی پێی دەڵێت نەخێر، تا لە کۆتاییدا دەڵێت: "**- ئاخ ئەگەر پێم نەڵێی لەلای کەرەکەی ماڵی شەوبۆ شکاتت لێ دەکەم، ها!- باشە پێت دەڵێم لای کەرەکە شکاتم لێ مەکە. گێلاسە، کچم گێلاس!**

**- گێلاس! ئادەی؟ ئەڵڵا! چەند سوورێکی تۆخ و جوانە! من ئەمە یەکەم جارە گێلاس ببینم! قەت نەمخواردووە!**

**- ناهەقت ناگرم شیلان.**" **(٤٨٠)** پاشان باوکی شێوازی خواردنی ئەو میوەیە بە کچەکەی دەڵێت.لە چیرۆکەکەدا، کچۆڵەیەکی هاوڕێی (شیلان) بە ناوی (شەوبۆ) دێتە ناوەوە و پێکەوە لەسەر شێوازی ماڵ و حەوشەیانەوە گفتوگۆ دەکەن و هەریەکەیان بۆچوونی خۆی لەسەر حەوشەی ماڵ دەردەبڕن، کە خوێنەر لەم گفتوگۆیەدا دوو منداڵ دەبینێت، کە لەسەر چەند بابەتێک بە زمانی خۆیان قسە دەکەن، نەک زمانی گەورەکانیان بەسەردا زاڵ بێت. (شەوبۆ) دەڵێت: "**- ماڵی ئێوە خۆشترە شیلان، ماڵی ئێوە بەگوڵ و گوڵزارە**

**.شەوبۆ بە حەسرەتەوە وەهای وت.**

**- ئاخر ئێوە کەرتان هەیە. گوڵ و گوڵزار بۆ ماڵی ئێوە نابێ. ئەگەر بڵێی من کەرەکەی ئێوەم زۆر خۆشدەوێ، شەوبۆ!**" (ل:٤٨١)

بەکورتی چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا دەیەوێت ئەو بیرۆکەیە بە خوێنەر بگەیەنێت، کە ئەگەرچی جەنگ هەموو شتێک تێک دەدات و سنوورەکان دەبەزێنێت، کەچی هەر لەناو ئەو دۆخەدا چەند کەسانێک هەن، بیریان لای جوانییە، کە لەم چیرۆکەدا لە کارەکتەری (شیلان)دا بەرجەستە کراوە و لە ڕێگەی ئاودانی بەردەوامی گوڵەکانی حەوشە و خۆشەویستیی زۆری بۆیان، خوێنەر ئەو تێگەیشتنەی لا دروست ببێت، کە لەناو ڕۆژگارێکی ڕەش و خراپدا، هێشتا جوانی هەر دەمێنێت و بەردەوام بوونی دەبێت.

**لە چیرۆکی (ژنێک، وەک قۆخی گەیو تەڕ!)**

ئەم چیرۆکە تێکەڵەیەکە لەنێوان فۆلکلۆر و میتۆلۆجیا، نووسەر بنیاتی چیرۆکەکەی لە چیرۆکێکی فۆلکلۆرییەوە بنیات ناوە، کە سەرچاوەکەی لەناو ئەفسانەدایە و دەڵێت هەر کەسێک گۆزەیەک ئاو بە ساغی بۆ گوند بگەڕێنێتەوە و بیدات بە دەم کوڕەی زامدارەوە،

ئەوە دەبێتە شیفا بۆی. چیرۆکنووس ئەم دەربڕینە لەسەر زمانی پیرەمێردێکەوە دەردەبڕێت: **"هەر کەسێک بتوانێ گۆزەیەک ئاو لە چەمەوە بگەیەنێتە گوند و بیدات بەدەم کوڕەی دەردەدارەوە، ئەوا مرازی حاسڵ دەبێ"** (ل:١٣٦) لەم چیرۆکەدا نووسەر باسی کوڕێکی زامدار دەکات لە گوندێکدا، کە ژنێک بە ناوی (مینا) لە کانییەوە بە گۆزە ئاوی بۆ دەهێنێت، تاوەکوو برینەکانی پێ سارێژ بکات، بەڵام کاتێک دەگات و دەیەوێ ئاو بە دەمی کوڕە ئامۆزاکەیدا بکات، دەبینێت گۆزە یەک تنۆک ئاویشی تێدا نەماوە. بۆیە خۆی و سەرجەم دانیشتووانی گوند نائومێد دەبن.

گێڕەرەوە وەسفی جەستەی ئەو ژنە دەکات، کە وەکو قۆخی تازەپێگەیشتوو، تەڕە: **"مینا، چون قۆخی گەیو تەڕ، کراسی شینی ئاسمانیی لەبەردا، لە کەمریدا، پشتوێنێکی خەنەیی بەستووە، تەنکە سەرپۆشێکی سپیی پەراوێز بە پڵپڵەی سووری بەسەر خۆیدا داوە، فەقیانە درێژەکانی گرێداون و هەڵیانداونەتە سەرپشتی و لەسەر سوخمەیەکی پەمبە جێگیرن. مینا کەوشی نوێی سورمە چنی لە پێیان هەڵکێشاوە. بەلەکی سپی و سۆڵ و زەندەی پڕ و بە خرخاڵی لە دوورەوە سەرنجی بینەران ڕاودەکات."** (ل:١٣٦-١٣٧) ئەم وەسفانە دەرخەری خەسڵەتە جەستەیییەکەی (مینا)ن، کە چیرۆکنووس دوو جار وەکوو چارەسەر دەیبینێت، جارێک جوانییە سەرنجڕاکێشەکەی و جارێکیش بە هێنانەوەی گۆزەی پڕ لە ئاو بۆ کوڕی بریندار. ئەم ڕوانینە بە پیرۆزکردنی ئافرەتە و پێشاندەری ئەوەیە، کە دەکرێ ڕزگارکەری ژیان بێت و جارێکی تر هیوا بۆ ژیانی کەسانێک بگەڕێنێتەوە.لەناو چیرۆکەکەدا دایکی کوڕی بریندار دێتە ناوەوە، کە هیوای زۆری بە (مینا) هەیە، بۆ ئەوەی کوڕەکەی لە دەستی مردن ڕزگار بکات. گێڕەرەوە دەنگی ئەو وەکوو خۆی دەخاتە ڕوو: **"نا مینا، شەکرەژنی وەک قۆخی گەیو تەڕ، دەستم بە دامێنت، ئەو گۆزەیە بەدەم شەپۆلانی ڕووبارەوە نەدەی، نا مینا گیان، مینای شۆڕە ژن، ئەو گۆزەیە بەدەم گڤەی باوە نەدەی، نا شەکرەژن، ئەو گۆزەیە نەدەی لە بەرد، نا مینا خان، ڕۆژم لێ نەکەی بە شەو و ژیانم لێ نەکەی بەدەرد..."** (ل:١٣٧)هەروەها کاتێک (مینا) بە گۆزەوە بۆ گوند دەگەڕێتەوە، گێڕەرەوە دۆخی دەروونیی دایکی ئەو کوڕە بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە و دەڵێت: **"دایکی کوڕە بە سەربانەوە دەستی لەسەر دڵێتی، تاسەبارە و چاوەڕوانە کوڕی شیرینی، کە قەزاوەگێڕی گوندە، زاری وشکی بە ئاوی ڕووبارەکە تەڕبکات."** (ل:١٤٠)، چیرۆکنووس دەیەوێت لەڕێگەی پیشاندانی باری دەروونی دایکی کارەکتەرە کوڕەکە وێنەی ژن وەک دایک بکێشێت، کە وێنەیەکی پیرۆزو دڵسۆزی ژن وەک ئافرەت پیشان بدات. لە کۆتاییدا خەڵکی ئاوایی لە ڕزگارکردنی ژیانی

کوڕی پێکراو نائومێد دەبن، کەسێک بە ناوی (عەبداڵ) هۆکاری ئەوە بۆ ڕوانینی خراپی گوند بۆ ئافرەت دەگەڕێنێتەوە، کاتێک بە پیرەمێردی ئاوایی دەڵێت: **"ئێوە بەشێکی زۆر ئەم نشوستییە، دەدەنە پاڵ ئەو خانمانەی، کە بۆ ئاویان دەنێرن. گوایە ئەوان گوناهکارن و بۆیە ئەم ئەرکەیان پێ ڕایی ناکرێت. لێ ئەوانە، وەک ئاونگ پاکن. سەرنج بدەن، دوابەماڵی گوند پشتی کردووەتە ئەو ڕووبارەی، کە ڕاستەوخۆ لە چیاوە تافەدەکات و بێرەدا ڕەتدەبێ"** (ل: ١٤١-١٤٢)

پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، نووسەر بنیاتی ئەم تێکستەی لە ڕێگەی چیرۆکێکی فۆلکلۆرییەوە بنیات ناوە، کە سەرچاوەکەی لەنێو ئەفسانەدایە. هەروەها دوو ڕوانینی بۆ ئافرەتی پێشان داوە؛ ڕوانینێک، کە هیی سەرجەم خەڵکی ئاواییە و پێیان وایە ژنان ناتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان بە باشی ڕاپەڕێنن. هەروەها ڕوانینێکی تر لەم چیرۆکەدا بوونی هەیە، کە ڕەخنە لەو تێگەیشتنە دەگرێت و پێی وایە ئەوە لاوازیی خۆتانە و دەیدەنە پاڵ ئافرەت.

**- چیرۆکی (چەپکێ ڕێحانە بۆ دایکم)**

چیرۆکنووس لەو چیرۆکەیدا ئاماژە بۆ دیاردەیەکی خراپی نێو خێزان دەکات، کە بێوەفایی، بێباکی و خەمساردیی منداڵە بەرانبەر بە دایک و باوکیان، تەنانەت کاتێک کۆچی دوایی دەکەن، دوای ماوەیەک لە مردنیان نەک خۆیان، بەڵکوو گۆڕەکانیشیان ون دەبن.

چیرۆکەکە باس لە کوڕێک دەکات بە ناوی (سمایل)، کە دوای ساڵانێکی زۆری ژیانی لە دووریی وڵات، دەگەڕێتەوە. دایکی مردووە و دەیەوێت سەردانی گۆڕەکەی بکات لە گۆڕستانی (گردی سەیوان)، بۆ ئەو مەبەستە بە چەپکێک ڕێحانەوە دەچێت و لەوێ ناتوانێت گۆڕی دایکی بدۆزێتەوە. لەو بارەیەوە خوشک و براکانی بە کەمتەرخەم دەزانێت، چونکە ئەوان دوای مردنی دایکیان، تەنانەت یەک جاریش سەردانیان نەکردووە، لەبەر ئەوە (سمایل) گۆڕەکەی بۆ نادۆزرێتەوە.

لێرەدا خوێنەر بەر ڕوانینی (سمایل)ی کارەکتەری سەرەکی و گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەکەوێت، کە ڕەخنە ئاڕاستەی خوشک و براکانی دەکات و پێی وایە بەرانبەر بە دایکیان بێوەفا و نامیهرەبانن: **"دایکێک سێ کوڕ و سێ کچی لە ژیاندایە و وجاخیشی کوێرە، بەڵام ئەوەی من لەیادم مابێ بە سپی لە کێلی سەرینی، کە بەسەوز بۆیەکرابوو، نووسرابوو، ئەمە گۆڕی خوالێخۆشبوو ئامینەی حەمە عەلییە، لە یەکی ئاداری هەزار و نۆسەدو...دا لە دنیا دەرچووە، ئەلفاتیحا، کەچی چەند مێشکم سەنگ و سووژەن دەدەم، ناچمەوە سەری، گردی**

**سەیوانم لێ بووەتە توونی بابا"** (ل:٢٤٩) (سمایل) هەرچەندە بۆ دۆزینەوەی گۆڕی دایکی، پشت بە یادەوەریی خۆی دەبەستێت، بەڵام ئەنجام ئەو هەوڵە بێسوود دەبێت و نایدۆزێتەوە.

چیرۆکنووس لە زاری (سمایل)ـەوە بەراوردی دوو قۆناغی جیاوازی کۆمەڵگەی کوردی دەکات، لەبارەی سۆز و بەزەیی لەنێوان دوو نەوە (نەوەی پێشوو و نەوەی نوێ)، کە ئەمەی دووەمیان خوشک و براکانی (سمایل)ی گێڕەرەوە نوێنەرایەتی دەکەن. کارەکتەری سەرەکی دەڵێت: **"ئەوان جاران بەم ڕادەیەیش بێڕەحم و سەنگدڵ نەبوون، هیچ نەبێ جەژناوجەژن سەری مردووی خۆیانیان دەدا، بەڵام ئەم برا و خوشکانەی من بێت و ساڵانێکە سەری دایکمیان نەداوە، من بێهوودە دەخولێمەوە، من زۆر لەمێژە لێرە دابڕاوم و ناچمەوە سەر گۆڕەکەی"** (ل:٢٥٠) لێرەدا گێڕەرەوە نائومێدیی گەڕان بە دوای گۆڕی دایکیدا بە بێباکی و کەمتەرخەمیی خوشک و براکانییەوە دەبەستێتەوە. ناچار ئەو چەپکە ڕێحانەی، کە بۆ سەر گۆڕی دایکی هێنابوو، یەکی تەڵێک لەسەر گۆڕەکانی نێو گۆڕستانی (گردی سەیوان)دا دادەنێت، بەم کارە کەمێک ئارامیی بۆ دەگەڕێتەوە. هۆکاری ئەمەیش ڕەنگە ئەوە بێت، کە (سمایل) بە هیوای ئەوە ئەم کارەی کردووە، بەڵکوو یەکێک لەو تەڵە ڕێحانانە بکەوێتە سەر گۆڕی دایکی، چونکە لە ڕێگەی دەربڕینی (گۆڕە بێنازەکانەوە) خوێنەر ئەو ئاماژەیە دەخوێنێتەوە، کە خوشک و براکانی (سمایل) دایکیان بە بێنازی لە گۆڕستان جێ هێشتووە: **"بەبان گۆڕە بەنێو یەک ترنجاوەکاندا هەنگاوی شل و ماندو دەنێم، هەر گۆڕێکی بێناز، لەوانەی نەدرەختێک لە پاڵیاندا نێژراوە، نەکۆتەڵی چەپکە گوڵێکیان لەسەر بەجێماوە، ئەو گۆڕانەی وا بوونەتە هەواڵی نێو ڕۆژنامەکۆن و کەس نایانخوێنێتەوە، یەکی سەرو تەڵ ڕێحانەیان داوێمەسەر، تەڵە ڕێحانەکان پەپوولە ئاسا لە بان گۆڕەکان دەنیشنەوە، تەواو، ئەوا دوا تەڵم بەسەر گۆڕە بێنازەکاندا بەشییەوە."** (ل:٢٥٠)

لەم چیرۆکەدا ئەو تێگەیشتنە دەخرێتە ڕوو، کە میهرەبانیەبوون و بێباکبوون بەرانبەر بە دایک و باوک، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی دنیای مۆدێرن، کە هێندە بە ژیانی تاکەکەسییەوە سەرقاڵە، ڕابردووی خۆی بیر چووەتەوە و نازانێت دایک و باوکێک بەم ڕۆژگارەیان گەیاندووە، کە لەم چیرۆکەدا لە خوشک و براکانی (سمایل)دا خۆی دەنوێنێت. لێرەدا دایک وەکوو ئافرەتێک وێنەی کێشراوە و وەکوو قوربانیی دەستی دنیای نوێ پێشان دراوە، ئەو دایکەی، کە سەرچاوەی ژیانی نێو خێزانێک بووە. واتە لەم چیرۆکەدا دایکی سمایل (ئامینە حەمە عەلی) نوێنەری هەموو ئەو دایکانەیە، کە منداڵەکانیان فەرامۆشیان کردوون و لە بیریان چوونەتەوە.

دەتوانرێت چیرۆکی (چەپکێ ڕێحانە بۆ دایکم) هەم لەنێو بازنەی ئافرەت لەنێو خێزان و هەم لە دەرەوەی خێزانیشدا جێگەی بکرێتەوە، لە لایەک ئافرەت (دایک) یەکێک لە ئەندامە گرنگەکانی نێو خێزانە و تەنانەت خێزان بە هۆی ئەمەوە پێک دێت، لە لایەکی ترەوە ئەم چیرۆکە ئاماژە بۆ دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگە دەکات، کە نەوەکان سۆز و بەزەییان بەرانبەر بە دایک و باوکیان نییە، بە تایبەت کاتێکیش کۆچی دوایی دەکەن، هێندە بێباکن، دوای ماوەیەک ئەگەر یەکێکیان بیانەوێت سەردانیان بکەن، گۆڕەکانیان لێ ون دەبن، وەک لەم چیرۆکەدا پێشان دراوە. واتە ئەم چیرۆکە هێندەی گەیاندنی پەیامێکی کۆمەڵایەتییە و هەڵگری ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتییانەیە، هێندە بەلای ڕەهەندە هونەرییەکانی چیرۆکدا ناچێت.

**-چیرۆکی (ژنێک، بەتوێی گزنگ و پرژەی ئاو)**

ئەم چیرۆکە هەر لە ناونیشانەکەیەوە دەردەکەوێت، باس لە کارەکتەری ژن دەکات و لە ڕێگەی یەکێک لە هونەرەکانی ڕەوانبێژییەوە، کە لێکچوواندنە، پێشان دراوە و لێکچوون لەنێوان ژن و ئاودا کراوە، کە لە ناسکی و نەرمیدا لە یەک دەچن. ئەم چیرۆکە بە وەسفێکی درێژ دەست پێ دەکات و کۆتایی پێ دێت، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە یەک کارەکتەر بدرێت. گێڕەرەوەی هەمووشتزان، کە زمانی دەربڕینەکەی زیاتر لە هیی نووسەر دەچێت، لە ڕێگەی ئاوەوە خەسڵەتەکانی ژن دەردەخات، کە جوان، ناسک، میهرەبان، بەڵام ئازا و ئازادە. لە چیرۆکەکەدا ئافرەت هەم لەنێو خێزان و هەم لە دەرەوەی خێزانیشدا دەردەخات: **"ئەم ئاوە خۆیماڵی لە شووشەیە، کەچی هێلانەیەکی هێمنی بۆ ماسییەکان چێ کردووە، بوومەلەرزەیش کاری تێ ناکات."** (ل:٥٥) واتە ئافرەت ئەگەرچی خۆی لە ناسیکیدا وەکوو شووشە وایە، بەڵام ئەوەی خێزان دەپارێزێت و بەهای بە جوانی دەهێڵێتەوە، ئەوە هەر خودی ئافرەتە، چونکە وەکو قەڵغانیک پارێزگاری لە منداڵەکانی دەکات و خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناو تێک نەچوونی هێلانەکەی ڕووبەڕووی هەموو گرفتەکان دەبێتەوە. لە درێژەی وەسفەکەدا ڕاستگۆیی ئافرەت پێشان دەدات، کە قسەی دڵ و زاری وەکوو یەک وان: **"ئەم ئاوە ڕوون و ڕۆشنە، قسە و قسەڵۆکان لەدڵ ناگرێ. ئەوەی لەدڵیدایە لەسەر زاریشێتی."**(ل:٥٥), لە کۆتاییدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان، هێندە وێنەی ئافرەت پیرۆز دەکات، تەنانەت لە سەرووی سروشتیشەوە دەیبینێت، کاتێ ڕوو لە ڕووبار وەکوو سروشت دەکات و پێی دەڵێت تۆ ئەگەر ژنێک لە کەنارتا چەترێکی شین هەڵنەدات، ئەوە جوانییەکەی تۆ دەرناکەوێت: **"بەڵام ئەی ڕوبار، بەچی دەچێ ئەگەر شەکرەژنێکی بەژن زراف ڕووت، بریسکەی دەریا لە چاوانیدا، بە توێی گزنگ و پرژەی زیونی ئاو و چاویلەکەی خۆرەتاو، لە چیمەنی سەوزی کەنارتا، چەتری شینی هەڵنەدابێ"** (ل:٥٦) ئەوەی لێرەدا دەبینرێت، ئەوەیە،

که ئەم ڕوانینە و بەپیرۆز دانانی ژن، پێوەندیی بە بیروباوەڕی نووسەری چیرۆکەکەوە هەیە، کە تەنانەت گەورەییی ئافرەت بەسەر سروشتیشدا دەدات و پێی وایە ئەوەی جوانیی سروشت پیشان دەدات، جگە لە ئافرەت هیچی تر نییە. هەروەها ئەم تێڕوانینە بۆ ژن لەم چیرۆکەدا، تێروانینێکە، کە لە پیرۆزکردنەوە سەرچاوەی گرتووە و نووسەر پێی وایە ئەوەی خێزان دروست دەکات و مانا و بەهای جوانی پێ دەبەخشێت و شکۆی بەرز ڕادەگرێت، خودی ئافرەتە، لێرەدا مەبەستی لە هاوسەر و دایکە.

**- چیرۆکی (بێشکە)**

ئەم چیرۆکە وێنەو پێگەی ئافرەت لە خێزاندا دەردەخات ، چونکە چیرۆکنووس جارێکی تر باسی ئەو خەباتە بەردەوامەی ئافرەت لەناو خێزاندا دەکات، تەنانەت ئامادەیی پیشان دەدات قوربانیی بە ژیانی خۆی لە پێناوی مانەوەی خێزانەکەدا دەدات. چیرۆکەکە باس لە خێزانێکی سێ کەسی دەکات، کە لە دایک و باوک و کۆرپەیەک بە ناوی (گۆران) پێک دێت، باوکەکە دەبێتە پێشمەرگە و دایک بە بێشکەی کۆرپەکەیەوە بۆ خۆپاراستن لە تۆپبارانی ڕژێمی بەعس، وەک خەڵکانی تر دەچێتە ژێرزەمینێک. دواتر ئەو ژێرزەمینەیش تۆپباران دەکرێت و هەر کەسێک بە لایەکدا ڕا دەکات.

(مەلیح) گێڕەرەوە و کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکە و چیرۆکنووس لە ڕێگەی ئەوەوە بەو ڕۆژگارە تاریکەی شاری (هەڵەبجە)مان ئاشنا دەکاتەوە، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران کرا. هەروەها نووسەر جارێکی تر وێنەی قوربانیدانی ئافرەتی کوردمان پیشان دەداتەوە، کاتێک لەو ساتە پڕ لە مەترسییەدایە، کەچی هێشتا لە خەمی (گۆران)ی کوڕیدایە، کە منداڵێکی ساوای ناو بێشکەیە و لە خۆی دانابڕێت.

چیرۆکنووس لەسەر زاری (مەلیح)ەوە ئاماژە بە دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کە پیاوان لەنێو خێزاندا هەمیشە خەم سارد و بێباکن و چارەنووسی خۆیان وا لێک دەدەنەوە، ئەگەر خاوەنی خێزان نەبوونایە، ئەوە ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان دەژیان، لە کاتێکدا ئەم تێگەیشتنە لای ئافرەت بوونی نییە، ئەگەر هەشبێت، ئەوە زۆر کەم و دەگمەن دەبینرێت. کاتێک (مەلیح) داوا لە هاوسەری دەکات لەم دۆخە خراپەدا جێیان نەهێڵێت، ئەو ئاوا وەڵامی دەداتەوە: **"مەلیح ئاخر ناتوانم. تۆ و گۆران نەبوونایە تەپەم پێدا نەدەدا و خۆشم دەمزانی چیم دەکرد.."** (ل:٤٠٠)

لەم کاتەدا کاتێک دەنگی تۆپباران دەبیسترێت، ئافرەتێکی بەتەمەن بە ناوی (پورە فاتم) بانگی (مەلیح) دەکات، کە بێتە ناو ژێرزەمینەکەوە و خۆی بپارێزێت، ئەمیش خێرا بە

بێشکەکەی شانیەوە دەڕوات. گێڕەرەوە وێنەی سامناکی ئەو ژێرزەمینەمان بۆ دەکێشێت و دەڵێت: "**دەستم دایەوە بێشکەکەم، لە دەوری گەڕێم، گۆران نووستبوو، دوایان کەوتم، لە کۆڵان ڕایەڵی کارەبا کەوتبوونە سەر زەوی، مانگایەک وشک وەستابوو، کلکی ڕەپ کردبوو، دەیبۆڕاند، دووکەڵ بەچرپی لە گەڕەکی خوارو هەڵدەسا، ژێرزەمینەکەی ئەوبەر، درێژ، بنمیچ نزم، پڕ لە هالاوی پەنگ خواردوو، دووکەڵی جگەرە، قیژەی منداڵ، ناڵەی بریندار، شینی کەس کوژراو، پیش خواردنەوەی ژنی ژان گرتوو، ڕووناکی فانۆسەکەیش هەر لێڵ بوو، لای دەرکی ژێرزەمینەکە، نزیک پلیکانەکان بێشکەکەم دانا...**" (ل:٤٠١)

دوای ئەوەی خەڵکانی ژێرزەمینەکە ئاگادار دەکرێنەوە، کە شاری (هەڵەبجە) جێ بهێڵن، (مەلیح) جارێکی تر وێنەی ئەو دیمەنە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و ئەو دۆخە دەروونییە ناجێگیرەی خۆی و ئەوانی تریش پێشان دەدات: "**لەپڕ بازێکیان بەسەرمدا هەڵدا، دوو باز، سێ، پیرەژنەکانیش وەک کچی چواردە ساڵ بازیان دەدا، بێشکەم کەوت، ڕاستم کردەوە، بە بێشکەکەوە قەتیش مام و بەگیر وەستام، عاسی بووبووم، بۆیە من لە دوای هەموویان ژێرزەمینەکەم چۆڵ کرد، بە بێشکەوە هەڵێ، من سەرەوژوور هەڵدەهاتم، حەشامات بە لێشاو کەوتبوونە سەر جادەکان، هەناسەبڕکێ، هەنگاوی گورج، پێی پەتی، پێی بە سۆل.**"(ل:٤٠٢)

ڕۆیشتنی بەردەوامی (مەلیح) بە بێشکەی سەرشانیەوە تا ئێوارە درێژە دەکێشێت، بۆیە هەست بە ماندووبوونێکی زۆر دەکات و پشوویەک دەدات. لێرەدا (مەلیح) وەک دایکێک سەربارى ئەو سەختییەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، کەچی لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ کۆرپەکەی درێغی ناکات و هەستێکی قووڵی دایکانە بۆ ساواکەی دەردەبڕێت: "**دایکت بمرێ، پەتوویەکم نەهێنا تا بەسەریدا بدەم، کێ بیری پەتۆی مابوو، ئەی تەمەن درێژ بیت کۆرپەکەم، نە گریانێک، نە کرووزانەوەیەک، وا دیارە هەستی کردبێت لێمان قەوماوە، بێشکەکەم بەگران لە شان داماڵی، شان و قۆڵم جەمام بووبوون. دامنایە بان سەوزە گیایەکە.**" (ل:٤٠٤)

چیرۆکنووس لەناکاو خوێنەر ڕووبەڕووی وێنەیەکی چاوەڕواننەکراو دەکاتەوە، ئەویش کاتێکە، کە (مەلیح) دەیەوێت شیر بە (گۆران) بدات، دەبینێت منداڵەکە لەناو بێشکەکەدا نەماوە، بە هۆی هەندێ دەربڕینەوە هەست بە تێکچوونی باری دەروونیی دەکرێت: "**یەخەی کراسەکەم ترازاند و مەمکم دەرهێنا و بۆ زاری گۆرانم برد، گۆی مەمکم بەر زەنگۆڵە وردیلەکان کەوت، دیسان زنگە زنگ زرینگایەوە، دەزانی چی ڕوویدا، چی ببینم باشە، بێشکەکە بەتاڵ و حەتاڵ بوو، گۆرانی تێدا نەمابوو، دەگەڕام، دەسووڕام، ناوی پیر و**

**مشایەخم دەهێنا.**" (ل:٤٠٤) لێرەدا نووسەر جارێکی تر جەختی لەو بۆچوونەی خۆی کردووەتەوە، کە ئافرەت لەنێو خێزاندا وەک کەسێکی قوربانیدەر، ئازا پێشان بدات و بیکات بە پاڵەوانی نێو خێزان، چونکە ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو "بەهۆی مەرگی پێش وادەی باب و مێرد و ڕۆڵەکانیەوە، لە جەنگی درێژ خایەن و خوێناویی نیو خۆی خێڵە کوردە لەگەڵ یەک ناتەباکاندا بەلایەک و جەنگی بەناچاری بەرتەکدانەوەی شاڵاوی دڕندانەی دراوسێ نەفام و ملهوڕەکانی بەلایەکی تردا، هەردەم دڵی لە مستی دابووە، هەردەم کۆڕی پرسەو شینی ژنی کورد بۆ ئازیزانی گەرم بووە."(حەسەن، ٢٠٠٨:١٩٢)

**تەوەری دووەم: وێنەی ئافرەت لەناو کۆمەڵدا**

هەر لە دێر زەمانەوە ئافرەتی کورد ڕۆڵی بەرچاویان لەسەرجەم بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا هەبووە، بەو هۆیەوە ڕۆڵی سەرەکیان گێڕاوە لە بەرەوپێشخستنی کۆمەڵ بەگشتی، کەواتە "کار و ڕۆڵی ئافرەت لە بوژاندنەوەی کۆمەڵ و ئابووری وڵات هەر لەسەردەمی مرۆڤی نیاندەرتاڵەوە بەشێوەیەکی بەردەوام شان بەشانی پیاو خەریکی ڕاوکردن بوونەو لە ماڵەوەش ئەرکی خزمەت کردن و ڕێکخستنی ماڵ و گەورەکردنی منداڵیان لەسەر بووە هەتا گەیشتن بەم سەردەمە بەردەوام ئافرەتان ڕۆڵیان هەبووە. ئافرەتی کوردیش هەمیشە ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە کۆمەڵگە بەگشتی و شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بەتایبەتی و لە بزافی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردا دوورەپەرێز نەبوو" (حافز،٢٠٢٠) بەم پێیە ئافرەتان بەردەوام ڕۆڵی گرنگیان لە کۆمەڵگەدا گێڕاوە، ئەمەش وای کردووە کە ئافرەتی کورد بەراورد بە میللەتانی دەوروبەر پێگەیەکی بەرزتریان لەناوکۆمەڵدا هەبێ، بەڵام بە هەندێ هۆکاری خودی و کلتوری ئەو ڕۆڵە و پێگە گرنگەی لەدەستداوە، لە کۆمەڵی کوردیدا بەهۆی کۆمەڵێک یاسا دیاریکراوەوە ژن وپیاو یەکسانن، و بەپێی ئەو یاسایانە هیچ کارو مافێک بۆ ئافرەت بە ناڕەوا نەبینراوە، بەڵام کە دێینە سەر واقیع دەبینین کە ئافرەتان لە هیچ کاروبارێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرانبەر بە پیاوان یەکسان نین، تەنانەت لە بازاڕی کار، هونەر، بازرگانی و سەرجەم کایەکانی تری ژیاندا هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکرێت بەرانبەر بە پیاوان "ژنی کورد ژنی کۆمەڵگەیەکی ژێردەستەیە و لە زۆربەی لایەنی ژیندا ڕێگەی نەدراوە، بەڵکوو لەگەڵ ئەوانەشدا لەلایەن پیاوی کوردەوە سوود لە بەهرە و توانای دیاریکراویدا زۆر کەم بینراوە." (موکریانی، ٥:١٩٩٩) لێرەدا دەتوانین بڵێین لە تەواوی بوارەکانی ژیان و جومگەکانی بەڕێوەبردندا پێگەی پیاو بەهێزترە، کە ئەوەش هۆکاری سەرەکی سەرجەم کێشەکانە، بەتایبەت توندوتیژی خێزانی، لەوڕێگەیەشەوە درێژ دەبێتەوە بۆ کۆمەڵگە و ئەم تێگەیشتنە خۆی دەسەپێنێت.

پرسی ئافرەت لەناو گەلاندا، یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگ و ئاڵۆزەکانی ناو کۆمەڵ. دیارە گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی جیهان کە ئەم پرسە تێیدا بەڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، وبووە بە بەشێک لە هۆکاری ئەوەی کە وەکو پێویست نەتوانێت هەنگاو بەرەو شارستانییەت و ژیانێکی خۆش بنێت ، چونکە لە کوردەواری ئێمەدا ئافرەت وەکو مرۆڤێک کار ئەکات و ئەچەوسێتەوە و تێکەڵ بە هەموو ئێش و ئازارە کۆمەڵایەتییەکان ئەبێ، بەڵام وەک مرۆڤێک خاوەنی بۆچوون و سەربەستی و دیاریکردنی ئیرادەو کەسێتی خۆی نییە.زۆرجاریش چارەنووس و ئایندەیشی نادیارو تەمومژاوییە. (قانع، ٥:١٩٩٩)، ئەمەیش بەو

واتایەی کە ئافرەت لە ڕووی کارەوە ئەرکێکی قورسی کۆمەڵگەی لەسەرە، بەڵام لە ڕووی مافەوە ناهەقی ئەکریت. بۆیە پێویستە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بدرێت، چونکە ڕادەی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەستراو بەڕادەی پێشکەوتن و چارەسەر کردنی ئەم گرفتە. ئافرەت تەنیا لەنێو سنووری خێزاندا نامێنێتەوە، بەڵکوو دەچێتە دەرەوە و ڕۆڵ و ئەرکی هەیە، هەروەها شانبەشانی پیاوان لە دامەزراوە ئیدارییی، ئایینی، کلتووری و ڕۆشنبیرییەکاندا بەشدارە. لێرەدا ئاوڕ لەو تێکستانەی نێو کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی نووسەر (محەمەد فەریق حەسەن) دەدەینەوە، کە تێیاندا ئافرەت دەبێتە کارەکتەر و سیما و خەسڵەتەکانی لە دەرەوەی خێزان و لەناوکۆمەڵگە پێشان دەدرێن، کە چەندین ڕەهەندی جۆراوجۆریان هەیە و لە ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا ئاماژەیان پێ دەدەین.

- **چیرۆکی (خاچ)**

چیرۆکنووس بە شێوازێکی ڕەخنەیی ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنەی کۆمەڵگە و ئایین دەبێتەوە، کە سنووری دەستکرد بۆ دوو خۆشەویست دادەنێن و نایەڵن بە یەک بگەن. چونکە هەروەک "چۆن کۆمەڵ دروستکەری جیاوازیەکانە، ئەوەندەش ئاین پشتگیری و کۆمەکی کۆمەڵی کردووە لەم بوارەدا." (کوێستانی، ١٩٧٩:٤٦)، چیرۆکەکە باس لە خۆشەویستیی قووڵی نێوان (شیروان)، کە کوڕێکی موسوڵمانە و (سۆزان)، کە سەر بە ئایینی مەسیحییە. دوای ئەوەی دەبنە خۆشەویستیی یەک و چەندین ژوان دەبەستن. لە کۆتاییدا (سۆزان) بە ناچاری لە ڕێگەی نامەوە (شیروان) ئاگادار دەکاتەوە، کە خێزانەکەی نایەڵن کچەکەیان پێوەندیی لەگەڵ کوڕێکی دەرەوەی ئایینەکەیاندا هەبێت و بەم جۆرە پێوەندییەکە و چیرۆکەکەیش کۆتایی پێ دێت.

لەم چیرۆکەدا ئافرەت جارێکی تر نەک قوربانیی دەستی کلتووری دواکەوتوویی کۆمەڵگەیە، بەڵکوو ئەم جارە ئایینیش دێتە ناوەوە، کە لێرەدا مەبەست لە ئایینی مەسیحییە و دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لە بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویست، تەنانەت ناونیشانی چیرۆکەکەیش (خاچ) ئاماژەیەکی ڕوونە، جارێک بۆ هەڵواسین و ئازاری پێغەمبەر (عیسا)، جارێکیش بۆ ئایینەکە. لێرەداماڵی (سۆزان)، کە سەر بە ئایینی مەسیحن، نایەڵن کچەکەیان پێوەندی لەگەڵ کوڕێکدا هەبێت، کە لە ئایینەکەی خۆیان نییە.

چونکە لەم چیرۆکەدا نووسەر باس لە خۆشەویستیەکی بەیەک نەگەیشتوو دەکات، بەبڕوای نووسەر **"تاکی کوردی تاکێکی ناکامە ناگاتە ئاواتەکانی و تا ئێستاش دوو خۆشەویست ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان ئیختیاری خۆشەویستی خۆیان بکەن بەهۆی دوواکەوتووی ئاستی بیرکردنەوەی خێزانەوە"** (گفتووگۆ لەگەڵ نووسەر:٢٠٢١)

گێڕەرەوە باسی دیوی دەرەوەی (سۆزان) دەکات و سەرنجراکێشییەکەی نیشان دەدات: **"لەسەر ئاوازی ڕەوتی هێمنی خۆی و شنەبایەکە، تاڤگەی قژەخاوەکەی شەپۆلی دەدا. ئەڵقەی گوارە زێڕە شۆڕەکانی چاوشارکێیان لەگەڵ گۆی خۆری دەمەو ئێوارەدا دەکرد؛ بەرەنگار دەبوون، بە یەکدا هەڵدەپژان. لە نەرمایی سینگیدا، دوو مەمکۆڵەی سرکی تامەزرۆی دەستبازیی خێوەتی پیرۆزەییان هەڵدابوو. بلووزە پیرۆزەییەکەی، لە کەمەریدا چەسپی سەر چارلستۆنە زەیتوونییەکەی بوو. لە ڕەوت و ڕۆینیدا، لەرەی بەئاستەمی مەمکی نیوەدیار و شەپۆلی قژی شانەکراو، ورشەی چارلستۆن و تەقەی پاپووجەکانی، لەسەر ڕەزمێک یەکیان دەگرتەوە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا، چەپکێک گوڵاڵەی نینۆکە پەمەییەکانی لە دەرلینگی چارلستۆنەکەیەوە سەرەتاتکێی دەکرد."** (ل:٦٣٥-٦٣٦) ئەم وەسفە جەستەییانەی (سۆزان) و دەرخستنی ڕووی جوانی دەرەوەی، هۆکارێکی سەرەکین بۆ ئەوەی سەرنجی (شیروان) بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و داوای خۆشەویستیی لێ بکات، کە دواتر بە هۆی ڕێگریی ئایینەوە لە یەک جیا بوونەوە. ئەم سەرسامییەی (شیروان) بۆ (سۆزان) کاتێک دەردەکەوێت، کە لە کۆگایەکدا بۆنێک هەڵدەگرێت و دەیەوێت پێشکەشی (سۆزان)ی بکات، پێی دەڵێت: **"- ئەمەیان هەڵگرە کچی جوان!**

**- چەند بێ چاو و ڕووی!"** (ل:٦٣٦)

کاتێکیش پێکەوە ژوان دەبەستن، خوێنەر هەست بە خۆشەویستییە قووڵەی نێوانیان دەکات: **"سۆزان سەری قسەی دامەزراندەوە:**

**- ڕێکەوتێکی سەیرە!**

**- چۆن؟**

**- چی دەتوانێ دوودڵ پێکەوە بەستێ یەکێکیان لەمپەڕ و ئەوی تریان لەوپەڕی شار؟**

**- خۆشەویستی!**

**- ئەی لە گەڕەکی خۆتان، هیچ کچێ...؟**

**- کە خۆر هەڵهات ئیتر ئەستێرەکان جیلوەیان نایە!**

**- زۆر زانی!**

**- بەڕاست ئەمجارەیان وادەمان کوێ بێت؟**

**- بەنامە ئاگادارت دەکەمەوە."** (ل:٦٣٧) بەڵام ئاگادارکردنەوەی بۆ بینینەوەی یەک نەبوو، بەڵکوو بۆ گەیاندنی ئەو پەیامە بوو، کە ماڵەوەی (سۆزان) بە پێوەندییەکەیان زانیوە و نایانەوێت کچەکەیان لەگەڵ کەسێکدا پێوەندی هەبێت، کە لە دەرەوەی ئایینەکەیانە. لە شێوازی نامەکەدا دەردەکەوێت، کە (سۆزان) هەرچەندە سەر بە ئایینێکی جیاوازە، بەڵام هەر

قوربانیی دەستی کلتوور و بیرکردنەوەکانی پیاوە. لە نامەکەدا هەست بەمە دەکرێت: **"شیروان گیان، ئەگەر لە یاد بێت، پێرێ ئێوارە لەسەر گۆمەکە من لێم پرسیت، کاتێک نوێژ دەکەی ڕوو دەکەیتە کوێ؟ بەڵام ئەوی ڕاستی بێت تۆ وەڵامی پرسیارەکەت نەدامەوە! چونکە من مەبەستم لەوەبوو، پێم بڵێیت تۆ لەسەر کام ئایینی؟ ئەو شەوە کاکم هاتەوە، باسی تۆم بۆ کرد، دیاربوو ئەو دەیناسیت، بۆیە لەسەرخۆ ناسازترین هەواڵی بەگوێمدا دا، وتی: چەند کوڕی چاکە، بەڵام بە داخەوە موسوڵمانە! ئێمە بۆ یەک نابین. ئەم شوورە و سنوورانەیش دەستکردی پیاون، من لە تۆ زیاتر کۆت و پابەندیانم. ئەو خاچەی ناو نامەکەیش با یادگار بێت لەلات... دڵسۆزت: س."** (ل:٦٣٧)

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا پەیامی ئەوە بە خوێنەر دەگەیەنێت، کە خۆشەویستی سنوور نازانێت و پێوەندیی بە ئایینەکانەوە نییە، بەڵکوو خۆشەویستیی نێوان دوو مرۆڤ، جوانترین پێوەندییە لە دەرەوەی سنوور و ئایین. واتە نووسەر ڕەخنە لەو تێگەیشتنە دەگرێت، سنوورە دەستکردەکان، کە پێی وایە هیی پیاون، بوونەتە ڕێگر لە بەردەم پێکگەیاندنی دوو خۆشەویست و لێرەدا هەم (سۆزان) وەک کارەکتەرێکی ئافرەت قوربانییە و هەم (شیروان)یش.چونکە خاچ لێرەدا نیشانەی قوربانییە . کەواتە ئەم چیرۆکە لە بازنەی وێنەی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەدا جێگەی دەبێتەوە.

**لە چیرۆکی (قولاپی چاوەکان)دا**

چیرۆکنووس دوو وێنەی ئافرەتی نیشان داوە، یەکەم، ئافرەت لەناو گونددا لە کاروباری گونددا شانبەشانی پیاوان کار دەکەن و ئەرکەکانیان ڕادەپەڕێنن، دووەم، وێنەی ئافرەت وەک خۆشەویست، کە کارەکتەری (نازەنین) بەرجەستەی دەکات.

چیرۆکەکە بەسەر سێ تابلۆدا دابەش کراوە و لە تابلۆی یەکەمدا هەم باس لە ئەرکی (نازەنین) کراوە و هەم چیرۆکی خۆشەویستیشی بەرباس دراوە. لە تابلۆی دووەمدا چیرۆکی (حەمە گەرمیانی)ی باوکی (نازەنین) دەگێڕدرێتەوە. لە تابلۆی سێیەمدا ماڵی (نازەنین) دەگوێزنەوە بۆ شار و نەخۆش دەکەوێت. لەو دۆخەدا چاوەڕوانی باوکی دەکات، کە ئێوارە کاتێک لە کار دەگەڕێتەوە، دەرمانی بۆ بکڕێت. لێرەدا ئێمە تەنیا لەسەر تابلۆی یەکەم دەوەستین، کە پێوەندی بە وێنەی کارەکتەری (نازەنین)ـەوە وەک ئافرەتێک هەیە. لەم چیرۆکەدا ئافرەت وەک کەسێکی هاوکاریکار نیشان دراوە، کە لە ئەرک و فرمانی گونددا لەگەڵ پیاواندا بە یەکسانی کار دەکەن. گێڕەرەوە لە وەسفی (نازەنین)دا، کە لە وەرزی هاویندا دروێنەی کردووە، بەم جۆرە باسی دەکات: **"کە وەنەوز خۆری شۆڕ دەکردەوە بۆ**

**ئاسۆگەی حەوانەوەی ئێوارانی، تۆیش داس و پەنجەوانەت فڕێدەدا و دەگەڕایتەوە باوەشی دێ"** (ل:٦٣٩)

هەر لە تابلۆی یەکەمدا نووسەر چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان (نازەنین) و کوڕە ئامۆزاکەی باس دەکات، کە لە کاتی کارکردندا لەگەڵ یەکدا ئەو خۆشەویستیە دەگۆڕنەوە. ئەمە لە دایەلۆگی نێوانیاندا دەردەکەوێت، کاتێک (نازەنین) بە ئامۆزاکەی دەڵێت: **"- کوڕە لاوە لە بەرت مرم! ئەمڕۆ زۆرت گەوز وەشاند، ماندوی؟**

**- چاوانی تۆم لێ دیاربن؛ ماندوبوون بەمن ناوێرێ!**

**- دڵ نیگەرانت دەبم!**

**- دەڵێم ئەم پاییزە وادەی هاتووە!**

**- هیچی خراپت بیستووە؟**

**- نەخێر.. بەڵام دڵم خوتووره دەکات."** (ل:٦٣٩)

بەکورتی لەم چیرۆکەدا خوێنەر بەر دوو وێنەی جیاوازی ئافرەت دەکەوێت، وێنەیەکیان پێشاندانی هێزو توانای ئافرەتە، کە نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەری (نازەنین)ـەوە دەریخستووە، لە ئەرک و فرمانی گونددا هاوکاری پیاوان دەکەن و شانبەشانیان کار دەکەن. وێنەیەکیان دەرخستنی ئافرەتە وەک خۆشەویست و چیرۆکی ئەو خۆشەویستییە نیشان دراون. واتە وێنەی ئافرەتە لەناو کۆمەڵگەو و دەرەوەی خێزاندا.

**- چیرۆکی (پەریخان)**

بەراورد بە چیرۆکەکانی تر، تا ڕادەیەک درێژترە و نووسەر باسی لە گرفتێکی ئافرەت کردووە، کە لە ئەنجامی دڵپاکی و سادەیی خۆیدا دەکەوێتە ناو هەڵەیەکی گەورەوە و بەبێ بیرکردنەوە کەسێک بۆ هاوسەرگیری هەڵدەبژێرێت. کارەکتەرە ئافرەتەکە لە (پەریخان)دا بەرجەستەیە و ناونیشانی چیرۆکەکەیش هەر بەو ناوەوەیە، کچێکی گوندیی سادەیە و بە دڵپاکی خۆیەوە دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی شوانێکەوە بە ناوی (ڕێبوار)، تا لە کۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت ئەو شوانە نەک ئەو، بەڵکوو تەواوی خەڵکی گوندەکەی فریو داوە و فێڵی لێ کردوون، ئەویش کاتێک ڕوون دەبێتەوە، کە بە خەڵکی ئاوایی دەڵێت گورگ بەسەر مەڕەکانیدا داوە، لە کاتێکدا خۆی و چەند کەسێکی تر ئاژەڵەکانیان بۆ شار هێناون و فرۆشتوویانن و بە پارەکەی خانوو و ئۆتۆمبیلیان پێ کڕیون.

چیرۆکەکە باس لە ڕووداوێکی سەیر دەکات، کە لە گوندێکدا ڕوو دەدات. کاتێک کەسێک بە ناوی (ڕێبوار) بۆ شوانی ڕانەکانیان دەدۆزنەوە. (پەریخان) کچی یەکێک لە پیاوماقووڵەکانی گوندە و لەگەڵ (ڕێبوار)ی شواندا دەکەونە ناو خۆشەویستییەکی قووڵەوە. ڕۆژێک شوان

هەواڵ بۆ گوند دەهێنێتەوە، کە بەشێکی زۆری مەڕەکان گورگ ملی شکاندوون، دانیشتووانی ئاوایی گومان دەکەن و دواتر بۆیان دەردەکەوێت (ڕێبوار) خۆی لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ئەو کارەیان کردووە و بەرەو شار هەڵهاتوون. ڕۆژێک خەڵکی گوند دەیانەوێت ئەو شوانە بدۆزنەوە، کە فێڵی لێ کردوون، لە بەردەمماڵێکدا دەیدۆزنەوە و دەیانەوێت تۆڵەی لێ بکەنەوە، بەڵام (ڕێبوار) بە خۆی و ئۆتۆمبیلەکەیەوە لە دەستیان هەڵدێت.

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا نووسەر وێنەی خۆشەویستییەکی قووڵی نێوان (پەریخان) و (ڕێبوار)ی شوان دەگرێت، کاتێک ئێواران ڕانەکە بۆ گوند دەهێنێتەوە و کچان مەڕەکان دەدۆشن، هەردووکیان شەیدای یەک دەبن و (ڕێبوار) لە ڕێگەی ژەنینی شمشاڵەوە ئەو خۆشەویستییە بۆ (پەریخان) دەردەبڕێت: "**ڕێبواری شوان وەک لە پێشوازیی ئازیزێکی گیانی بەگیانیدا بێت، هەڵێکردۆتە بان گابەردێک ڕووەو ئاوایی قامکان لە شمشاڵ دەبزوێنێ. بەشوێن یەکدا چەندین ئاوازی خۆش دەژەنێ. بەڵام هیچ کام لەو ئاوازانە ناگەنە ئەو پارچە نەوایەی، کاتێک (پەریخان) بەرەوڕوو دێت، فووی پێدا دەکات و لە ئەوکی شمشاڵەکەیدا دەیلەقێنێتەوە. ئەو ئاوازەیان لەوانی تر جیاوازە و دانسقەیە.**" (ل:٣٣٩-٣٤٠)

دواتر گێڕەرەوە هۆکاری ئەو گەرمییە لە ژەنینی شمشاڵ لەلایەن (ڕێبوار)ەوە نیشان دەدات و لە وەسفێکی جەستەیی (پەریخان)دا دەیخاتە ڕوو، کاتێک ئێواران بۆ مەڕدۆشین دێتە ناو ڕانەکە: "**پەریخان لای ئێواران، وەختایێ دەچێتە نێو پەزان، ڕووی دەپشکوێ، وەک مانگی چواردەی شەوی ساماڵی لێ دێت، ئاڵ. بە دەوریدا خەرمانەی نوورێکی زیوین پەرژینێتی. ئەگەرچی پەریخان تازە دەگاتێ. پەریخان لە نهێنی ئاوازەکەی ڕێبوار حاڵییە. زۆر ئێواران بینیویانە، بەرلەوەی بۆ نێو ڕان بەڕێبکەوێت، تەڵێک ڕێحانە ڕەشە، تەڵێک نێرگز، یان گوڵەباخێکی خۆماڵی دەدات لە قژی. بەڵام کاتێ بە جامە شیرەوە دەگەڕێتەوە، گوڵەکەی بە سەرەوە نەماوە. دەڵێن لەنێو ڕان پێشکەش بە ڕێبواری شوانی دەکات.**" (ل:٣٤٠)

پاشان نووسەر گفتوگۆی نێوانیان دەگوێزێتەوە و خوێنەر زیاتر هەست بەو خۆشەویستییە قووڵە دەکات. (ڕێبوار) چەپکێک گوڵ بۆ (پەریخان) دەهێنێتەوە و ئەویش پێی دەڵێت: "- **سوپاس ڕێبوار. چەند چەپکێکی جوانە. نێرگزی بناری چیایە!**

**- جا نێرگز چییە پەریخان؟ ئەم دەشت و هەڵەتە بەتۆوە جوانن. ئەگەر لە دەستم بهاتایە، نێرگزی ئاسمانم بۆ دادەگرتی!**

**- نێرگزی ئاسمان؟ مەبەستت لە چییە؟**

**- مەبەستم پێ ئەستێرەکانە! ئاخر پۆلە ئەستێرەش نێرگزەجاڕی ئاسمانن. بۆم بکرێ تەڵ تەڵ بۆتیان چەپک دەکەم!**

**- ئەڵڵا.. قسەکانت چەند خۆشن!**

**- دەڵێم ئەم هاوینە بێتەوە شەرتە شوانییەکەم وەردەگرم.**

**- جا نیازی چیت هەیە ڕێبوار؟**

**- بەنیازم زەماوەند بکەین پەریخان!**

**- دەزانی ڕێبوار، پێش ئەوەی خۆت بیدرکێنی، دەستە خوشکەکانم ئەم هەواڵەیان بەگوێمدا داوە!**

**- دیارە بە بۆچوونی ئەوانیش، وادەی هاتووە. بەڵام ئەوەی کۆسپ بێ لە ڕێگەماندا...**

**- هەیڕۆ کۆسپی چی؟**

**- سمکۆ! خۆت دەزانی ئەویش بەهیوای تۆیە. سمکۆ چاویشی بەمندا هەڵنایەت!"** (ل:٣٤٠-٣٤١) ئەوەی لەم گفتوگۆیەدا هەست پێ دەکرێت، ئەوەیە، کە ئاماژەکانی پێکنەگەیشتن و فێڵی (ڕێبوار) بە ناڕاستەوخۆیی دەبینرێت، لە کاتێکدا (پەریخان) بەوپەڕی سادەییی خۆیەوە باوەڕی پێ دەکات، کاتێک دەیەوێت (سمکۆ) بکات بە بەربەست و ڕێگر لە بەردەم هاوسەرگیرییاندا.

تەنانەت ئەم خۆشەویستییەی (ڕێبوار) بۆ (پەریخان) لە چەندین شوێنی تردا دووبارە دەبێتەوە. ڕۆژێک (ڕێبوار) شمشاڵ دەژەنێت و (پەریخان) بۆ لای دێت. گفتوگۆیەگ لەنێوانیاندا دروست دەبێت و زیاتر ئەو خۆشەویستییە قووڵە دەردەکەوێت: "**- فەرموو وەرە ژووری، لە مێژە چاوەڕوانم!**

**- ڕاستیت دەوێ قەدەرێکە لە لاتم!**

**- چۆن؟ ئەی ئەوە نەبوو ئێستا لە دەرگەت دا؟**

**- ئێستا لە دەرگەم دا، بەڵام تاوێکە لەودیو دەرگەوە گوێم بۆ ئاوازی شمشاڵەکەت هەڵخستبوو!**

**- بەهیوام بەدڵت بووبێت. فەرموو دانیشە با ئەو ئاوازەت بۆ بژەنم، کە خۆت حەزت لێیە!**

**- جارێ پێم بڵێ بۆچی لە دووت ناردبووم؟**

**- بەشان و گۆزەی سوورەوە چەند جوان بووی، کاتێک ئێوارە ورد ورد لە کانیی ژنان دەگەڕایتەوە!**

**- سوپاس ڕێبوار گیان. ڕەنگە هەر لە چاوری تۆدا بەو ڕادەیە جوان بم، ئەگینا منیش وەک ئەوان کچۆڵەیەکی ئاساییم!**

**- نانا، پەریخان، ئەوان ئاساییــن، بەڵام تۆ زۆر سەرو ئاسایی کەوتووی! ئەی گوایە نابینی تەواوی کوڕگەلی دێ بە ئاواتی زەردەخەنەیەکتەوەن؟**

**- با وابێت، خۆ من تەنیا یەکێکم لەو کوڕگەلە پەسند کردووە."** (ل:٣٤٢) واتە نووسەر جارێکی تر دڵپاکی و سادەییی (پەریخان) نیشان دەداتەوە، کە چەند بە ئاسانی فریوی وشەکانی شوانەکەی خواردووە.

هەر لەناو چیرۆکەکەدا چیرۆکی دایکی (پەریخان) دێتە ناوەوە، کە لە گفتوگۆی نێوان و (پەریخان) و باوکیدا باسی دەکرێت و هۆکاری مردنەکەیشی ڕوون دەبێتەوە. لێرەدا خوێنەر بەر وێنەیەکی جیاوازتر لە ئافرەت دەکەوێت، کە کەسێکە خاوەنی هێزە و دەیەوێت کێشەی نێوان دوو لایەن چارەسەر بکات و وایان لێ بکات کۆتایی بە شەڕ بهێنن، کە هەر لەو ناوبژییەدا دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوللە و گیان لەدەست دەدات. ئەم بەسەرهاتە لەسەر زاری باوکی (پەریخان)ـەوە دەگێڕدرێتەوە و باسی مردنی دایکی بۆ دەکات: "**- تازە ئەو ڕۆی. هەر کە زانیبووی ئەو دوو کوێخایە شەڕیانە، وتبووی با خوێنی خەڵکی بێ تاوان نەڕژێ. ڕووی کردبووە مزگەوت و پەلاماری قورئانێکی دابوو، ڕێک بۆ ناوەڕاستی شەڕەکە، تا بکەوێتە نێوانیانەوە. ئەوانیش سەنگەریان لەیەک گرتبوو. هەر گوێشیان لێ نەگرت. دایکت کەوتە بەر دەستڕێژی گوللەی هەردوولایان! ئەوە بۆیە وتم خوانەکات بچیتەوە سەر ئەوا!"** (ل:٣٤٤)

هەر لە درێژەی گفتوگۆی نێوانیاندا باسی هاوسەرگیری (پەریخان) دێتە پێشەوە و خوێنەر بەر ڕوانینی باوکی (پەریخان) دەکەوێت و بە تێگەیشتنی ئاشنا دەبێت، لە لایەک وەک باوکێکی ڕۆشنبیر و کراوە دەردەکەوێت، و کچەکەی لە هەڵبژاردنی هاوسەردا ئازاد دەکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە کەسێکە پابەندی کلتوور و دابونەریتە و نایەوێت کچەکەی شوو بە کەسێکی بێگانە بکات. لێرەدا کارەکتەری ئافرەت دەبێتە قوربانی، کە ناتوانێت لە دیاریکردنی ژیان و چارەنووسی ژیانی خۆیدا ڕۆڵی هەبێت و بەشدار ببێت. باوکی پێی دەڵێت: "**- ئێستەیش کچی خۆم خۆت سەرپشک بە. ئەوە ڕێبوارە، کە لەبەر چاوتە. خۆ من هیچ زۆرم لە سەرت نییە. بۆ مەسەلەی سمکۆ، باو و باپیری دەناسم و دەیان ساڵە پێکەوە لەم دێیە ژیاوین. سمکۆ بە ئێمە نامۆ نییە. هەرچی ڕێبواریشە ئەوا بەهەڵس و کەوتیا دیارە چۆن کوڕێکە.**

**- بۆچی ئافرەت چەند جار هاوسەری خۆی دیاری دەکات بابە؟**

**پەریخان دوای تاوێک بێدەنگی، سەری داخست و بەهێمنی و شەرمەوە ئەوەندەی وت. باوکیشی لەوەڵامدا وتی:**

**- دە چاکە. کەواتە ئەمە دوا قسەتە و ڕات لەسەر ڕێبوارە!"** (ل:٣٤٤)

کاتێک (ڕێبوار)ی شوان لە شاردا و لەناو خانوویەکی سەرنجڕاکێش و ئۆتۆمبیلێکی جواندا دەبیننەوە، گێڕەرەوە ئەو پەشیمانی و فریوخواردنەی (پەریخان) نیشان دەدات، کە بەوپەڕی دڵپاکی و سادەییەوە ئەو کوڕەی خۆش ویستووە: **"دوو ڕست فرمێسکی گەرم بە بان گۆناکانی پەریخاندا دەخزێن. بازنە شێنەکانی دەوراندەوری چاوە نێرگسییەکانی زۆرتر و تێرتر دەبن. کەسێک لەوان هیچ نالێت."** (ل:٣٥٢) لێرەدا ڕشتنی فرمێسکی (پەریخان) مانای پەشیمانی دەگەیەنێت، کە لە ئەنجامی کارێکی هەڵەوە سەری هەڵداوە، ئەویش بەخشینی خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەر بۆ کەسێکی هەڵخەڵەتێنەر و فریودەر، تەنانەت دانانی پلان بۆ هاوسەرگیری.

بەکورتی نووسەر لەم چیرۆکەدا وێنەی ئافرەتی وەک قوربانیی دەستی درۆ و ناپاکیی نیشان داوە و هەروەها ئەو ئازارەی لەم ڕووەوە دەیکێشێت. (پەریخان) وەک قوربانیی دەستی (ڕێبوار)ی شوان، کە بەڵێنی هاوسەرگیری پێ دەدات و دواتر فێڵ لەو و لە تەواوی دانیشتووانی گوند دەکات. هەروەها دایکی (پەریخان)، کە بووەتە قوربانیی ناکۆکییەکانی نێوان دوو کوێخا و لە ئەنجامی دەستڕێژی گوللەوە دەکوژرێت. واتە لەم چیرۆکەدا دوو جار ئافرەت دەکوژرێت، جارێک بە جەستەیی، کە دایکی (پەریخان)ە و جارێکیش بە مەعنەوی، کە لە کارەکتەری (پەریخان)دا بەرجەستەیە، لە ئەنجامی ئەو درۆیەی (ڕێبوار) لەگەڵیدا کردی، لە ڕووی مەعنەوییەوە مرد.

**- چیرۆکی (دیدەنی)**

چیرۆکنووس باس لە گرفتێکی گەورەی ئافرەت دەکات، کە کوڕە تاقانەکەی دەکەوێتە زیندانەوە و دوای هەوڵێکی زۆر، لە کۆتاییدا ناتوانێت پێی بگات و لە باوەشی بکات. شوێن لەم چیرۆکەدا زیندانێکە، کە نووسەر لە کۆتاییدا وەک تێبینی نووسیویەتی (ئەمنی بەلدە)ی سلێمانیی سەردەمی ڕژێمی بەعسە.

چیرۆکەکە باس لە دایکێک بە ناوی (خاوەر) دەکات، کوڕە نۆبەرەکەی، کەناوی (نەورۆز)ە و تاقانەی چوار خوشکە، بە هۆکاری ناسینی کەسێک لە قوتابخانەکەی بۆ ماوەی حەوت مانگ دەخرێتە زیندانەوە. (خاوەر) لە ماوەی هەفتەیەکدا هەموو عەسرێک دێتە ئەم زیندانە، بەو هیوایەی چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت، کەچی لە هەموو جارەکاندا بەبێهیوایی دەگەڕێتەوە.

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە ئەو خەمە قووڵەی (خاوەر) وەک دایکێک بۆ ڕۆڵەکەی نیشان دەدات و دەڵێت: **"ئاااى خاوەر. ئەمڕۆ بە سەبەی، وا بۆ هەفتەیەک دەچێت، هەر لە عەسرەوە ئەم پیادەڕەوە سارد و ساباقە جێتە. چاوڕوانی. چاوەڕوانیی تێکەڵ بە دڵەخورپێ، هەناسە سواریی و گومان و دڵەڕاوکێ. تۆ بە ئومێدی والابوونی دەرگە پۆلاڕێژەکان دێیت. وەلێ ئەوان دەست بەڕووتەوە دەنێن. پاڵت پێوەدەنێن، پیاتا هەڵدەشاخێن، دەرتدەکەن، کەچی**

**تۆ گرگڕ بۆ سبەی عەسر ڕێ و ڕێ دێیتەوە ئێرە. ئەوان دەستی دەستیت پێدەکەن. وەلێ هەر بە تەنیا تۆ نیت خاوەر. ماوەیەکی درێژە چاوت بڕیوەتە دەرگە. دە ئاوڕێکیش بۆ دواوە بدەرەوە؟"** (ل:٥٦٧)

هەر لە درێژەی ئەو وەسفەدا باسی تەمەنی (خاوەر) وەک دایکێک دێتە پێشەوە: **"پەیژەی تەمەنت بۆ پلەی پەنجاهەم هەڵدەکشێت و بەم ئێوارە وەختەیە، تەنیا چاوانت بەدەرەوەن. لەو بن دیوارەدا کز و بێدەنگ هەڵکورماوی. زوو زوو چمکی عەبایەکە بەسەر زەمیلە نایلۆنەکەدا دەدەیتەوە. بەدڵ و گیان ئەو زەمیلەت لە ئامێز گرتووە. کوببە، شفتە، پرتەقاڵ و سەوزە... تۆ هەر دوای نیوەڕۆیەک لە نوێ ژەمێکی دیکەی بۆ سووردەکەیتەوە. ئەوا هەفتەیەک ڕابورد و هەر بە دیداری کوڕەکەت شاد نەبووی. تۆ دەبێ پشووت درێژبێ خاوەر."** (ل:٥٦٧)

گێڕەرەوە ئازاری (خاوەر) وەک دایکێک دەگێڕێتەوە، کە چەند بۆ بینینەوەی کوڕەکەی بە پەرۆشە. ئەمە لە گفتوگۆی نێوان (خاوەر) و ژنێکی تردا دەردەکەوێت: **" ئەوەی لای تۆ چ کارەیە؟**

**- قوتابییە ئا لەو ئامادەییەی ئەوبەر.**

**- کوڕتە؟**

**- ئا، نۆبەرەکەمە! تۆ بڵێی ئەمڕۆ بهێڵن بەقسە بیانبینین؟**

**- دەڵێن هەروا دووراودوورە!**

**هەناسەیەکی درێژ هەڵدەکێشی. دەست بە دەستا دادەماڵێت و سەرنجی دەرگە دەدەیت. ڕیزەکەیش هەر لە جێی خۆیەتی. ئاوڕ لە ئافرەتەکەی دواتەوە دەدەیتەوە و لەسەری دەڕۆی:**

**- تاقانەیشە. بەچوار خوشک ئەو برایە شک دەبەن!**

**دڵت توند و پڕدەبێت. چاوەکانت تەڕدەبن. بەڵام پێش دەخۆیتەوە. خەمەکە بەناخی خۆتا دەکەیتەوە."** (ل:٥٦٨)

(خاوەر) لەناو ئەو چاوەڕوانی و ئازارەدا ساتی منداڵی و گەنجی خۆی بەبیر دێتەوە، تەنانەت چیرۆکی هاوسەرگیریشی باس دەکرێت: **"تۆ لەو دەمەدا ئەو سەروەختەت وەبیر دێتەوە، کە کچۆڵەیەک بوویت تازە دەگەیشتیتی. ئەو حەلە ساڵانە باوکت بۆ ماوەی هەفتەیەک، دە ڕۆژ، بە دیدەنی دەیهێنایتە ماڵی مامت لەم شارە. هاوینانیش کاتێک سەوزە و میوەی لادێ پێدەگەییشتن، ئەوانیش حەوتوویەک دوانیان لەلای ئێوە، لەو پشت کێوە بەسەردەبرد. هەر ئەو هامشۆیەیش بوو بە هۆی ئەوەی مامت پەسەندت بکات و بۆ (حەمەڕەش)ی کوڕە گەورەی خۆی بتخوازێت."** (ل:٥٦٩) ئەم گەڕانەوەیە وەک ئاماژەیە بۆ دەرچوون لەو بارە دەروونییە سەختەی ئێستا، کە کەمێک لێی دوور بکەوێتەوە و پشوویەک بە دەروونی خۆی بدات.

جارێکی تر نووسەر ئەو بارە دەروونییە خەراپەی (خاوەر) نیشان دەداتەوە، کە هەرچەندە خواردنێکی تایبەتی ڕازاندووەتەوە، بەڵام تا بە کوڕەکەی نەدات، دڵی نایەت خۆی بیخوات، لێرەدا جارێکی تر هەست و سۆزو بێ ئۆقرەیی دایکمان بەرانبەر بە منداڵەکەی پێ ئاشنا دەکات: **"لە برسانا دڵت زەعف دەکات. خۆ تۆ نیوەڕۆ ئەم هەموو خواردنەت ڕازاندەوە، کەچی دڵت نەیبرد پارووپەکی لێ بنێیتە سەر زار. ئێستەیش لاکەی دڵت دێت. چەند دەکۆشی نە دەستت تێیدەچێت و نە دڵیشت دەیبات پارووپەکی لێ بخۆیت، نەبادا کەم ببێتەوە. بەدڵ و بەگیان بۆ نەورۆزت ڕازاندووەتەوە"** (ل:٥٧١)

لەو ساتی چاوەڕوانییەدا (خاوەر) بیری بۆ منداڵی و بۆ لای ئەو دێڵەگورگە دەچێت و هەست بە ئازارەکەی دەکات، کە منداڵانی گوند خەریکن یاریی بە بێچووەکانی دەکەن و بە بەرد سەریان پان دەکەنەوە: **"هەنگاو دەنێیت تاکو سەربکەویتە ئەو ڕاڕەوە درێژەی بۆ قاوشەکانت دەبات. جارێکی دی حاڵی ئەو بێچووە گورگانەت دێتەوە بەرچاو، کاتێک ئەوان بە دەست منداڵانی ئاواییەوە یاری و مەزاقیان پێ دەکرا و لەوەدابوو سەریان پان بکەنەوە. بێچوو، هەر بێچووە.. دایکایەتیش هەر دایکایەتی"** (ل:١٧٣) واتە لێرەدا (خاوەر) لێکچوواندن لەنێوان خۆی و ئەو دێڵەگورگەدا دەکات و پێی وایە ئەو هەستی دایکایەتییە لەلای هەردووکیان هەمان شتە و لە یەکتر جیاواز نین.

لە کۆتاییدا (خاوەر) بە (نەورۆز)ی کوڕی شاد دەبێتەوە و گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئەو هەست و پەرۆشییەی هەردووکیان نیشان دەدات و وەسفی جەستەی (نەورۆز) دەکات، کە بە هۆی زیندانەوە چەند گۆڕان لە ڕووخساریدا دروست بووە، کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی (نەورۆز) حەوت مانگی تەمەنی زیندانی بە سەختی لێ ڕۆیشتووە: **"ئەوا لێبڕایت و تەکانت دا، ئێستا یەک بەخۆت غاردەدەی. نەورۆز ئەوەتا لەودیو جامخانەی پشت شیشبەندەکەوە. لە هاوڕێ زیندانییەکانی بڕێک کەلەگەتترە. سەر و گەردنی بە تەواوی دەبینرێت. وەک جاران قژی داهێناوە و خەتی تێ کردووە. کڵافەیەک قژی ڕەش لەسەر هەنیەیەتی. ڕوویەکی سێگۆشە و ڕوومەتی قوپاو. چەناگەیەکی باریکی بە تەنکەڕیش. ڕەنگی لە ڕەنگی گەڵا وەریوەکانی ئەم ئێوارەیەی بان شەقامەکانی شار دەچێت. وا ئەویش تۆی بینی. ئێوە ڕەنگی یەک دەبینن وەلێ دەنگتان بە یەکدا ناگات. تۆ لێبڕاوانە هێرش دەبەی"** (ل:٥٧٤)

دوای هەوڵێکی زۆر بۆ ئەوەی (نەورۆز)ی کوڕی ببینێت، کاتێک بۆ لای دەچێت، لە حەژمەتدا دەبوورێتەوە، کاتێک بە ئاگا دێتەوە، سەربازێک هاوار دەکات: **"ئەم ناوە چۆڵکەن، دیدەنی تەواو!"** (ل:٥٧٦)

بەکورتی، ئەم چیرۆکە گێڕانەوەی ئازاری دایکێکی چاوەڕوانە بۆ ئازادبوونی کوڕە تاقانەکەی و گواستنەوەی ئەو دۆخە دەروونییە خراپەی دایکێکە، کە بۆ بینینەوەی ڕۆڵەکەی چەند بە پەرۆشە. واتە لێرەدا ئافرەت جارێکی تر قوربانییە و لەناو ئازارێکی گەورەدا ژیان

دەکات.وەک دیارە دۆخی سیاسی دەوڵەت بەستراوە بە کۆمەڵەوە هەر گرفتێکی سیاسی لە ئاکامدا رەنگدانەوەی لە ناو کۆمەڵدا دەبێت .

**- چیرۆکی (هینهین خانم و مامۆستا هین)**

ئەم چیرۆکە مێژووی سالآنی پەنجای شاری (سلێمانی)ی سەدەی ڕابردوو دەگێڕێتەوە و باس لە دیاردەی پێدانی بەرتیلی ئەو سەردەمە دەکات و لە ڕێگەی مامۆستایەکەوە دەریدەبڕێت، لەگەڵ گۆڕینی هەر بەڕێوەبەرێکی نوێی پەروەردەدا، بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەکەی، سینییەک پاقلاوە و نامەیەکی پڕ لە وەسف دەنووسێت و وەکوو بەرتیلێک بۆیان دەبات. لەم بارەیەوە هاوسەرەکەی یارمەتی دەدات. ئەگەر بۆ ساتێک ئەو گوتە باوە وەربگرینەوە، کە دەڵێت: (لە پشتی هەر پیاوێکی مەزنەوە ژنێکی مەزن بوونی هەیە.) ئەوە لەم چیرۆکەدا ئەو تێگەیشتنە پێچەوانە کراوەتەوە، کە لەم دەربڕینەدا خۆی دەنوێنێت: (لە پشت هەر پیاوێکی سووخۆرەوە، ژنێکی هاوکاریکار بوونی هەیە.)

تێکستەکە باس لە خێزانێکی دووکەسی بە ناوەکانی (هینهین خانم و مامۆستا هین) دەکات. مەبەستی ئێمە لێرەدا وەرگرتنی وێنەی کارەکتەری (هینهین خانم)ە، هاوسەری (مامۆستا هین)ە. هەر لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت ئەم کارەکتەرە ژنە ناسنامەی خۆی ون کردووە، تەنانەت ناویشی بە شێوەیەکی ئاسایی نەهاتووە، چونکە پشتی هاوسەرەکەی لە ڕێگەیەکی خراپدا گرتووە و دەستڕەنگینییەکەی لە دروستکردنی شیرینیدا بۆ مەبەستێکی هەڵە بەکار هێناوە، هەر بۆیە بوونی خۆی لەدەست دەدات. ناونیشانی تێکستەکە (هینهین خانم و مامۆستا هین) ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت. ئاشکرایە پەیڤی (هین) لە ڕێزمانی کوردیدا جێناوی نادیارە و چیرۆکنووس ئەم ناوەیشی هەر بۆ ئەوە داناوە، تا کەسایەتیی ئەم ژنە بە نادیاری بهێڵێتەوە. کاتێک هاوسەرەکەی خەونی ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو بەرتیلانەوە، لە پیشەکەیدا پلەی لەوەی ئێستای بەرزتر بێت و (هینهین خانم) بۆ گەیشتن بەم خەونەی لە ڕێگەیەکی خراپەوە، هاوکارێتی و شیرینی بۆ دروست دەکات، تاکوو بۆ بەڕێوەبەرە نوێیەکانی پەروەردەیان ببات. لەم چیرۆکەدا کارەکتەری (هینهین خانم) ڕۆڵێکی نەرێنی و خراپ دەگێڕێت، ئەگەرچی تەنیا لە سەرەتای تێکستەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام کاریگەرییە خراپەکانی لە هاندانی هاوسەری بۆ بەردەوامبوون لەسەر ئەو کارەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زیان بە ناوبانگی دەگەیەنێت، بە درێژایی چیرۆکەکە ئامادەییی هەیە. گێڕەرەوەی هەمووشتزان سەرەتا ئاوا دەست پێ دەکات: **"ئەوە چەند ڕۆژێکە (هینهین خانم) بەدڵ و بەگیان سەرقاڵی پەیداکردنی کەرەسەکانە. ماوەی نییە سەری خۆی بخورێنێ، بەنیازە کاری ئەمجارەیانی ناوازە بێت. لە ئاستی ئەو پلە و پایەیەدا بێ، کە مێردە ئازیزەکەی خەون و زیندە خەونی پێوە دەبینێ. ئەمیشی پێ گەورەدەبێ."** (ل: ٢٠١) لێرەدا چیرۆکنووس ئەو تێگەیشتنەی (هینهین خانم) بەر ڕەخنە دەدات، کە ئەگەر جارێک لە خەمی

بەرزکردنەوەی پلەی هاوسەرەکەیدا بێت، ئەوە دووهێندە لە خەمی گۆڕینی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی خۆیدایە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەکەوە پایەی کۆمەڵایەتیی خۆی بەرز بکاتەوە. گێڕەرەوە ئەم خەمەی (هینهین خانم) ڕوون دەکاتەوە: **"ئەگەر بەخت هێنای و بەنسیب بوو. لەکوێ بەژن پشکنەر ناوی بێنن تا بە ژنی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی سەرەتایی ئەگەر ئەم هەوڵەش وەک ئەوانی پێشوو سەرگرتوو بێت، ئەوا هەنگاوێکی دیکە بە پلیکانەی کۆمەڵایەتیدا هەڵدەکشێ."** (ل:٢٠١) بەکورتی لێرەدا چیرۆکنووس ڕوانینێکی خراپی بۆ ئەو ژنانە هەیە، کە لە کاری خراپدا هاوکاری مێردەکانیان دەبن و لە هەڵەکانیان ڕاستیان ناکەنەوە. واتە وێنای ژن لەم چیرۆکەدا وێنایەکی خراپە و دەسترەنگینییەکەی لە دروستکردنی شیرینی لە ڕێگەیەکی هەڵەدا بەکار دەهێنێت.

**- چیرۆکی (شێسوار)**

لەم چیرۆکەدا خوێنەر بەر دوو وێنەی جیاوازی ئافرەت دەکەوێت؛ وێنەیەکیان ئیرۆتیکییە و خۆی لە خەسڵەتە جەستەیییەکانی ئافرەتدا دەبینێتەوە، وێنەیەکی تریان پێشاندانی ئازایەتی و قارەمانێتیی ئافرەتە، کە (کابان) وەکوو شۆڕەسوارێکی لێهاتوو لە چیرۆکەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێت.

چیرۆکەکە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کچێکی کوردە بە ناوی (کابان) کاتێک لە بەیانییەکی وەرزی هاویندا دەیەوێت لە تاڤگەی زەڵم مەلە بکات، لە ساتی مەلەکردندا هەست دەکات سوپایەک بە هێزێکی زۆرەوە بەرەو لای ئەم دێن. لە ترساندا، بەبێ ئەوەی جلەکانی لەبەر بکاتەوە، بەناو دارستانێکی چڕدا ڕا دەکات، لەپڕ گوێی لە حیلەی ئەسپێک دەبێت، خۆی پێ دەگەیەنێت، سواری دەبێت و هەڵدێت. لە ڕێگەدا پیرەمێردێکی ڕیشسپی پێی دەگات و پێی دەڵێت تاکە پەناگەی تۆ، کە لە دەستی ئەم سوپا زۆرە ڕزگارت بکات، (ئەوڵا نەبی)یە، کە خاوەنی سوپا و هێزی تایبەت بە خۆیەتی. (کابان) دوای ماندووبوونێکی زۆر دەگاتە لای (ئەوڵا) و لە مەترسیی ئەو سوپایەی بە دوایەوە بوون، ڕزگاری دەبێت و لەوێوە چیرۆکی خۆشەویستیی (کابان) و (ئەوڵا بەگ) دەست پێ دەکات، تێکستەکە بەم شێوەیە کۆتایی پێ دێت.

(کابان) هەم کارەکتەری سەرەکی و هەم گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە. لە چەندین شوێندا وێنەی ئیرۆتیکی پێشان دەدات و باسی خەسڵەتە جەستەیییەکانی خۆی دەکات. کاتێک لە ئاوی زەڵمدا مەلە دەکات، بەم جۆرە وەسفی ئەندامەکانی جەستەی خۆی دەکات: **"ئاوەکە جەستەی تەڕ و تورت و فێنک ڕاهێنابووم، بێباک، کراس و ئاوەڵکراس و مەمکبەند و سوخمە و دەسرەم هۆڵەوێ، لەبان وردە گیای گەشی کەنار جێهێشتبوون، لەبەر نەشئە و شڵپوکۆی خۆم و شنەبای چەمی زەڵم و سەربادانی بییە جەمیلە و لەرزە لەرزی پەرژینی لەرزەک، لە دەوروبەر بێ ئاگابووم، لەو دەمەدا، کە چون پەیکەرێک لە عاج، لەنێوەندی**

**گۆمەکەدا وەستابووم، سەرم کێشا و، دڵۆپە ئاوی ساردیش زەنگۆڵ زەنگۆڵ لە گۆی مەمکەکانمەوە دەتکان و مەدهۆشی مابووم**" (ل:١٥٤) ئەم وێنەیە لە هونەری سینەماوە نزیکە و پێشاندانی وێنەی وروژێنەری ئافرەتە. لەم ڕووەوە چیرۆکنووس بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەم وێنەیەی کێشاوە، تەنانەت لەوپەڕی مەترسیدا، کە جاش و جەیش بەرەو ڕووی دێن و (کابان) بە ڕووتی بە ناو دارستانەکەدا ڕا دەکات، نووسەر دەستبەرداری ئەو وێنە ئیرۆتیکییە نابێت: "**بە هەناسەبڕکێ بەرەو کەناری زەڵم بۆلای جلەکانم کەوتمە قەڵەمبازدان و دەستەکانم کردبوونە سوپەری مەمکۆڵەکانم، مەمکۆڵەی بێ مەمکبەند، کەچی تاوێکی کورت لەمەوبەر بەدەم مەلەوە پرژەی ئاوم حەوا دەخست**" (ل:١٥٥)، (کابان) لە باسکردن و دەرخستنی ورووژێنەرانەی ئەندامەکانی جەستەی بەردەوام دەبێت: "**تاڵتاڵی پرچە خورماییە تەڕەکانم هێشتا هەر بە جەستە شیری ڕەنگەکەمەوە نووسابوون، لە هەناسەیەکدا دەستبەرداری مەمکۆڵەکانم بووم و چنگ لەسەرشان و پشووسوار یەکتەق سەرەوژوور هەڵدەهاتم، خودا چۆنی دروست کردبووم ئاوا ڕووت، تەنانەت بێ ئاوەڵکراس.**"(ل:١٥٥) "**بەغار بەرەو سورێن تێمکێشا، سورێنیش ڕووت وەک خۆم. لە تاوی غاردا مەمکۆڵە ڕووتەکانم وەک دوو هێشووە ترێی تایەفی بە داڵیتی باڵاماوە دەلەرزین.**"(ل:١٥٨) ,

هەروەها لە باسی جەستەی (کابان)دا، خوێنەر بەر ڕوانینی (ئەولا نەبی) دەکەوێت، کاتێک دەگاتە لای و بە ڕووتی دەیبینێت، پێی دەڵێت: "**تۆ شۆڕە کچێکی ڕووت و قووت و تەنیا، پرچ خورمایی تا سەر ئەژنۆ، جەستە وەک لە پەڕەی گوڵەباخ گیرابێ پەمبە، بە سواری نۆزینێکەوە، لەعەردێکی وەها سووتماک و قەدەغەکراودا...**" (ل:١٦٧)

لێرەدا نووسەر هەر ڕەهەندی جەستەییی کارەکتەرەکەی وەرنەگرتووە، کە تەنیا چیرۆکەکەی لەسەر دەرخستنی ورووژێنەرانەی ئەندامەکانی جەستەی ئافرەت بنیات بنێت، بەڵکوو ئەو وێنەیە پێوەندیی لەگەڵ ئازایەتی و بوێریی (کابان) وەکوو نموونەی کچێکی کورد دادەمەزرێنێت. (کابان) لێکچواندن لەنێوان جەستەی خۆی و ئەسپەکەیدا دەکات و پێی وایە لە یاخیبووندا هاوشێوەن: "**نۆزینی ڕەش بێ نمەد و زین، لووس مینا چواله لووسکە، چنگم لە یاڵی نابوو، کە دەتوت شەوەیە دەبریسکێ، پاژنەی خوێناویم کوتایە تەنگەی. ئەو بە هەڵگرتن هەڵیگرتبووم. پرچی خورمایی من، کلک و یاڵی ڕەش و درێژ و بە ورشەی ئەو، لە ئاڵای بە لرفە و ڕاشەکاوی یاخیبووان دەچوون**" (ل:١٥٧) پێشاندانی قارەمانێتیی (کابان) تەنیا لە زاری خۆیەوە دەرناخرێت، بەڵکوو چەندین جار لە زمانی (ئەولا نەبی)یەوە ئەوە دووبارە دەکرێتەوە، کە شۆڕە کچە. کاتێک (کابان) دەگاتە لای (ئەولا) بۆ ئەوەی لە دەستی سوپاکە ڕزگاری ببێت، (ئەولا) وەکوو شۆڕەکچ دەیناسێنێت و پێی دەڵێت: "**ئەم جامانەیە ڕێک دەڵێی بۆ ئەوە چێکراوە تۆی پێ پۆشتە بکەمەوە شۆڕە کچ! چەند بە زمانی خۆش بوو**

**کاتێک هەیتا هەیتا لێی دووبارە دەکردمەوە: هەی شۆڕە کچ!**" (ل:١٥٨) هەروەها لە جێگەیەکی تردا (ئەولا نەبی) بە (کابان) دەڵێت: "**سڵاو لە شەنگە کچی شۆڕە سوار! من تەنیان نیم، ئێمە دەستەیەکین... میوان بە سەر چاوان، کابان خانی شۆڕە کچ!**" (ل:١٦٢)

دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە نووسەر لەم چیرۆکەدا لە ڕێگەی ئافرەتەوە ئاوڕی لە بابەتی نەتەوەیی داوەتەوە و ئافرەتی وەکوو میللەتی کورد وێنا کردووە، ئەویش لە ڕێگەی کۆمەڵێک هێماوە: ئافرەتی ڕووت، واتە میللەتی کورد، کە تەنیا و بێکەسە و بەردەوام لەژێر هەڕەشەدایە. ئاماژەکانی (جاش و جەیش) (جاش) واتە ئەو کوردانەی، کە ڕێنوێنی سوپای عێراقیان کردووە بۆ داگیرکردنی کوردستان. (جەیش) سوپای عێراقی. چیرۆکنووس بە دیدێکی نەتەوەیییەوە ئەم تێگەیشتنەی خستووەتەوە ڕوو، کە لە کۆتاییدا کورد لەژێر هەموو هەڕەشە مەترسییەکاندا ڕزگاری دەبێت و بەسەر ئاستەنگەکاندا سەردەکەوێت. کاتێک (کابان) بەسەر پشتی ئەسپەکەیەوە بەردەوام لە دەستی ئەو سوپایە هەڵدێت، کە بە دوایەوەن، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ئاماژەوە ئەو وێنەیە پێشان دەدات: "**شارەزووی زەندەقچووش لەژێر سمی نۆزیندا وەک گۆمی گێژ دەسووڕا و هەڵدەهات، پێکوتەی پۆستاڵ لەپێی خوودەبەسەر و ڕمبەی جاشی کڵاش لەپێ دەهات**" (ل:١٦٠) هەروەها ئەم چەند دەربڕینە ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان دەسەلمێنن: "**یەس یەم، جاش جەیش، بە لوورە لوور و هەرا و زەنایانەوە بە زڕەی زنجیری تانک و زرێپۆشیانەوە گەڕداوی تۆز و چڕە دووکەڵیان دەنایەوە.**" (ل:١٦٠)

بەکورتی لەم چیرۆکەدا خوێنەر دوو وێنەی ئافرەت دەبینێت، وێنەیەکی ئیرۆتیکی، کە خۆی لە پێشاندانی ئەندامەکانی جەستەیدا دەبینێتەوە، لەگەڵ وێنەی ئازایەتی و قارەمانێتیی ئافرەتی کورد، کە دەتوانێت ڕووبەڕووی هێزێکی گەورە بوەستێتەوە و لە دژیان شەڕ بکات. هەروەها نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەری (کابان)ەوە ئاوڕی لە بابەتی نەتەوەیی داوەتەوە و ئەم کارەکتەرە ئافرەتەی وەکوو کورد بینیوە و سوپاکەیشی وەکوو هێزی داگیرکەر پێشان داوە، کە لە کۆتاییدا میللەتی کورد لە دەستی دوژمن ڕزگاری دەبێت.

- **چیرۆکی (گەڕەکی ئەملا، گەڕەکی ئەولا)**

ئەم چیرۆکە ڕەهەندێکی سیاسی وەرگرتووە و چیرۆکی دوو گەڕەکی نێو خاکی عێراق دەگێڕێتەوە، کە لەژێر هەڕەشەدان، یەکێکیان سوپای ئینگلیزی لێیە و ئەوی تریان هیی سوپای عێراقی، کە لە هێزی شیعەمەزهەبدا خۆی دەنوێنێت. هەروەها دەنگی ژنانی هەردوو گەڕەکی جیاواز لە یەکتر خراونەتە ڕوو، کە لە دەربڕیندا ئازادیی تەواو بەو دوو کارەکتەرە ژنە دراوە. چیرۆکنووس لە سەرەتادا وێنەیەکی پڕ لە ترس و تۆقاندن پێشانی خوێنەر

دەدات، کە ئاماژەی چۆڵکردنی گەڕەکێکی تێدایە. لەناکاو، ژنێک ڕووبەڕووی ئەو هێزە دەوەستێتەوە، کە دەیانەوێت ئەو گەڕەکە داگیر بکەن. لێرەدا نووسەر لە ڕێگەی هەندێ ڕستەی ئەو ژنەوە، هێما بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم کارەکتەرە خاوەنی دەنگێکی دلێر و هەروەها ئازا و قارەمانە، کە دەیەوێت لە ئاستی ئەو بۆردومانەدا بوەستێتەوە. لێرەدا خوێنەر بەر دەنگی ئافرەت دەکەوێت: "**دایکێک وتی! جاخۆ ئەم گەڕەکە ژن و ژاڵ و پیری پەککەوتەی تیا ماوە.**"(ل: ١٠٩) ئەم دەربڕینە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم کارەکتەرە ژنێکە و دوو منداڵی بە ناوەکانی (یەعقووب و ماریا)وە هەیە. لەنێو ئەو کەشە پڕ لە ترس و تۆقاندنەوە دەیەوێت هەڵبێت. وەکوو پێشتر گوترا، ئەمە پێشاندەری ئازایەتیی ئەو ژنەیە، کە نەک هەر توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزی دوژمنی هەیە و لە ڕوویاندا دەوەستێتەوە، بەڵکوو هێزی ڕزگارکردنی منداڵەکانیشی هەیە، کاتێک دەڵێت: "**منیش ناچار پەلی یەعقووب و ماریام ڕاکێشا و هەڵێ.**" (ل: ١٠٩)

هەروەها گێڕەرەوە خەسڵەتی فیزیکیی ئەو ژنە پێشان دەدات: "**کاتێ ماندو و مردوو گەیشتینە گەڕەکی ئەولا، هیچمان پێڵاومان لەپێدا نەمابوو. وەلێ دەیان جار چمکەکانی کەوتنە بن پێم، کەچی عابا ڕەشەکەی، کە لە ژنە موسوڵمانێکم خواستبوو هێشتا بەسەرمەوە مابوو**" (ل: ١٠٩)

هەر لە چیرۆکەکەدا گێڕەرەوە دەنگی ژنێک دەگوێزێتەوە، کە بە دەربڕینەکانیدا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت، کە بەڕەگەز عەرەبە و لە ڕووی سوپا داگیرەکەی ئینگلیز دەوەستێتەوە. کاتێک تکایان لێ دەکات، دەربڕینەکانی دەیسەلمێنن، کە ئەم ژنە سەر بە ئایینی ئیسلامە: "**دایکێکی پیر بە دڵێکی پڕ پاڕایەوە، بۆ خاتری خودا و حەزرەتی محەمەد و ئەبو ئەییوبی... کاری وامان لەگەڵ مەکەن، تەنیا هەژار و بێ گوناهی تێداماوە ئەم گەڕەکە**"(ل: ١٠٩)ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا ڕوون دەبێتەوە، ئەوەیە، کە چیرۆکنووس ڕەهەندێکی سیاسی بە کارەکتەرە ئافرەتەکان بەخشیوە و لە ڕێگەی دەربڕینەکانیانەوە دەردەخرێن، کە تکا لە هێزی داگیرکەر دەکەن ئەو دوو گەڕەکە بۆردومان نەکەن.

- **چیرۆکی (ئەمشەو سێوێ لەسەری دەدرێ!)**

ئەم چیرۆکە بەشداربوویەکی نێو کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ە، کە تێیدا ژنێک هەم گێڕەرەوەی چیرۆکەکە و هەم کارەکتەری سەرەکییە. ئەو دۆخە دەروونییە خراپەی خۆی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە، کە سەرچاوەکەی ترسێکی زۆرە لە مەرگی کچێک، کە ئەم بە (سێوە لاسوورە) ناوی دەهێنێت، بە دەستی پیاوێک. چیرۆکەکە باس لە شەوێکی هاوینی گوندێک دەکات، کە هەمووان لە خەوی قووڵدان، پیاوێک بە ناوی (میرغەزەب) دەیەوێت بە کێردەکەی

دەستی ئەو کچە نووستووە بکوژێت، کەچی گێڕەرەوە گوند بەئاگا دێنێتەوە و کچەکەیش لە مردن ڕزگار دەکات. کاتێک دوو کەس، کە پیرەدەروێشێک و پەرییەکن، بە گوێیدا دەچرپێنن فریای ئەو کچە بکەوێت، ئەگەر نا، دووەم قوربانی تۆ دەبیت: "**بە سۆزێکەوە چرپاندیانە ڕۆحم، وتیان ئەگەر بەخێرایی نەجوولێ، ئەوا هاکا نۆرەی تۆش هات، هەیدێ فریای کەوە.**" (ل:١٣٢) واتە ئەوەی بەرگری لە ژیانی کچێک دەکات، کەسێکە سەر بە هەمان ڕەگەزە، کە لە ڕووی هێزی پیاوێکدا دەوەستێتەوە و پیلانەکەی ئاشکرا دەکات. بەواتەیەکی دیکە بابەتی چیرۆکەکە قوربانیبوونی ئافرەتە لەنێو ژینگەیەکی داخراودا، کە خۆی لە گونددا دەنوێنێت. لە شوێنێکی تردا وێنەی ئەو پیاوە دەکێشێت، کە دەیەوێت سەری ئەو کچە نووستووە لێ بکاتەوە، پیشاندانی ئەم ڕەهەندە جەستەیییەی ئەو پیاوە، بەسە بۆ ترسناکیی ئەو شەوە: "**میرغەزەبێک، بڕۆی چڕ و پانی، وەختابوو بڕژێنە چاوانییەوە، ددان چون کەش، وەلێ ژەنگاوی، خۆی دابووە پەنا و هەیتا هەیتا کێردێکی مشتوو پڕبەچنگی، جۆری قەسابی بۆ لە هەسان دەدا، نە شانی دەسوا، نە دەستی جەمام دەبوو.**" (ل:١٣٣) گێڕەرەوە ڕێگریی ئەو کوشتنە دەکات و خەڵکی ئاوایی لە خەو بەئاگا دەهێنێتەوە و پلانی پیاوەکە پووچەڵ دەکاتەوە، لە کاتێکدا ترس و دڵە ڕاوکێی تێدایە بەڵام بڕیاری زاڵبوون بەسەر ئەو ترسەدا دەدات: "**دەستوبرد کراسەکەم هەڵکرد و بە باریکە پشتوێنێک لە کەمەرمدا توند بەستم؛ پێخاوس تا ئەژنۆ دڕوداوێنی خۆم هەڵکردبوو، تیمابوم بچم، یان نەچم، بە دودڵی بڕیاری چوونم دا**" (ل:١٣٢)، ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، ئەوەیە، کە نزکییەکی زۆر لەنێوان دەنگی چیرۆکنووس و گێڕەرەوەدا هەیە و خوێنەر بە ئاسانی هەست دەکات ئەو ئاستی زمانە هیی نووسەر خۆیەتی، نەوەک کارەکتەرێکی نێو چیرۆکەکەی کە کارەکتەری سەرەکییە، هەروەها ئەم چیرۆکە لە پێوەری (هۆ و ئەنجام) لای داوە، چونکە نووسەر ئەو هۆکارەی ڕوون نەکردووەتەوە، کە پیاوەکە لەبەرچی و بۆچی دەیەوێت سەری ئەو کچە نووستووە بپەڕێنێت. ئەگەر ئەدەب لە ڕێگەی ئاماژە و زمانی ناڕاستەوخۆوە پێوەندیی لەگەڵ خوێنەردا دروست بکات، ئەوە ئەم تێکستە هیچ ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە خوێنەر نەداوە، تاوەکوو لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئاماژە جیاوازەکانەوە لە هۆکاری خواستی ئەو پیاوە و هەروەها ڕقی بەرانبەر بەو کچە بگات، کە دەیەوێت بیکوژێت و سەری لێ بکاتەوە. ئەگەرچی "پرۆسەی توندوتیژی وەحشیگەریانەترین پرۆسەیە کە مرۆڤ بەهۆی کەم و کوورتی کەسێتیەوە ئەنجامی دەدات" (سالح، ٢٠٠٢:٦٥)

**- چیرۆکی (پۆستی ئاو)**

ئەم چیرۆکە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئافرەت و پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو کەس لەنێو کۆمەڵگەدا پیشاندەدات کە باس لە عەشقی قووڵی نێوان کچێک بە ناوی (کنێر) و کوڕێک بە ناوی (لەکۆ) دەکات، کە بە هۆی کێشەی بنەماڵەیی و ئەو بەربەستەی بۆ یەکتربینین دێتە بەردەمیان دروست دەبێت، لەم چیرۆکەدا نووسەر باس لە خۆشەویستیەکی بەیەک نەگەیشتوو دەکات، چونکە بەبڕوای نووسەر "تاکی کوردی تاکێکی ناکامە ناگاتە ئاواتەکانی و تا ئێستاش ناتوانێ بە ئارەزووی خۆی ئیختیاری خۆشەویستی خۆی بکات بەهۆی زاڵبوونی داب ونەریت و کێشەکانی خێڵەوە" (گفتووگۆ لەگەڵ نووسەر:٢٠٢١) لە کۆمەڵگەی کوردیدا کاتێک کێشە لەنێوان بنەماڵکاندا ڕوودەدات، تاکەکان بەبێ ویستی خۆیان دەبن بە قوربانی ئەو نەهامەتیە.

چیرۆکەدا ئەم دوو خۆشەویستە (کنێر و لەکۆ) ناتوانن ڕووبەڕوو یەک ببینن و ناچار لە ڕێگەی نامەوە درێژە بە عەشقەکەیان دەدەن، بۆ ئەو مەبەستەش (کنێر) هەموو بەیانییەک بە دوو سەتڵەوە دەچێتە جۆباری نزیکی گوندەکە و لەوێ چاوەڕوانی نامەی خۆشەویستەکەی دەکات، کە هەموو ڕۆژێک بە ڕووبارەکەدا بۆی دەنێرێت. بۆ ماوەی چل ڕۆژ نامەی (لەکۆ) ناگات بە (کنێر) و ئەویش لە ڕۆژی کۆتاییدا، سەرەڕای ئەو بەربەستانەی دێنە پێشی، گوێ بە هیچ شتێک نەدات و بڕیار دەدات بەرەو لای عەشقەکەی (لەکۆ) بچێت.

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان وەسفی جەستەی (کنێر) دەکات، کاتێک لە بەیانییەکدا قاچەکانی دەخاتە نێو ئاوی ساردی کەناری جۆبارەکەوە و لەو ڕووەوە وێنەیەکی سینەمایی پێشان دەدات: **"کنێر بەم ئاوە ساردە ڕووی خۆی دەشوات. ئەو لەبان تەختەبەردێکی لێوار بە تەنیا دادەنیشێ. پاو پووزی هەڵکراو لە جۆبار دەنێ و قامکی سپیوسۆڵی دەنێتە ژێر چەنە و بەدیار جۆباری لەسەردا هاژەکردووەوە هەڵدەکورمێ، تەزووی سارد بە باڵایدا هەڵدەگژێ، جەستەی تورت هەڵدەگەڕێ، چاوی ڕەشی بە برژانگی ڕەنگی ژێر سایەی ئەبرۆی مەستی دەبڕێتە شەپۆلە زیوینە خێراکانی و لە نووکەوە، بە زمانێکی شیرین، وەک زمانی پەرییان، ساتە خۆشەکانی یاددەکاتەوە و خەونە ئاڵۆزەکانی شەویشی بۆ جۆبار دەگێڕێتەوە."** (ل:٢٦٣) لێرەدا چیرۆکنووس پێوەندیی لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا دامەزراندووە و خەسڵەتی مرۆڤ بەو جۆبارە دەبەخشێت، کە گوێ بۆ خەونەکانی شەوی (کنێر) ڕادێرێت، تەنانەت نووسەر ناوی کارەکتەری (کنێر)ی لە گوڵێکی نێو سروشتەوە وەرگرتووە. هەروەها ئەو نامانەی، کە هەموو ڕۆژێک چاوەڕێ دەکات لە (لەکۆ)وە بۆی بێن، ئامرازی گەیاندنەکەی هەر سروشتە، کە ئەو جۆبارەیە وا (کنێر) ڕۆژانە بۆ ئاوهێنان و نامەی دڵدارەکەی ڕووی لێ دەکات.

ئەم بایەخەی سروشت لەم چیرۆکەدا لە (لەکۆ) دەکات لە نامەیەکیدا بۆ (کنێر)، جوانییەکەی بە هەرمێ گوڵاوی وەک بەرهەمێکی سروشتی بچوێنێت و پێی بڵێت هەر شتێکم خۆش بوێ، لەبەر ئەوەیە، کە لە تۆ دەچێت: " **من هەرمێ گوڵاویشم بۆیە ئەوەندە خۆشدەوێ چونکە لە گەردنی تۆ دەچێ.**" (ل:٢٦٤)

کاتێک بۆ ماوەی چل ڕۆژ (کنێر) نامەی لە (لەکۆ)وە پێ ناگات، ئەمە دۆخی دەروونیی تێک دەدات، گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئەو دۆخە سایکۆلۆجییە خراپەی ئەم کارەکتەرە، کە لە ئەنجامی چاوەڕوانیی نامەوە بۆی دروست بووە، دەگێڕێتەوە: " **دوێنێ بوو بەپێرێ، پێرێش بو بەپەسر پێرێ. ئەمرۆ چل هەم ڕۆژی چاوەڕوانیی کنێرە. وەک جاری جاران لە تافی خۆیدا بە سەتڵەکانییەوە لەدەم جۆبار ئامادەیە. لێ نەتۆری دەم جۆبار نامەیەکی لای خۆی گلداوەتەوە، نە ڕاستەوخۆیش هیچی پێگەیشتووە. کنێر هێشتا پاو پووزی لە جۆباردایە. شەپۆلە خێراکان دڵی پووزیان تەزاندووە.**"(ل:٢٦٥) شەپۆلە خێراکانی دڵی (کنێر) ئاماژەی ڕوونن بۆ لێدانی خێرا و نائاساییی دڵی (کنێر) لەم ڕێگەیەوە ئەوە پێشان دراوە، کە ئەم کارەکتەرە بە دۆخێکی ئاساییدا تێ ناپەڕێت و چاوەڕوانیی هاتنی نامە لە عەشقەکەیەوە وای لێ کردووە هەست بەو تەزینەی قاچی نەکات، کە خستوونیەتە ناو ئاوە ساردەکەوە. خوێنەر هەست بەو خەمە گەورەی (کنێر) دەکات، کاتێک لە زاری خۆیەوە دەیبیستێت: "**وەختە بیابان ئاسا چوارکەنارم لێ دەبێتە بۆشایی، ژێیەک لە ناخمدا دەلەرێ، ژانەدڵیش وە کفتی کردووم، ئەگەر لەکۆ لێرەبووایە، گەش دەبوومەوە.**"(ل: ٢٦٥) واتە هۆکاری هەموو ئەم ناخۆشییانە، تەنیا هیی ئەوەیە، کە (لەکۆ) لە نزیکی نییە، خۆ ئەگەر خۆشەویستەکەی لێرە ببووایە، هەموو ئەمانە پێچەوانە دەبوونەوە.

(کنێر)ی کارەکتەری سەرەکی لەم دۆخە خراپەدا پەنا بۆ یادەوەرییەکی نێوان خۆی و (لەکۆ) دەبات و تا ڕادەیەک خۆی لە خەمە قووڵەکەی ڕزگار دەکات. (کنێر) بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە و دەڵێت: "**ئەو جارە لەبەرخۆمەوە وردە مەقامم دەچڕی کاتێکم زانی لە نەدیوی، لەکۆ پەیدابوو، لەدواوە هەدوو چاوی گرتم، پاشان وتی: "گوێم لێت بوو، دەنگت ئەفسوون و لەرینەوەیەکی چیایی تێدایە، خۆزیا بەو دەنگە گوێم لە هۆرەیەکی کچانە دەبوو!" لەناخڕا حەزمدەکرد دڵی نەشکێنم، بەڵام چەندم کۆشا لە ڕووم هەڵنەهات، وتەکانی وەک دڵۆپە هەنگوینی هەنگەژاڵ بوون، دەتکانە ناو گەرووومەوە.**" (ل:٢٦٦)

ئەم یادەوەرییانە هێشتا بە هانایەوە نایەن و بڕیار دەدات هەر چۆنێک بێت، دەبێت خۆی بگەیەنێتە لای (لەکۆ) گێڕەرەوەی هەمووشتزان لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا ئەو بڕیارەی (کنێر) دەگێڕێتەوە: "**جووتێک سەتڵی زیوی و پرچی ڕەشی درێژ و بریقەدار و کراسی سووری**

**سیمدار و هێڵەکی سورمەی سپی و ئاوەڵکراسی سورمەی سپی، لە حەلحەلەی ئاسماندا ڕەنگ بەردەدەن و لرفەلرف ڕادەشەکێن، کنێر ڕووی لە شوێن و مەنزڵی لەکۆیە، ئەو بەبان درەخت و قوتە و قوللە و چەپەرەکاندا، بە ئاسمانی بان تەنگە و تووڵەڕێیەکاندا هەڵدەکشێ و لە هەتەری چاو ون دەبێ."** (ل:٢٦٨) نووسەر لە ڕێگەی ئەم دەربڕینانەوە دەیەوێت ئەوە بە خوێنەر بڵێت، کە عەشق قوربانیدانە و بۆ ئەوەی بە مەعشووقەکەت بگەیت، دەبێت هەموو سنوورەکان ببەزێنیت و باز بەسەر مەترسییەکاندا بدەیت. ئەم چیرۆکە هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانەیە و پێشاندانی ئەو هەستانەیە، کە دوو عاشق لە دووریی یەکدا چییان بەسەر دێت. ئەم پەیامەی لە ڕێگەی کارەکتەرێکی ئافرەتەوە بە ناوی (کنێر)ـەوە گەیاندووە.

**- چیرۆکی (گۆنی)**

یەکێک لە گرفتەکانی ئافرەت کە لەنێو چیرۆکەکانی نووسەردا وەکو تەوەرەیەک کاری لەسەر کراوە، بەقوربانی بوونی ئافرەتە بە هۆکاری سیاسی، بۆ نموونە لەم چیرۆکەدا بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە، کارەکتەری سەرەکی ناوی (نەشمیل- سوییبە)ـە و نوێنەرایەتیی ئەو ئافرەتانە دەکات، کە لەنێو کۆمەڵگەدا دەبنە قوربانی، لە لایەک قوربانیی دەستی سیستەمی سیاسی و ڕژێمێکی نادیموکرات، لە لایەکی ترەوە بە دەستی ئەو وێنەیەوە دەناڵێنێت، کە کۆمەڵگە بەرانبەر بە کارەکتەری ژن هەیە. لێرەدا ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەی ئەو گرفتە ئاوڕی لێ دراوەتەوە، کە کۆمەڵگە ژن ناچار دەکات هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکدا بکات، کە دڵخوازی خۆی نییە. لەم بارەیەوە کۆمەڵگە هێزی خۆی بەسەر ئافرەتدا دەسەپێنێت و وای لێ دەکات شوو بە پیاوێک بکات، کە لە دڵ و خواستی ئەمەوە دوورە. چونکە "دۆزینەوەی مێردو، دیاریکردنی سەرەنجامی ژیانی دواڕۆژ و لەگەڵ مێرد پێکەوە ژیان [شووکردن] هێشتا لەژێر دەسەڵاتی باوک و براو کەسوکاردا ماوەتەوە" (قانع، ٢٦:١٩٧٩) بەکورتی نەریتی کۆمەڵایەتی وا دەکات، کە ویستەکانی ئافرەت فەرامۆش بکرێت: **"ڕۆژێکیان قاوێک بە نێو گونددا داکەوت وەک تۆپ دەنگی دایەوە، من کە لە پێشتریش دەستە خوشکی نەشمیل بووم باوەڕم بەو واتەواتە نەکرد و بە هەڵبەستراوم زانی کەچی وەها ڕاست دەرچوو دوو بەرد تەقەی نەیا.**" (ل:٥٣) ئەگەرچی دایکی (سوییبە) خۆی لە هەمان ڕەگەزی کچەکەیەتی، بەڵام لەژێر کاریگەریی دابونەریتی کۆمەڵگەدا مامەڵە لەگەڵ ئەم گرفتەی (سوییبە)دا دەکات، لێرەدا دەتوانین ئەو ڕایەی نووسەر بێنینەوە کە دەڵێت (ئافرەت نێر سالارەو زوڵم لەخۆی دەکات لە کۆمەڵگەی کوردیدا)(حەسەن،چاوپێکەوتن:٢٠٢٢)، دایکی (سوییبە) نوێنەرایەتیی ئەو دایکانە دەکات، کە ناتوانن هاوکاریی کچەکانیان بکەن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، بەڵکوو لەو ڕووەوە ملکەچی دابونەریتی کۆمەڵایەتی دەبێت، پشتگیری لە ئازاد بوونی

کچەکەی ناکات،: "**ئا وەرە سوییە، هەی کچەتیو بابان وێرانە سەربەدەرەوە بووە، ئەها عەریف گۆنی ناوێک بەسەربازێکدا ئەم زەمیلە خورمایەی بۆ ناردووین دەبێت هەر ئێستا نهێنی ئەم دیارییەم پێبڵێی. من نە گۆنی ناو دەناسم نە...**" (ل:٥٤) وەکوو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، کە (سوییە) بە خواستی دڵی خۆی ناچێتە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە و ئەنجام شوو بەو سەربازە دەکات، کە زەمیلەیەک خورمای بۆ ناردوون: "**پڕم دایە زەمیلە خورماکە، ویستم بڕۆم هەنگاوەکانم تێک ئاڵان و لە جێی خۆم دانیشتم، ئەوجا دەستم لە ئەژنۆ وەرێنا ولە پرمەی گریانم دا.**" (ل:٥٤)

گرفتی کۆمەڵایەتی (بەزۆر بەشوودان) یەکێکی ترە لە گرفتە باوەکانی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا، کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە چەوساندنەوەی ئافرەت و هاوسەرگیریکردن پێی بە زۆرە ملێ، هەرچەندە ئەو چەوساندنەوەیە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە "ژنی کوردو دایکی کورد خۆیان بێبەش و ناهۆشیاریشن بەرانبەر بە مافەکانی خۆیان لە ڕووی دایکایەتیی و هاوسەرگرتنەوە" (ساڵح، ٩٢:٢٠٠٢)، بۆیە نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردەیەکی دروستی ئافرەت لەنێو خێزاندا ئاشنا نەکردنی بە مافەکانی خۆی لەم ڕووەوە هۆکاری ئەم توندتیژییەن. نووسەر لەم چیرۆکەدا لە ڕێگەی پیشاندانی ئازاری ئافرەتێکەوە، ئاوڕی لە کێشەیەکی باوی نێو کۆمەڵگە داوەتەوە، کە تا ئێستایش لە هەندێ ناوچەی کوردستان دیاردەیەکی زەقە و برەوی پێ دەدرێت، ئەویش دیاردەی بەشوودانی زۆرەملێی ئافرەتە، کە گوێ لە خواست و ویستەکانی ناگیرێت و کۆمەڵگە بڕیار لەسەر ژیان و چارەنووسی دەدات. بە مانایەکی تر، نەبوونی ئازادیی لە کۆمەڵگەدا بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرێک بە خواستی خۆی، کێشەیەکی گەورەیە و لەم چیرۆکەدا خراوەتە ڕوو. بۆیە چیرۆکنووس ڕووبەڕووی ئەو تێگەیشتنە نەریتییە دەبێت و ئازارەکانی ئەو ئافرەتانە پێشان دەدات، کە بە دەست ئەم بڕیارەی کەسانی دیکە بۆی دەدەن، دەناڵێنن. بەکورتی، لەم چیرۆکەدا ژن قوربانی دەستی کۆمەڵە و خاوەنی هیچ ئازادییەک نییە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە "هەرچەندە نەتەوەی کورد شانبەشانی میللەتانی دیکەی دونیا خۆی لەبەردەم پرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا بینیوەتەوە، گۆڕان بەسەر زۆرێک لە دابونەریتە بەهاکانیدا هاتووە" (حسێن،٨٥:٢٠٠٨)، بەڵام هێشتا لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا دابونەریتەکۆنەکان هەر بەردەوامی هەیە و پارێزگاری لێدەکرێت، کە دیاردەی بەزۆربەشوودانی ئافرەت لەلایەن خێزانەوە یەکێکە لەو دابونەریتانە.

**- چیرۆکی (جەنگ)**

لەم چیرۆکدا نووسەر باس لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆشەویستیی دەکات لەنێو گەرمەی جەنگدا. کاتێک (سەروەر)، کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە، لە کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا لە ترساندا خۆی لە ژێرزەمینێکدا دەشارێتەوە، لە ناکاو تیشکی ئافرەتێک دەردەکەوێت، کە بیست ساڵ پێش ئێستا خۆشی ویستووە. کارەکتەرە ژنەکە ناوی (ناسک)ـە و بە دەرکەوتنی ئەو هەموو ترس و دڵەوڕاوکێیەی (سەروەر) بۆ ئارامی و دڵنیایی دەگۆڕێت. گرنگە ئەوە بگوترێت لەم چیرۆکەدا ئەو بیرۆکەیە پێشان دراوە، کە ئافرەت دەتوانێت پیاو لەوپەڕی ترس و دڵەڕاکێ دەرباز بکات و دڵنیایی و ئارامی پێ ببەخشێت **"لە دەم دەرگەی گەراجەکەوە. لە گۆشەیەکی نێوان تاریکی و ڕووناکیدا، تاپۆی ژنێک دەرکەوت. بە دەرکەوتنی، چەپکێک ئاماژەی شیرین و هەستبزوێن گەیشتە نەستم و مێشکمی پێ زریگایەوە."** (ل:٥٩)

بینینەوەی (ناسک) بە جۆرێکی وا کار لەسەر دەروونی (سەروەر) دەکات، لەم دۆخە پڕ لە ترس و تۆقاندنەدا یادەوەریی بیست ساڵ پێش ئێستای بیر بکەوێتەوە، کە ئەوکات هەمیشە بە دوایەوە بووە و ئەم پێی ڕازی نەبووە: **"ڕایەڵی بیرەوەری، منی بۆ بیست ساڵێک گەڕاندە دواوە... ئەو دەمە ئەو کچۆڵەیەکی نەوتوول بوو، نازی بەسەر زەویدا دەکرد، وەختێ هەنگاوی دەنا، منی شێت و لێوە کردبوو."** (ل:٥٩)

ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەوە بەدەست دێت، ئەوەیە، کە ئافرەت وەکوو خۆشەویستێک هەمیشە دەتوانێت پیاو لە دۆخی پڕ لە مەترسی و ناخۆشیدا بەرەو ئارامی و ئاسوودەیی ئاڕاستە بکات لێرەدا ئەو پەندەمان بەبیر دێتەوە کە دەوترێت (ژن ژیانە) هەروەها چیرۆکنووس بەوەفایی پیاوی لە بابەتی خۆشەویستیدا دەرخستووە، کە دوای بیست ساڵ، هێشتا عەشقی کچێک هەر لە دڵیدا بە زیندوویی ماوەتەوە.

یەکێک لە گرفتەکانی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کارکردنە. هەر کاتێک ئافرەت ڕێگەی کارکردنی پێ درابێت، ئەوە لەنێو شوێنی کارەکەیدا ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووەتەوە، یەکێک لەوانە، جیاکاریی ڕەگەزییە و لەو سۆنگەیەوە بە چاوێکی جیاواز لە ڕەگەزی نێر تەماشا دەکرێت.

- **چیرۆکی (فایلی شین)**

چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا ئاماژە بۆ ئەو گرفتە دەکات، کە بەشێکی بۆ ژنان خۆیان دەگەڕێتەوە، کاتێک لە دامودەزگەکانی دەوڵەتدا فەرمانبەرن، کەمتەرخەمن و وەکوو پێویست ئەرکەکانی سەرشانیان بە ڕێوە نابەن: **"لەم هەناسەیەدا فەرمانبەری سێیەم سەری هەڵبڕی. بێ ئەوەی فایلەکەی لێوەربگرێ و چاوێکی پێدا بخشێنێ، بەسەر ئاماژەی بۆ ژنە**

**فەرمانبەرەکەی پاڵ خۆی کرد، کە ئارایشتێکی چڕی کردبوو، لچ و لێوە گۆشتنەکانی تۆخ ئەبرۆکانی خۆی سڕیبوونەوە لەبری ئەوان تاتۆی دانابوو، برژانگە ماسکارە کراوەکانی مینا قەلاسی گوڵە جۆ درێژ و ڕەپ و ڕەش، لە پێڵوەکانیەوە ڕاسابوون، هەر پەنجەیەکیشی ئەنگوستیلەیەکی زێڕی تێدایە، هەر ئەنگوستیلەیەکیش بە دیزاینی جیاواز. تەسریحەیەکی وەحشیانەی بەردابۆوە، خاوە خاوە بنێشتی دەجاوی، ناوبەناو شەقەی لێ هەڵدەستان.....ئاماژەی بۆ ژنە فەرمانبەرێکی لەچک بەسەر کرد... لەو دەمەدا بە دەنگێکی بەرزی زوڵاڵ ئایەتی بە تەجویدەوە دەوت... بڕێک سرنجی بەڵگەکانی نیویدا، سەیرێکی سەعاتە ژمارە درشتەکەی مەچەکی خۆی کردو ووتی..."** (ل: ٩٢) لێرەدا نووسەر لە ڕێگەی وەسفی جەستەوە خەسڵەتەکانی ئەو فەرمانبەرانەی پێشان داون، لە ئاستی ئەرکەکانیاندا چەند بێباک و کەمتەرخەمن. ڕەخنەگرتن لەو ئافرەتانەی کە تەنیا گرنگی بە ڕوکاری دەرەوەیان دەدەن، چونکە گرنگی دانی زیاد لە پێویست بە ئارایشت کەم ئەزموونی و ناکامڵی ئافرەتەکە پیشان دەدات، چونکە کاتێک " ئافرەتان هیچ لە بەردەمی خۆیانا شک نابەن، بایەخ دان نەبێ بە جوانی لەش و دیکۆری دەرەوەیان"(کویستانی، ١٩٧٩:٨٩) واتە نووسەر لەم چیرۆکەدا ڕوانینێکی نەرێنی بەرانبەر بەشێک لە ژنان هەیە، کە ئەگەر سەرنج بدرێت ئەو جۆرە فەرمانبەرانە لە دامودەزگەکانی دەوڵەتدا دەبینرێن و کارەکانی هاووڵاتییان بە باشی ڕاناپەڕێنن، کە بۆ مەبەستی پێویستی ڕوو لەو فەرمانگانە دەکەن. واتە لێرەدا نووسەر وەک ڕەخنەگرێکی واقیعی دەردەکەوێت.

## بەشی سێیەم

## بنیاتی هونەری لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا

١ - زمان
٢ - گێڕانەوە

٣- کارەکتەر

٤- ڕووداو

٥ - گفتوگۆ

٦- مەنەلۆگ

٧ - وەسف

## بەشی سێیەم
## بنیاتی هونەری لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا


چیرۆکنووس کاتێک بیرۆکەیەکی هەیە و دەیەوێت پەیام و ناوەرۆکی ئەو بیرۆکەیە بە خوێنەر بگەیەنێت، ئەوە پەنا بۆ بەکارهێنانی هەندێ ڕەگەز و تەکنیک دەبات، تا بەرهەمەکەی لە قسەی ئاساییی ڕۆژانە جیا بکاتەوە. بە مانایەکی تر، ئەگەر ڕەگەز و تەکنیک لە هەر گێڕانەوەیەکدا بەکار نەهێنرێت، ئەوە ئەو گێڕانەوەیە دەبێتە گێڕانەوەیەکی ئاسایی و هیچ کاریگەرییەک لای خوێنەر و وەرگر جێ ناهێڵێت. لەم بارەیەوە ژانری چیرۆک دەکەوێتە ناو بازنەی ئەم تێگەیشتنەوە و ئەگەر ڕەگەز و تەکنیکەکانی تایبەت بەو ژانرەی تێدا بەکار نەهێنرێت، ئەوە لە چوارچێوەی چیرۆکی هونەری دەردەچێت و دەبێت گێڕانەوەیەکی ئاسایی.

(محەمەد فەریق حەسەن) لە چیرۆکەکانیدا بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکە و گەیاندنی پەیامی بەرهەمەکەی، بە شێوەیەکی هونەری ڕەگەز و تەکنیکی جۆراوجۆر بەکار دەهێنێت، کە وا ئێمە لێرەدا ئاوڕ لە هەندێکیان دەدەینەوە، کە هەندێکیان ڕەگەزێکی بنەڕەتیی چیرۆکن و هەندێکی تریان تەکنیکن و نووسەر بەکاریان دەهێنێت، وەک ڕەگەزەکانی (گێڕانەوە، ڕووداو و کارەکتەر) و تەکنیکەکانی (مەنەلۆگ، گفتوگۆ و وەسف)، کە نووسەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ڕەگەز و تەکنیکانەوە بنیاتی چیرۆکەکەی دەنێت و ڕەهەندێکی هونەری پێ دەبەخشێت و لە شێوەی بەرهەمێکی ئەدەبیدا بە خوێنەری دەناسێنێت.

### ١- زمان

لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا بە تایبەتی ئەوانەی لە بارەی بنیاتی چیرۆکەوە ئەنجام دراون زمان بە ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی چیرۆك دادەنێن ، لەبەر ئەوەی زمان وەکو دیاردەیەکی هونەری ڕۆڵی کاریگەر و بنیاتنەر دەگێڕێ لە هەیکەلی چیرۆکدا وهەروەها لە رووی گەیاندنی پەیامی گوتاری ئەدەبی هەمیشە چیرۆکنووس پشت بە زمان دەبەستێت بۆ بەرجەستەکردنی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکانی ، ئەوەندەی تر مەسەلەی زمان لە چیرۆکدا گرنگی لای ڕەخنەگران پەیداکردووە.چیرۆکنووس زمانەکەی لە زمانی کۆمەڵەکەی جیانکاتەوە بەڵکو شێوازێکە بۆ کارلێکردن ، شێوازی سەرکەوتووش لای نووسەر ئەوەیە کە ئەو زمانەی بەکاری دێنێ لە زمانی کۆمەڵەکەی دانەبڕێت ، چونکە ئەم کارە گەیاندنی پەیامێکە لە نێوان تایبەت و گشت .

)فردیناند دوسۆسێری دامەزرێنەری زانستی زمانەوانیی نوێ ، بەڕوونی بابەتی زمانیی لە دوو جەمسەردا لەیەك جیاکردووەتەوە ، کە زمان لەمیانەیدا ڕۆڵی خۆی وەکو میکانیزمای گێڕانەوە دەبینێت ، کە لەمیانەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت: ( دلیله مرسلي مع اخرين ، د.ت ، ل١٤ )




بەو شێوەیە زمان بوو بەباتێك بۆ زانستی دەقناسی ، بەهۆی دابڕانییەوە لە ڕووی میتۆدەوە لە دوو جەمسەری تیۆری و پراکتیکی ، لەو میانەیەوە ( دوسۆسێر ) سەرلەنوێ شێوەکانی دەربڕینی زمانی لەچوارچێوەی دەقەوە لە دوو مانای سەرەکیدا دەستنیشان کردووە :

یەك : ئاخافتنکەر لە ڕێگای زمانەوە مەبەستەکانی دەردەبڕێت

دوو : زمان دەربڕینە لە دیاردەکانی گێڕانەوە

زمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا ، هەروەها بووەتە بەشێك لە پێداویستییەکانی مرۆڤ و لێی جیانابێتەوە ، بوونی زمان بۆخۆی کۆمەڵی مرۆڤ و شارستانیەتی بنیات دەنێت ، چونکە ڕێگایەکە بۆ گەیاندن و گواستنەوەی کولتوری میللەتێك بۆ میللەتێکی تر (( زمان پێرەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکتر گەیشتن بە هۆی ڕستەی جۆراوجۆرو گوتن و بیستنەوە ، کە بە هۆی بەکارهێنانی نیشانەو هێما لە ڕۆناندا بۆ دروست کردنی وانەی واتایی بەرجەستە دەبێت. واتا کۆمەڵێك شێوازی جیایە کە هەر بارەو شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە ، جۆراوجۆریی شێوازیش لە زماندا لەسەر ئەو جیاوازیە دەنگییانە دەوەستێت کە بۆ دەربڕین بەکار دێن ، ئەو جیاوازییەش لە زمانێکدا بە پێی مێژوو بە هۆی گەشەکردنەوە دێتە کایەوە ، یان بەپێی سەردەم ، ناوچە ، تەمەن ، ڕەگەز ، ئەرك ، بابەت .. هتد سەرهەڵدەدات و گۆڕانی بەسەردا دێت و سیمای تایبەتی خۆیان دەبێت))

(محمد معروف فتاح ،زمانەوانی ،چاپخانەی دار الحکمە ، هەولێر ، ١٩٩٠ ، ل ١٠٤ )

زمان لایەنێکی گرنگی پێشکەوتنی ئەدەبە ، بە هەموو ژانرەکانیەوە ، بۆیە دەبینین چەندەها تیۆری تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەسەر زمان لە مێژووی زانستی زمانەوانیدا هاتوونەتە کایەوە ، لەبەر ئەوەشە دەبینین ، کە لە ڕەخنەی نوێدا تویژینەوە زمانەوانییەکان فراوانترین پانتاییان داگیرکردووە و لە بابەتە هەرە گرنگ و سەرەکیەکانی ڕەخنەگران دەژمێرێت

زمان ڕەگەزی سەرەکی هونەری چیرۆکنووسینە (( بەڵام زمانیش لە لایەك هەڵگری ماناو دەلالەت و خەیاڵ و ئەزموونی زمان لە خۆ دەگرێ ، بەو مانایەش زمان هەر تەنها وەسیلەیەك نیە بۆ تەعبیر کردن ، هەر تەنها ئامرازێك نیە بۆ گەیشتن بەڵکو کۆمەڵێك ئاماژەی بینراوە )) ( ئەدۆنیس ، وەرگێڕانی : عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ،چ ١، هەولێر ،٢٠٠٥ ، ل٣ )

هەر لەم لایەنەوە سوسێر دەڵێت: (( زمان قەبارەیەکی ئاڵۆزی هەیە ، چونکە بەردەوام پێوەندی ڕەگەزەکانی لە گۆڕاندایە ، جا چ پەیوەندییە دیارەکان بن ، یان نادیارەکان ، بەڵام ئەگەر گۆڕانکاری پەیوەندییە دیارەکان بە خەیاڵی نووسەرەوە بەندبێ ئەوە گۆڕانکاری پەیوەندییە نادیارەکان بە خەیاڵی زمانەوە بەند دەبێ ))

(فردینان دی سوسیر ، ت:د.یوئیل یوسف عزیز ،مراجعة :د.مالك المطلبي ، ص١٢٣ )

زمان لای سۆسێر وا پێناسە کراوە کە (( بریتیە لە پێوەندی نێوان هێما(دال)و هێماکار (مەدلول) ، بەڵام هێماکار جێگیرنییەو بە پێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و بارودۆخی ژیان بە گشتی ئەگۆڕێت ))( محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقد العربي ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٣ ، ص ٨٤ )

پۆڵ ڤالیری دەڵێت: (( ئەدەب بریتییە لە دروست کردنی زمان لە زماندا )) ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شاعر زمانەکەی جیابکاتەوە لە زمانی کۆمەڵەکەی بەڵکو شێوازێکە بۆ کارلێکردن .( ساڵح ، ٢٠٠٥ ، ل٢١ )

لە چیرۆکدا زمان گرنگی و پێشڕەوی خۆی دەردەخات، ئەگەر چی چۆنێیەتی گەیاندن و ئەو ئەرکەی کە دەیبینی لە ژانرە ئەدەبێکانی دیکە جیاوازە, بەڵام لە کرۆك و ناوەڕۆکی بابەتەکە هەر وەکو خۆیەتی. زمان وەك ئەوەی تەواوی ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە دروست دەکات و بەدەر لەزمان هیچ بوونێکیان نییە بۆ چیرۆکیش هەمان شت بەدی دەکەین ((دەبێت بزانین کە جیهانی ڕۆمان بە هۆی زمان و پیڤەکان دروست دەبێت )) وبۆ هەر خەیاڵ و واقیعێك و هەر ئیستاتیکا و پەیام و ئەرکێکیش کە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس دەیەوێ بە خوێنەرانی بگەیەنێ ئەوا دەبێ زمان بەکار بێنێ.

چیرۆکنووس نزیکترین ژانری ئەدەبییە لە واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤەوە, بۆیە تارادەیەکی زۆر هەمان ئەو نێوەندانە بوکاردێنێ کە لە ژیاندا بەکاردێن . باشترین نێوەندیش بو گەیاندنی پەیامێك یا والە کەسێك بکەی کە تێبگا و باشترین ڕێگا هەڵبژێرێت , لە ڕێگای زمانەوە ئەو کارە دەکرێت , بۆیە لە چیرۆکدا چیرۆکنووس ئەو نێوەندەی ژیان دەهێنێت و بەباشترین و جوانترین شێوە بۆچوونەکانی خۆی پێ دەردەبڕێت. ئەمە جیا لەوەی لە چیرۆکدا زمان جگە لەوەی نێوەندە خۆشی خودی مەبەستەکەیە , چونکە چ رەگەز وژانرە ئەدەبییەکان و چ ناسنامەی نەتەوەی بەرهەمەکە, لە ڕێگەی ئەو زمانەو دیاردەکرێن کە لەدەقدا بەکار هاتووە , سەرەڕای ئەو پەیامەی لە دەقەکەدا هەیە کە نووسەر دەیەوێ خزمەت بەزمانەکەی خۆی بکات و پەرەی پێبدات ..

(باختین) پێیوایە ڕۆمان (( شێوەیەکە لە شێوەکانی زمان, وەکو شیعر کە ئەویش بەهەمان شێوەیە)).( محمد صالح عبدالرضا ، منوال المرسل والنسيج الحكائي —المنحي السردي بين الشعر والقصة — ٢٠٠٦ ، ل٥ )

کەواتە ئەوە ڕەگەزە ئەدەبییەکان نین کە شێوازی جیا جیا بە زمان دەدەن , بەڵکو زمان لەناو رەگەزە ئەدەبییەکان دا بەشێوەی جۆراو جۆر دەردەکەوێت و بەهۆی چۆنێتی دەرکەوتنیەوە رەگەزی جیا جیای ئەدەبی دروست دەکات. وەك دەبینین (باختین) شێوەی رەگەزە ئەدەبییەکان و چۆنیەتی فۆرمگرتنیان دەگەرێنێتەوە بۆ جۆرو شێوەی ئەو زمانەی کەلەناو دەقە ئەدەبێکانا بەرچاو دەکەون .

ئەو رایانەی لەبارەی ڕۆمانەوە دەخرێنە ڕوو دیارە بۆ چیرۆکیش هەر ڕاستە . (عبدالملك مرتاظ ) دەڵێ : (( زمانی پەخشان ئامێزی رۆمان پێویستە زمانی باوی ناو خەڵك بێت, ئەو زمانە گەیاندنەی کە ئەگەر زمانی تەواوی هەموو خەڵکیش نەبێت , لایەنی کەم دەبێت زمانی چینی ڕۆشنبیر بێت)) ( مالکوم برادبری —الرواية اليوم ، ت: احمد عمر شاهين ، الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة ، ١٩٩٦ ، ص ٥ ) . زمانی خەڵکی و

هەروەها زمانی چینی ڕۆشنبیریش بەدوورە لە جوانکاری و لایەنەکانی ڕەوانبێژیشی بەکەمی تێدا بەرچاو دەکەویَ. بەم پێیە دەبێت زمانی رۆمان زیاتر وەك نێوەندێك بەکاربێت تا هەموو ئەو ئەرکانەی پێی دەسپێبێردرێت بە خوێنەرانی بگەیەنێت. الملحمە والروایە, ص١٥

لەبارەی زمانی چیرۆکەوە (ئیان وات) دەڵێت: ((چیرۆك زیاترلە هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی دیکە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەرکی زمان دەلالەتکردنە لە شتەکان و زیاتر پشت دەبەستیَ بە خستنە روویەکی درێژ لەوی پشت ببەستیَ بە جوانکاری و کورتکردنەوە))( عبدالملك مرتاض ، في النظرية الرواية ، ١٩٩٩ ، جزائر ، ص ١٠١ ) . ئەمەش هەمان ئەو ئەرکەیە کە زمان لەژیانی ڕۆژانەدا دەیگێڕیَ کەلە بری هەر شتێك وشەیەك دانراوە یا لەبری هەر دالێك مەدلولێك هەیە و لەبری ئەو بەکار دێت و بەکارهێنانیشیان بۆ ڕونکردنەوەی شتەکانە. هەر لێرەدا ئەو خەسڵەتەی زمانی رۆمانیشمان بۆ دەردەکەوێت کە تاڕادەیەك دەتوانین بە درێژدادڕی ناوبنێین, لەبەر ئەوەی بیَ سنووری و فراوانی پانتایی رۆمان واله ڕۆماننووس دەکەن بە ئارەزووی خۆی لە شتەکان بدوێت و بە تەواوی هەرچی بیەویَ لەبارەی هەرشتێکەوە بیڵیَ .

(( نووسەر کە شتێك دەنوسیَ دیارە دەیەویَ مەبەستێك بخاتە روو لە ڕێی ئەو نووسینە بە ڕێگایەکی تایبەتی خۆی و بە هەمان زمانی کۆمەڵەکەش بێت بۆ ئەوەی کاریان تێبکات و بەو شێوازە تایبەتەی ، تا هەڵوێستێك لەلای خوێنەر دروست بکات یان بگۆڕێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وشەو زاراوانەی لەناو زمانەکەیدا باوە هەر نووسەرێك کەسایەتێیکی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەم کەسایەتیش ڕەنگدانەوەی هەیە لە بەکارهێنانی زمانەکەیدا کە پێی دەوتریَ شێوازی نووسەر )) (سالَح ،٢٠٠٥ ، ل ٢١ ) سەلیم رەشید سالَح ، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ، چ ١، سلێمانی ، ٢٠٠٥

## ٢ – گێڕانەوە

هەر بەرهەمێکی چیرۆک و ڕۆمان بگریت، بە پلەی یەکەم پشت بە گێڕانەوە دەبەستن، تەنانەت ئەو دوو ژانرە پێیان دەگوترێت ئەدەبی گێڕانەوە. مەبەستیش لە گێڕانەوە ئەو بنەما سەرەکی و بنچینەییەیە، کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونیەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و هەمیشە دەیەوێت ئەو ڕووداوانەی بەسەری دێن، بیانگێڕێتەوە، کە سەرەتا لە شێوەی گوتندا بووە و دواتر لە شێوەی نووسیندا تۆمار کراوە و هاتووەتە ناو ئەدەبەوە. گێڕانەوە ڕەگەزێکی بنچینەییی چیرۆکە و نووسەر لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هونەری بنیاتی دەقەکەی پێک دەهێنێت.

سەبارەت بە گێڕانەوە لە چیرۆکدا دەکرێت بڵێین گێڕانەوە "کارێکی هەواڵ گەیاندن و هونەرییە، هەواڵگەیاندنە، چونکە زنجیرەیەک ڕووداو دەگوێزێتەوە ئەرکی گەیاندنی پێسپێردراوە، پێیدەوترێت نێراو بۆ نێراو، بۆ چنینەوەی ئەو ڕووداوانە، وە دارشتنەوەیان لە قاڵبێکی زمانی کە پەرۆشی بەهای جوانی دەق بێت." (فەقیَ، ٢٠١٢: ١٣) تەنانەت گرنگیی

گێڕانەوە لە چیرۆکدا گەیشتووەتە ئاستێک، کە بکرێتە پێوەری سەرکەوتنی دەقێکی ئەدەبی. لەبارەی ئەم بایەخەی گێڕانەوەوە، ڕۆماننووسی فەڕەنسی (ئالان ڕۆب گرێ) دەڵێت: "چیرۆکنووسی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، کە دەزانێت چۆن چیرۆکەکە بگێڕێتەوە." (ئیبراهیم، ٢٠١٦: ٧٩)

چیرۆک بۆ خۆی گێڕانەوەی ڕووداوێکە، ئەمەیش گرنگیی گێڕانەوە وەک کۆڵەکەی سەرەکی چیرۆک دەردەخات. لەم ڕووەوە (عبدالرزاق بیمار) دەڵێت: "چیرۆک بریتییە لە گێڕانەوەی کۆمەڵە ڕووداوێک بە شێوەیەکی هونەری، کە دەبێتە مایەی سەرنجڕاکێشان و بزواندنی هەستی جوانیپەروەری و پێگەیاندنی لێکدانەوەی گوێگر، یان خوێنەر بەرانبەر ژیان." (بیمار، ١٩٩٨: ٢٦١) هەر سەبارەت بە هونەری گێڕانەوە، ڕەخنەگری فەڕەنسی (ڕۆلان بارت) گێڕانەوە وەک هونەر دەبینێت و پێی وایە گێڕانەوە دەتوانێت بیری مرۆڤ بجووڵێنێت: "ئێمە کاتێک بایەخ بە گێڕانەوە دەدەین، واتە بانگەشە بۆ بیرکردنەوە لە سروشتی ڕۆشنبیری و لەوانەیە لە خودی مرۆڤایەتیش بکەین." (ابراهیم، ١٦١:١٩٨٨) کەواتە بۆ ئەوەی ڕادەی هونەریبوونی چیرۆکێک بزانین، ئەوە دەبێت لە ڕێگەی هونەری گێڕانەوەکەیەوە بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، ئایا ئەم دەقە چیرۆکێکی هونەرییە، یان گێڕانەوەیەکی ئاسایی. گێڕانەوە پردی پێوەندیی نێوان چیرۆکگێڕەرەوە و خوێنەرە، کە ئامانجی گێڕانەوەکە گەیاندنی بیرێکە بۆ خوێنەر، بۆیە دەبێت دەستپێکی گێڕانەوەی بەرهەمی ئەدەبی بە جۆرێک بێت، کە "خوێنەر سەرسام بکات و بۆ ناو دەقەکەی ببات." (الشارونی، ٧٠:١٩٧٧)

ڕەخنەگرانی ئەدەب گێڕانەوەیان لەنێو چیرۆک و ڕۆماندا بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش کردووە، ئەوانیش (گێڕانەوەی خودی و گێڕانەوەی بابەتی) و لێرەدا هەردووکیان باس دەکەین و ڕوونیان دەکەینەوە.

**یەکەم: گێڕانەوەی خودی**

جۆرێکی گێڕانەوەیە، کە تێیدا یەکێک، یان چەند کارەکتەرێکی نێو چیرۆکەکە ڕووداوەکان لە گۆشەنیگای خۆیانەوە دەگێڕنەوە. واتە چۆن لە ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەڕوانن، بەو شێوەیە بۆ خوێنەری دەگوێزنەوە. لەم جۆرەی گێڕانەوەدا نووسەر ئازادی بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت، تا بتوانن بەبێ هیچ فشارێک بیرۆکە و تێگەیشتنەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، هەر بۆیە پێی دەگوترێت خودی، چونکە خوێنەر "لە ڕێگەی کامێرای چاوی کەسایەتییەکانەوە شوێن ڕووداوەکان و زانیارییەکان دەکەوێت." (تاهیر، ٦٦:٢٠١٣) کەواتە گێڕەرەوە لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە (من- ئێمە) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. لێرەوە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لەم جۆرەی گێڕانەوەدا خوێنەر بە ئاسانی بە ناوەوەی کارەکتەرەکان دەگات و ئاشنای شێوازی بیرکردنەوەیان دەبێت، بۆیە یەکێک لە

تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی خودی ئەوەیە، کە "لە وێنەگرتنی ناوەوەی کەسایەتییەکان نزیک دەبێتەوە، زیاتر لە هەست و سۆزی کەسایەتییەکان نزیک دەبێتەوە، لەگەڵ کەسایەتییەکان بە ڕاشکاوی خودی خۆی دەدوێنێ، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی ئەوە لە کەسێکی تر بکات ئەم کارەی بۆ بکات." (تاهیر، ٦٦:٢٠١٣) ئەم شێوازە لە گێڕانەوە لەگەڵ گێڕەرەوەی هەمانشتزاندا یەک دەگرێتەوە، کە لەم شێوازەدا کارەکتەر بە ئازادی و بەبێ بوونی هیچ فشارێکی دەرەکی، وەک گێڕەرەوەیەک خۆی دەردەبڕێت.

لەم ڕووەوە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی ئەم شێوازەی بەکار هێناوە و بەپێی قۆناغی مێژوویی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە ڕۆمانی کوردیدا لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەم شێوازە لە گێڕانەوەی بابەتی زیاتر بەدی دەکرێت. هەروەها نووسەران جێناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ) لە بەرهەمەکانیاندا بەکار دەهێنن: "لە دوای ڕاپەڕینەوە شێوازی گێڕانەوەی خودی زاڵە بەسەر شێوازەکەی تردا، لە ڕێگەیەوە هەست و هۆش و بیری کەسانی ناو چیرۆک بەوردی و لە ناخەوە خراوەتە ڕوو، بەڵام گۆڕان لە تایبەتییەکاندا کراوە، ئەویش بە بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ)، لە شێوازی خودیدا و لە ڕێگەی چیرۆکگێڕەوەی هەمانشتزانەوە، ئەمەیش بۆ ئەو تێڕوانینەی نووسەران دەگەڕێتەوە، کە ڕاستەوخۆ ویستویانە لەگەڵ خوێنەردا بدوێن." (عەلی، ٢٩٨:٢٠١٢) ئەمە جگە لەوەی تەکینیک شەپۆلی هۆش بە دەوری خۆی ڕۆڵی لە چەسپاندنی ئەم شێوازەی گێڕانەوەدا هەبوو، کە لەو چیرۆک و ڕۆمانانەی تەکنیکی شەپۆلی هۆشیان تێدا بەکار دێت، نووسەران ئاوڕ لە ناوەوە و دۆخی دەروونیی کارەکتەرەکانیان دەدەنەوە و وێنەی ناوەوەیان زەق دەکەنەوە.بەو پێیەی تەکنێکی شەپۆلی هۆش ئیشکردنە لەبارەی ناوەوەی کارەکتەر ، دەروونی کارەکتەر دەبێتە مەیدانی ڕووداوەکان گێرانەوە لێرەدا تاکە دەنگ دەبێت واتە یەک دەنگ بەسەر کۆی کارەکتەرەکانی تر زاڵە .

(محەمەد فەریق حەسەن) لە چیرۆکەکانیدا سوودی لەم شێوازەی گێڕانەوە وەرگرتووە و تێیاندا ئازادیی بە کارەکتەرەکان بەخشیوە، تا لە ڕێگەی خۆیانەوە خۆیان بە خوێنەر بناسێنن و گرفت و کێشەکانیان لە زاری خۆیانەوە بە خوێنەر بگەیەنن، کە ئەمە لە گێڕانەوەی بابەتیدا بەدی ناکرێت و زیاتر نووسەر خۆی لە ڕێگەی وەسفەوە کارەکتەرەکانی بنیات دەنێت. لەو چیرۆکانەی، کە پێوەستن بە کارەکتەری ئافرەت و تێیاندا گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکەن، چەند نموونەیەک دەهێنینەوە.

**چیرۆکی (لە کێ بپرسم لەکوێن، کەسێ لەوێ نەماوە!)**

کارەکتەری سەرەکی ئافرەتێکە و گوزارشت لە گرفتی ئەو ئافرەتانە دەکات، کە هاوسەرەکانیان کۆچ دەکەن و لە چاوەڕوانیی هاتنەوەیاندا تەمەنیان وەک بەفری بەر هەتاو دەتوێتەوە. ئەم کارەکتەرە بە شێوازی گێڕانەوەی خودی و لە ڕێگەی زاری خۆیەوە ئەم

دۆخە دەروونییە نائارامەی دەخاتە ڕوو، کاتێک دەڵێت: **"ئیتر من چوومە دۆخێکی ئەوتۆوە، زمانێک نەدەما پێی بدوێم ! هەرچی وشەیەک لە تافی منداڵیرا کۆمکردبوونەوە، وەک دانەی وورده مورووی ملوانکەیەکی درێژ و لەپڕێکدا ڕایەڵەکەی پچڕابێ، بەچوار کەناردا بڵاو دەبوونەوە. ئیتر لەهەندێ ئاهـ و زیقەو هاواری ژنانەی بێ واتا بترازێ هیچی ترم لە یاد نەما. تۆ بڵێی بگاتە جێ مێردەکەم."** (ل:١٨٤)

**چیرۆکی (ئەم شەو سێوێ لە سەری دەدرێت)**

، کە گێڕەرەوەی سەرەکی ئافرەتە. هەروەها یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکاندا بەشدارە. واتە خوێنەر لە گۆشەنیگای ئەمەوە بەر ڕووداوەکان دەکەوێت، کاتێک بەهۆی گێڕانەوەی خودی و جێناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەیانگێڕێتەوە. دەڵێت: **"منیش ترسم لێنیشتبوو ترس و غایلە لە چارەنووسی خۆم، زۆر نزیکە منیش بە مەرەی ئەو بچم و کەسێکیش بە فریادم نەگات، جووتێک ئێڵیچی ڕووح سووک لە غەیبەوە وەک تارمایی پیرە دەروێشێک و پەرییەک، کە ئێستا بە تەواوی شێوەیانم نایاتەوە بەرچاو، بە سۆزێکەوە چرپاندیانە ڕووحم، ووتیان ئەگەر بەخێری نەجوڵێی ئەوا هاکا نۆرەی تۆش هات..."** (ل:١٣٢) لەم گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە بە شێوەیەکی ڕەشبینانە لە چارەنووسی ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەدا دەڕوانێت، بەوەی لە هەر کاتێکدا دەکرێت هێرشێکی بێبەزەییانەی بکرێتە سەر، تەنانەت ئەگەر پاساوێکی لاوازیش بوونی هەبێت. کەواتە گێڕەرەوە ئەو وێنەیەی ئافرەتی کێشاوە، کە لەنێو کۆمەڵگەدا دۆخێکی جێگیری نییە و دەگونجێت لە هەر هەلومەرجێکدا هێرشی بکرێتە سەر و چارەنووسی ڕەش بکرێت. نووسەر ویستوویەتی لە ڕێگەی گێڕانەوەی خودییەوە باس لە ئازاری ئافرەت لەنێو کۆمەڵگەدا بکات، کە بۆ ئەمە پەنای بە جۆرێکی گێڕانەوە بردووە، کە هونەری بێت و خۆی لە ڕاستەوخۆیی ڕزگار بکات. بۆ گەیاندنی ئەم بیرۆکەیەیشی، شێوازی گێڕانەوەی خودی هەڵبژاردووە، تا زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕابکشێت و زیاتریش جێی بڕواپێکردن بێت.

**چیرۆکی (گەڕەکی ئەملا گەڕەکی ئەولا)**

گێڕەرەوەی سەرەکی ئەم چیرۆکە ئافرەتە و بە شێوازێکی خودی چیرۆکی تراژیدیانەی خۆی دەگێڕێتەوە، کاتێک گەڕەکەکەیان لەلایەن چەکدارانەوە بۆمبباران دەکرێت، کە تەنیا ئافرەت و منداڵی تێدا ماوە. ئەم کارەکتەرە سەرەکییە، کە لە هەمان کاتدا گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیشە، باس لە دۆخی سەختی جەنگ دەکات و گوزارشت لە ئازاری دایکایەتیی خۆی دەکات لەو ساتەدا، کاتێک بە تەنیا ئەرکی بەخێوکردن و ڕزگارکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆدایە لەو دۆخەدا، بە شێوەیەکی خودی و لە ڕێگەی جێناوی کەسی یەکەمەوە بەم جۆرە ئازارەکانی خۆی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە: **"یەعقوبم بە سنگەوە نووساند و پەلی ماریام ڕاکێشا و دیسانەکە تا هێزمان تێدایە هەڵێ. عەبایەکەم وەک بەیداخی یاخییان**

**ڕادەشەکا، لێوم وشک، پشوو خنکاو، ماریاو یەعقوبیش دەیانزریکاند. عالەم هەڵدەهات و گرمە دەهات پەڕیمەوە ئەوبەر. لە خێراویێک زاری منداڵەکان و خۆمم تەڕ کرد."** (ل:١١٠)

لە چیرۆکی (ڕستێک زەنگیانەی ئاوی)دا گێڕەرەوەی سەرەکی ئافرەتێکە، بە ناوی (خۆشی)، منداڵێکی بچووکە، بەڵام بە زمانی گەورە دەدوێت و ڕووداوی سەرەکی دەقەکە، کە چۆنێتی کوژرانی باوکێتی، دەگێڕێتەوە و ئازارەکانی نیشان دەدات. (خۆشی) دەڵێت: **"بابە، وەک لەبەر ڕۆشنایی پرۆجەکتۆرێکی زۆر بەهێزدا کار بکات، ئەوانەی، کە لەو دەوروبەرە لە تاریکیدا دەجووڵان، چاویان لێی بوو. بەڵام بابە کەسیانی نەدەبینی. ئەم تەیناباڵ و ئەوان هەزاران. ئەوان بە نیازی خراپ هەڵپەی (کوێستان)یان بوو. ئەو شەوەش بابە دەیەویست بچێتە ژووانیی. خۆی گۆڕیبوو گەڕابۆوە تافی لاوی. تەواو وەک ئەو ڕۆژانەی کە پێکەوە بۆ کۆشش دەچووینە تووە وشک. کوێستان، لەوبەر چەمێکی خوڕی هێجگار قووڵەوە چاوەڕوانی بابە بوو."** (ل:٥٩٦) ئەم جۆرە لە گێڕانەوەی خودی، کە تێیدا گێڕانەوەکانی (خۆشی) لە ئاستی تەمەن، هۆشیاری و ڕۆشنبیریدا ناگونجێت. گێڕانەوەی ڕووداوەکان بە ڕووالەت بە کارەکتەری (خۆشی) بەخشراوە و جۆری گێڕانەوەکەیش خودییە، بەڵام دەنگی نووسەر بەسەر گێڕەرەوەدا زاڵە و بە زمانی نووسەر خوێنەر بەر ڕووداوەکان دەکەوێت. لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە مەرج نییە کاتێک کارەکتەرێکی نێو چیرۆک ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، ڕاستەوخۆ بڕیار بدەین و بڵێین گێڕانەوەکە خودییە، بەڵکوو دەبێت قسە و ڕەفتارەکانی گێڕەرەوە لەگەڵ تەمەن و ئاستی هۆشیاریدا بگونجێت و لەو بارەیەوە هیچ لێڵییەک دروست نەکات.

**دووەم: گێڕانەوەی بابەتی**

ئەم جۆرە لە گێڕانەوە بە کۆنترین جۆری گێڕانەوە دادەنرێت، کە زیاتر لە چیرۆکی تەقلیدیدا بەکار هاتووە سەرەتاکەی بۆ حیکایەت و داستانەکان دەگەڕێتەوە. گێڕانەوە لە ڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی تاکی نادیار، یان کۆوە بەکار دەهێنێت، ئەمەیش لەپێناو بەخشینی شێوەیەکی بابەتییە بە گێڕانەوەکەی، کە "لە گێڕانەوەی بابەتیدا گۆشەنیگا تەنها هی گێڕەرەوەیە، لەم جۆرەدا گێڕەرەوەی هەمووشتزان، کە لە دەوری ڕووداوەکاندا دەوەستێ بە ڕێگەی جێناوی کەسی سێیەمی نادیارەوە گێڕانەوەکە ئەنجام دەدات." (عارف، ٢٠١٦:١١٢) کەواتە گێڕەرەوە بەشێک نییە لە ڕووداوەکان، بەڵکوو لە دەرەوە و لە دیدی تایبەتیی خۆیەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و ژیانی کارەکتەرەکان پێشانی خوێنەر دەدات. لە هەمان کاتیشدا شارەزای تەواوی هەڵسوکەوتی کارەکتەر و هەموو بابەت و بیر و ناخی کارەکتەرەکان هەیە، چونکە "لەم جۆرەدا نووسەر ئاگاداری هەموو شتێکە، تەنانەت بیر و هەستی شاراوەی کارەکتەرەکانیش." (الفضل، ٢٠٠٣:١٢) بە واتایەکی تر، ئاگاداری هەموو جوڵە و هەڵسوکەوت و تەنانەت ناخی کارەکتەرەکانیشە، بۆیە گێڕەرەوە سەربەستییەکی تەواوی لە هەڵسوڕاندن، باسکردن و شیکردنەوەی ڕووداوەکانەوە هەیە و بە ئارەزووی خۆی بەناو تەواوی ڕەگەزە هونەرییەکانی چیرۆکدا گوزەر دەکات. بەم جۆرە بوار بۆ هیچ کارەکتەرێکی ناو دەقەکە نامێنێتەوە، کە گوزارشت لە خۆیان بکەن، لێرەوە ئازادیی لە کارەکتەر دەسەندرێتەوە و تەنیا نووسەر، یان گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەبنە زمانحاڵی کارەکتەرەکان و گوزارشتیان لێ دەکەن، چونکە نووسەر و گێڕەرەوەی هەمووشتزان ئاگاداری تەواوی ڕووداوەکانن. جیاوازیی نێوان ئەم دوو شێوازەی گێڕانەوە لەوەدایە، کە "لە شێوازی بابەتیدا بێلایەنی و دەرەکیبوونی نووسەرەکەی لە ڕێگەی چیرۆکگێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە ڕۆڵ دەبینێت، دەردەکەوێت و لە شێوازی خودیدا تێکەڵبوونی نووسەر لە ڕێگەی چیرۆکگێڕەرەوەی هەمانشتزانەوە دەبێت." (یاقووب، ٢٠١٢:٢٩٨)

ئەم جۆرە لە گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی نێو کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا نووسەردا بەراورد بە گێڕانەوەی خودی، زیاتر بەرچاو دەکەوێت، کە تێیاندا گێڕەرەوە دەیەوێت بێلایەنیی خۆی دەربخات، لە هەندێک لە چیرۆکەکاندا، کە کارەکتەری ئافرەت گێڕەرەوەن، بە شێوەیەکی بابەتییانە بەشێک لە ڕووداوەکانی نێو دەقەکە دەگێڕنەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (بێشکە)دا، یەکێک لە کارەکتەرەکان، کە ئافرەتە بە شێوەیەکی بابەتی ساتەوەختی ڕوودانی کارەساتی هەڵەبجە بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە: **"ئا ئەوەتا، ئەوە بێشکەکەیەتی، هێشتا وورده زەنگۆڵەی زەرد، حەتحەتۆکە و چاوەزارە ڕەنگاو ڕەنگەکانی پێدا ئاوێزانە، دەزانم ئەگەر ببوایە بە پیاو سمێڵێکی ڕەشی قەترانی دەهێشتەوە... باوەڕناکەم وەک باوکی تورەبێت، تورەبوایە، نا، ناهێڵم، بڵێم نەمدەهێشت لەسەر نەرم ونیانی و هێمنی ڕامدەهێنا بەڵام بەهێز، باسک و**

**باهووە توکنەکانی بابچنەوە سەر ئەو."** (ل:٤٠٠) لەم گێڕانەوەیەدا گێڕەرەوە ئەوە دەخاتە ڕوو ئەگەرچی ڕەگەزی نێر بە نەرموونیانیش پەروەردە دەکرێت، بەڵام لە هێز و بازوودا هەر دەچێتەوە سەر باوکی (پیاو- ڕەگەزی نێر)، چونکە لە نەریتی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەگەزی نێر لە خێزاندا سەرچاوەی دەستەڵاتە، چونکە خاوەنی هێز و بازووە و لە ئافرەت بەهێزترە. هەر ئەم تێگەیشتنە وا دەکات منداڵ هەست بە شانازی بکات، کاتێک دەچێتەوە سەر باوکی و دەبێت بەوپەڕی گرنگییەوە لەو منداڵە بڕوانرێت، کە لە هەموو شتێکدا لە باوکی دەچێت.

نووسەر جگە لە گرفتی کۆمەڵایەتی، ئاوڕی لە خۆشەویستیش داوەتەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (ئیڤن یوڵماند)دا بە شێوازێکی بابەتی باس لە خۆشەویستیی نێوان دوو کارەکتەر دەکات، کاتێک کارەکتەری سەرەکی ئافرەتێکی خۆش دەوێت، لە ڕێگەی کارەکتەرێکی تری لاوەکییەوە ئەم پەیامەی پێ دەگەیەنیت، کاتێک دەڵێت: **"دایکیشی جزدانە چکۆلەکەی نێو جانتا چەرمە دەستیەکەی دۆزیەوەو داواکەی بەجێ گەیاند لانکا بەدەم ڕاکردنەوە پرچە هۆنراوە ڕەش و درێژەکەی، کە بەقردێلەیەکی شەرابی کۆتایی دەهات خێرا خێرا لەسەر پشتی هەڵدەبەزییەوە...لانکا بەڕووی گەشەوە بە من و دایکی گەیشتەوە ئەو پارچە مۆزیکە دەناسمەوە بە سەمایەکی تایلەندی تایبەت کە ڕاپوپێونی دەیژەند."** (ل:٦٨) لە ڕێگەی ئەم گێڕانەوەیەوە گێڕەرەوە ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە، کە (لانکا) هۆکاری بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویستە و دەتوانێت ئەو پێکیان بگەیەنێت.

**چیرۆکی (گۆنی)دا**

گێڕەرەوەی سەرەکی ئافرەتە و یەکێکە لە دەستەخوشکەکانی کارەکتەری سەرەکی (نەشمیل)، کە بە شێوەیەکی بابەتی و لە دەرەوەی ڕووداوەکانەوە ئەم چیرۆکە بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **"ڕۆژێکیان قاوێک بەنێو گونددا کەوت؛ وەک تۆپ دەنگی دایەوە، من کەلە پێشترین دەستە خوشکی نەشمیل بووم، باوەڕم بەو واتە واتە نەکرد و بە هەڵبەستراوم زانی. کەچی وەها ڕاست دەرچوو دوو بەرد تەقەی نەیات (جوندی ئەوەل شناوە) بۆ ڕێ خۆشکردن، بەر لەوەی ئامیر سریە و (صەگبان)ی ئەفسەری ڕەبیەکان بنێرێتە خوازبێنی (نیشمیل)، دوو زەمیلە خورمای کورد کوژەی لە باخەکەی ئەو خوارانەی خۆیانی بەدیاری بۆ نەشمیل ناردبوو."** (ل:٥٣)

گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم جۆرە لە گێڕانەوەی بابەتی دەیەوێت ئەوە پێشانی خوێنەری بدات، کە ئەو بەشێک نییە لەو ڕووداوانەی لە گونددا ڕوو دەدەن، بەڵکوو لە دەرەوەیاندا وەستاوە و وەک فۆتۆگرافەرێک وێنەکان دەگرێت و بۆ خوێنەریان دەگوێزێتەوە، یان بە تەنیا شایەتحاڵی ڕووداوەکان و بینەریانە. هەر بۆیە دەکرێت بڵێین ئەمەیش بە جۆرێک لە جۆرەکان لەپێناوی خۆڕزگارکردنە لە سانسۆری کۆمەڵایەتی، چونکە ئەو ڕووداوەی، کە

بەسەر کارەکتەری سەرەکیدا دێت، لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە جۆرێک لە نەنگی دادەنرێت.

**چیرۆکی (کۆشکێک لە لوتکە، ماڵێک لە دامێن)**

گێڕەرەوەی سەرەکی ئەم چیرۆکە ئافرەتە، بەڵام هەڵگری ناوێک نییە، هەندێک جار نەبوونی ناو، گرفتی ناسنامە بۆ کارەکتەر دروست دەکات، ئەم کارەکتەرە، کە خۆی بەشێکە لە ڕووداوەکان و لە هەندێکیاندا دەردەکەوێت و بەشداریی کارا دەکات و لە هەندێ شوێنیشدا وەک گێڕەرەوەی بابەتی باس لە دۆخی هاوسەرەکەی دەکات، بەوەی کاتێک وەک پیاوێکی هەژار دەیناسێنێت، کە ئەوەیشی هەیەتی، بە هۆی دزێکەوە لە دەستی دەدات. بەم جۆرە دۆخی دەروونیی هاوسەرەکەی بۆ خوێنەر دەگوێزێتەوە: "**ڕوویەکی زەندەق چووی پەرێشان حاڵ، جەستەیەکی نیوە گیان. لچ و لێوی وشکهەڵاتووی هەناسە توند و دڵ توند. سینەم چون موشەدەمە یەکبینە بەرزو نزم دەبووەوە، دوا ئەندامیشم دەلەرزین. ڕەجەب هەستی کرد کارەساتەکە گەورەیە، بێ ئەوەی دەس دابدات ڕاست بووەوە، وەک پایە، لەناوەڕاستی ژوورەکەدا قنج ڕاوەستا و بەچوار دەوردا چاوی گێڕا. ئەمجا پێخاوس و سەرقۆت دەرپەڕی و منیش بە شوێنیدا.**" (ل:٣٠٧)

هەر لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوەی سەرەکی جیاوازیی چینایەتی نێو کۆمەڵگە دەخاتە ڕوو، بەوەی وەک لە ناونیشانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت کۆشک و تەلاری چینە بەرزەکەی کۆمەڵ لە لووتکەدایە و چینە نزمەکەیش بە تەواوی کەوتوونەتە پەراوێزەوە. هۆکاری ئەو دۆخە دەروونییەی هاوسەرەکەشی ئەوەیە، کە لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەدا دادەنرێت و کەسێکی هەژارە. هەموو ئەمانە لە ڕێگەی گێڕانەوەی بابەتییەوە ئەنجام دەدات. لە هەمان کاتدا ئەم وەسفە دەروونییەی هاوسەرەکەی، دەبێتە وەسفێکی ڕووکەشی، چونکە تەنیا لە ڕواڵەتدا ئەو دۆخە دەروونییە پێشان دەدات، لە کاتێکدا ئەگەر خوێنەر لەسەر زاری پیاوە هەژارەکەوە بەر ئەو وەسفانە بکەوتایە، ئەو کاتە باشتر لەو هەستە دەگەیشت و خێراتر لە ناوەوەی ئەو کارەکتەرە دەگەیشت.

### ٣- کارەکتەر

کارەکتەر یەکێکی ترە لە ڕەگەزە گرنگەکانی چیرۆک. "کارەکتەر زاراوەیەکە لە جیهانی شانۆوە هاتۆتە ناو دنیای چیرۆکەوە (character) وشەیەکی ئینگلیزییە بە مانای ئەو کەسە دێت، کە ڕۆڵێک لەسەر تەختی شانۆیی دەنوێنێت. هەروەها لە زمانی کوردیدا بە تایبەتی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی شانۆیی و دەروونناسیدا بۆ زاراوەی کەسێتی بەکار دێت." (ئیبراهیم، ٢٠١٦:٢٤)

کارەکتەر پێوەندییەکی تۆکمە و بەهێزی لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی تری چیرۆکدا هەیە، چونکە ئەگەر کات، شوێن و ڕووداویشمان هەبێت، خۆ دەبێت کەسێک هەبێت بەو کارە هەستێت و ببێت بە خوڵقێنەری ڕووداوەکان. هەر بۆیە کارەکتەر بەو کەسە دەگوترێت، کە چیرۆکنووس بە مەبەست هەڵیدەبژێرێت و قورسایی ڕووداوەکانی دەخاتە سەر. گرنگیی کارەکتەر هەر ئەوە نییە، کە بەبێ ئەو هیچ چیرۆکێک بنیات نانرێت، بەڵکوو ڕەگەزەکانی تری چیرۆک لە خزمەت ئەمدایە بۆ دەرخستنی سیفەت، هەڵسوکەوت و ڕەهەندەکانی ژیانی کارەکتەر. لەو ڕووەوە (د. نجم ئەڵوەنی) دەڵێت: "کارەکتەر یەکێکە لە توخمە سەرەکیەکانی چیرۆک و ڕۆمان و بەبێ ئەو هیچ ڕۆمانێک (چیرۆکێک) نانووسرێت و سەرجەم ڕووداوەکانی هەر دەقێک (چیرۆک و ڕۆمان) پێوەندی بە ژیان و کار و کردەوەکانی ئەوەوە هەیە، هەروەها شوێن و کات و تەنانەت ململانێ و پلۆت هەموویان بۆ دەرخستنی کەسایەتی کارەکتەر دادەمەزرێن." (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩:٩)

بنیاتنانی کارەکتەر و دەرخستن و وێنەکێشانی بە شێوەیەکی توکمە و هونەری، پێوەستە بە شارەزایی و لێهاتوویی نووسەرەوە، چونکە لە سەرەتادا کارەکتەرەکان زۆر دیار و ئاشکرا نین، بەڵام لە ئەنجامی ئەو جووڵە و هەڵسوکەوتانەی لەنێو دەقدا ئەنجامی دەدەن و ئاڕاستەی ڕووداوەکان دەگۆڕن، زیاتر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبن و کەسێتییەکەیان ڕوون دەبێتەوە. هەر بۆیە "سەرکەوتنی تەواوی چیرۆک بەندە بە لێهاتوویی و بلیمەتی نووسەرەکەوە، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسایەتیەکانی نێو چیرۆکەکەی دەکات." (القبانی، ١٩٧٩:٩٨) هەروەها لە ڕێگەی کارەکتەرەوە چیرۆکنووس هەوڵ دەدات خواست و ویستەکانی خۆی بخاتە ڕوو، کە هەندێ جار دەبینین دەنگی چیرۆکنووس بە تەواوی بەسەر کارەکتەرەکانیدا زاڵن، چونکە لە بنەڕەتدا نووسەر کارەکتەر بۆ ئەوە دادەهێنێت، تا لە ڕێگەیەوە ئایدیا و بیرۆکەکانی خۆی بۆ خوێنەر بگوێزێتەوە.

کارەکتەر "بکەرێکە، کاریگەری بەسەر ڕووداوەکانەوە دەبێت و لە هەندێ لە بەشەکانی چیرۆکدا بە دەوری دەخولێتەوە، شێوەکەی لە ڕێگەی وەسفی ڕەوشت و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی دیاری دەکرێت، تایبەتمەندی دەروونی و جەستەییەکەی لەمیانەی وەسفی حیکایەتخوانەوە دیاری دەکرێت." (حجازی، ٢٠٠١:١٠٣) هەر بۆیە پێویستە چیرۆکنووس بە

شێوازێکی هونەریی ورد کارەکتەرەکانی نێو چیرۆک دیاری بکات، چونکە "کارەکتەری دەق بە پلەی یەکەم کارەکتەرێکی هونەرییە، بەڵام بێواتایش نییە و شێوازی وێنەکردنەکەشی واتای خۆی هەیە." (سماحة، ٨:١٩٩٩) کەواتە کارەکتەری ناو چیرۆک بەیەکداچوونی لەگەڵ توخمەکانی تری چیرۆک و ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەی تێیدا دەژی، کارلێک دەکەن و واتا بە دەقەکە دەبەخشن.

کارەکتەر لە زۆربەی هەرەزۆری ئەو بەرهەمانەی سەر بە ئەدەبی گێڕانەوەن، یەکەم ڕەگەزە کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، هەر ئەم تایبەتمەندییەیشە وای کردووە ببێتە سەرچاوەی جوانیی دەق، چونکە وا ڕێک دەکەوێت "زۆر جار کارەکتەر دەبێتە سمبولێک بۆ ڕێڕەوی ژیانی واقیعی خوێنەر، تاڕادەیەک، کە چۆن لە خەو و خەیاڵەکانماندا بە دوای خۆماندا بگەڕێین، لە چیرۆک و ڕۆمانیشدا بەدوای یەک، یان چەند کارەکتەرێکدا دەگەڕێین تا لەگەڵیان ببنە یەک." (شێخانی، ١٤:٢٠٠٣) ئەمەیش دەبێتە هۆی پێوەستبوونی خوێنەر بە کارەکتەری دەق و تێکەڵاوی هەست و سۆزەکانی دەبێت.

ڕەخنەگران لە ڕووی ئەرک و ڕۆڵەوە کارەکتەریان لەنێو چیرۆک و ڕۆماندا بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەش کردووە، ئەوانیش (کارەکتەری سەرەکی و کارەکتەری لاوەکی)، کە لێرەدا لەبارەی هەر یەکێکیانەوە چەند تێگەیشتنێک دەخەینە ڕوو:

**یەکەم: کارەکتەری سەرەکی**

هەروەک چۆن لە ژیانی ئاساییدا کەسانێک هەن ڕۆڵی گەورە و سەرەکی دەگێڕن لە ڕووداو و بەسەرهاتەکاندا، بە هەمان شێوە لە فەزای چیرۆک و ڕۆمانیشدا کەسانێک هەن کارەکتەری سەرەکین و دەتوانن ڕۆڵی سەرەکی بنوێنن و جووڵە بخەنە نێو پرۆسێسی گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە. کارەکتەری سەرەکی "تەوەری سەرەکی ڕووداوەکانە و لە هەمان کاتیشدا بزوێنەری ئەو ڕووداوانەیە، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەق ئامادەیی بەرچاوی لەناوڕووداوەکاندا هەیە، کۆمەڵێک کێشە و ململانێ دروست دەکات، یان دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکان." (شێخانی، ١٧:٢٠٠٩) هەر بۆیە نووسەر بایەخێکی تایبەت بە کارەکتەری سەرەکی دەدات و تایبەتمەندییە جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و هزرییەکانی دەردەخات. بۆیە کارەکتەری سەرەکی بە یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەقی چیرۆک و ڕۆمان دادەنرێت، چونکە قورسایی زیاتری دەخرێتە سەر. کارەکتەری سەرەکی زیاتر لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و کردار و هەڵوێستەکانیەوە دەناسرێت. کارەکتەری سەرەکی هەڵگری قورسایی ڕەوتی ڕووداوەکانە، هێڵی سەرەکی بەیەکگەیاندنی ڕووداو و کارەکتەرە لاوەکییەکان لەناو دەقدا. ئەم کارەکتەرە بزوێنەری سەرەکی زۆرینەی ڕووداوە سەرەکییەکانە و ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە بەرەوپێشچونی کار و چالاکییەکانی ناو دەق، کە

وەک زنجیرەیەک وایە کارەکتەرە لاوەکییەکان و کێشە و ڕووداوەکان بەیەکەوە لە مەودای دەقەکە پێکەوە گرێ دەدات. لە هەمان کاتدا دەچێتە ژێرباری دیکە و لە ڕووی بیری و دەروونییەوە پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات. کەواتە پێویستە ئەم کارەکتەرە بەردەوام لە هەموو ڕەهەندەکانی کەسێتییەوە لە گەشەکردندا بێت و تا کۆتاییی دەقەکە لە جووڵە و گۆڕانکاری نەوەستێت، چونکە بازنەی بە یەکەوەگرێدانی هەموو ڕەگەزەکانی چیرۆکە و لەگەڵ گۆڕانی هەریەک لە ڕەگەزەکانی تر، ئەمیش دەگۆڕێت.

لەسەر ڕەگەزی کارەکتەر (دکتۆر نجم ئەڵوەنی) دەڵێت: "کارەکتەری سەرەکی ناوەندی دەق (ڕۆمان و چیرۆک) پێک دەهێنێت و کار دەکاتە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی کار دەکاتە سەر ژیانی کارەکتەرەکانی دیکە و بەمەش ڕەوتی سەرەکی بەسەرهاتەکان بەرەوپێش دەچن، قەیرانی ژیانی ئەو لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکیەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و تەنانەت هەندێ جار شێوەی چارەنووسی ئەوان دادەڕێژێت." (ئەڵوەنی، ٢٠٠٩:٤٣)

چیرۆکنووس (محەمەد فەریق حەسەن) لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا وەک ئاماژەیەک بۆ گرنگی و پێگەی ئافرەت لە چیرۆکەکانیدا، هەندێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئافرەتن و ڕۆڵی سەرەکی لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا دەگێڕن،

چیرۆکی (ژنێک وەک قۆخی گەیوو تەڕ)

لەم چیرۆکەدا  ئافرەت وەک کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکەدا دەگێڕێت، ئەرکی ئەم کارەکتەرە هێنانی ئاوە لە کانییەوە بۆ کوڕێکی ئامۆزای، کە برینداره و دەیەوێت لە ڕێگەی پێدانی ئەو ئاوەوە چارەسەری بکات. **"هەر کەسێک بتوانێ گۆزەیەک ئاو لە چەمەوە بگەیەنێتە گوند و بیدات بە دەم کوڕەی دەردە دارەوە ئەوا مرازی عاسڵ دەبێت، وەلێ هەندێجاران گۆزە، یان خاوەن گۆزە یاخود هەردوو لایان بە ساغی ناگەڕێنەوە ڕێک دەکەوێ ئاوێکیش لە خۆڕا بۆڕا لەتر دەبات ئاوەکەی لێ دەڕژێ، یان ئەوەتا....**" (ل:١٣٦)، لێرەدا ئەم کارەکتەرە ئافرەتە لەبەر ئەوەی نەیتوانی ئەم ئاوە بگەیەنێت بە کوڕەی دەردەدار، بۆیە وەک کەمتەرخەم و تۆمەتبار سەیر دەکریت، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردیدا ئافرەت ناتوانێت کارەکتەری سەرەکی ڕووداوەکان بێت و بتوانێت ژیانی کەسانی دیکە ڕزگار بکات، کە ئەم تێگەیشتنی لە ڕوانینی نەریتی کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لاوازە و ناتوانێت کەسێکی یارمەتیدەر ببێت و فریای ژیانی ئەوانی تر بکەوێت، کاتێک لەناو کێشە و ناخۆشیدان، نەک توانای ئافرەت بە جێبەجێکردنی کارێک.

**چیرۆکی (دیدەنی)**

کارەکتەری سەرەکی و هەڵسووڕێنەری ڕووداوەکانلەم چیرۆکەدا  ژنێکە بە ناوی (دایکی نەورۆز)، ئەم کارەکتەرە سەرەکییە وەک نوێنەری زۆربەی ئافرەتی کورد قوربانی دۆخی

سیاسیی سەردەمی ڕژێمی بەعسە، کە کوڕەکەی تاقانەیە و لەلایەن دەسەڵاتی ئەو کاتەوە دەستگیر کراوە. (دایکی نەورۆز) کاتێک بۆ دیدەنی کوڕەکەی دەچێت، کە لە زینداندایە، لە ڕێگەی فلاشباکەوە بۆ سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، کە لە گوندەکەی خۆیاندا چۆن گورگ بێچووەکانی لەدەست منداڵانی گوند ڕزگار دەکرد، ئەمیش کاتێک لە بەردەرگەی زینداندایە لە ڕێگەی ئەم تەکنیکەوە دەیەوێت کوڕەکەی ڕزگار بکات: **"دەتەوێت هەرچی زیاتر بچیتە پێش و بگەیتە ئەو جامخانەیەی، کە نەورۆزی لەودیوەوە بەندە. مستەکانت بەرزن و توند نووقاندوون. دەخوازی هێزێکی ئەفسانەییان تێ بڕژێت. ژنان، سەراسیمە لیت ڕاماون. پاسەوانان نازانن چۆن بەپیر ئەم دیاردەیەوە بچن و لەجێی خۆیاندا ئەوق بوون. ئەوا زرمە هەڵسا. خۆت بە پەرژینە ڕەشە ئاسنینەکەدا کێشا. ئاسنی سارد دەلەرێتەوە و دەزرنگێتەوە. لەوەدایە ڕەهێڵ ببینێت، سەرت بەر ئاسنەکان کەوتووە و ئازاری زۆرت هەیە. چنگ لە شیشەکان گیردەکەیت."** (ل:٥٧٦)، بەڵام دوای هەوڵدانێکی زۆر، ناتوانێت هاوشێوەی گورگەکانی لادێ، ئەمیش کوڕەکەی لە زیندان ڕزگار بکات، بۆیە ئەم کارەکتەرە سەرەکییە سەرەڕایی گرنگی ڕۆڵی لە بنیاتی ڕووداوەکاندا وەک کارەکتەرێکی سەرەکی، بەڵام دۆخی سیاسی ڕێگرە لەوەی بە ئامانجەکەی بگات، کە کوڕەکەی لە زیندان دەربهێنێت، تەنانەت ڕێگەیان نەدا کوڕە تاقانەکەیشی ببینێت.

**چیرۆکی (قولاپی چاوەکان)**

یەکێک لە وێنەکانی ئافرەت، کە لەم کۆچیرۆکەدا زۆر تیشکی خراوەتە سەر، کارکردنی ئافرەتە وەک هاوبەشێکی پیاوان و بەخێوکەری خێزان، بۆ نموونە لەم چیرۆکەدا (نازەنین) نمایندەی هەموو نازەنینەکانی کورد و ناوچەی گەرمیان دەکات، بەوەی جگە لە ئەرکەکانی خۆی، وەک ئافرەتێک هاوشانی پیاو لە بەڕێوەبردنی کایەی ئابووری لە کۆمەڵگەدا بەشدارە. گێڕەرەوە بەم جۆرە وەسفی (نازەنین) دەکات، کە لە ئەرکی دروێنەکردندا هاوشانی پیاوان کاری کردووە. **"تاریک و ڕوون، تەڵێ ڕێحانەت لەقژ دەدا و بە هەنیەتدا شۆڕدەبووەوە. لەگەڵ باوکت و ئامۆزایەکەتدا بە نیازی دروێنە بەڕێدەکەوتی. تۆیش پێ بەپێی ئەوان هەنگاوت دەنا."** (ل:٦٣٩)، هەر لەم چیرۆکەدا گێڕەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە زۆرێک لە نازەنینەکانی کورد تەمەن و گەنجێتیی خۆیان لە پێناوی خێزاندا دەبەخشن، ئەم جۆرە لە قوربانیدان وای کرد، کە بەهاری تەمەنی (نازەنین) ببێت بە پاییز، هەموو دیمەنەکانی ژیانی زەرد هەڵدەگەڕێت، یادەوەریی پڕ لە ئازاری هەموو کاتێک پەلاماری ئەندێشەی دەدات، کە چۆن لە تەمەنی گەنجیدا زۆرێک لە لاوانی گوند و تەنانەت ئامۆزاکەیشی خۆشیان دەویست، بەڵام ئەم قوربانیی بەم خۆشەویستییانە دەدات و تەنیا لەپێناو بەردەوامی کارکردن و پەیداکردنی بژێوی بۆ خێزانەکەیدا ژیان دەکات: **"ئەوا دوو پاییزی ڕابورد ڕووت ئێستا ڕووت گوڵە زەردەیەکی ژاکاوە. چاوەکانت بەقووڵا چوون. ژانێکی سەخت ئارامی لەبەر بڕیوی و**

**هەناوت تاڵکێش دەکات. تۆ دڵت بەوە خۆشە هێشتا لای ئامۆزایەکەت نەبێزراوی (جا کێ دەڵێ گوڕ و تینی جاران دەگەڕێتەوە ئەم دەمارە سڕانەم، ئای باوکە خۆشی نەدیوەکەم. تۆ بۆت نایات تۆش گیرۆدەی دەردی منی ئەگینا تۆو کرێکاری و ئەم شارە)"** (ل:٦٤٠) لێرەدا چیرۆکنووس وێنەی ئافرەت هەم وەک هاوبەشی کاری پیاوان، هەم وەک قوربانیدەر لەپێناو دەوروبەردا دەکات، کە پێمان وایە ئەمە وێنەی ڕاستەقینەی بەشێکی زۆری ئافرەتی کوردە لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

یەکێکی تر لە وێنەکانی ئافرەت، کە لە چیرۆکەکانی (محەمەد فەریق حەسەن)دا بە ڕوونی دەبینرێت و کاری لەسەر کردووە، ئەوەیە، کە ئافرەتیش وەک پیاو قوربانی دۆخە سیاسییەکەیە و لێی بەدەر نییە، بۆ نموونە لە **چیرۆکی (وەرزی کەوبوار)**دا کاتێک ئافرەتێک سەرەڕای دۆخی سەختی خۆی، دەستگیر دەکرێت. لەلایەن کارەکتەری لاوەکی (پیاو)، کە هاوسەری (ڕەزیە)یە دەڵێت: **"ئەوە بۆ کوێت دەبەن! کەو کەی باڵدارێکی ئارانیە! باڵندەی ناو دۆڵ و چیاو ڕەنووە بەفرە، بەڵام بۆچی وا دۆش داماوی خۆ کەو لەنێو قەفەزیشدا بێت هەر دەخوێنێ. بەورەبە ڕەزیە سەری دنیا بە پووش نەگیراوە."** (ل:٦٤٥) لەم وێنەیەدا چیرۆکنووس لە ڕێگەی بەراوردکردنی نێوان کارەکتەری سەرەکی و باڵندەی کەو دوو پەیام بە خوێنەر دەگەیەنێت، لەلایەک جوانی و شەنگی کارەکتەر و لەلایەکی دی سەردانەنواندن لەلایەن ئەم کارەکتەرەوە بەرانبەر بەوەی ئەگەر لەنێو قەفەزیشدایە، بەردەوامبێت لە خوێندن و دەستبەرداری بوون و تایبەتمەندیی خۆی وەک ئافرەتێکی کورد نەبێت.

**لە چیرۆکی (دابەزین تا قۆناغی سێیەم قەدەغەیە)** کارەکتەری سەرەکی ئەم دەقە ئافرەتە (دایکە ڕەشپۆشەکە)، کە هەڵسوڕێنەری ڕووداوەکانە و کۆی ڕووداو و گێڕانەوەکان لە دەوری ئەم کارەکتەرە سەرەکییەدا دەسووڕێنەوە، هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە ئەم دایکە بەهۆی لەدەستدانی ئازیزانیەوە، ڕەشپۆشە، چونکە ئەم دایکە چەند کوڕێکی لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی وڵاتدا لەدەست داوە و هەمیشە بە ئازارە. **"هۆ دایکە ڕەش پۆشەکە، من چاکت دەناسم. ئێوە تاوەتەرزەن و، گڕوکفن. ئێوە ئاگرێکن بەمستێک ئاو دەکوژێنەوە!"** (ل:٥٨٤) لێرەدا ئەم دایکە نموونەی هەزاران دایکی کوردە، کە بەردەوام ڕۆڵەکانیان لەپێناوی سەربەخۆشیی خاک و نیشتماندا کردووەتە قوربانی لە ئێستا و ڕەنگە لە داهاتوویشدا، جێگەی سەرنجە لەم گفتوگۆیەدا، کە (ماریگوێلا) بەم دایکە ڕەش پۆشە دەڵێت: ئاگری جەرگی ئەم دایکە بە کەمێک ئاو دەکوژێتەوە، (مارگوێلا) شۆڕشگێڕێکی چەپی وڵاتی بەرازیلە، لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە دەردەکەوێت ڕۆڵەکانی ئەم دایکەیش هەڵگری ئایدۆلۆژیای چەپ بوون، بۆیە چیرۆکنووس پێی وایە ئاگرەکەی جەرگی ئەم دایکە کەمێ ئاوی بەسە بۆ کوژانەوە، دەکرێت بڵێین ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە هەر شوێنێک شۆڕشی چەپ سەر بکەوێت، ئەوە ئاگری دڵی ئەم دایکە دەکوژێتەوە و ئاهێکی بەبەردا دێتەوە.

**له چیرۆكی (شیلان و دەعباكان)دا**، كارەكتەری سەرەكی ئەم دەقە كچێكی بچووكەیە بە ناوی (شیلان)، كە كۆی ڕووداو و گێڕانەوەكان بە دەوری ئەم كارەكتەرە سەرەكییەدا دەخولێنەوە. نووسەر لێرەدا چیرۆكی خێزانێكی سێ كەسیمان بۆ دەگێڕێتەوە، كە لەناو گەرمەی شەڕی ناوخۆدا ژیانێكی سەخت دەگوزەرێنن، دەیەوێت لە ڕێگەی كارەكتەری سەرەكییەوە، كە (شیلان)ە، باس لە كاریگەرییەكانی ڕۆژگاری پڕ لە مەینەتی شەڕی ناوخۆ و نەهامەتییەكانی لەسەر خێزانی كوردی بكات، كە چۆن ژیانیان بەرەو وێرانی ڕۆیشتووە: **"گرمەیەكی لەپڕ ماڵەكە دەهەژێنێ. گەردەلولێك دوكەڵ و تۆز هەڵدەكات هروژم دێنێ... شیلان وەك پەپوولە بەئاسماندا هەڵدەفڕێ. لە بەرزاییەوە پەرداخەكەی لەدەست بەردەبێتەوە، پەرداخەكە پێش خۆی دەكەوێتە سەرزەوی و پەراش پەراش دەبێ پارچە تیژ و بریسكە دارەكانی دەبنە تۆوی حەوشەكە. شیلان دەكەوێتە سەر زەوی، وەك پارچەیەك پەلاس بەعەردەكەوە مت دەبێ."** (ل:٤٨٥) لێرەدا چیرۆكنووس لە ڕێگەی كارەكتەری سەرەكییەوە وێنەی ئەو ڕۆژگارە سەختانە بۆ خوێنەر دەكێشێت، كە تەنانەت منداڵانیش بێبەش نەبوون لێی و بوونە قوربانی ئەو دۆخە سیاسییە ناهەموارەی بە هۆی هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆوە دروست بوو.

**دووەم: كارەكتەری لاوەكی**

لە چیرۆك و ڕۆماندا كارەكتەرە لاوەكییەكان شانبەشانی كارەكتەرە سەرەكییەكان دەبینرێت، بەڵام لەلایەن چیرۆكنووسەوە ڕۆڵی لاوەكی پێ دەبەخشرێ و كەمتر بەشدارییان پێ دەكرێت، بەڵام ئەمیش مانای ئەوە نییە لەناو چیرۆكدا گرنگ و پێویست نییە، چونكە ئەگەر بەپێی سروشتی خۆی ئەركێكی جێبەجێ نەكرد، ئەوا بوونی لەناو دەقەكەدا زیادەیە و دەبێتە خەوشێك بۆی، بەڵكوو بە پێچەوانەوە ڕۆڵی كارەكتەری لاوەكی هیچی كەمتر نییە لە هیی كارەكتەری سەرەكی، چونكە بە هەمان شێوەی كارەكتەری سەرەكی بەشداری لە گێڕانەوەی ڕووداودا دەكات و وەك هەموو ڕەگەزەكانی تری ڕۆمان بەشداری لە بنیات و پێكهێنانی چیرۆك و ڕۆماندا دەكات.

دیارترین تایبەتمەندیی ئەم جۆرە لە كارەكتەر ئەوەیە، كە خاوەن كەسایەتییەكی سادە و ئاشكرایە، چونكە "ڕووداوەكان كاری تێناكات، نووسەر لە سەرەتاوە وێنەیەكی تەواو و كامڵی بۆ خوێنەر دەكێشێت، كە توانای گەشەكردنی نییە، بۆیە وەڵامدانەوەی سەبارەت بە ڕووداوەكان زانراوە." (غطاشە، ١٢٦:١٩٩٦)، دیارە مەبەستی لە سادە ئەوە نییە، كە هیچ ڕۆڵێكی لەنێو چیرۆكەكەدا نییە، بەڵكوو ڕۆڵی ئەم كارەكتەرە ئەوەیە وەك یارمەتیدەری كارەكتەری سەرەكی دەربكەوێت.

کارەکتەری لاوەکی بایەخ و ڕۆڵی خۆی هەیە، نووسەری بەتوانا هەموو هونەرەکەی بۆ کارەکتەری سەرەکی تەرخان ناکات، بەڵکوو وەک چۆن گرنگی بە پاڵەوان دەدات، ئاوایش گرنگی بە کارەکتەری لاوەکی دەدات. (شێخانی، ١٨:٢٠١٣) کارەکتەری لاوەکی دەتوانێت هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی دیاری بکات، لە ڕێگەی پێشاندانی وێنەی پێچەوانەی ئەو. هەر بۆیە (د. نەجم ئەڵوەنی) سێ ئەرک بۆ کارەکتەر دیاری دەکات، کە ئەوانیش بریتین لە "توخمێکی ڕازێنەرەوەیە، بکەری ڕووداوە، قسەکەرە لە باتی نووسەر." (ئەڵوەنی، ٢٨:٢٠٠٩)

چیرۆکنووس (محەمەد فەریق حەسەن) لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا لە ڕێگەی ژمارەیەک کارەکتەری لاوەکییەوە، کە ئافرەتن، دەیەوێت کۆمەڵێک گرفت لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا بخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا بارودۆخی سیاسیش کاریگەری لەسەر هەندێک لەم کارەکتەرە لاوەکییانە هەیە، وەک ئەوەی لە **چیرۆکی (جەنگ)دا** نووسەر لە ڕێگەی کارەکتەرێکی لاوەکییەوە، کە ئافرەتێکەوە، ئەوە دەخاتە ڕوو، کە زۆر جار بارودۆخی سیاسی ئافرەت ناچار دەکات بەبێ ویستی خۆی پابەندی هەندێ هەلومەرج ببێت، کە مەرج نییە لەگەڵ بیرکردنەوەکانیدا یەک بگرێتەوە. ئەم کارەکتەرە ئەگەرچی لە تەمەنی لاویدا کارەکتەری سەرەکی (پیاو)ی قەبووڵ نەکردووە، بەڵام بەهۆی دۆخی سیاسییەوە ناچارە لەپێناوی پاراستنی ژیانی، پەنا بۆ شوێنێک ببات، کە کارەکتەری سەرەکی لەو شوێنەدایە، هەروەک چۆن کارەکتەری سەرەکی ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: **"کاتێکم زانی، نە من دەنگ و نە ئەو دەنگ، ڕووبەڕوو وەستاوین و نیگام بە ڕووخسارییەوە ڕچیوە لە چرپەیەکدا ئەو ژێر زەمینە بوخنکە تاریکە، بەچیمەنێکی گڵارا گۆڕا"** (ل:٦٠)

هەروەها لە **چیرۆکی (ڕاوە قووڵینگ)**دا ژمارەیەک کارەکتەری لاوەکی ئافرەتی تێدایە، کە چ وەک دایک و چ وەک خۆشەویست دەردەکەون، ئەوەی زیاتر کاریگەری لەسەر کارەکتەری سەرەکی هەیە، کە ناوی (بڵند)ـە، (ئامینە)یە، کاتێک دەکەوێتە داوی خۆشەویستی ئەم کارەکتەرە لاوەکییەوە، بڕیار دەدات وەک دیاری ڕاوی قووڵینگێکی بۆ بکات: **"ئاخر من قووڵینگێکم بۆ ڕاو کردووی ئامین گیان، لا تافی ئاسمانڕا، بەبڕنەوەکەم ئەم قووڵینگە نازدارەم بۆتۆ بەرداوەتەوە!"** (ل:٤١) بەڵام ئەم ئافرەتە بەهۆی دەستێوەردانی کارەکتەرێکی دیکەوە، کە هۆکارەکەی لە دەقەکەدا ڕوون نەکراوەتەوە، دیارییەکەی (بڵند) ڕەت دەکاتەوە.

لە چیرۆکی (قەلە ڕەشەکان)دا کارەکتەری لاوەکی ئافرەتە، هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە بنیاتنانی ڕووداوەکاندا نییە، بەڵکوو تەنیا چیرۆکنووس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرە لاوەکییەوە چەند پەیامێک بگەیەنێت، کە لەلایەک دەیەوێت پێمان بڵێت ئافرەت هەمیشە قوربانی دۆخی توندوتیژییە، جا بە هەر هۆکارێک بێت، لەلایەکی ترەوە ئافرەت وەک سیمبوولی ئاشتی و نەرمونیانی دەناسێنێت. ئەم کارەکتەرە کاتێک لە فەرمانگەیەکدا لە چاوەڕوانی بەڕێکردنی مامەڵەیەکدایە و دەبینێت کارەکتەرە پیاوەکان، کە گێڕەرەوە بە (قەلەڕەشەکان) ناویان دەبات،

وەک ئاماژەیەک بۆ توندوتیژی ڕەگەزی، لێرەدا و لەم شەڕەدا هەموو هێماکانی جوانی و ژیان دەشکێنن، بۆیە کارەکتەرە ئافرەتەکە (چاوسەوزە قژزەردەکە) تووشی شۆک دەبێت: **"چاو سەوزە قژ زەردەکە لەم دیمەنە نامۆیە دەساکێت و فایلەکەی لەدەس بەردەبێتەوە. پەڕە کاغەزەکان پەپوولەی دەفڕن. لەپاڵ ووردە شوشەی گوڵدان و پەڕەی وەریوی گوڵەکاندا دەنیشنەوە. ئەم کیژۆڵەیە، تاوسێکی خان و مانە، بەلەنجەو لار کەوتووەتە نێوان دو قەلە ڕەشەوە، کە گەلاوگوڵ بۆ یەک دەچن و گەف لەیەک دەکەن. جووتێک قەلەڕەش و پاشماوەی چرووتێک، کە کلافەیەک شینە دووکەڵی باریک و پێچاوپێچی بەرەو بنمیچی دیوان لێوە بڵند دەبێ."** (ل:٤١٠)

چەمکی خۆشەویستی بەشێکی جەوهەری ژیانی مرۆڤ پێک دەهێنێت، هەر بۆیە لای نووسەر بە گرنگییەوە ئاوڕی لێ دراوەتەوە و وەک پێویستییەکی بنەڕەتیی مرۆڤ تەماشای کراوە، بۆ نموونە لە **چیرۆکی (ژوان)**دا کارەکتەری لاوەکی ئافرەتێکە و نووسەر بۆ بەرهەمهێنانی هەر دەقێکی جوان بە سەرچاوەی سروشی دادەنێت، کارەکتەری سەرەکی، کە شاعیرێکی پیاوە، ئافرەت بە سەرچاوەی هەموو جوانیەکانی دونیای شیعر وێنا دەکات، بە جۆرێک، کە هیچ وێنەیەکی هونەری ناتوانێت گوزارشت لە جوانیی ئافرەت بکات. هەر بۆیە کاتێک خۆشەویستەکەی دەردەکەویت، هەموو وێنە هونەرییەکانی نێو ئەندێشەی ون دەبن و دەڵێت: "**وەختێ گەیشت، دیم تەواوی وێنەو میتافۆڕەکان بەشوێن یەکدا، لە فڕگەی سپی کاغەزەوە باڵیان گرت و پەپوولە ئاسا لەسەر لێوی تەڕ و ئاڵ، چڵی برژانگ، چەرخی ئەبرۆ و کەپوی وردی، لەسەر تاجی زێڕینی پرچی، پێڵاوە پاژنە بەرزە سپیەکانی و جانتا چەرمەکەی شانی نیشنەوە.**" (ل:١١٨)

لە **چیرۆکی (پەریخان)**دا، ئەگەرچی ناونیشانی چیرۆکەکە بە ناوی ئەم کارەکتەرە لاوەکییەوە، لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت وەک ئافرەتێکی گوێلێگیراو لەنێو خێزاندا وێنەی بکشێت، کاتێک باوکی لە هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانیدا ئازادی دەکات و بڕیار دەداتە دەستی خۆی، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا ناگێڕێت، هەروەک کارەکتەرێکی لاوەکی لە کۆی ڕووداوەکاندا دەمێنێتەوە. (پەریخان) بە باوکی دەڵێت: "**- بۆچی ئافرەت چەند جار هاوسەری خۆی دیاریدەکات بابە؟**

**پەریخان دوای تاوێک بێدەنگی، سەری داخست و بەهێمنی و بەشەرمەوە ئەوەندەی وت. باوکیشی لەوەڵامدا وتی:**

**- دە چاکە. کەواتە ئەمە دواقسەتەو ڕات لەسەر ڕێبوارە!**

**- بەڵێ، دوا قسەی منە بابە گیان. ئەرێ ئەو هەراوزەنایە چییە؟**" (ل:٣٤٤)

لە چیرۆکی (پەرچوو)دا، سێ کارەکتەری لاوەکی ئافرەت لەم دەقەدا بوونیان هەیە و نووسەر لە ڕێگەی هەریەکێکیانەوە پەیامێک بە خوێنەر دەگەیەنێت. کارەکتەری سەرەکیی

چیرۆکەکە پیاوێکە بە ناوی (ئاسۆ)، کاتێک ڕوو دەکاتە ڕۆژئاوا، ڕۆژێک لە یەکێک شەقامەکانی وڵاتی (دانیمارک)دا پیرەژنێک دەبینێت، کە ناوی (پیرەژنی پەرچوو بەدەست)ـە و خەریکی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری پەرچووەکانی عیسایە. (ئاسۆ) لەبارەی ئەو پیرەژنەوە دەڵێت: **"ئەو بەقەڵافەت و شێوەی خۆگۆڕین و گونجاندنی پۆشاکیدا شاژنێکە بۆ خۆی، ئەوەتا بەدەم زەردەخەنەیەکی ئاشنایانەوە بە گۆڤاری (پەرچوو)ی دەستییەوە هەنگاوێک لێی وەپێش هات و بەدەم فەرموویەکی دۆستانەوە، دانەیەک لە گۆڤارەکەی بۆ درێژ کرد."** (ل:٢١٠) جێگەی ئاماژەیە نووسەر دەیەوێت بڵێت زۆر جار لە ڕۆژئاوا ئافرەت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە جۆراوجۆرەکان و پەیامی ئایینی مەسیحی بەکار دەهێنرێت، بە تایبەتی ڕەنگە پێیان وا بێت ئافرەت زیاتر کاریگەری لەسەر کۆچبەرانی ڕۆژهەڵاتی و ئەو پەناهەندانە هەیە، کە ڕوو دەکەنە وڵاتەکانیان.

جگە لەوەی (ئاسۆ) لە ڕێگەی بینینی ئەم پیرەژنەوە، بۆ یادەوەریەکانی لای دایکی لە نیشتیمان و ئازارەکانی دایکانی نیشتمانی پڕ لە قەیران دەگەڕێتەوە و لە ڕێگەی ئەم یادەوەرییەوە بۆ خوێنەر دەخرێتە ڕوو، وەک دەڵێت: **"دانیمارکییەک، یان بیانییەک چییە دڵی نەرم نەبوو. کەمێ بەزەیی نەتلیسایەوە، ئەو دانە پەرچووە خۆڕاییەی لێوەربگرێت و لەئەگەری مەرگ ڕزگاری بکات. (باشە دایکی من چی لێ بەسەردێت ئەگەر چلەی زستان بێت و بەفر لە عەرددا کەوتبێت و ڕەشەبای سلێمانی بەسەریدا هەڵیکردبێت، بەڕاست بۆ لەیادم چوو، خۆ لوێندەریش هەر زستانەو دەها خراپتر، دیسان سووتەمەنی لەوێ چووەتە قاتی...) لەهێکڕا پیرەژنی تەواو بەدایکی خۆی چواند.."** (ل:٢١٣) هەروەها کارەکتەری سێیەم لەم دەقەدا (سینە)یە، کە خۆشەویستی کارەکتەری سەرەکی (ئاسۆ)یە لە ڕۆژئاوا. وەک گێڕەرەوە دەڵێت: **"ماوەیەک بێدەنگ بەرانبەر سینە دانیشت و بەکاپووچینەکەوە خەریک ما، ئەویش لەم ورد دەبۆوەو بە کوپە قاوەکەوە خۆی خەریک کردبوو. دوای تاوێک بێدەنگی پرسی: بۆ پێکتدا داوە؟ وەک تووشی کێشەیەک هاتبی بێتاقەت دەتبینم ئاسۆ!"** (ل:٢١٤)

لەم چیرۆکەدا سێ کارەکتەری ئافرەت بۆ گەیاندنی پەیامی چیرۆکنووس بەکار هاتوون، کە وێنەی ئافرەت لەم سێ کارەکتەرەدا وەک سەرچاوەی ئارامی و دڵنیایی دەروونی بۆ پیاو پێشان دراوە، بەوەی لە یەکەمیاندا ئەرکەکەی بریتییە لە گەیاندنی پەیامی ئایینی، کە ڕوونە ئایین بە گشتی سەرچاوەی دڵنیایی دەروونییە بۆ مرۆڤ. لە دووەمیاندا وەک دایک، جا چ مەبەست لە خودی دایک بێت، یان نیشتمان، کە ئەمیش دیسان سەرچاوەی ئارامییە بۆ مرۆڤ. هەروەها لە سێیەمیاندا ئافرەت وەک خۆشەویست وێنای کراوە، کە دیسان ئەمیش پێداویستییەکی دەروونی و سەرچاوەی ئارامیی ڕۆحییە بۆ پیاو.

لە چیرۆکی (even you juiman)دا، کە لە ناویشانەکەیدا دیارە فەزای ئەم چیرۆکە و ڕووداوەکانی هیی کۆمەڵگەی ڕۆژئاواییە و تەنانەت ناوی کارەکتەرەکانیشی کوردی نین.

کارەکتەری لاوەکی لەم چیرۆکەدا دایکی (لانکا)یە، کاتێک لە ئاهەنگی سەری ساڵدا دەچنە بازاڕێکی ئەوروپی، لەوێدا (یوولەمان-بابەنوێل) شیرینی و دیاری بە منداڵان دەبەخشێت، بەڵام کاتێک دەگاتە ئاستی (لانکا) وەک منداڵێکی کۆچبەر لەو وڵاتەدا، یوولەمان ڕووی گرژ دەکات و دیارییەکەی دەبەخشێتە منداڵێکی پرچزەرد، وەک ئاماژەیەک بۆ منداڵێکی ئەوروپی، بۆیە **"دایکی لانکاش دوای ئەوەی تاسان بەریدا، تووڕە و خەمبار، بەنێوان بەشەکاندا دوای یوولەمان کەوت و ئێمەیشی بەشوێن خۆیدا هێنا. پێشی پێگرت و پەنجەی هەڕەشەی بەڕوودا بەرز کردەوە و پێیوت: (ئیڤن یوو یوولەمان؟) دایکی لانکا تەنیا سێ وشەی دایە ڕووی یوولەمان، بەڵام وشەکان لە گەرویدا وەکە زەنگۆڵە دەزرینگایەوە."** (ل:٦٩) بەکورتی نرخی کارەکتەری لاوەکی لە هیی سەرەکی کەمتر نییە و کار لە ڕووداوەکان دەکات.

**٤- ڕووداو**

چیرۆک لە چەند ڕەگەزێک پێک دێت و یەکێک لەو ڕەگەزە گرنگانە ڕووداوە، کە خاوەنی گرنگی و تایبەتمەندیی خۆیەتی. ڕووداو پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ڕەگەزە سەرەکییەکانی دیکەی چیرۆکدا وەک (کارەکتەر، کات و شوێن)ـەوە هەیە، چونکە "ڕووداو بە بڕبڕەی پشتی ڕەگەزە هونەرییەکانی وەک کەسێتی، کات و شوێن دادەنرێت." (یوسف، ١٢٧:١٩٩٧)، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر لەناو گێڕانەوەی دەقدا دەگێڕێت لە دروستکردنی ململانێ و چۆنییەتی داڕشتنی کارەکتەرەکان. بۆیە "ڕووداو کۆمەڵێک بەسەرهاتە، کە چیرۆکنووس لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دایدەڕێژێت، کە بەپێی ئەو گرێ هونەرییەی، کە شێوەی بۆ کێشراوە توندوتیژی دەبێت و پەرە دەستێنێت." (مەجید،٧:٢٠٠٣) لەبەر ئەوە سەرکەوتوویی ڕووداو لەنێو چیرۆکدا و کاریگەری لەسەر خوێنەر بەندە بە شارەزایی و لێهاتوویی نووسەرەوە. واتە چیرۆکنووس کاتێک دەیەوێ ڕووداوێکی واقیعی بگێڕێتەوە، دەبێت ئەو بەرگە ڕاستەقینەی لەبەر دابماڵێت و ڕەهەندێکی هونەری و ئێستاتیکی پێ ببەخشێت.

ڕووداو بە ڕەگەزەکانی دیکەی چیرۆکەوە گرێ دراوە، چونکە "ڕووداو بە تەنها بەبێ بوونی کەسێک ڕوو نادات و شتێکی دەگمەنە، چونکە کەسەکەیە ئەو ڕووداوە دێنێتە کایەوە و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر ئەنجامی دەدات، بە هەمان شێوە شوێنیش ئەگەر کەسێک نەبێ تیایدا نیشتەجێ بێت، ئەوا شتێکی دابڕاو و بێمانایە." (مرتاض، ١٠٤:١٩٩٨) کەواتە دەتوانین بڵێین ڕووداو لە ئەنجامی هەڵسوکەوت و کردەوەکانی کارەکتەرەوە دێتە کایەوە، بە پێچەوانەیشەوە ڕووداو دەبێتە هۆی بنیاتنانی کارەکتەر. واتە پێوەندیی نێوان ڕووداو و کارەکتەر پێوەندییەکی پتەو و بازنەییە و هەردووکیان کاریگەری لەسەر یەک دادەنێن.

هەروەها ڕووداو پێوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ گێڕانەوەدا هەیە و لەو بارەیەوە توێژەر (میران جەلال) دەڵێت: "ڕووداو گێڕانەوەیە، چونکە ئەگەر ڕووداو بوونی نەبێت، ئەوا پرۆسەی گێڕانەوەش نایەتە کایەوە. لە هەمان کاتیشدا پرۆسەی گێڕانەوە بەبێ ڕووداو هیچ بوونی نامێنێت." (محەمەد، ٢٠٠٨:١١) هەروەها ڕووداو پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزی کاتدا هەیە: "ڕووداو پێوەندی بە کاتەوە هەیە بە لەبەرچاوگرتنی پاش و پێشی ئەو کاتە، شعوریش هەستێکی ناوەکییە، لەسەر زیاتر لە ئاستێکی زەمەنی دادەمەزرێت، یان لەوانەیە ڕووداوێک بێت لە زەمەنی ناو ژین." (الساعدي، ١٩٨٩:١٦٦)

سەبارەت بە پێوەندی ڕووداو بە شوێنەوە، دەبێت بڵێین ڕووداو بەبێ شوێن ڕوو نادات، ڕووداویش بەها و بایەخی شوێن دەستنیشان دەکات، چونکە ڕووداو لە ئەنجامی هەڵوێست و کرداری کارەکتەرەکان لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات. ڕووداو پێوەندی بە هەریەک لە ڕەگەزە گرنگەکانی تری چیرۆکەوە هەیە، بۆیە پێویستە لە سەرەتاوە تا کۆتایی "ڕووداوەکان بەپێی هەندێ پرەنسیپی لۆژیکی بەیەکەوە ببەسترێنەوە." (یاقووب، ٢٠١٢:١٠)

لەنێو چیرۆکەکانی کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)ی (محەمەد فەریق حەسەن)دا کارەکتەری ئافرەت لە هەندێ لە چیرۆکەکاندا کارتێکەرن، بەو مانایەی کار دەکەنە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان، بەڵام لە هەندێکیاندا کارتێکراون و کار لە بنیاتی ڕووداوەکان دەکەن، بۆ نموونە لە **چیرۆکی (لە قوتەییەوە بۆ شەرحەبیل)**دا ئافرەت وەک کارەکتەرێکی پاسیڤ ڕووداوەکان کاری لێ دەکەن و چارەنووسی یەکلایی دەکەنەوە، ئەمەیش کاتێک بە بیانووی نەزەری حەرام بڕیاری کوشتنی لەبارەوە دەدرێت، گێڕەرەوەی سەرەکیی چیرۆکەکە دەڵێت: **"نیشانم لە بلوری چرا گرت و کێفم کێشا، بەردی تاین بە گڤە گڤ بەرەو چرا دەرپەڕی و فڕی، بلوور تەقی، پریشکی بلوور ڕژایە سەر خوانەکەیان، پەنجەکانی تابان خانی نەزەر حەرام کتێبە نان و دۆ بڕەکانی، زەنگیانەکانی دایکیشی بە مەرگی ناکاوی چراو بە خوێن سوور هەڵگەڕان."** (ل:١١٥)، جێی ئاماژەیە لەم دەقەدا خودی ئافرەت، کە قوربانییە و هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان نییە، چونکە خاوەنی هیچ دەنگ و هەڵوێستێک نییە و بێدەنگی سیمای سەرەکیی ئەوە و پێی دەناسرێتەوە، چونکە لەلایەن کۆمەڵگە و دەوروبەرەوە بێدەنگ کراوە.

لە **چیرۆکی (پۆستی ئاو)**دا کارەکتەری سەرەکیی ڕووداوەکان ئافرەتێکە، کە ناوی (کنێر)ە و هەڵسووڕێنەری تەواوی ڕووداوەکانە و چیرۆکەکەی لەسەر بنیات نراوە. (کنێر) لە سەرەتای چیرۆکەکەدا کاتێک هەر ڕۆژێک دەچێتە کەناری ئاوێک و پۆستێکی لە خۆشەویستەکەیەوە بۆ دێت، بەڵام دوای ئەوەی لەناکاودا پۆستەکانی خۆشەویستەکەی کۆتاییان پێ دێت، هەڵوێستی ئەم کارەکتەرە دەبێتە هۆی بەردەوامیی ڕووداوەکان، کە بڕیار دەدات بە شوێن خۆشەویستەکەیدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە: **"جووتێک سەتڵی زیوی و پرچی**

**ڕەش و درێژی بریقەدارو کراسی سووری سیمدار و هێلەکی سورمەی سپی، لە حەلحەلەی ئاسماندا ڕەنگ بەردەدەن و لرفەلرف ڕادەشەکێن، کنێر ڕووی لە شوێن مەنزڵی لەکۆیە. ئەو بەبان درەخت و قوتە قوللە و چەپەرەکاندا، بەئاسمانی بان تەنگەو توولە ڕێیەکاندا هەڵدەکشێ و لە هەتەری چاو ون دەبێ.**" (ل:٢٦٨) جێگەی ئاماژەیە ئەم کارەکتەرە بڕیاری یاخیبوون دەدات لەو واقیعەی، کە لەنێو دەقەکەدا هەیە، کە گوزارشتە لە کلتوور و دابونەریت و دەیەوێت وەک ئافرەتێک سنوورەکانی ببەزێنێت و بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، نەک لە دەرەوەی خۆیەوە بۆی دیاری بکرێت. لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس کۆتایی بە کراوەیی جێهێشتووە و تەواوی نەکردووە، بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی ئەنجامی کۆتایی بۆ چیرۆکەکە دابنێت، لەگەڵ ئەوەیشدا دەتوانین بڵێین ئەم کارەکتەرە بۆ دۆزینەوەی خۆشەویستەکەی ڕێگەی گرتووەتە بەر، ئیدی گرنگ نییە دەیدۆزێتەوە، یان نا، بەڵکوو ئەوەی گرنگە پرۆسێسی گەڕانەکەیە. بۆیە لێرەدا کارەکتەری ئافرەت کاریگەریی بەسەر بنیات و ئاراستەی ڕووداوەکانەوە هەیە و کەسێکی چالاکە.

لە **چیرۆکی (لەرزی مەرگ)**دا، کە ئەگەرچی کارەکتەری سەرەکی ئافرەتە و هەر خۆیشی گێڕەرەوەی ڕووداوەکانە، ڕۆڵی سەرەکی لەنێو ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکەدا هەیە. ئەم کارەکتەرە کاتێک دەیەوێت لە باخێکدا نامەی دڵداری بۆ خۆشەویستەکەی بنووسێت، بەڵام لەناکاو ئەسپسوارێک پیاوێک دەبێتە مۆتەکەی ژیانی و هەموو خەونە گەش و سەوزەکانی هەر بە سەوزی هەڵدەوەرێنێت، چونکە باسکردن لە خۆشەویستی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتیدا هەمیشە بۆ ئافرەت هێڵی سوور بووە، ئەگەرچی ئەم ئافرەتە لە سەرەتادا دەیەوێت ڕووبەڕووی ئەسپسوارەکە ببێتەوە و لە ڕوویدا ڕابوەستێت: "**لەجێی خۆم وشک وەستام، سوار وەک بروسکە گەیشتە سەرم و جڵەوی ئەسپی ڕاکێشا، گەڕداوێک پووش و پەڵاشی بەڕوومدا کرد، بێ ئیختیار لەپشدا وەستابووم، خۆی بێدەنگ، بێدەنگیەکی زراوبەر.**" (ل:٢٧٢)، بەڵام دواتر بە ناچاری خۆی ڕادەستی واقیع دەکات و ئەسپسوارەکە دەیباتەوە ناو چوارچێوەی ئەو ماڵەی، کە وەک زیندانێک لێی دەڕوانێت: "**نازانم چۆن ڕەهێڵ نەبووم، سوار شمشێری بە کێلاندا کردەوە، ئەسپەکەی لمۆزی لە سینەی ڕووتم ناو هەیتا هەیتا بۆنی پێوە دەکردم، من هێندەی چنگێکم مابووەوە، دەلەرزیم، وەلێ ئەو دەستێکی هێواشی بەسمێڵیدا هێنا، لەپڕ پرچمی لەچنگەوە ئاڵاند و بە تەکانێک لە پاشکۆی خۆی نام، من لە پاشکۆیدا خۆم قۆراخە دابوو.**" (ل:٢٧٢)، کۆتاییهاتنی ڕووداوەکان لەم چیرۆکەدا، کە بە ویستی کارەکتەری سەرەکی نییە، ئاماژەیە بۆ دۆخی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە ئەگەرچی کارەکتەری سەرەکیش بێت، بەڵام هەر ڕەگەزی نێر بڕیار لە چارەنووسی دەدات و شێوازی ژیانی بۆ دیاری دەکات. ئەمە جگە لەوەی هەر لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس ئاماژە بەوە دەکات نووسین و قەڵەم بۆ ئافرەت وەک پێویست

هەزم نەکراوە، بۆیە لە کۆتاییی دەقەکەدا قەڵەمەکانی ئەم کارەکتەرە هەڵدێن، چونکە ناتوانێت بنووسێت، ئەوەیشی نووسیویەتی، کاڵ دەبێتەوە، وەک هێمایەک بۆ ئەوەی، کە هەموو ئەندێشە و خەون و هزری کپ دەکرێتەوە و ناتوانێت بە تەواوی خۆی دەرببڕێت: **"هەرچی قەڵەمەکانمە کەس نەیزانی بۆ کوێ هەڵهاتبوون، دەفتەرە خەتدارە ژاکاوەکەیشم، کاتێک چاوم پێدا خشاند، خەتەکانی چووبوونەوە، تەواوی ئەو نامانەی کاتی خۆی بە کامی دڵ نووسیبوومن، بەڕستەو وشەو پیت و نیشانەکانی خاڵبەندییەوە فڕیبوون."** (ل:٢٧٢)

لە بەشێک لە چیرۆکەکانی (محەمەد فەریق حەسەن)ی چیرۆکنووسدا هەندێ کارەکتەری ئافرەت هەڵسووڕێنەری ڕووداوەکانە و وەک بکەر و کەسێتییەکی چالاک ڕۆڵی سەرەکی لە بنیاتی ڕووداوەکاندا دەگێڕێت، جا ئەم ڕۆڵە چ ئەرێنی بێت، یان نەرێنی، بۆ نموونە لە **چیرۆکی (فایلی شین)**، کە یەکێکە لەو چیرۆکانەی ئافرەت بکەری ڕووداوەکانە، بەڵام بە باری نەرێنیدا، ئەمەیش کاتێک ڕوو دەدات، کە لە دامەزراوەیەکی حکوومیدا فەرمانبەرەکانی ئافرەتن، بەڵام بە پاساوی جۆراوجۆر هۆکارن بۆ زیادبوونی ڕۆتینات، یەک لە هۆکارەکان نووسەر بۆ فاکتەری ئایینی دەیگەڕێنێتەوە، کاتێک ئەم فەرمانبەرە بە پاساوی خوێندنی قورئان و جێبەجێکردنی سرووتە ئایینییەکانەوە دەبێتە هۆی دواخستنی کاری سەردانیکەرانی دامەزراوەکە، تا ماوەی یاسایی داواکردن کۆتایی پێ دێت، کە وەک گێڕەرەوە دەڵێت: **"هاوڵاتییە نەشارەزاکە دەستی ڕاستی بەقووڵایی گیرفانی خۆیدا کرد و بەرەوڕووی چوو. فایلە شینەکەی دایە، دوو پارچە دراوی کاغەزی سووری لاکێشەی نایە قولی مستیەوە. ئەویش بێباکانە چاوێکی بە فایلەکەدا گێڕا. بڕێک سەرنجی بەڵگەکانی نێوی دا، سەیرێکی سەعاتە ژمارە درشتەکەی مەچەکی خۆی کرد."** (ل:٩٣) لێرەدا ئەم کارەکتەرە بکەری سەرەکییە لەنێو چەقی ڕووداوەکاندایە و ڕۆڵ دەگێڕێت، بەڵام وێنەیەکی ناشیرینی ئافرەت پێشان دەدات و نوێنەرێکی خراپی ئەو ڕەگەزەیە، چونکە دەشێت ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت ئافرەت ئەم وێنەیەیشی لەنێو کۆمەڵگە وەک مرۆڤێک هەبێت و ئافرەتیش هاوشێوەی ڕەگەزی نێو لە کەموکورتی بەدەر نییە.

لە **چیرۆکی (ڕاوەقووڵینگ)**دا (ئامین) کارەکتەری سەرەکییە و ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتنانی ڕووداوەکاندا دەگێڕێت. لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەبێتە هەڵسووڕێنەر و بکەری سەرەکی ڕووداوەکان و جڵەوی ڕەوتی ڕووداوەکان لە دەستی ئەم کارەکتەرەدا دەبێت، ئەمەیش کاتێک ڕوون دەبێتەوە، کە (بڵند) خۆشی دەوێت و وەک دیارییەک ڕاوی قووڵینگی بۆ دەکات و بۆی دەهێنێت، بەڵام لەلایەن ئەم کارەکتەرە ئافرەتەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاراستەیەکی تردا دەبات، کاتێک ئەم لەگەڵ کارەکتەرێکی تری پیاودا دەردەکەوێت، هەموو خەونەکانی (بڵند) لەناو دەبات و هیواکانی بەم کارەکتەرە لەدەست دەدات: **"ئامین لەوێوە بزە دەیگرێت و بڵندیش هەر بە بزەیەک وەڵامی دەداتەوە. دیسان دەرگە بە ڕووی بڵند دا پێوە دەدرێت. بڵند**

**هێشتا هەر بە زەمیلەکەوە لە پێش دەرگە چاوەڕوانە. دیسان دەرگە دەکرێتەوە. کوێتسوار سەردەکێشێت. دەست دەداتە قوولێنگە کوژراوەکە لەنێو زەمبیلەکە دەریدەهێنێت و بە بڵند دەڵێت: حەوت جاران ماشاڵات لێبێت کوڕی قۆز ڕاوێکی چاکت کردووە!"** (ل:٤٢) جێگەی ئاماژەیە لێرەدا (ئامین)، کە بکەری سەرەکی ڕووداوەکانە، بەڵام وێنەی نەرێنیی ئافرەت پیشان دەدات و چیرۆکنووس لە ڕێگەی ئەم وێنەیەوە بە خوێنەر دەڵێت ئافرەتانیش خاوەنی وێنەی ئەرێنی و نەرێنین لە کۆمەڵگەدا و دەکرێت ڕۆڵی خراپ و نەرێنی بگێڕن.

لە **چیرۆکی (شێسوار)**دا کارەکتەری سەرەکی ئافرەتە و ناوی (کابان)ـە، بزوێنەری سەرەکیی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکەیە و وەک کارەکتەرێکی چالاک دەردەکەوێت. ئەم کارەکتەرە کاتێک لە سەرەتای چیرۆکەکەدا دەیەوێت ڕێگەی تێکۆشان بگرێتە بەر، بۆ ئەو مەبەستە ڕێگەیەکی دووررودرێژ دەبڕێت تا دەگات بە (ئەولا)، کە کارەکتەرێکی لاوەکییە لەنێو چیرۆکەکەدا. لێرەوە دەیەوێت ئاوێتەی خەباتی چەکداری ببێت و لەپێناوی ئازادیی نەتەوەکەیدا تێبکۆشێت، ئەمەیش لەمیانەی گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ (ئەولا)دا زیاتر ڕوون دەبێتەوە: **"ئەولا: ئێمە عاشقین کابان، عاشقان کێویان تاشیوە، ئێمە گەردنمان بە چەمینەوە ڕانەهاتووە، بۆیە هەر دەبێ بەرەنگاربببین!**

**کابان: کەوایە چەکێکم بدەنێ، بامنیش لە نۆزین سوار بم و بەشدار بم."** (ل:١٦٨) لێرەوە (کابان) وەک هەڵۆ بەرزەفڕەکانی کوێستان، لەپێناو گەیشتن بە دواڕۆژێکی باشتر و گەشتر بۆ نەتەوەکەی کوێستانی نیشتمانەکەی تەی دەکات، ئەم کارەکتەرە نموونەی هەموو ئەو ئافرەتانەی کوردە، کە لەپێناو نەتەوەکەیان قوربانی دەدەن و خۆشبەختیی شاری بەرەو دەشت و دۆڵ جێ دەهێڵن و هەموو هەوراز و نشێوەکان دەبڕن بەرەو گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە. کەواتە لەم چیرۆکانەدا ئافرەت کارەکتەری سەرەکییە و ڕۆڵی لە یەکلاییکردنەوەی ڕووداوەکان و گۆڕینی ئاڕاستەیاندا دەبینێت.

**٥- گفتوگۆ**

گفتوگۆ یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکانی چیرۆک و ڕۆمان و وا دەکات خوێنەر لە ئەنجامی بەریەککەوتنی کارەکتەرەکان و دایەلۆگیان لەگەڵ یەکتریدا، ئاشنای بیرۆکە و تەنانەت وردەکارییەکانی ژیانیشیان ببێت، چونکە گفتوگۆ پرۆسێسی پێوەندیکردنە و ناوەندێکە تێیدا کارەکتەرەکان بیرۆکەکانیان دەردەبڕن و ململانێ لەنێوانیاندا دروست دەبێت. لە ژیانی ئاساییدا گفتوگۆ بایەخێکی زۆری هەیە، مرۆڤەکان لەو ڕێگەیەوە ئاشنای یەک دەبن و لە یەکتری تێدەگەن، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و هەمیشە دەیەوێت لەگەڵ ئەوانی تردا لە پێوەندیدا بێت و لێیان دانەبڕێت. هەر ئەم بایەخەی گفتوگۆ بۆ نێو چیرۆک و ڕۆمانە گوێزراوەتەوە. گفتوگۆ تەکنیکێکی بنەڕەتییە لە چیرۆکدا، چونکە "پێوەرێکی دەروونیی وردە، کە توانای پۆلێنکردنی دەروونی کەسایەتییەکانی هەیە بە بلیمەتی و ڕاستگۆیانە، ئەمەیش جگە لە وێناکردنی کەسایەتییەکان." (طالب، ٥٧:١٩٧١)

چیرۆکنووس گفتوگۆ لەو پێناوەدا بەکار دەهێنێت، تا هەستی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر وەک خۆی بگوێزێتەوە، چونکە لە گفتوگۆدا کارەکتەر لە سانسۆری نووسەر و گێڕەرەوەی هەمووشتزان دەردەچێت و بە ئازادی گوزارشت لە بیرکردنەوە و شێوازی ڕوانینی خۆی لە بەرانبەر دیاردە و ڕووداوەکان دەکات. هەر بۆیە گفتوگۆ ڕێگەیەکی گرنگە بۆ جووڵانی کارەکتەر و دەرخستنی هەڵوێستەکانی، بۆیە "دەبێت گفتوگۆ لە ناخی کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەوە هەڵقووڵابێت و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ باروودۆخی دەقەکەدا ڕێک بکەوێت، بۆ ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ بزاوتنی بیر و هزری خوێنەر، لەبەر ئەوەیە، کە دەبێت چیرۆکنووس لەو کاتەی، کە ڕووداوێک بۆ نێو کەسایەتییەکانی نێو دەق ڕوو دەدات، گفتوگۆیەکی شیاو بکات بە سەرچاوە و هەوێنی کارەکەی." (عەبدوڵا، ٢١٧:٢٠٢١) گفتوگۆش بە تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە وەک ئامرازێکی گرنگی دەربڕین ئەنجام نادرێت، بەڵکوو وا ڕێکە دەکەوێت هەندێ جار کارەکتەرەکان لە ڕێگەی جووڵەی جەستەییەوە گوزارشت لە خۆیان بکەن و کاردانەوەکانیان دەربخەن، چونکە جووڵەی جەستەیی چێژێک تایبەت بە گفتوگۆ دەبەخشێت و وای لێ دەکات خوێنەر بە ئاسانی لە هەست، نەست و بیرکردنەوەکانی کارەکتەر تێ بگات. ڕەخنەگران پێیان وایە دایەلۆگ لە چیرۆکدا گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە "لە خوێنەر نزیک دەبێتەوە و زیاتر سەرنجی بۆ دەق ڕادەکێشێت." (ساڵح، ٢٠٣:٢٠١٢) هەر بۆیە "گفتوگۆ پێوەرێکی دەروونی وردە، توانای پۆلێنکردنی دەروونی کەسێتییەکانی هەیە بە ڕاستگۆیانە، جگە لە وێناکردن و پەرەپێدانی ڕووداو." (الطالب، ٥٧:١٩٧١) گفتوگۆ هاوشانی گێڕانەوە ئامرازێکی گرنگە و چیرۆکنووس بۆ بەرجەستەکردنی بیرۆکەکانی، پەنای بۆ دەبات. کەواتە دایەلۆگ پێویستە لەگەڵ سروشتی کارەکتەر و تایبەتمەندییە جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەت و هزرییەکانی کارەکتەردا بگونجێت. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین "دەکرێت

چەمكی گفتوگۆ فراوان بكرێت، هەر قسەیەک كە كارەكتەر دەیكات ئەگەر ڕووبەڕووی كارەكتەری دیكەیشی نەكاتەوە. كەواتە ئەو دەستەواژانەشی دەچنە ناو بازنەی گفتوگۆوە یەک لایەنن، جگە لەوەی دەكرێت ئاخاوتنی كارەكتەر لەگەڵ خۆشیدا لە چوارچێوەی گفتوگۆدا دابنرێت." (سویدان، ۱۳۹:۲۰۰۸)

لێرەدا ئەركی نووسەر دێتە پێشەوە، كە دەبێت "شێوازی گفتوگۆی ئەدەبی هەڵبژێرێت و بیخاتە سەر زمانی كارەكتەرەكان، بە شێوەیەک، كە گفتوگۆكان بەرەو چڕی و سفتی و تۆكمەیی ئاڕاستە بكات، لە پێناو ئەوەی گفتوگۆكان لە قسەی ئاسایی ڕۆژانەوە بگوێزرێنەوە بۆ ئاستێكی بەرز، كە وشە، پێكهاتە، بابەت و ئاماژەگەلێكی وای تێدا بێت، كە پێویستە لە هەر دەقێكی ئەدەبیدا هەبێت." (عبدالسلام، ۳۰:۱۹۹۹)

هەر لەو بارەیەوە (حسین القبانی) دەڵێت: "سەركەوتنی تەواوی چیرۆک بە بلیمەتی و لێهاتوویی نووسەرەكەیەوە بەندە، بەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ گفتوگۆی نێوان كەسەكانی نێو چیرۆكەكەیدا دەكات." (القبانی، ۹۸:۱۹۷۹) واتە ئەم نووسەرە سەركەوتنی هەر نووسەرێكی بە سەركەوتوویی و تۆكمەیی تەكنیكی گفتوگۆوە گرێ دەدات و پێی وایە كاتێک نووسەرێک توانی مامەڵەیەكی هونەری لەگەڵ ئەم تەكنیكەدا بكات، ئەوە هەم نووسەرێكی باشە و هەم بەرهەمەكەی تۆكمە و هونەری دەبێت، چونكە گفتوگۆ ڕۆحی چیرۆكە شارەزایی لە بەكارهێنانیدا پێویستە. لەبەر ئەوە لەسەر نووسەر پێویستە لە لایەک هاوسەنگیی لەنێوان گێڕانەوە و گفتوگۆدا ڕابگرێت، لە لایەكی دیكەوە لە گفتوگۆدا دەنگی كارەكتەر بەسەر دەنگی نووسەردا زاڵ ببێت و لە دەربڕینی بیرۆكەكانیدا خاوەنی ئازادی بێت. واتە لەژێر هەژموونی نووسەردا نەبێت، ئەگەر كارەكتەر وا نەبوو، ئەوە لە دایەلۆگیدا جگە لە دووبارەكردنەوەی هزری نووسەر و پەراوێزخستنی بیركردنەوە و شێوازی ڕوانینی خۆی، ئەوە هیچ شتێكی دیكەی گرنگ ئەنجام نادات. بۆیە "گفتوگۆ دەبێت بە جۆرێک بنیات بنرێت، كە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابكێشێ، دەبێت كورت و ئاسان و ڕوون بێت."(سومرلیان، ۸۱:۱۹۸۷) چونكە گوزارشت لە ئاستی هۆشیاری، سیما، ڕەهەندە جەستەیی، هزری، دەروونی و كۆمەڵایەتیەكان دەكات.

چیرۆكنووس بۆ دەربڕینی ئایدیا و بیرۆكەكانی خۆی، دەتوانێت سوود لەم تەكنیكە گرنگەی چیرۆک وەربگرێت و لە شێوەیەكی هونەریدا دایبڕێژێتەوە. لەبەر ئەوە گفتوگۆ "گرنگترین ئامرازی چیرۆكنووسە، كە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، كەسێتییەكان دیاری دەكات و بە خوێنەری دەناسێنێت، هاوكاری وەسف، شیكردنەوە و هەواڵی گرنگ لە وێنەكاندا بەرجەستە دەكات." (عەلی، ۳۰۲:۲۰۱۲) هەر بۆیە بەكارهێنانی گفتوگۆ خۆی لە سێ خاڵدا دەبینێتەوە، ئەوانیش:

"۱. وێنەكێشانی كەسێتی

٢. گەشەپێدانی چیرۆک
٣. دروستکردنی حاڵەت و پانتایی." (ملقد، ١٣:١٩٧٥)

لە چیرۆکەکانی نێو کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا نووسەر بە شێوەیەکی فراوان گفتوگۆ بەکار هێنراوە لەنێوان کارەکتەرەکاندا، بۆ نموونە لە چیرۆکی (خاچ)دا لە گفتوگۆی نێوان دوو کارەکتەری سەرەکیدا، کە یەکێکیان ئافرەتە، ئاماژە بە گرفتێکی تری ئافرەت لە کۆمەڵگەی داخراودا دەکات، کە ئەویش جیاوازیی لە تێڕوانینی ئایینی وەک ڕێگرێک لە بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویست. ئەم دوو خۆشەویستە گفتوگۆکەیان بەم شێوەیە ئەنجام دەدەن:

**"- ڕێکەوتێکی سەیرە !**

**- چۆن؟**

**- چی دەتوانی دو دڵ پێکەوە بەستێ یەکێکیان لەم پەڕوو ئەوی تریان لەو پەڕی شار!**

**- خۆشەویستی؟**

**- ئەی لە گەڕەکی خۆتان، هیچ کچێ....؟**

**- کە خۆر هەڵهات ئیتر ئەستێرەکان جیلوەیان نایا !**

**- زۆرزانی؟**

**- بەڕاست ئەم جارەیان وادەمان کوێ بیت؟**

**- بە نامە ئاگادارت دەکەمەوە."** (ل:٦٣٧)

لەم چیرۆکەدا ئەوە دەخرێتە ڕوو، کە زۆر جار ئافرەت قوربانیی جیاوازیی تێڕوانینی ئایینی و ئایدۆلۆجیایە، چونکە جیاوازیی ئایینی ڕێگر بوو لە گەیشتن بەو کەسەی، کە دڵخوازێتی. هەروەها چیرۆکنووس لە چیرۆکی (شێسوار) لە ڕێگەی گفتوگۆیەکەوە، کە یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئافرەتە، ئاماژە بە بەشداری ئافرەت لە کایەی سیاسی و ئابووریی نێو کۆمەڵگە دەکات، کە سەرەڕای بەربەستەکان توانیویەتی ئەگەر بە شێوەیەکی کەمیش بێت، ڕۆڵی خۆی لەنێو کایەکانی کۆمەڵگەدا بگێڕێت. لەم چیرۆکەدا (کابان) وەک شۆڕەسوارێک دەیەوێت هاوشانی پیاوێک بەشداری لە کایەی سیاسیدا بکات، بۆ نموونە دەڵێت: **"عەوڵا بەر لەوەی بدوێ ڕادەما، دیاربوو ئەو لەو جیهانەی کە لە حوکمی چاویدایە دوورتر دەیبینی وتم:**

**کەوایە چەکێکم بدەنێ با منیش لە نۆزین سواربم و بەشداربم؟**

**عەوڵا ووتی:**

**کەممان ڕێ بڕیوەو زۆرمان لە پێشە، هەڵیگرە بۆ بەرەنگار بوونەوەی داهاتوو، شۆخە کچی شۆڕەسوار."** (ل:١٦٨) لەم گفتوگۆیەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کە

دەگونجێت ئافرەتانیش لەپێناو داهاتووی وڵاتدا لە خەبات و تێکۆشاندا بن و لە کایەی سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا بەشدار بن.

(گۆنی) یەکێکی دیکەیە لەو چیرۆکانەی، کە لە ڕێگەی تەکنیکی گفتوگۆوە دید و تێڕوانینی ئافرەت بەرانبەر بە ئافرەت دەخرێتە ڕوو. لەم چیرۆکەدا گفتوگۆ لەنێوان دایک و کچێکدا وەک دوو کارەکتەری ئافرەت ڕوو دەدات، ئەمەیش کاتێک کە (سوێبە) دیارییەکی لەلایەن کارەکتەرێکی پیاوەوە بۆ دێت، لەو کاتەدا دایکی (سوەیبە) دەڵێت: **"ئا وەرە سوێبە، هەی کچەتیوە بابان وێرانە سەر بە دەرەوە بووە، ئەها عەریف گۆنی ناوێک بەسەربازێکدا ئەم زەمیلە خورمایەی بۆ ناردووین! دەبێ هەر ئێستا نهێنی ئەم دیاریەم پێبڵێی من نە گۆنی ناو دەناسم و نە..."** (ل:٥٤) لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆیەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە ئافرەتان لەنێوان خۆشیاندا بە چاوی نەریت لە یەکتر دەڕوانن و هەمان تێگەیشتنی کلتووریی نێو کۆمەڵگە بەسەریاندا زاڵە و ناتوانن خۆیانی لێ دەرباز بکەن. وەک لێرەدا (دایکی سوەیبە) لەژێر کاریگەری ئەو دەنگۆیانەی، کە لە گونددا بڵاو بوونەتەوە، دەڕوانێتە (سوەیبە)، نەک وەک کەسێتی خۆی، هەر ئەمەیش وای لێ کردووە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات.

لە چیرۆکی (شیلان و دەعباکان)دا، کاتێک گفتوگۆ لەنێوان (شیلان) و دایکیدا دروست دەبێت، دەنگی چیرۆکنووس زۆر بەسەر کارەکتەری (شیلان)دا زاڵە، چونکە یەکێک لە بنەماکانی گفتوگۆ ئەوەیە، کە لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و تەمەنی کارەکتەردا بگونجێت، بەڵام لێرەدا (شیلان) ئەگەرچی تەمەنی تەنیا شەش ساڵە، بەڵام بە هۆی زاڵیی دەنگی نووسەرەوە وەک کارەکتەرێکی گەورە مامەڵە دەکات و خاوەنی ئاستێکی بەرزی هۆشیارییە، کاتێک خوێنەر ئەم دەقە دەخوێنێتەوە، هەست ناکات منداڵێکی بچووکە، بەڵکوو لە ڕووی تەمەنەوە گوێی لە دەنگی کارەکتەرێکی گەورە دەبێت، کاتێک دەڵێت:

**"- دەزانم. دەزانم بۆچی کاتێک من دەبینی خێرا چاوت دەسڕی! دەزانم بۆچی دەگریەی دایە؟**

**- بۆچی دەگریم شیلان؟**

**- بۆ خاڵم دەگریت، کە لە جەنگ نەگەڕاوەتەوە! بۆ ماڵەکەمان دەگریت، بۆ جلە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆت!...**

**- یارییەکانی من. کراس و کەوای بوکێنی تۆ، کە تاوەکو ئەمساڵیش هەڵتگرتبوون ئەوان بردیان...**

**- بۆچی بابە چی بەسەر هاتووە...**

**- دە ئاخر بۆم باس بکە بابە چی لێهاتووە."** (ل:٤٧٧) لێرەدا دەنگی چیرۆکنووس بەسەر دەنگی ئەو کارەکتەرە منداڵەدا (شیلان) زاڵە، چونکە ئەم جۆرە لە قسەکردن و گفتوگۆ لە توانای تێگەیشتنی منداڵێکی بچووکی شەش ساڵدا نییە، بەڵکوو نووسەر لێرەدا کارەکتەری

(شیلان)ی بەکار هێناوە، تاوەکوو لە ڕێگەیەوە باس لە خەمەکانی ژنێک بکات، کە لە (دایکی شیلان)دا بەرجەستە دەبێت لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆدا.

لە چیرۆکی (تەنەکە خۆڵ)دا لە گفتوگۆیەکی نێوان (هێمن) و دایکیدا نووسەر ئەوە دەخاتە ڕوو، کە هەر کاتێک توندوتیژیی (چەک) حوکم بکات، هەموو جوانییەکانی ژیان ون دەبن، هەر کاتێکیش ئەم ئامرازەی توندوتیژی و وێرانکردن ون بوو، ئەوکات هەموو ڕەنگ و جوانییەکان دەدرەوشێنەوە، تەنانەت تەنەکەی خۆڵیش جوانتر دەردەکەوێت و مرۆڤ دەتوانێت ڕوانینێکی جیاوازتری بۆی هەبێت. لەم گفتوگۆیە ناڕاستەوخۆیەی نێوان ئەم دوو کارەکتەرەدا (هێمن) دەڵێت: "- **دایە ئەوە بۆ قژت بۆرە خۆ جاران زەرد بوو!**

**دایکی وتی:**

**- وەک خۆیەتی هێمن لەوە دەچێ گێژ بووبی!...**

**- تووشی ڕەنگ کوێری نەبووبێ!**

**دایکی هێمن بەدڵە خورپەوە مستێکی بە سنگی خۆیدا کێشا و ئەمەی درکاند...**

**- ئا تۆ ئەو تفەنگە دابنێ و وەرە بۆ لای دایکی خۆت؟...**

**- هاتنەوە ڕەنگە جوانەکان هاتنەوە! دۆزیمەوە. هەمووی خەتای ئەم تفەنگەیە..یەع!** (ل:٤٩٠)

لێرەدا هەردوو کارەکتەر بە زمان، ئاستی هۆشیاری و تەمەنی خۆیانەوە دایەلۆگ دەکەن و هەر یەکەیان گوزارشت لە بیرکردنەوە و شێوازی ڕوانینی خۆی دەکات، بەڵام لێرەدا کارەکتەری ئافرەت (دایکی هێمن) لە ڕێگەی گفتووگۆکانیەوە ڕۆڵی یاریدەدەری لە دەرخستنی ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەیە.

لێرەوە دەگەیەن ئەوەی بڵێین گفتوگۆ نەک هەر تەنیا تەکنیکێک، بەڵکوو یەکێک لە تەکنیکە گرنگ و بنەڕەتییەکانی چیرۆکە و چیرۆکنووس بۆ دەربڕینی هەست و بیرکردنەوەکانی خۆی پەنای بۆ دەبات و بۆ ئەو مەبەستە زمان دەبەخشێتە کارەکتەر، تا هەریەکەیان گوزارشت لە خۆیان و شێوازی ڕوانینی خۆیان بکەن.

**٦- مەنەلۆگ**

هۆیەکی گێڕانەوەیە و ڕێگەیەکە بۆ بەرجەستەکردنی دیوی ناوەوەی کارەکتەر. نووسەر بۆ ئەوەیە بە ناخی کارەکتەرەکانیدا شۆڕ ببێتەوە و ناوەوەیان پیشانی خوێنەر بدات، پەنا بۆ ئەم تەکنیکە دەبات. سێ جۆر مەنەلۆگ هەیە

١- مەنەلۆگی ڕاستەوخۆ : کەسی یەکەم بۆ خوێنەر ئاراستە ناکرێ ، ژۆنە ئاوەها وەردەگیرێ .

٢- مەنەلۆگی ناڕاستەوخۆ :کەسی سێیەم بۆ خوێنەرە ئاگایی تێدایە ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە بۆ خوێنەر پێویستن .

٣- خۆدواندن : کارەکتەر بە دەنگی بەرز ناخی خۆی دەڵێت .

لە خۆدواندندا کارەکتەر لەگەڵ ناخی خۆیدا قسە دەکات، کە دوو شێوەی هەیە، یان خۆدواندنی ڕاستەوخۆیە، کە بە دەنگ لەگەڵ خۆیدا دەدوێت، یان خۆدواندنی ناڕاستەوخۆیە، کە بیرۆکە و قسەکانی بە دەنگ دەرنابڕێت، بەڵکوو مەبەست لێی ئەو ئاستانەی پێش قسەکردنی مرۆڤن، کە دەنگی تێدا نییە. لەو بارەیەوە ڕەخنەگری فەڕەنسی (تۆدۆرۆڤ) مەنەلۆگ "لە چیرۆکدا بە ئامرازی تۆیکاریکردنی زەینی کارەکتەری دادەنێت" (تودورف، ٥٧:١٩٨٢) لەم ڕێگەیەوە دەتوانین بگەینە بیرکردنەوەی ڕاستەقینەی کارەکتەر، چونکە بیر و قسەکانی مرۆڤ لە جێگەیەکی ڕاستەقینەدایە، کە نەستی مرۆڤن و هێشتا نەهاتوونەتە ناو هەستەوە. هەر بۆیە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە مەنەلۆگدا دەردەکەوێت، چونکە ئەم قسانە هەڵقووڵاوی دەروونی کارەکتەرن (مرۆڤ) و لە هەر جۆرە چاودێری و سانسۆرێکی دەوروبەرەوە دوورن. "مەنەلۆگ بە دیارترین تەکنیکی ڕۆمانی شەپۆلی هۆش دادەنرێت." (یوسف، ٧٦:١٩٩٧)، چونکە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لەسەر شێوازی شەپۆلی هۆش دەنووسرێن، نووسەر لە جیاتی پێشاندانی دیوی دەرەوەی کارەکتەر، زیاتر بایەخ بە ناوەوەیان دەدات و وێنەکانی ناوەوەیان، کە لەناو نەستیدان و هێشتا نەهاتوونەتە ئاستی قسەکردنەوەوە، دەگوێزێتەوە. مەنەلۆگیش وەک تەکنیکێکی گرنگ لە چیرۆک و ڕۆمانی شەپۆلی هۆشدا بایەخی زۆری پێ دەدرێت و لەنێو دەقدا جێگەیەکی گرنگ داگیر دەکات.

گرنگیی تەکنیکی مەنەلۆگ خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە "هەموو بەربەستەکانی نێوان کارەکتەر و خوێنەر هەڵدەوەشێنێتەوە." (خلیل، ١٨٦:٢٠١١) و خوێنەر ڕاستەوخۆ گوێی لە دەنگی کارەکتەر دەبێت، بەبێ دەستتێوەردانی گێڕەرەوە." (غنایم، ٢٤:١٩٩٣) ئەمە بەو مانایە دێت، کە هەموو ئەو بیرۆکانەی لە زەینی کارەکتەردان، وەک خۆیان دەگوێزێتەوە. بە مانایەکی تر، مەنەلۆگ "بریتییە لەو پرۆسەیەی، کە تیایدا ئاخاوتن هەر لە خۆوە دادەبارێت، تاکو گوزارشت لە ئەزموونی ناوەوەی کارەکتەر بکات." (عبدالعزیز، ٢١١:١٩٧٠) ئەمەیش

زیاتر وەک "ئاخاوتنێکی بێدەنگی نائازاد و سانسۆرنەکراو لە زەینی کارەکتەردا بەرجەستە دەبێت." (سومرلیان، ١٩٨٧:٨٥)

کەواتە ئەم هونەرە لە زەینی کارەکتەرەوە هەڵدەقوولێت، بۆ ئەوەی مەبەستی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت، ئەمەیش شێوازێکی گێڕانەوەیە، کە چیرۆکنووس پەنای بۆ دەبات بۆ دەربڕینی لایەنی دەروونی و زەینی کەسێتییەکانی نێو دەق.

تەکنیکی مەنەلۆگ لە کۆچیرۆکی خۆرکەوتن)دا وەک یەکیک لە تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆک بەکار هێنراوە و نووسەر بۆ خستنەڕووی دۆخی دەروونی و هزری هەندێ لە کارەکتەرە ئافرەتەکان مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (**پۆستی ئاودا**) (کنێر) وەک کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە دۆخی دەروونیی خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کاتێک لە چاوەڕوانیی بینینی خۆشەویستەکەیدا لە کەناری ئاوێکدایە و ئەو حاڵەتە دەروونییە خراپەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت: **"لەبن لێوەوە، گلەی لە بەختی خۆی هەیە من ئەمڕۆم وێنەی ڕۆژان نیە، بەهارەو لە دوور خۆڵ دەبارێ، خۆڵ وا بەرەو ئاسمانی ئێرە دێ، خۆڵی ئەم وڵاتە نیە خۆڵی وڵاتێکی دیکەیە خەریکە لەم دەورو ناوە نزیک دەبێتەوە، خۆڵێکە لە دووری دوورەوە گەواڵ گەواڵ بەئاسماندا بەورەو ئێرە دەفرێت، ئەو ساڵەش کە بەچڕی ئێرەی گرتەوە بۆنی مەرگ و خەمی لێدەهات، ئەم خۆڵە لەسەر گەڵای هەر بنچکێ لە ڕووی هەر سەوزاییەک بنیشێ دەیچروسێنێ، ئەوەی هەڵیبمژێ دەتاسێ، خۆڵێکی ئاوەکییە ڕەنگی دارو گیاو گەڵاو ئاسمان دەپەرێنێ، ئەم گەواڵە خۆڵە بگاتە لام دەمخنکێنێ..."** (ل:٢٦٥)

لە ڕێگەی ئەم مەنەلۆگەوە (کنێر) ئەوە بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو، کە شەپۆلێک لە ئازار و مەینەتی ڕووبەڕووی بووەتەوە، هەر وەک چۆن ئەو خۆڵە هەموو بەهار و سەوزایی وشک دەکات و دەیگۆڕێ بۆ پاییز، ئاوا ئەمیش بە هۆی ئەو ئازارەی، کە پێشبینی دەکات لە نەهاتنی خۆشەویستەکەی ڕووی تێدەکات، بەهاری تەمەنی بۆ پاییز بگۆڕێت. جێگەی ئاماژەیە لەم مەنەلۆگەدا (کنێر) ئەم خۆڵە بە هیی وڵاتێکی دیکە ناو دەبات، ئەمەیش هێمایە بۆ نائاشنایی هۆکارەکانی ئازاری ئەم کارەکتەرە.

لە چیرۆکی (پەریخان)دا، ئەگەرچی (پەریخان) یەکێکە لە کارەکتەرە سەرەکییەکان و پێوەندی لەگەڵ (ڕێبوار)ی شواندا هەیە، بەڵام ئەم کارەکتەرە لە ڕێگەی گفتوگۆیەکی ناوەوە دۆخی دەروونی و ڕاڕایی خۆی دەردەبڕێت، کاتێک (ڕێبوار) گومان بەرانبەر بە خۆشەویستەکەی، کە (پەریخان)ە، دەکات: **"بەدەم زیندەخەوەوە لەسەر جێگاکەی گینگڵ دەدات. یادگاریەکانی بەسەر دەکاتەوە: ڕێبوار لێم بەگومانە، بەڵام وەک بیستوومە، هەموو دڵدارێک هەتا بە دلبەرەکەی دەگات لێی بەگومانە، پاشان وردە وردە گومانەکەی دەڕەوێتەوە. جا کوا من بەینم لەگەڵ کەسێکی تردا هەیە، یان هەبووە غەیری ڕێبوار."**(ل:٣٤٧) (پەریخان) بەهۆی ئەم گفتوگۆیەوە هۆکاری ئەم گومانەیش ڕوون دەکاتەوە،

که ڕۆژێک له پەرێز دەگەڕێتەوە و لەگەڵ (سمکۆ)دا یەک دەبینن، بۆیە ئەم دۆخە دەروونییە ئاڵۆزەی بۆ دروست دەبێت. ئەمە جگە لەوەی ئەم کارەکتەرە ئەوە دەردەخات، کە مرۆڤی عاشق هەمیشە لەناو دۆخێکی نائارام و ناجێگیردا دەژی.

له چیرۆکی (دابەزین تا قۆناغی سێیەم قەدەغەیە) کارەکتەری سەرەکی (دایکە ڕەش پۆشەکە)یە و لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە باس لە گواستنەوەی شۆڕشی وڵاتان و گەیشتن بە قۆناغی دادپەروەری لای نەوەی نوێ دەکات. کوردەکان بەو هیوایەی، کە ئەو بەرهەمەی شۆڕشی ئایدۆلۆژی و فیکری ڕۆژئاوا هەیبوو، بۆ کوردستانیش بگوێزرێتەوە. نووسەر ئەم وێنەیە لە مەنەلۆگێکی ناڕاستەوخۆدا دەردەبڕێت: " **له دڵی خۆیدا وتی: که گەڕامەوە دیوی لای خۆمان؛ قسەی دڵدارەکانی کەناری ناشواسۆ، هی لاوە کوردە جگەر فرۆشەکە، بۆ کوڕە چکۆلەکەم دەگێڕمەوە، بۆ هەموو منداڵانی وڵاتەکەمی دەگێڕمەوە.**" (ل:٥٨٨)، چیرۆکنووس دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم مەنەلۆگەوە خەبات و تێکۆشانی نەوەی ڕابردوو بۆ نەوەی نوێ بگێڕێتەوە، بۆ ئەوەی لە شۆڕش بە گشتی و شۆڕشەکانی تایبەت بە کوردستان شارەزایی پەیدا بکەن.

له چیرۆکی (**کۆشکێک له لووتکه ماڵێک له دامێن**)دا، کارەکتەری سەرەکی لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە گرفتی تاک بە گشتی و ئافرەت بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەردەخات، کە هەمیشە لەژێر چاودێری و سانسۆری تاکەکانی تری کۆمەڵگەدایە، تەنانەت لە کاتی بوونی کێشە و ناخۆشیەکانیشدا، سەرەڕای ئەو دۆخە دەروونییە خراپەی، کە تێیدایە، بەڵام دەبێت هەمیشە خەیاڵی لای سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی نێو کۆمەڵگە ببێت و بیر لەو پرسیارانە بکاتەوە، کە تاکەکان بە هۆی نەریتی کۆمەڵایەتییەوە ڕووبەڕووی دەکەنەوە، بۆیە ئەم کارەکتەرەیش لە نیوەشەودا، کاتێک هاوسەرەکەی لە خەو هەڵدەستێت، بە هۆکاری ئەوەی دزییان لێ کراوە، هاوسەرەکەی ڕوو دەکاتە دامەزراوەیەکی حکوومی، بە مەبەستی تۆمارکردنی سکاڵا، بەڵام ئەم کارەکتەرە ئافرەتە لە ڕێگەی مەنەلۆگێکەوە دەڵێت: "**لەبەر خۆشمەوە سێ دوو دڵی خۆم دەکرد: ڕەجەب ڕۆیی و شڵپی ئاوی بەدەمووچاوی خۆیەوە نەدا......بەڕاست بۆچی نەموت لەسەرم بۆستە با منیش بێم، ئەگەر ڕێی مردنیشە با پێکەوە بڕۆین، ئێستا ئەگەر دەرو دراوسێ پێی بزانن بەسەرماندا دادەبارن، بەپرسیار مێشکم کون دەکەن، ڕەنگە هەیانبێ تەکبیر و چارەسەریشی لەلابێت، باشە من چۆنیان وەڵام بدەمەوە، نا، وەک خۆی وتی با جارێ بەردێکی لەسەر دانێم...**" (ل:٣٠٨) ئەوەی لەم مەنەلۆگەدا دەردەکەوێت ئەوەیە، ئافرەت ئەگەرچی لەناو ئازار و کێشەیشدا بێت، بەڵام دەبێت هێشتا ئاگای لە نەریتە باوەکانی کۆمەڵگەکەی ببێت و سنووریان نەبەزێنێت.

کەواتە مەنەلۆگ یەکێکە لەو تەکنیکە گرنگانەی، کە نووسەر لە دەرخستنی دیوی ناوەوەی کارەکتەردا پەنای بۆ دەکات و لەو ڕێگەیەوە لایەنە شاراوەکانی ناوەوەی کارەکتەر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت.

**٧- وەسف**

وەسف ڕەگەزێکی گرنگی ژانری چیرۆکە، کە بریتییە لە پیشاندان و دەرخستنی شێوەی شتەکان، زۆر جاریش نووسەر بۆ زیاتر ناساندنی (کارەکتەر، ڕووداو، شوێن، کات و...هتد)ی نێو چیرۆکەکەی و بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی لایەنێکی هونەری وەربگرێت، پەنا بۆ بەکارهێنانی وەسف دەبات. هیچ دەقێکی ئەدەبی بەبێ وەسف بنیات نانرێت، ئەگەرچی زۆر کەمیش بەکار هاتبێت، بە مەبەستی بەخشینی وێنەیەکی زەینی لەسەر دیمەنێک، یان کەسێک، یاخود بەخشینی هەستێک بە خوێنەر. کەواتە وەسف بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی وێنەکانە لە زەینی خوێنەردا، بەکارهێنانی وەسفیش وەک ڕەگەزە هونەرییەکانی تری چیرۆک پێوەندی بە دەسترەنگینی و لێهاتوویی نووسەرەوەیە، کە بتوانێت لایەنە جوان و دیمەنە سەرنجڕاکێشەکانی نێو دەقەکەی پێشان بدات، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین "وەسف لە گرنگترین ئامرازەکانی چیرۆکنووسە، کە خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆیەتی و کەسایەتییەکان دیاری دەکات و بە خوێنەریان دەناسێنێت، شیکردنەوە و هەواڵی گرنگ لە وێنەکاندا بەرجەستە دەکات." (دیفوتو، ٢٦٧:١٩٦٩)، چونکە بە هۆی وەسفەوە دەقەکە دەتوانێت لە زەینی خوێنەردا بنەخشێنرێت و بمێنێتەوە، هەروەها "گرنگیی وەسفی شوێن و کەس و شتەکان کەمتر نییە لە گێڕانەوەی ڕووداو و کردارەکان." (جنداريي، ١٨١:٢٠٠١)

لەلایەکی ترەوە وەسف پێوەندی بە هەستی بینین و هێنانەبەرچاوەوە هەیە، چونکە "هەموو وەسفێکی ئەدەبی گوزارشت لە بینین دەکات، ئەمەیش وەک ئەوە وایە، کە وەسفکەر پێش دەربڕین لە پێش پەنجەرەیەکەوە ڕابوەستێت بە مەبەستی ئەوەی، کە دەیبینێت، جارێکی تر بنیاتی بنێت." (الشاوس،١٧:٢٠١٠) نووسەری ئەدەبی وەسف تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی تێکستەکەی بەکار ناهێنێت، بەڵکوو وەک هەموو ڕەگەزەکانی تر خاوەنی ڕۆڵە و کار لە جووڵان و گۆڕینی ئاڕاستەی ڕووداوەکان دەکات. هەروەها وەسف لایەنی سایکۆلۆجی، بایۆلۆجی، کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکان دەردەخات و بە وێنەیەکی هونەریی ڕوون پێشانی خوێنەری دەدات. "وەسف وێنەکێشانی جیهانی دەرەوە، یان ناوەوەیە لە میانەی دەربڕینەکان، ڕستەکان، لێکچواندن و وەرگرتنی تێدا بنیات دەنرێت، بەرانبەر ڕەنگ لای وێنەکێش و ئاواز لای مۆسیقاژەن." (عبدالنور، ٢٩٣:١٩٧٧) بۆیە نووسەر بە شێواز و ڕێگەی تایبەتی خۆی وەسف بەکار دەهێنێت و لاسایی نووسەرانی دیکە ناکاتەوە، لەبەر ئەوە "وەسف شێوە و ڕستەکان بەو جۆرە ناگوێزێتەوە، کە چاو دەیانبینێت، بەڵکوو بەپێی گۆشەنیگای ئێستاتیکی و دەروونی دەیگوێزێتەوە." (عارف، ١٢٤:٢٠١٧) هەر بۆیە وەسف خوێنەر بە جۆرێک تێکەڵ بە چیرۆک دەکات، کە بە چاوی ڕاستەقینە لە کارەکتەر و ڕووداوەکان بڕوانێت، چونکە وەسف وێنەکێشانی دیوی ناوەوە و دەرەوەی کارەکتەرە لە چیرۆکدا. کەواتە دەتوانین بڵێین وەسف "بریتییە لە دەرخستنی بابەتێک بە گرتنەخۆی

بارەکانی و جۆرە پێداهەڵدانەکانی، کە هاوشێوەی ئەون. لەگەڵیشیدا سێ بنەمای دیاری هەیە، ئەوانیش: ڕاستەقینەیی، ڕەونەقی و نەگەیشتن بە ئاستی وشەکاری." (الهاشمی، ٣٢٣:٢٠٠٥)

وەسف لە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی گێڕانەوەدا هەیە و بەشێکی فەرامۆشنەکراوە، کە لە ڕێگەیەوە وێنەی شتەکان دەکێشرێت و باسیان لێوە دەکرێت، چونکە ئەرکی وەسف بەخشینی وێنەی زەینییە لەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکان، کە نووسەر لە ڕێگەی زمانەوە وێنەیان دەکێشێت. زیندوویی وەسف ئەو کاتە دەردەکەوێت، کە گێڕانەوە و دایەلۆگ توانای پێشاندانی شتەکانیان نامێنێت و ڕۆڵی وەسف دێتە ناوەوە.

چیرۆکنووس (محەمەد فەریق حەسەن) لە کۆچیرۆکی (خۆرکەوتن)دا بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە ڕەگەزی وەسفی ڕوانیوە و بە بەردەوام لەنێو چیرۆکەکانیدا پەنای بۆ دەبات و چەندین ئەرکی جیاوازی پێ بەخشیوە، کە هەندێ جار بە مەبەستی خاوکردنەوەی دیمەنەکانەوە بەکاری دەهێنێت و هەندێ جاریش بۆ بنیاتنانی کارەکتەرەکان و وەسفکردنیان ئەم ڕەگەزە دێتە ناوەوە، بۆ نموونە لە چیرۆکی (ژنێک بە تۆوی گزنگ و پرژەی ئاو)دا نووسەر بەم جۆرە وەسفی ئاو وەک دیاردەیەکی جوانی سروشت دەکات و وێنەیەکی هونەری لێ پێک دەهێنێت: "**ئەم ئاوە ڕوونە گەر جارێک بهاتایە گۆ دەیوت (بمکەن بە دەم منداڵە گەرمیانیەکانەوە لە تافی سەرەمەرگدا، سەر وەختی ئەنفال.) ئەی ڕووباری ڕوونی بە لرفەو هاوار چەنێ هۆگری تۆم ئەی ڕووبار، ئەوە بۆچی وا بروسکەی بەدەم شەپۆلانەوە تیلەی چاوە شینەکانتم تێدەفریت و لێم هەڵدێی.**" (ل:٥٥)، ئەگەر چی لێرەدا گێڕەرەوە وەسفی ئاو وەک سەرچاوەی هەموو جوانییەکان بۆ دەکات، بەڵام ئەگەر ئافرەت نەبێت، ئاویش مانای خۆی لەدەست دەدات و جوانییەکەی کاڵ دەبێتەوە. لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێت ئەو پەیامە بگەیەنێت، کە سەرچاوەی هەموو جوانییەکان ئافرەتە و ئاویش لە ئافرەت دەچێت، بۆیە جوان و سەرنجڕاکێشە. بە مانایەکی تر، هەموو جوانییەکان ئیلهام لە جوانیی ئافرەتەوە وەردەگرن. وەک لە زمانی گێڕەرەوە دەڵێت: "**بەڵام ئەی ڕووبار، بەچی دەچێ ئەگەر شەکرە ژنێکی بەژن زرافی ڕووت، بریسکەی دەریا لە چاوانیدا بەتوێ گزنگ و پرژەی زیوینی ئاوو چاویلکەی خۆرەتاو، لە چیمەنی سەوزی کەنارتا چەتری شینی هەڵنەدابێت.**" (ل:٥٦) لێرەدا نووسەر بەزمانێکی ئەدەبی ورد وەسفی دیمەنەکان دەکات، بە سوودوەرگرتن لە وشەی شێوەزارە جیاوازەکان و ئەمەیش وای کردووە وەسفەکەی فراوانتر ببێت.

لە **چیرۆکی (ئەم شەو سێوێ لەسەری دەدرێ)** وەسف پانتاییەکی فراوانی لە چیرۆکەکەدا داگیر کردووە، کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی و هەروەها تەنیا یەک ئاستی گێڕانەوە بەدی دەکرێت. بەلای ئێمەوە زیانی لە ئاستی ئێستاتیکیی تێکستەکە داوە، چونکە وەسف بە ڕادەیەک زەق کراوەتەوە، خوێنەر ڕووداوە سەرەکییەکە لەبیر دەکات، کە کوشتنی کچێکی نووستووە، بۆ نموونە کاتێک لە وەسفی ئەو شەوەدا دەڵێت: "**بە پەیژە کوڕە دارینەکەدا**

**داگەڕام، دیاربوو جیرە جیری پەیژەکەش کەسی بەئاگا نەهێنا، ئاژەڵ لەپەچەڕان بوون، کەچی نەبارەی مەڕێ، نە بۆڕەی مانگایە، نەحەپەی سەگێکی خوێڕی دەهات، نەدوور لورەی گورگێکی برسی دەهات، نە کەڵەبابێکێش شەوی لێ گۆڕابوو، دنیا کشوومات، شەو بۆنێکی غەیبەندەی لێوەدەهات."** (ل:١٣٢) هەروەها ئەم چیرۆکە لە پێوەری (هۆ و ئەنجام) لای داوە، چونکە نووسەر ئەو هۆکارەی ڕوون نەکردووەتەوە، کە پیاوەکە لەبەرچی و بۆچی دەیەوێت سەری ئەو کچە نووستووە بپەڕێنێت. ئەگەر ئەدەب لە ڕێگەی ئاماژە و زمانی ناڕاستەوخۆوە پێوەندیی لەگەڵ خوێنەردا دروست بکات، ئەوە ئەم تێکستە هیچ ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆی بە خوێنەر نەداوە، تاوەکوو لە ڕێگەی لێکدانەوەی ئاماژە جیاوازەکانەوە لە هۆکاری خواستی ئەو پیاوە و هەروەها ڕقی بەرانبەر بەو کچە بگات، کە دەیەوێت بکوژێت و سەری لێ بکاتەوە.

لە **چیرۆکی (چەتر)**دا گێڕەرەوە لە ڕێگەی وەسفێکی ئەدەبی تاڕادەیەک بە زمانێکی شیعری وێنەی جەستەی کارەکتەری لاوەکی (ناسک) دەکات، جگە لەوەی وێنەی ئەم کارەکتەرە لاوەکیە دەکات وەک سەرچاوەی ئارامی ڕەگەزی بەرانبەر، پاشان ئارامی خێزان لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرە لاوەکیەوە دەستەبەر دەبێت، بەم جۆرە گێڕەرەوە وێنەی بۆ خوێنەر دەکات: **"تۆ (سەردار) هەرچەندە لەدەرەوە کرژ، سەغڵەت و ماندوو بی، کە گەڕایتەوە ماڵ و چاوت بە ناسک کەوت لەشت خاو دەبێتەوە. هێمن، وەک مەلێکی دەستە مۆت لێدێ. ئەوا ناسک شریتە سوورەکەی، کە مەڵۆی پرچە زەردەکەی پێ بەستبووترازاند و تاڤگەیەک لە زێڕی بەسەر شان و گەردنە سپیەکەیدا بەردایەوەو بەرانبەرت دانیشت."** (ل:٣٦١) ئەم جۆرە لە وەسف "وەک مەڵۆی پرچە زەردەکە، تاڤگەیەک لە زێڕ) ئەم وێنە هونەرییانە وەسفەکەی تاڕادەیەک بەرەو دەقی شیعری بردووە، بەڵام جوانییەکەی لەوەدایە زۆر درێژ نابێتەوە، کە کار بکاتە سەر لایەنی هونەریی دەقەکە و بە تەواوی لە بازنەی چیرۆکی دوور نەخستووەتەوە.

لە **چیرۆکی (حیزبی زستانە)**دا چیرۆکنووس لە ڕێگەی کارەکتەری لاوەکییەوە (بێوەژن) ئاماژەی بە ڕۆڵی ئافرەت لە خەباتی سیاسی و شۆڕشدا کردووە، ج ی ئاماژەیە ئەم ڕۆڵەی ئافرەت ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆیە، واتا بەشداری ئافرەت لە شۆڕشدا زیاتر خزمەتکردنی بەشداربووانی شۆڕش بووە، نەک بەشداریی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی خودی خۆی، کە ئەمیش لە خۆیدا بەشێکە لە چالاکیی سیاسی و بەهای لەو شۆڕشگێڕانە کەمتر نییە، کە ڕاستەوخۆ لەناو گەرمەی جەنگدان. پێمان وایە ئەمەیش یەکێکی دیکەیە لەو بوارانەی، کە ئافرەتی کورد جێدەستی دیارە تێیدا، بە تایبەتی لە قۆناغی ڕابردوودا، کاتێک یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکان دەڵێت:" **بەڵام بەم دواییە بێوەژنێک بووە بە دۆستمان!**

**- بێوەژن، ئێ؟**

**- ئائا، بێوەژنێکی تەڵقدراو بوو!**

**- هەر ئەوەندە؟ دە تۆ لەوێدا خاڵێک دامەنێ و کۆتای بەڕستەکە مەهێنە، کوڕم!**

**- باشە لەسەری دەڕۆم. ئەو بێوەژنە جارو بار بە قاڵبە کێکەوە سەری دەداین. ئەوەی بەلای هەمووانەوە جێی خۆشنوودی بوو، ئەوەبوو، کە ئەو بەجلکی کوردی شۆڕەوەسەری دەدا."** (ل:٣٨٣) جێگەی ئاماژەیە لێرەدا سەرەڕای خزمەتی ئەم کارەکتەرە ئافرەتە، چیرۆکنووس لە ڕێگەی یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانەوە وێنەی کۆمەڵایەتیی ئەو ئافرەتە تاڕادەیەک نزمتر لە ئافرەتی ئاسایی دەنەخشێنێت و وەک پلە دوو وێنەکەی دەکێشێت، چونکە کاتێک دەڵێت (بێوەژنێکی تەڵاقدراو بوو) لێرەدا وشەی تەڵاقدراو وەک جۆرێک لە نەنگی بەکار هێنراوە، کە ئەمەیش جۆرێک لە شکاندنەوە و نادادی بەرانبەر بەم جۆرە ئافرەتانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تێدایە.

لە **(چیرۆکی لەرزی مەرگ)**دا گێڕەرەوەی سەرەکی، کە ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و خوێنەوارە بە زمانێکی بەرز و ئاستێکی ڕۆشنبیرانە وەسفی ئەو ژینگە و دەوروبەرە دەکات، کە تێیدایە، تەنانەت لە هەندێ شوێنیش تێکەڵ بە زمانی شیعری دەبێت و لە زمانی چیرۆک جیا دەبێتەوە، کە ئەم دوو ژانرە ئەگەرچی هەردووکیان لەنێو بازنەی ئەدەبدا جێگەیان دەبێتەوە، بەڵام هەریەکەیان خاوەنی سیما و تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیەتی و جیاوازن. وەسفەکەیش بەم جۆرەیە **"لەو باخەدا، باخی بەجریوەی وردەمەل و ورشەی گەڵا و سێبەری چڕ و خوڕەی جۆگەلەی ڕوونی بە وردە قەڵبەز... بە شاباڵی ڕەنگاوڕەنگی خەیاڵ، بەرز و هێژا و خێرا بۆ بان گەواڵە هەورە ئاوریشمیەکان فڕیم، بێ ئاستەنگ بەرەو جیهانێکی درەوشاوەتر و ستوونی هەڵدەکشام، من خجڵی نووسینی نامەیەکی ئەوتۆ بووم سۆزبەندی نێوانمانی لەخۆ گرتبێ."** (ل:٢٦٩) لێرەدا ئەم وەسفە لەگەڵ زمان، ئاستی ڕۆشنبیریی کارەکتەردا زۆر گونجاوە، چونکە ناوەڕۆکی دەقەکە باس لە خۆشەویستیی نێوان دوو کارەکتەر دەکات، کە هەستەکانیان لە ڕێگەی نامەوە بۆ یەک دەردەبڕن، یەک لە کارەکتەرەکان ئەم کارەکتەرە ئافرەتەیە.

کەواتە لە چیرۆکەکانی (محەمەد فەریق حەسەن)دا وەسف ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ دەگێڕێت و بۆ چەندین مەبەست بەکار دەهێنرێت و گۆڕان لە ئاڕاستەی ڕووداوەکاندا دروست دەکات.

# ئەنجام

١- پێگەی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە قۆناغی جیاوازدا ڕۆیشتووە و بە شێوەیەکی گشتی نووسەران و ڕۆژهەڵاتناسان کۆکن لەسەر ئەوەی، کە ئافرەتی کورد جۆرێک سەربەستی هەبووە، بە بەراورد لەگەڵ ئافرەتانی ناوچەکەدا.

٢- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەپێی دابونەریت و بیروڕای ئایینی، ئافرەتی کورد بە چاوێکی کەم و تاڕادەیەک خاوەن کەسێتی لاواز لێیان ڕوانیوە و ئەو ئازادییەی، کە هەیبووە، سنووردار بووە، زۆر جاریش سەرچاوەی کێشەکانی ئافرەت لە خۆشەویستی و پێوەندیی سۆزداری نێوان کچان و کوڕانەوە سەرچاوەی گرتووە.

٣- پێگەی ئافرەتی کورد لە سەرەتاکاندا لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئاستێکی زۆر خراپی هەبووە، هۆکاری سەرەکی سیستەمی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی خێزان بووە، کە لە ڕابردوودا ئەرکی قورس لە سەرشانی ئافرەتان بووە، هەر بۆیە هەمیشە ڕووناکبیران و ئەدیبان هەوڵیان داوە ئاستی هۆشیاریی ئافرەت پێش بخەن.

٤- نایەکسانیی ڕەگەزی نێوان نێر و مێ یەکێکە لە سیما دیارەکانی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمەش هەر لە قۆناغی منداڵییەوە زەمینەی بۆ دەڕەخسێت و لە چیرۆکەکانی (محەمەد فەریق حەسەن)دا بە ئاشکرا دەردەکەون، کە پێگەی ئافرەتی کورد بەراوورد بە نێر لاوازە.

٥- زۆربەی کێشەکان، کە ئافرەت تیاندا دەبێتە قوربانی، هۆکارەکەی هەستی پیاوسالارییە بەرانبەری، لەپاڵ ئەمەیشدا هەمیشە دەوروبەر و واقیع بێبەزەییانە مامەڵە لەگەڵ هەست و کێشەکانی ئافرەتدا دەکەن.بەتایبەتی سادەیی و دڵپاکی ئافرەتی کورد دەقۆزنەوە بۆ مەرامەکانیان.

٦- (محەمەد فەریق حەسەن) پەیام و گرفت و ئازارەکانی ئافرەتی بە شێوەیەکی هونەری لە پانتایی چیرۆکەکانیدا خستووەتە ڕوو. سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی کێشەکانی ئافرەت دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگە و دەوروبەر، بەڵام نووسەر لێرەدا بەشێکی گرفتەکانیش بۆ خودی ئافرەت خۆیان دەگەڕێنێتەوە.

٧- دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا، دیاردەیەکی ئاڵۆز و فرەڕەهەندە، پێوەندی بە کۆمەڵێک هۆکاری کلتووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە هەیە، کە کەڵەکەبووی سەرجەم قۆناغەکانی پێشوون.

٨- پەیامی چیرۆکنووس بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی، کە لە هەموو چیرۆکەکاندا جەختی لێ دەکاتەوە، بانگەشەی ژیانێکی هاوچەرخانە دەکات، کە لەسەر بنەمای ڕێز و خۆشەویستی و ئازادیی ڕادەربڕین بنیات نرابێت.

٩- وێنەی ئافرەت لە ڕێگەی تەکنیکەکانی گفتوگۆ و مەنەلۆگ وەک دوو تەکنیک هەمیشە لە خزمەتی دەرخستنی پێگەی ئافرەت و گرفتەکانیدا بووە. هەروەها لە ڕێگەی ڕەگەزی ڕووداوەوە ڕۆڵی ئافرەتی لە گۆڕانکاری بەسەر ڕەوتی ڕووداوە هەستیارەکاندا پێشان داوە.
٩- کارەکتەرەکان لە ڕێگەی جووڵەی جەستەییەوە گوزارشت لە خۆیان دەکەن و کاردانەوەکانیان دەربخەن، چونکە جووڵەی جەستەیی چێژێک تایبەت بە گفتوگۆ دەبەخشێت و وای لێ دەکات خوێنەر بە ئاسانی لە هەست، نەست و بیرکردنەوەکانی کارەکتەر تێ بگات

١٠- لە زۆربەی ئەو چیرۆکانەی وەرمانگرتوون، تێیاندا ئافرەت کارەکتەری سەرەکییە و ڕووداو و وەسف و گێڕانەوەکان لە خزمەتی ئەودان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی

**أ: کتێب**


١. ئازاد، حەسەن (٢٠٠٧)، *ئافرەت لەودیو پەردەی حەرەمسەراکانەوە*، وەرگێڕانی: وریا قانع، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٢. ئەحمد، کەژاڵ (١٩٩٩)، *کتێبی ژن*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٣. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (د) (٢٠٢١)، *کوشتنی ژنان بە بیانووی شەرەف*، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٤. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١١)، *فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی*، ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٥. ئەڵوەنی، نجم (د) (٢٠٠٩)، *کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی*، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٦. ئەحمەد، فازل کەریم و ئەوانی تر (٢٠٠٤)، *خەیاڵ و ڕوح*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی

٧. ئیزانبێر، فەڕناند (١٩٨٥)، *گیروگرفتی لەیەک تێگەیشتنی ژن و مێرد*، وەرگێڕانی: شاکر فتاح، زنجیرە نووسراو، ژمارە (٨٠)، چاپخانەی ئەسعەد، بەغداد.

٨. ابو غزالە، هیفاء (٢٠٠٩)، *توندوتیژی دژ بە ژنان*، وەرگێڕانی: کنێر عەبدوڵڵا، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، زانکۆی سلێمانی.

٩. بەهرەی ژنان، ڕێکخراوی گەشەپێدان (٢٠١١)، پێگەی ژن لە ناوەندەکانی بڕیار و ئەحزابی کوردیدا، کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٠. بیمار، عبدالرزاق (١٩٩٨)، *پەخشانی کوردی*، دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد.

١١. بێکەس، فایق (١٣٩٠)هـ *دیوانی بێکەس*، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

١٢. پیربال، فەرهاد (٢٠٢١)، *مێژووی ژن لە کوردستان*، چاپەمەنی مایا، سلێمانی.

١٣. تاهیر، شیرین (٢٠١٦)، *ژن ئافراندن و ئازادی مەزن*، سلێمانی.

١٤. جەلال، ماردین (٢٠٠٥)، *پرادیگمای ژن*، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

١٥. حاجی، مەغدید (١٩٨٩)، *ئافرەت لە شانۆی کوردیدا*، چاپخانەی جاحض، بەغدا

١٦. حسێن، سەردار خدر (٢٠٠٠)، *ئافرەت لە مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا*، چاپخانەی هەواڵ.

١٧. حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠٠٨)، *مێتەڵێتی خێڵ*، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٨. حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠١٣)، خۆرکەوتن *(کۆی کورتەچیرۆکەکانم)*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٩. حەسەن، محەمەد فەریق(٢٠١٦)، کورەزاکەی *زیتۆ* (ڕۆمان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەحوی، سلێمانی.

٢٠. ڕیید، ئیڤلین (٢٠٠٦)، *پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت*، وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوک.

٢١. خەلیل، معن (د) (٢٠٠٧)، *کۆمەڵناسی خێزان*، وەرگێڕانی: ئارام ئەمین جەلال، چاپخانەی خانی، دهۆک.

٢٢. ساڵح، رەفیق (٢٠٠٥)، *یادگاری لاوان و دیاری لاوان*، چاپخانەی شڤان، بنکەی ژین، سلێمانی.

٢٣. ساڵح، سەروەر سەعدوڵڵا (٢٠١٣)، *ئەحلام یاخییە ئەڵوەنییەکە*، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٢٤. ساڵح، عەدالەت عومەر (٢٠٠٢)، *ئەنفال و ئافرەتی کورد*، چاپەمەنی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٢٥. ساڵح، کازیوە (٢٠٠٢)، ژنی *کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا (کۆمەڵە وتار)*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٢٦. سعدون، سامان عیزالدین (پ. ی. د.) (٢٠٢٢)، *فۆلکلۆری کوردی (کەلەپووری کوردەواری لە (عادات و ڕسوماتنامەی ئەکرادیە)ی مەلا محمودی بایەزیدیدا)*، بەرگیێ ئێکێ، سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینین کوردی، زاخۆ.

٢٧. سیبێرت، ئێلس (١٣٩٤)هـ ژن *لە ڕۆژهەلاتی کۆندا*، وەرگێڕانی: قادر ئەهدی، چاپخانەی ئەوین، مەریوان.

٢٨. صبری، ڕازاو ڕەشید (٢٠١٠)، چیرۆکی *منالان لە ئەدەبی کوردی (١٩٩١-٢٠٠١)*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢٩. عەبدولا، کانیاو بەکر (٢٠٢١)، *کۆتایی ڕووداو لە کورتەچیرۆکی کوردیدا*، بڵاوکراوەی کتێبخانەی خاک، کەلار.

٣٠. عەبدوڵڵا، کنێر (٢٠٠٥)، *پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا*، چاپخانەی تەوار، سلێمانی.

٣١. عەلی، بەختیار (٢٠١٩)، *ناشوێن*، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣٢. عەلی، سامان محەمەد (٢٠١٢)، *نوێکردنەوە لە چیرۆکی هونەری کوردیی کوردستانی باشوور (١٩٩١-٢٠٠٣)*، الوقف الحدیثة، بغداد.

٣٣. فەقێ، پەری صالح (٢٠١٢)، *گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی ئەحمەد محەمەد ئیسماعیلدا*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣٤. قانع، بورهان (١٩٧٩)، *بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی ئافرەتی لادێنشینی کوردەواری*، چاپخانەی ئیرشاد، بەغداد.
٣٥. قەرەداغی، ئەکرەم (٢٠٠٩)، *ژن و کێشەکانی*، چاپخانەی تەوار.
٣٦. قەرەداغی، مەهاباد (٢٠٠٣)، *ژن و کۆمەڵگا لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەسدا*، کوردستان.
٣٧. قەرەداغی، مەهاباد (٢٠٠٤)، *شەرەفنامە*، چاپی یەکەم، پەخشخانەی هەرزان، سوید.
٣٨. کەریم، سەروەر (٢٠٠٢)، *کۆمەڵێک وتار دەربارەی کێشەی ژنان*، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٣٩. کوێستانی، هەڤاڵ (١٩٧٩)، *ئافرەت و ژانی لەدایکبوونێکی نوێ*، چاپخانەی ژین، سلێمانی.
٤٠. کۆمەڵێک نوسەر (٢٠٠٨)، *ژنان لە کۆمەڵگادا*، وەرگێڕانی: مجید مارابی،چاپەمەنی گەنج، سلێمانی.
٤١. مامە، سۆزان (٢٠٠٢)، *ژن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا*، چاپخانەی ڕاز.
٤٢. محسن، مەنوچەهر (٢٠٠٢)، *دەروازەکانی کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی:کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای موکریان، هەولێر.
٤٣. مەزهەر، کەمال (د) (١٩٨١)، *ئافرەت لە مێژوودا*، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
٤٤. مەزهەر، کمال (د) (١٩٨٥)، *چەند لاپەرەیەک لە مێژووی گەلی کورد*، بەشی یەکەم، چاپخانەی ئەدیب، بەغداد.
٤٥. موکریانی، کوردستان (١٩٩٩)، *ژنی کورد بەستەم دەورە دراوە*، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٤٦. میسری، فوئاد مەجید (٢٠٢١)، *من نەیاری ڕوانگەم*، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
٤٧. مینۆرسکی (١٩٨٤)، *کورد*، وەرگێڕانی د. مارف خەزنەدار و حمەسعید حمەکریم، چاپخانەی نجوم، بەغداد.
٤٨. هانسن، هێنی هارۆلد (١٩٨٣)، *ژیانی ئافرەتی کورد*، وەرگێڕانی: عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
٤٩. یەحیا، شەونم (د) (٢٠٢١)، *پرسی ژن لە کۆنتێکستوالیزاسیۆنی سۆسیۆپۆلۆجێندەری*، دەزگای ڕۆسا، زنجیرە (١٤)، هەولێر.

**ب: نامەی ئەکادیمی**

٥٠. ئیبراهیم، خالد قادر (٢٠١٦)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و غایب توعمە فەرمان)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ.
٥١. تاهیر، سەیوان محەمەد (٢٠١٣)، بنیاتی هونەری لە چیرۆکەکانی دکتۆر کاوس قەفتان دا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٥٢. خلیل، سمیە نجیب (٢٠٠٧)، ئافرەت لە ڕۆمانی ئافرەتانی کوردداا (٢٠٠٠-٢٠٠٩)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٥٣. حسێن، توانا فەرەیدون (٢٠٠٨)، هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکا. زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٥٤. حسێن، فؤاد (١٩٩٠)، ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، نامەی ماستەر، مطبعە الجاحض-بغداد.
٥٥. سەعدوون، سامان عیزەدین (٢٠١٣)، دەقە شیعرییەکانی گۆران لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەروونییە)، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٥٦. شێخانی، جەوهەر محەمەد (٢٠١٣)، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلاحەدین، هەولێر.
٥٧. عارف، ئاشتی حسێن (٢٠١٦)، وێنەی ژن لە چیرۆکەکانی (شیرین .ک)، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ.
٥٨. عومەر، مەهدی فاتیح (٢٠١٩)، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٥٩. غالب، صەباح (١٩٧٩)، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، نامەی ماستەر، دار الحریة للطباعة، بغداد.
٦٠. محەمەد، بوشرا قادر (٢٠٢٢)، ئیستاتیکای گێڕانەوە لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٦١. کەریم، ئاوات ڕەحیم (٢٠١٧)، دەقی شیعریی ئافرەتی کورد (١٩٧٠-١٩٩٠)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی گەرمیان، کەلار.
٦٢.محەمەد، میران جەلال (٢٠٠٨)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
٦٣. مەجید، سەردار فایەق (٢٠٠٣)، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانەکانی (محەمەد موکری)دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

**پ: گۆڤارەکان**

٦٤. حەمەد، پەخشان سابیر (٢٠١٠)، کەسایەتی ئافرەت لە پەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٢٩)

٦٥. دەشتی، عوسمان حمد خضر (پ. ی. د) & ابراهیم، سەرکەوت عمر (٢٠١٧)، ڕۆڵی کارەکتەری ژن لە ڕۆمانەکانی عەلی حەسەنیانیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (٤١)، ژمارەی لاپەڕە: (٥-٣٦)

٦٦. عارف، ئەحمەد (١٩٩٩)، ژن پرسیارێکی لە مێژینە و نادیار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٤٦)

٦٧. قانع، ڤیان (٢٠١٢)، کەسایەتی ئافرەت لەنێو ڕەهەندە کلتوورییەکاندا، گۆڤاری لیلی قاسم، لیلی زانا، ژمارە (٧)

٦٨. محەمەد، بوشرا قادر کاکە (٢٠١٤)، چیرۆکی کوردی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕیندا (لێکدانەوە و بەراورد)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤)

٦٩. موکریانی، کوردستان (١٩٨٠)، دەنگی ئافرەت لە هۆنراوەی کوردیدا، گ. موکریانی، گۆڤاری بەیان (٨/٤)، ژمارە (٦٣)

٧٠. محەمەد، عبدالقادر حمە ئەمین (٢٠٠٩)، ژن لە دەقەکانی (قوبادی جەلی زادە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ب، ژمارە (٢٥)

٧١. مەحمود، فازیل مەجید (د) (٢٠٠٦)، چەمکی ئافرەت بە نەریتە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانەوە لە شیعری بێکەسدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (١٧)

٧٢. یاقووب، عەلی عوسمان (٢٠١٢)، ڕۆمان لە ڕوانگەی سیمۆلۆژیاوە، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە (٥٤)

**ت: ڕۆژنامە**

٧٣. ڕەئوف، بورهان شێخ (٢٠٢٠/١٢/٢٩)، محەمەد فەریق حەسەن، لە چیرۆکنووسەوە بۆ سۆسیۆلۆگ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ساڵی بیستونۆیەم، ژمارە (٨٢٥٤)

٧٤. عەبدوڵڵا، ئەردەڵان (٢٠١٨/٩/٤)، حیکایەتی ئەنفال و خاک و بەرەنگاربوونەوە لە دیدی محەمەد فەریق حەسەنەوە، ڕۆژنامەی سێبەر و سایە، ساڵی بیستوحەوتەم، ژمارە (٧٦٥٣)

**ج: ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی**

٧٥. احمد، محمد (ئاراز ڕەمەزان، سارا قادر)، کاریگەری میدیا لەسەر بەشداری سیاسی ژنان لە عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٤/٨) دەست دەکەوێت لە:

https://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR

٧٦. بایز، شنیار (٢٠٢٢/٣/٢٠)، کۆمەڵگا بەرانبەر بە پرس و کێشەکانی ژنان بوونەتە دوو بەرە، ئاژانسی هەواڵی ژن، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٨/٩)، دەست دەکەوێت لە:
https://jinhaagency.com/so/zhyan/dfgf-31086%D9%A7
٧٧. بایز، شنیار (٢٠٢١/٣/٩)، وێنای ژنانی کورد لە دیدی گەریدە و ڕۆژنامەنوسانی بیانییەوە، ئاژانسی هەواڵی ژن، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٨/٩) دەست دەکەوێت لە:
https://jinhaagency.com/so/aprt/wnay-zhnany-kwrd-l-dydy-gyd-w-zhnamnwsany-byanyyw-dwwm-4771
٧٨. حافز، لانە محەمەد علی (٢٠٢٠/٨/٢٥)، ڕۆڵی ئافرەت، ماڵپەڕی هێلین، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٨/١٠) دەست دەکەوێت لە:
https://www.helinmedia.org/wtar-detail.aspx?jimare=46
٧٩. حسین، نەزاکەت (د)، (٢٠٢٠/٥/١٨)، ژن لە ڕۆمانی تاجە گوڵینە تاجی دڕکی، ماڵپەڕی زەمەن، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٠/٨/٢٨)، دەست دەکەوێت لە:
https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=24726
٨٠. ڕەؤف، لوقمان (د) (٢٠١٩/٧/١١)، وێنەی ژن لە شیعرەکانی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)دا. ماڵپەری هەولێر ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٤/٣) دەست دەکەوێت لە:
https://www.hawler.in
٨١. سلیمان، ڤیان (د) (٢٠٢٢/٥/١٦)، خێزان لەژێر کاریگەری تێگەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان، ماڵپەڕی هەولێر، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٦/٢٠) دەست دەکەوێت لە:
https://hawlerweb.net/opinion/2022/05/20167/
٨٢. سلێمان، ڤیان (د) (٢٠٢٢/٦/٢٧)، گرنگی بەشداری سیاسی بۆ ئافرەتان، ماڵپەڕی هەولێر، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٧/١) دەست دەکەوێت لە:
https://hawlerweb.net/opinion/2022/06/23708/
٨٣. عەبدوڵڵا، کنێر (٢٠٢٢/٢/٣)، ژن لە کوێی ڕاگەیاندنەکاندایە؟ ماڵپەڕی ژن، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٣/٢٩) دەست دەکەوێت لە:
https://www.magazhin.com/?p=5478
٨٤. عەبدوڵڵا، کنێر (٢٠١٦)، گۆڤاری خاک، ڕاپۆرتی چاودێری میدیا سەبارەت بە چۆنێتی ڕووماڵکردنی کەیسی ژنان، هەواڵنامە، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٦/٦)، دەست دەکەوێت لە:
http://www.hewalname.com/ku/?p=4506
٨٥. عەبدوڵڵا، کنێر (٢٠١٧/٣/٢٧)، پێگە و ڕۆڵی ژنان لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، ماڵپەڕی پینووس، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٨/٩) دەست دەکەوێت لە:
http://www.penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/396-2018-09-02-18-56-38

٨٦. عەبدوڵڵا، كنێر (٢٠١٧)، مێژووی توندوتیژی؛ لێکەوتە و چارەسەرەکانی،ماڵپوڕی پێنووس، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٨/١) دەست دەکەوێت لە:
http://penus.krd/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/506-2018-09-02-18-56-38
٨٧. قەرەنی، ئومێد (٢٠١٨/١٠/١٩)، وێنەی ژن لە چەند گۆشەنیگایەکەوە، ماڵپەڕی دەنگەکان ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٤/٣) دەست دەکەوێت لە:
https://www.dengekan.info
٨٨. ماکەلی، شێتاڤ نادر (٢٠٢١/٤/١٠)، خواوەندی (مێینە)، ژن لە ئەفسانەی کوردیدا، ماڵپەڕی کورد، ڕۆژی سەردان: (٢٠٢٢/٤/٥) دەست دەکەوێت لە:
https://www.kurdarastirmalari.com/yazi-detay-oku-120

**ج:چاوپێکەوتن**

٨٩. حەسەن، محەمەد فەریق (٢٠٢١/١١/٩)، ڕۆڵی ئافرەت لە چیرۆکەکانی محەمەد فەریق حەسەندا، شوێن: دەزگای جەمال عیرفان، سازدانی: چنار مەحموود عەبدول.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

**أ: کتێب**

٩٠. ابراهيم، عبدالله (١٩٨٨)، البناء الفنى لرواية الحرب في العراق (دراسة لنظم السرد ولبناء في الرواية العراقية معاصر)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد.
٩٢. التوحيدى، ابوحيان (٢٠١٥)، قضية المراة.. قضيةالاسان، قضية المجتمع، ديمشق.
٩٣. الجمورد، محمود (١٩٦٠)، البيت المدرسة، مطبعة الهدف، الموصل.
٩٤. الشاروني، يوسف (١٩٧٧)، القصة القصيرة نظرياَ وتطبيقياَ، سلسلة كتاب الهلال، مصر.
٩٥. الشاوس، بسمة نصر (د) (٢٠١٠)، الوصف في الشعر العربي في القرن الثاني للهجرة، الطبعة مكسلياني للنشر.
٩٦. الطالب، عمر (١٩٧١)، الاتتجاه الواقعى فى الرواية العراقيه، دار نشر، بيروت، لبنان.
٩٧. الفضل، صلاح (د) (٢٠٠٣)، اساليب السرد في الرواية العربية، دار المدى للثقافة و النشر، ديمشق، السورية.
٩٨. الهيلالي، عبدالرزاق(١٩٥٩)، تاريخ التعليم فى العراق فى العهد العثمانى، بغداد، العراق.
٩٩. القباني، حسين (١٩٧٩)، فن كتابة القصة، الطبيعه الثالثة، دار الجبل، بيروت، لبنان.
١٠٠. تودورف، تزفيتان (١٩٨٢)، شعرية النثر، ترجمة: احمد المدينى، بغداد، العراق.

١٠١. جنداريي، ابراهيم (٢٠٠١)، الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبار، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، العراق.
١٠٢. حجازى، سمير سعيد (٢٠٠١)، قاموس مصطلحات النقد الادبى المعاصر، دار الافات العربية، القاهرة.
١٠٣. ديفتو، برنارد (١٩٦٩)، عالم القصة، ترجمة: محمد مصطفى، هدارة، القاهرة.
١٠٤. سماحة، فريال كامل (١٩٩٩)، رسم الشخصية في روايات حنامينة، دار الفارس والنشر والتوزيع.
١٠٥. سويدان، سامى (٢٠٠٨)، المتاهة و التموية فى الرواية العربية- المثقفة المدينة، دار الادب، بيروت، لبنان.
١٠٦. سومرليان، ليوى (١٩٨٧)، بناء المشهد الروائى، ترجمة: فاضل ثامر، دار الثؤن الثقافة العامة، بغداد، العراق.
١٠٧. عبدالنور، جبور (١٩٧٧)، المعجم الادبى، دار العلم للملاين، بيروت، لبنان.
١٠٨. عبدالسلام، فاتح (١٩٩٩)، الحوار القصصى (تقنيات وعلاقات السردية)، المؤسسة العربية الدراسات و والنشر، بيروت، لبنان.
١٠٩. عبدالرحيم، عبدالمجيد (١٩٦٨)، تمهيد في علم الاجتماع، مكتبة الانجلو مصرية، القاهرة.
١١٠. عبدالعزيز، سعيد (١٩٧٠)، الزمن التراجيد في الرواية المعاصرة، مصر.
١١١. غطاشه، داود (د) (١٩٩٦)، قضايا النقد العربى قديمها وحديثها، دار الثؤن الثقافة، العامة، بغداد، العراق.
١١٢. غنايم، محمود (١٩٩٣)، تيار الوعي في الرواية العربية الحديثة، دار الجبل، بيروت، لبنان.
١١٣. مرتاض، عبدالملك (١٩٩٨)، في نظرية الرواية (بحث في تقنيات السرد)، منشورات عالم المعرفة، دولة كويت.
١١٤. ملقد، طة عبدالفتاح (١٩٧٥)، الحوار في القصة والمسرحية والاذاعة والتلفزيون، مكتب الشباب ارزينى للطباعة، القاهرة.
١١٥. يوسف، أمينه (١٩٩٧)، تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر و التوضيع، سورية.

فردينان دى سوسير ، ت:د.يوئيل يوسف عزيز ،مراجعة :د.مالك المطلبي

محمد رضا مبارك ، اللغة الشعرية في الخطاب النقد العربي ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٩٣

محمد صالح عبدالرضا ، منوال المرسل والنسيج الحكائي —المنحي السردي بين الشعر والقصة — ٢٠٠٦

مالكوم برادبرى —الرواية اليوم ، ت: احمد عمر شاهين ، الهيئة المصرية العامة للكتاب القاهرة ، ١٩٩٦

عبدالملك مرتاض ، في النظرية الرواية ، ١٩٩٩ ، جزائر ،

دليله مرسلى و اخرون ، مدخل الى التحليل البنيوى للنصوص ، دار الحداثة لبنان ، د.ت

سەلیم رەشید ساڵح ، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ، چ ١، سلێمانی ، ٢٠٠٥
ئەدۆنیس ، وەرگێرانی : عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ،چ ١، هەولێر ،٢٠٠٥
محمد معروف فتاح ،زمانەوانی ،چاپخانەی دار الحکمە ، هەولێر ، ١٩٩٠

**ب: گۆڤار**

١١٦. خليل، سليمة (٢٠١١)، تبار الوعى الارهاصات الاولى للرواية الجديدة، المجلة المخبر، جامعة محمد خيضر، الجمهوريه الجزائر.

١١٧. علي، محەمەد سالار شێخ (٢٠١٣)، حوار مع القاص محمد فەريق حسن، گەلاوێژى نوێ، رقم (٣٤)، مركز گەلاوێژ الثقافي، السليمانية.

**ت: نامەی ئەكاديمی**

١١٨. الساعدي، خالد سعر (١٩٨٩)، البناء الفني في رواية التاريخية العربية، رسالة ماجستر، كلية الادب، بغداد.

١١٩. الساعدى، عبدال الامير الساعدي (٢٠٠٠)، الوصف في الرواية العراقية، رسالة الماجستر، كلية الادب، بغداد.

**ث: ماڵپەڕی ئەليكترۆنی**

١٢٠. نوال سعداوي، (٢٠١٢)، امرأة ليس لها رأس، ملك وامرأة وإله، المؤسسة هنداوي، مصر.

A woman with no head | King, woman, and God| Hindawi Foundation

في هذه العنوان:

https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=321430

**ABSTRAC**

The woman issues have always been discussed by writers and critics due to the woman's significant position in societies. Yet, due to the sensitivity of her condition, woman has always faced problems. Moreover, her problems have increased due to man's negligence toward her. Accordingly, discussing her issues has become a significant part of different writers' works and many messages have been sent to her through poetry as well. This research discusses (Mohammed Fariq Hassan's) attempts in shedding light on the role and position of women through his novels. Analyzing those strories based on the ideas of different sociologists is the aim of this research entitled (The Position of Woman in Mohammed Fariq Hassan's Stories).

In the first section of the first chapter a historical study regarding the position of woman in the Kurdish society has been conducted. In other words, the condition of woman regarding freedom, working, and violence has been discussed. The aim of the second section is to focus on the participation of women in politics and media. It's worth mentioning that the woman's issues have been previously mentioned in Kurdish literature. Yet, the problems of the modern age is rather different. In (Mohammed Fariq Hassan's) stories, a number of different issues and perspectives have been introduced regarding the role and position of women; the writer does so in an artistic and indirect way using a very effective language. The mentioned topics are subjects of study in the second chapter of this thesis through two sections which are the image of woman in family and the image of woman in society. The aim is to reveal the problems, and raise awareness within the individuals to solve the problems. The writer has aimed to send his messages via some literary basics such as (narration, characters, and plot) and techniques like (dialog, monolog, and description).

Among the findings of the study is revealing a number of problems discussed by the writer which have always been significant to the other writers as well.

# Mohamad fariq hassan

A thesis
Submitted to the Council of the College of Education and Language at Charmo University in Partial Fulfilment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Literature.

BY

**Chnar Mahmud Abdul**
BSc Degree in Language and Literature University of Sulaymani year (٢٠١٢)

Supervised by
**Prof. Dr. Saman Izedin Saadun**

Xermanani ٢٧٢٢ K September ٢٠٢٢ AD